زنجیرەی
هزری
هاوچەرخی
ئیسلامی

٢

خودا

سەعید حەوی
نووسیویەتی

سۆران
کردوویەتی بە کوردی

نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوە ـ هەولێر

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

اللّٰهُ جل جلاله - خودا

- ناوی کتێب: الله ﷻ (خودا).
- ناوی نووسەر: سەعید حەووا.
- ناوی وەرگێڕ: سۆران.
- چاپی یەکەم: ١٤٢٠ك ـ ٢٠٠٠ ز
- تیراژ: ١٥٠٠دانە.
- ژمارەی سپاردن (٣٠٦)ی ساڵی ١٩٩٩ز.
- لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر / هەولێر.
- چاپکردنی : چاپخانەی پەروەردە

لێکۆڵینەوەی بەرنامەیی ئامانجدار لەمەڕ سێ بنەمای:

خودا- پێغەمبەر- ئیسلام

الله جل جلاله - خودا

سعید حوی

نووسیوبەتی

سۆران

کردوویەتی بە کوردی

گەر ئەم کتێبەت خوێندەوە بۆت دەردەکەوێ گەورەترین راستی کە زانست و ژیری سەلماندویانەو چیتر دەمەقاڵێ هەڵناگرێ (بوونی خودا) یەو هیچ کەسێك بێجگە لە موسوڵمان لەم گەردوونەدا ناتوانێ بە تەواوەی خوا بناسێ.

مەبەست لەم زنجیرەیە

زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی

١. دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیـیـە بـە گرنگـترین وکاریگـەرترین دەقی ئەو کتێبانەی کە مەشخەڵی سەرریێی هزری هاوچەرخی ئیسلامین.

٢. ئاشناکردنی خوێنەرو لاوی موسوڵمانی کوردە بە دەقی ئەو کتێبانەی کـە سەرچاوەن بۆ رۆشنبیری ئیسلامیو سازێنەری بێداریو رابوونی ئیسلامیی پیرۆزن.

٣. شارەزاکردنی راستەوخۆی لاوی کورد بـەم سـەرچاوانە، ئازادکردنیانـە لـە گشت کۆت وبەندو بۆچوونی تەسکی حزبایەتیو تاکڕەویو رەوتگەرایی.

٤. بناغەیەك بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتیەکی ئیسلامی بەهێز بۆ هەر تاکێکی موسوڵمانی کورد تـا توانـای ئـەنجامدانی ئـەو گۆرانکاریانـەی هـەبێ کـە خودای پەروەردگار پێی سپاردوە.

دەگەڵ رێزو تەقدیرمان بۆ بیروڕای نووسەرانی ئەم زنجیرەیـە، مـەرجیش نیـە ئێمە پابەندی هەموو بیروبۆچوونەکانیان بین.

با دەستووریشمان لەوەرگرتن فەرمایشتەکەی خودای پەروەردگار بێت.

﴿ الَّذِينَ يَستَمِعونَ القَولَ فَيَتبَعونَ أَحسَنَهُ. أولئِكَ الَّذِينَ هَداهُمْ اللهُ وَأولئِكَ هُمْ أولُـــوا الالبابْ ﴾. (زمر – ١٨)

نووسینگەی تەفسیر

بسم الله الرحمن الرحيم

وتەیەك

لەم کتێبەدا ئەمەوێت لە سێ بنەمای سەرەکی بدوێم کە بەبێ زانینو بڕوا بوون پێی (موسـولمان بوونـی مـرۆڤ) نایەتـە دی، زیـاتر تیـایدا بـە کۆکردنـەوەو ڕێکخسـتنی زانیارییەکانی ناوی هەستاوم، نەك وەك شتێکی تازەو نوێ‌داهێنان بێت. هەرچەندە تێبینی ئـەوەم کـردووە کـە زۆر لەسـەر ئـەم سـێ بنەمایـە نووسـراوە، بـەڵکو لـە هـەر بەشـێك لـە بەشـەکانی هـەر یـەك لـەم سـێ بنەمایـەزۆر نووسـراوە، بـێ ئـەوەی لێکۆڵینەوەیـەکی سەراپاگیری هەبێت بۆ ئەم بنەمایانە، بۆیە منیش لێرەدا هەوڵم داوە ئەم کەلێنە بە هەموو توانایەکمەوە پڕ بکەمەوە، لە هەر جێگەیەکیشدا کەسێکم بینیبێتەوە لە من باشتر لەو بوارەدا دوابێ ئەوە هیچ ڕێگرێکم لەبەردەمما دانەناوە بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرمو هەندێکی لێوە باس بکەم. ڕەنگە ئاماژەم بە سەرچاوەکە دابێ یاخود نەمدابێ، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا هۆکاری خۆی هەیەو پێویست بە باس کردن ناکات، جا خوێنەری بەڕێز لات سەیر نەبێت کە هەست بە گواستنەوەی زانیاری لە سەرچاوەی ترەوە بکەیت لەم کتێبەدا، چونکە سووربوونو خەمی من زیاتر لە دەرخستنی بیرۆکەی کتێبەکە بووە نەك

ستایش کردنی ئەوەی راستی گوتووە یا لە ترسانم لەوەی کە ئاگر هەڵگیرسێنیٚ بـە خراپـە بدویٚ.

پێغەمبــەر ﷺ دەفــەرموێت: ((**مـن قـال رضیـت بـالله ربـاً وبالإســلام دینــاً وبمحمدٍﷺ نبیاً وجبت له الجنة**)) أخرجه مسلمو نسائي وأبوداود. یاخود دەفـەرمویٚ: ((**ذاق طعم الإیمان من رضي بالله رباً وبالإسلام دیناًو بمحمدٍ رسولاً**)) أخرجه مسلم والترمذي.

ئەم کتێبەش کە ناوی (الأصول الثلاثة)یە بەجۆرێك لەمەڕ زاتی خوداوە دەدوێت کە هیچ گومانێك نەهێڵێتەوەو بە پشتیوانی خودا هــەموو شـوبهەیەك رادەماڵیٚ،و بـواری هیـچ درۆیەك ناهێڵێتەوە، واش لە مرۆڤ دەکات رازی بێت بە پەروەردگاریتی خوای گەورە.

بەجۆرێکیـش لـە بـارەی پێغەمبـەری خـودا ﷺ وە ئـەدویٚ کـە کەسـایەتی ئـەو پێغەمبــەرە مەزنـەی تیـا دەرئەکـەویٚ بەوپـەڕی بـاوەڕ پــیٚ هێنــانو بەڵگــەوە، ئــەم دوو سیفەتەش وا لە مرۆڤ دەکەن راستییەکانی وەك خۆر لا روون بێـت، ئـەو راسـتییەی کـە محمد ﷺ مەزنترین رووخسارەکانی مرۆڤایەتییە لە هەموو بوارێکەوە، وەك چـۆن بەڵگـەی پەیامەکەی بە جۆرێکە هیـچ بوارێـك لـە بـەردەم ژێریـدا ناهێڵێتـەوە جگـە لـە بـاوەڕ بـوون نەبێت.

لە بەشی سێیەمدا لە بابەت ئیسلامەوە ئەدوێین؛ وەك عــەقیدەو بەندایـەتی کـردنو بەرنامـەی ژیـانو دان پیانـانو پاڵپشـتیەکان، بەشــێوەیەك هەمەکیــەکانی ئیســلام روون ئەکاتــەوەو هــەروەها پشـكو بەشەکانیشـی، بنـەماو لقـەکانی دەرئـەخات بـەجۆرێك بەڵگـە لەسەر خەڵك دێنێتەوەو بوار نادات دەست بەرداری بێتو بەشێ ترەوە بنیشێتەوە ﴿ومن یبتغ غیر الإسلام دیناً فلن یقبل منه﴾ آل عمران–٨٥ واتــە: و هەرکەسـیٚ بێجگـە لـە ئیسـلام (تەسلیم لە راست خوادا)، دینیٚ تر هەڵبژێریٚ، جا (هەرگیز) لیٚی قبووڵ ناکریٚ

مرۆڤ کاتێك لە خوێندنەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبێتەوە؛ دڵنیا دەبێت، گەر خۆی بیەوێتەحەق بناسیٚو خوداش ڕێی نیشـان بـدات بـە فێنکـایی یـەقین دڵـی داکـەویٚ، ئەگـەر

وانەبێت ئەوا زۆر هزرو ژیری هەرچەند هەق دەبینن بەڵام لێی لادەدەن، ئەم کتێبە خاڵی سەرەتایە بۆ لەدایك بوونەوەیەکی نوێی مرۆڤ کە دەیەوێ لە تاریکایی گومان‌و دوو دڵی و فەوتان‌و لێك ترازان‌و گێرە شێوێنی رزگاری بێت.

خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا تێبینی ئەوە دەکات کە من زۆر وەستاوم لەسەر یەکەم بنەما کە (اللّٰه)یەو بنەمای دووەمیش (الرسول) بەشێوەیەکی شی کراوەو گفتوگۆ کراو وبەڵگە هێنانەوەی قەناعەتپێکەر دواوم، بە پشت بەستن بە گوتاری ژیری بە ئارام‌و خۆ گرتنەوەو گرتنی هەموو دەروازەیەکی گومان‌و شوبهە ئەم باسەم تاوتوێ کردووە، بەڵام لە بنەمای سێیەمدا (الإسلام) زیاتر راستییەکانم خستۆتە روو وەك لە شێوازی گفتوگۆ کردن، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە مرۆڤ دوای ئەوەی بڕوا دێنێت بە خوایەتی اللّٰه و پێغەمبەریتی محمد ﷺ، هیچی تر لەبەردەمیدا نامێنێتەوە تەنیا باوەڕهێنان نەبێت بە ئایین‌و شەریعەتەکەی، باسەکە ئەوە نیە کە بەڵگە لەسەر هەموو بەشێکی ئیسلام بهێنینەوە.. —هەچەندە بەڵگەش هەن— بەڵکو باسەکە لێرەدا پێناس کردنە، لۆجیکی ژیریش دەڵێ مرۆڤ هیچی لەبەردەمدا نامێنێ جگە لە تەسلیم بوون بۆ خواو شەریعەتەکەی نەبێت، خوا پەروەردگارەو دروستکراوەکانیش بەندەن؛ ئەو پەروەردگارە زانایەی کە مرۆڤی فێر کردووە دەربارەی ئەو شتانەی نەیدەزانی.

هۆیەکی تری ئەوەی وای لێ کردووین زۆر لەسەر باسی (خودا)و (پێغەمبەر) بدوێین، ئەوەیە کە(ماددییەتی بێ باوەڕ) هەردەم بە هەموو تواناکانیەوە لە هەوڵدایە مرۆڤ خودا لە بیر بکات،و لە بوون‌و دڵییەوە پێغەمبەرانی خودا بە بچووکتر تەماشا بکات، لەمەشدا نەخشەی خاوەن ئایینە پووچەکان لە ناشیرین کردنی وێنەی راستەقینەی پێغەمبەری خوا محمد ﷺ دەوری گرنگیان بینیوە، پێویستە ئەم لێکۆڵینەوەیە ماف خۆی بدرێتێ، چونکە ئەم شاڵاوانە رۆژ دوای رۆژ لە زیاد بوون دان، رەنگدانەوەی لەسەر دەروونی مرۆڤ سات دوای سات پتر دەبێ، تەنانەت موسوڵمانانیش ـ کە بەتەنیا خاوەنی رێگای راستن— تووشی هەمان بەدبینی ناڕەوا بوون، تەنانەت ئێستا وان لەسەر لێواری

هەڵگەڕانەوەیەکی سامناکی گـەورە، بۆیـە زۆر ئاتـاجی روون کردنـەوەی ئـەم دوو بنەمایـە دەبن لەگـەڵ سـێیەم بنـەمادا، نـەك ئـەوانی تـر، تـەنیا ئـەو کەســانە نـەبێت کـە خـودا دەیانپارێزێت..

جگە لەمەش لەم کتێبەدا مەبەستێکی تـرم هـەبووە، ئـەمیش ئەوەیـە کـە ئەوانـەی خەریکی کاری پەروەردەی ئیسلامین گرنگترین لایـەنیان لـەبیر کـردووە، ئـەو لایەنـەی کـە ئیمامی عومەر لەم وتەیەدا ئاماژەی پێ دەکات:

(ئێمە سەردەمێك ژیـاین، هـەر یـەکێك لـە ئێمـە ئیمـانی پێش قورئـان وەرئـەگرت، پاشان کە سورەتەکان دەهاتنە خوارێ حەڵاڵو حەرامو فەرمانو نەهییەکانی بـە ئاسـانی دەزانیوپێویستی نەدەکرد لەسەریان بوەستێ، کەچی من کەسانێکم بینی قورئانیان پێـش ئیمـان وەردەگرت، قورئـانی لـە فاتیحـەوە دەخوێنـد تـا کۆتـایی کـەچی نـەیدەزانی چ فەرمانێکی پێ کردووەو لەچی دووری خستۆتەوەو پێویستە گرنگی بـەچی بداتو ئـەوەی خراپە وەکو خورمای خراپ(الدقل) لێی دوور کەوێتەوە) .

مەرگەساتی موسوڵمانان لەوەدا کۆدەبێتەوە کە زانیاری ئیمـانو رێگاکـەیان پشـت گوێ خست، کە ئەمەش پێشەکییەکی فیطری کتێبەکەی خوداوەندە، ﴿قل هو للذين آمنوا هدى وشفاء، والذين لا يؤمنون في آذانهم وقر، وهو عليهم عمى﴾ فصلـت/٤٤، واتـە: بڵێ: ئەم قورئانە بۆ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە رێ نوێنو شـیفایە،و ئەوانـەی کـە بـڕوا نـاهێنن کەڕنو کوێرنو نابینن.

ئەم کتێبە لەگەڵ کتێبێکی تـردا بـەناوی (جنـد الله ثقافـة وأخلاقـاً) هەوڵدانێکـە بـۆ گەڕانەوەی شتەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان لەم بابەتـەوە (بابەتی ئیمان).

جا ئەم کتێبە هێزێکی بەڵگەدار بە موسـوڵمان‌دەبەخشـێ کـە بـەو هۆیـەوە بتوانـێ هـەموو کەسـێکی ئـاوارەو شـەپرێوی بـەردەرگای خوداوەنـدی میـهرەبان بانگـەواز بکـات، هەروەها رەنگە بەهۆیەوە بتوانێ بەڵگە لەسەر هەموو دوژمنێکی خوا بهێنێتەوە کە نکۆڵـی

لە نیشانەو ئایەتەکانی خودا دەکەن، دەروونیان بە هۆی ستەمو خۆ بەزل زانینەوە پەسەندیان کردووە.

لە کۆتاییشدا پێویستە ئەم باسەش بخەمە روو کە:

لە کتێبی بێ باوەڕانو لادراوانەوە زانیاریم وەرگرتووە، چونکە حیکمەت چەکی بڕی بڕوادارە، هەموو ئەو کتێبانەش سوودم لێ وەرگرتوون ئاماژەم بۆ نەکردوون، مەرج نیە هەموو نووسەرێکیش کە وتەیم وەرگرتووە شایستەی خوێندنەوە بێت، هەرشتێکم وەرگرتبێ بەبێ روون کردنەوە بەسەریا بازم نەداوە، پەروەدگاریش ئاگاداری مەبەستەو پشتو پەناو خاوەنە لە دونیاو دوارۆژ داو باشترین پشتیوانە.

تێبینی: کاتی خۆی، بەشەکانی بەرایی ئەم باسەم کە دەربارەی زاتی خوداوەند بوو، بۆ هەندێك لە قوتابیانی زانکۆ پێشکەش کرد پێش ئەوەی بیکەم بە کتێبێك، ئەو کاتە بە بیرمدا نەدەهات دەبێتە بەشێك لەم کتێبەو بە ناوی منەوە بڵاو دەبێتەوە، بۆیە هەوڵم نەداوە هەموو وشەو رستەیەك کە لەم کتێبەدا لێی دواوم بیگێڕمەوە بۆ سەرچاوەکەی، هەروەها کاتێ دەربارەی چاپ کردنو بڵاو کردنەوەی کتێبەکە دووام، دوور بووم لە کتێبخانەی وڵاتەکەمەوە، ئیدی باسەکەم هەر بەم جۆرە نارد بێ ئەوەی هەڵسم بە کاری جیاکردنەوەی ئەوەی کە وەرم گرتووە، دیارترین ئەو سەرچاوەیەش کە سوودم لێی وەرگرتووەوتەی خاوەنەکانیانم لە دوو توێیدا یەك خستووە:(قصة الإيمان)ی شێخ (نديم الجسر)ە خوا بیپارێزێ‌هەروەها کتێبی (اللّٰهُ)ی عقاد... ئیدی ببوورن...

اللّٰه
جل جلاله

ناسینی خوا ئەو کۆڵەکـە سـەرەکییەیە کە تـەواوی ئیسـلامی لەسـەر دادەمـەزرێ، بەبێ ئـەم ناسـینەش هـەر کـارێك لـە ئیسـلامدا بـە ئـەنجام بگەیـەنرێت بـەبێ سـوودێکی راستەقینە دەمێنێتەوە، چونکە لەم حاڵەتەدا گیانی ئیسلام فەرامۆش ئەکرێ، ئیدی نرخی کارێك چییە گیانی لەبەردا نەبێت؟

بەڵام ئایا چۆن خودا (اللّٰه) بناسین؟ ئەی رێگای ئەم ناسینە چییە؟ وەڵامـی ئـەم پرسیارە زۆر پێویستو گرنگە، چونکە ئێمـە گـەر رێگەکـە نەناسین نـاتوانین بگەینـە ئـەو مەبەستەی دەمانەوێت پێی بگەین.

١- تێڕوانینی بێ باوەڕان بۆ ئەم رێگایە:

هەندێك مرۆڤ لە کۆنو نوێدا نکۆڵـی لـە بوونـی خـودا دەکـەن، چونکـە بـە هـۆی هەستەکانیانەوە دەرکی پێ ناکەن، وایان زانیوە رێگەی گەیشـتنیان بـە خـودا بـەم جـۆرە دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا بڕوادارانیان بە تۆمـەتی تێوەگلانـی خەیاڵاتـەوە تاوانبـار دەکـرد، یاخود بە گومڕاو شوێن ئەفسانە کەوتوو و سـەرلێتێکچوو مرۆڤـی نازانسـتییان دادەنـان...

وچەندان جوێنو بەسووك تەماشا كردنو گاڵتە پێ كردن، كە بێ باوەڕان بە خـوای گـەورە ئاڕاستەی ئەو بڕوادارانەی دەكەن كە بەهۆی ڕێگەی تری بێجگە لە ڕێی هەستەكان بڕوایان بە خودا هێناوە.

نمونەی ئەوانەی كە تەنیا بڕوا بەو شتانە دەهێنن كە بەر هەستەكانیان بكەوێ ئـەو واقیعـە ماددییـەی تیـایدا دەژین بـەدرۆیان دەخاتـەوە. بـۆ نموونـە بڕوایـان بـە هـێزی كێشندە(القوة الجاذبية)و یاساكانی هەیە كەچی نەشـیان بینیـوە، بـەڵكو بەرەنجامەكـەیان بینیـوە، هـەروەها بڕوایـان بـە ژیـری هێنـاوە هەرچـەندە نەشـیان بینیـوە، بـەلام كاریگەرییـەكانیان بینیـوە، هـەروەها بڕوایان بـە هـێزی موگناتیسـی هەیـە، كـەچی تـەنیا ڕاكێشانی ئاسن بۆ ئاسنیان بینیوە بێ ئەوەی هێزی كێشندەكە ببینن، بڕوایان بە بوونـی ئەلكترۆنو نیوترۆن هەیە كەچی نە ئەلكترۆنو نە نیۆترۆنیشیان بینیوە!، جا ڕاستی ژیانی ئەو جۆرە كەسانە ئەوە دەردەخات كە بڕوایان بە هەندێ شت هێناوە هەسـتەكانیان پـەی پێ نەبردوون، بەلام شوێنەوارەكەی نیشانی داون ئەوانیش گەیشتوونەتە یەقینێكی گومان بڕ، ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات كە ئەو كەسانە بڕوایان بـە شـوێنەواری شـتەكان هێناوە نەك بە خودی شتەكان.

بۆ ئەم بڕوا بوونەش ژیری پێی ناساندن نەك هەسـتەكان، هـەر چـەندە هەسـتەكان ئەو ئامێرانەن كەرەسەكانی حوكم دانی بە ژیری بەخشـیوە بـۆ دەرك كردنـی حوكمەكـەی، بەلام گەر ژیری نەبێت هیچ حوكمێك نادرێتو هیچ ناساندنێك نایەتە دی، بەڵكو هەستەكان زۆر جاران وێنەی خەیاڵیمان پێ دەبەخشن،بەلام تەنیا بەهۆی ژیرییەوە ڕاستییەكانمان بـۆ دەردەكەوێت: ئەو دارەی لە ناو ئاودا دەیبینین بەشێوەی شكاو دەر دەكـەوێو ئـەو هێڵـە هاوتایانەی كە هێڵـی تـر جیـای كردۆتـەوە بـە شـێوەیەكی نـا هاوتـا دەردەكـەون، یـاخود ژمـارەی سپی لـە ژمـارەی ڕەش گـەورەتر دەردەكـەوێ، هەمیشـەش هەستمان وایـە كـە بەڕێگادا دەڕۆین سەرمان بۆ سەرەوەیە، جا گـەر لـە تـەوەرەی بـاكوور یـان لـە تـەوەرەی خواروی گۆی زەوی یان لە هێڵی ئیستیوا بین! جا ئەم وێنانە بە ڕوونـی ئـەوەمان نیشـان

دەدەن کە ژیری نەبێت هەستەکان تووشی هەڵەمان دەکەن، هــەروەها گــەر ژیـری نەبوایـە هیچ ناساندنێکمان لە جێی خۆیدا نەدەبوو.

جا ئایا ئەو کەسانە راست دەکەن کە مەعریفەکانیان تـەنیا لەهەسـتکانیاندا بیینـا کردووە؟ ئایا لەگەڵ دەروونی خۆیاندا ژێر بێژن کاتێ رەفزی بڕوا بوونیان بە خوای گـەورە کرد چونکە بە هەستەکانیان پەی پێ نابەن؟ لەگەڵ ئـەوەش ئـەوان تـەنیا بـە شـوێنەوارو کاریگـەری شـتەکان بڕوایان بـە هـەموو راسـتییەکان هێنـا کـە نــەیانبینیوەو گــەورەترین راستیش پێك دێنێ کە مرۆڤ ناسیبێتی.

ئەم بـۆ چوونـە هەڵەیـەی رێگـای ناسینی خــوای گــەورە (چ لــە کــۆن و نــوێدا) گەورەترین هۆکاری دوور کەوتنەوەی زۆربەی خەڵکییە لـە رێگـای بـاوەڕ بـوون بـە خـوا، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم بۆچوونانە بە پــێی پێوانــەی زیرەکــی و ژیـری هەڵەیـە، چونکـە ژیـری بەهۆی زیرەکییەکەیەوە حوکـم ئـەدات کـە (اللّٰهُ) بـەدی هێنـەری ماددەیـە نـەك ماددەکـە خۆی، چونکە مادده ناتوانێ مادده دروسـت بکـات، جـا گـەر کۆتـایی دەرکـی هەسـتەکان تەنیا بۆ مادده هەست پێ کراوەکان بێـت ، ئـەوا ئـەو کاتـە (اللّٰهُ) دەرکـی پــێ نـاکرێت، ئەوەی روون و ئاشکراشە ئەوەیە کە هیچ نەتەوەیەك لە نەتەوان و هیچ بێ باوەڕێك لـە بـێ بـاوەڕان نـەبووە گـەر ئـەو گومـان و شـوبهەیەیان بـۆ دروسـت نـەبووبێ لەمـــەڕ تـێڕوانینی هەستەکی بۆ رێگەی ناسـینی زاتـی خوداوەنـد، وەك چـۆن لـەم رۆژگـارەدا چـەندان کـەس دەبینینەوە کە نە بینینیان دەبێتە هۆیەکی هاوەڵ دانان بۆ بێ باوەڕ بوونیان، وەك چۆن بیستوومانە هەندێ دەوڵەتانیش(نەبینین)دەکەنە پاساو بۆ بێ باوەڕییان، وەك دەزگاکـانی راگەیاندنی یەکێتی سـۆڤیەت کـە پـاش نـاردنی یەکـەم مـانگی دەسـتکردی خـۆی ئـەوەی راگەیاند.

لە بەسەر هاتە خۆشەکانی وەڵامـی فیطـرە بـۆ ئـەم مەسـەلەیە ئـەو بەسـەر هاتـە نوکتــە ئامێزەیــە کــە دەڵێــن لــە قوتابخانەیــەکی ســەرەتاییدا روی داوە، لــە کــاتێکدا مامۆستایەکی پۆلی شەشی سەرەتایی بە قوتابییەکان دەڵێت: ئایـا مـن دەبینـن؟ گوتیـان:

بەڵێ، ئەویش گوتی: کەواتە من هەم، پاشـان گوتـی ئایا ئـەو تەختەیە دەبینـن ئـەوانیش گوتیان: بەڵێ، ئەویش گوتی! کەواتە تەختەکە بوونـی هەیـە، ئینجا گوتـی ئـەی مێزەکـە دەبینن؟ ئەوانیش گوتیان بەڵێ، ئەویش گوتی کەواتە مێزەکـە بوونـی هەیـە، پاشـان لێـی پرسین: ئایا خوا دەبینن؟ وتیان: نەخێر، مامۆستاکەش گوتی: کەواتە خوا بوونی نیە، لەم کاتەدا یەکێك لە قوتابییە زیرەکەکان هەستاو گوتی: ئەی ئایا عـەقڵی مامۆسـتا دەبینـن؟ وتیان نەخێر، ئەویش گوتـی: کەواتە مامۆستا عەقڵی نیە.

جا ئەو خەیاڵەی کە زۆر لە بێ باوەڕان هەر لە کۆنـەوە دەسـتی پێـوە دەگـرن زۆر کۆنە، وەك چۆن شوێنەوارێکی نەخۆشی دڵو دەروونیشەو، جا ئەمـە هـەرگیز شـوێنەواری بیرێکی ڕێكو ژیرییەکی ڕاستو ویژدانداری نیە لە لێکۆڵینەوەدا.

قورئانی پیرۆز بۆمان دەگێڕێتەوە کە بێ باوەڕان لە هـەموو سـەردەمێکدا بـۆ بـڕوا بوونیان مەرج دائەنێن، ئـەویش دەبـێ هەسـت بـە بوونـی خـوا بکـەن بـەهۆی بیسـتن یـان بینینەوە، ئەمەش بەشێکە لەو ئاماژە دانەی قورئان بە هۆکارەکانی ئەم مەرج دانانـە، کـە خۆی لە خۆیدا نەخۆشییەو لە ئەنجامدا بۆچوونی خراپو لێدوانی هەڵـەی لێ دەکەوێتـەوە، قورئانی پیرۆز هۆکانی ئەم داوایە بـەم خاڵانـە لێـك ئەداتـەوە: نـەفامی، خـۆ بـەزل زانـین، لادان، ستەم.

١-نەفامی: ﴿وقال الذين لا يعلمون لولا يكلمنا الله أو تأتينا آية، كذلك قال الذيـــن من قبلهم مثل قولهم، تشابـــهت قلوبهم قد بينّا الآيات لقوم يوقنـــون﴾ البقـرة/١١٨ واتـە: و ئەوانەی وا ئاگادار نەبوون، وتیان: دەی چاکە، خوا بە ئێمە بڵێ یا نیشـانەو بەڵگەیـەکمان بۆ بێنێ ، هەروەهاش پێشینانی ئەوانیش هەر قسەیەکی ئاوایـان دەکـرد، دڵو دەروونیـان وەك یەکە، بەڵام ئێمە نیشانەکانی خۆمان بۆ خاوەن یەقینەکان روون کردۆتەوە.

ئەم ئایەتە ئاماژە بـەوە دەکـات کـە ئـەم گوتنـە وتـەی زاناکـان نیـە بـەڵکو وتـەی نەفامانە،و ئەم وتەیە نوێ نیە بـەڵکو بۆمبێکـی بـێ باوەڕانـە لـە کـۆنو نـوێدا، هۆکەشـی ئاکامی وێکچوونـی دڵەکانـە، لـە کۆتاییشـدا ئەمـە روون دەکاتـەوە کـە ڕێگـای گەیشـتنە

پەروەردگار نیشانەو بەڵگەو ئایەتەکانیەتی، یاخود شوێنەوارەکانین کە دەلالەتی بوونی خودا دەچەسپێنن.

٢-خۆبەزل زانین: ﴿وقال الذين لا يرجون لقاءنا، لولا أنزل علينا الملائكة أو نرى ربنا، لقد استكبروا في أنفسهم وعتو عتواً كبيراً، يوم يرون الملائكة لا بشرى يومئذٍ للمجرمين﴾ الفرقان/٢١-٢٢، واتە: و ئەوانە کە هیوایان بە دیداری ئێمە نیە (ڕۆژی بەرێ ئینکار ئەکەن) دەڵێن: بۆچ مەلائیکەت بۆ ئێمە نازل نابێ؟ یا پەوروەردگارمان بەچاو نابینین؟ بە هەقیقەت ئەوانە خۆیان بە گەورە دائەناو نا فەرمانیان کرد نافەرمانێکی گەورە، بەڵام ڕۆژێ مەلائیکەتەکان دەبینن ڕۆژی مزگێنی تاوانباران نابێ!.

وەك چۆن لە یەکەم ئایەتدا ئەوەمان بینی کە بێ باوەڕان دەیانەوێ لە خوا ببیستن، ئالێرەشدا دەیانەوێ پەروەردگار ببینین، بەڵام ئایا ئەوانە کێن کە دەیانەوێ پەروەردگار ببینن؟ ئەوانە ئەو جۆرە کەسانەن کە دەزانن ژیانی دونیا هەموو شتێکەو ئیدی لە پشتییەوە هیچ شتێك نیە جگە لە عەدەم نەبێت، وەك چۆن یەکەم ئایەت بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ وەڵامیان ئەداتەوە، هەر بەم جۆرەش لەم ئایەتەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لەجیهانێکی تری جگە لەم جیهانەو لە یاسای جیاوازی جگە لەم یاسایانەدا بێ باوەڕان فریشتەکانی پەروەردگار دەبینن، بەڵام لە یاساکانی ئەم جیهانە ئاساییەدا هەستەکان پەی بە جیهانی نەزانراوو غەیب نابەن، جا گەر بە پێی یاسا ئاساییەکانی ئەم جیهانە فریشتەکان نەبینرێن ئەوە زاتی خوا زۆر لە پێشترە لەم مەسەلەیەدا کە نەیبینین، هەروەك چۆن ئایەتەکەش ئەمەی ڕوون کردووەتەوە کە خۆ بەزل زانین تاکە هۆیەکە وای لێکردوون ببنە خاوەنی ئەم ڕوانگەیە، بەڵام ئەم مرۆڤەی خۆی ڕاستەڕێ دەگرێ و حەز لە حەق دەکات، ڕێگای ڕاست دەگرێتە بەر.

٣- لادان و لاڕێ بوون: لە ئایەتێکی تردا دەربارەی یەکێك لە فیرعەونەکانی میسر دەدوێ و دەفەرموێ: ﴿وقال فرعون يا هامان ابن لي صرحاً لعلي أبلغ الأسباب، أسباب السموات فأطلع الى إله موسى وإني لأظنه كاذباً، وكذلك زيّن لفرعون سوء عمله وصد عن

سبيل﴾ المؤمن، غافر/٣٦-٣٧.. واته: فیرعەون بە هامانی وت: کۆشکێکی بـەرزم بۆ ساز بدە، بەڵکو بگەمە کەرەستەو ئامرازێك، ئامرازەکانی هۆی (بەرز بوونەوە بۆ) ئاسمانـەکان تـا لـە خـوای موسـا ئاگـادار بمو بەڕاسـتی گومـان ئەبـەم کـە ئـەو درۆزنـە، ئـا بـەم جـۆرە کردەوەی خراپی فیرعەون لەبەر چاوی رازابۆوەو ئەوەی لە ڕێگای هەق گێڕایەوە.

لـەم ئایەتـەدا وەك دەبینـین وەڵامـی ئـەم جـۆرە کەسـانەی لـە خۆگرتـووە کـە دەفەرموێ ﴿وصد عن السبيل﴾، جا ئەوەی کە فیرعەن لـە تێڕوانینیـا هـەبووە ئـەو ڕێگـە ڕاستە نەبووە کە خوای پێ بناسرێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەیەکی هەڵەوە بووە.

٤-ستەم: لە ئایەتێکی پیرۆزی تردا پـەروەردگار ئەمـەمان بۆ ڕوون دەکاتـەوە کـە یەهوود ئەم داوایەیان بـەهۆی زوڵـمو ستەمەوە بـەرز کـردەوەو دەربـڕی، کـە دەفـەرموێ: ﴿وإذ قلتم يا موسى لن نؤمن حتى نرى الله جهرة فأخذتكم الصاعقـــة وأنتـــم تنظـــرون﴾ البقرة/٥٥ واتە: و ئەو دەمە کـە وتتـان: ئـەی موسـا ! هـەرگیز بـڕوا بـەتۆ نـاهێنین، تـا بـە ئاشکرا خوا نەبینین، جا لەو دەمەدا هەورە بریسکە (لـە ئێـوەی داو) ئێـوەی گـرتو ئێـوە تەماشاتان دەکرد. یان لە جێیەکی تردا دەفەرموێ: ﴿فقد سألوا موسى أكبر من ذلـــك، فقالوا: أرنا الله جهرة فأخذتهم الصاعقة بظلمهم﴾ النساء/١٥٣، واتـە: جا ئەوانـە گـەورەتر لەمەیان لە موسا ویست جا وتیان بە ئاشکرا خوامان نیشان بدە (بەم قسەیە ستەمیان لـە خۆیان کرد) جا لەبەر ئەم ستەمەشیان، هەورە تریشقە ئەوانی گرت.

وەك چۆن ئایەتی یەکەم بە شێوەیەکی نـاواخندارو شـاراوە وەڵامـی نموونـەی ئـەو کەسانەی دایەوە، ئا لێرەدا هۆشیارمان دەکاتەوە لە وەڵامدانەوەیان بە وشەی ﴿بظلمهم﴾ چونکـە دادو ڕاسـتی وای لێ نـەکردوون ئـەم داوایـە دەربـبڕن، بـەڵکو ستـەم کردنیان ئـەم داوایەی دروسـت کـردووە، ستەمی دەروونـەکان بـۆ حـەق کـە ڕاسـتی دەزانـنو نکوڵـی لێ دەکەن. وەك چۆن ئەمڕۆ قسەی بێ باوەڕان لەم حاڵەدا یەکانگیر دەبێت، ئاوهـاش هـێرش کردنیان لەمڕۆدا هاوتای هێرشەکانی ڕابردوویـان دەبێتـەوە.. قورئـانی پـیرۆز بەسـەرهاتی هێرشەکانیان دەردەبڕێو دەفەرموێ: ﴿قال ربي يعلم القـــول في الســـماء والأرض وهـــو

السميع العليم، بل قالوا أضغاث أحلام، بل افتراه، بل هو شاعر﴾ الأنبياء/٤-٥ واتە: (بەڵام پێغەمبەر) فەرمووی: پەروەردگاری من هەموو قسەیەك چ لە ئاسمان و چ لە زەوی بێ، ئەیزانێ، هەر ئەویشە زۆر ژنەواو زانا، ئەوانە وتیان: نا (ئەوەی موحەممەد هێناویەتی وەحی نیە) بەڵکو خەوی هاشەو پاشەیە، بەڵکو بە درۆ ئەوانە بەدەم خواوە هەڵدەبەستێ تا بەڵکو ئەو هەستیارێکە!.

ئەمانە بڕوادارانیان بەمە تاوانبار دەکرد کە شوێنی خەیاڵات کەوتوون و درۆزنن و سادەو عاتیفین... هەرچی بێ باوەڕەکانی ئەمڕۆشن ئەوا باوەڕداران بەوە تاوانبار دەکەن کە:- دژە زانستن و راست ناکەن و سەرلێتێکچووو خەڵەتاوون.

جا گەر کەسانێکی زۆر لەسەر ئەو ڕێیە بن ئەوا موسوڵمانی خاوەن دڵی مەزن نابێت شوێنی ئەو گومڕایانە بکەوێت، تا تووشی ئەوە نەبێت کە پەروەردگار ئاگاداری کردووەتەوە لەو بارەیەوە ﴿أم تريدون أن تسألوا رسولكم كما سئل موسى من قبل، ومن يبدل الكفر بالإيمان فقد ضل سواء السبيل﴾ البقرة/١٠٨.واتە: یا ئەتانەوێ لەگەڵ پێغەمبەری خۆتانا هەر ئەو داخوازییە بهێننە گۆڕێ کە بەر لەمە، لەگەڵ موسادا هێناتانە گۆڕێ؟ کەسێ کە بڕوا بگۆڕێتەوە بە کوفر، جا ئەوە ڕێگای راستی ون کردووە.

٢- ڕێگای بەرەو خوا چوون: ئایەت و نیشانەکانی:

کەواتە ئەو ڕێگایانەی کە باسمان کردن ئامانگەیەننە مەبەستەکانمان لە بابەت زاتی پەروەردگارەوە، چونکە دەست نیشان کردنی ڕێگەو زانینی، بنەمایەکی گرنگە بۆ گەیشتنە ئامانج... گەیشتن بە پەروەردگار گرتنە بەری ئەو شوێنەوارەیە کە ئاماژەی پێ دەدات و تاکە ڕێگەشە، جا بۆ کەسێك بیەوێت ئەم ڕێگەیە بگرێت بوونی مەرجەکانی ژیریی و بیرو زانست تێیدا زۆر سەرەکی و گرنگە.

چونکە بەبێ ژیریی ناتوانین نیشانەو ئایەتەکان بناسینەوە، بەبێ بیر کردنەوەش خاوەنەکەی ناناسرێتەوە، بەبێ زانیاریش ناتوانین ئایەتەکان تێبگەین و خاوەنەکەی

بناسین، رەنگە ئەم قسەیە لای بێ باوەڕان نامۆ بێت، چونکە هەمیشە نازنـاوی عیلمـانیین و عەقڵانیین و ئازادی خواهان و هزرمەندان دەدەنە پاڵ خۆیان. بـەڵام بانگەوازی بـێ بەڵگـە! هیچ نرخ و بەهایەکی زانستی نیە.

جا ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیـەدا دەیخەینـە روو- بە ویسـتی پـەروەردگار- تـەواو و دروست دەبێت، و رووخاندنی بانگێژی بێ باوەڕان دەبێت ﴿والذین یحاجون في الله من بعـد ما استجیب له حجتهم داحضة﴾ الشوری/١٦.واتە: و کەسانێ کە لە بابـەت (دینی) خـواوە شـەڕە قسـە دەکـەن، دوای ئـەوەی بانگهێشـتنی ئـەویان قبــوڵ کــردووە، بەڵگــەیان لای پەروەردگاریان پووچ و بێ کەڵکە.

بەرەو دوا لەم باسەدا روونکردنەوەی ئەم باسەت پێشکەش دەکرێت.

بەڵام ئێستا پێویستە بڵێین: کەسێك کەمێك لە قورئان رابمێنێت، بۆی دەرئەکەوێت سەرنجی مرۆڤ بۆ شێوەیەکی روون و ئاشکرا رادەکێشێت، بەجۆرێك فراوانی بە ژیری بـیرو زانست و شوێنەوارو جێماوەکـان (الآثار) دەبەخشـێت، ئەمـەش مـەرجێکی سـەرەکییە بـۆ ناسینی خوداوەندی مەزن بە شێوەیەکی ئاسان و روون و ئاشکرا ﴿قل أرأیتم ما تدعون مـن دون الله أروني ماذا خلقوا من الأرض، أم لهم شرك في السموات، أئتوني بکتاب من قبل هـذا أو أثارة من علم إن کنتم صادقین﴾ الأحقاف/٤، واتە: بڵێ: ئایا دیوتانە ئەوانەی کە بێجگـە لە (ﷲ) بانگی دەکەن بە منی نیشان بـدەن چییـان لـە ئـەرزدا خولقـاندووە؟ یـا لەبـەدی هێنانی ئاسمانـەکاندا چ بەشـدارییێکیان هـەبووە؟ کتێبـێ کـە بـەر لـە قورئـان هـاتووە یـا شوێنەواری عیلمیێ لە رابردووان بۆ من بێنن ئەگەر راست بێـژن (تابەڵگـەی راسـت بێژیتـان بێ).

بەواتایەکی تر ئایا هیچ گەردێك لە زانست و زانیاری گەواهی لەسەر ئەوە ئەدات کە هیچ بەدیهێنەرێکی تر هەبێت جگـە لـە (ﷲ)، جـا کـاتێك خـەڵکی نکۆڵـی پـەروەردگاریان بکەن ئەمە بەڵگە نیە لەسەر بوونی زانیاری لـەو نکۆڵـی کردنـە، بـەڵکو بەڵگـەی نەزانینـە، ﴿ومن الناس من یجادل في الله بغیر علم، ولا هدیً ولا کتاب منیر﴾ الحج/٨، واتە: و لە نـاو

خەڵكدا كەسانێك هەن كە لە بابەت خـواوە بـێ هیـچ زانسـتو ڕێنوێنـیو كتێبێكـی ڕوونـاك موجادەلەو قرە دەكەن.

بەڵام نەزانینێكی ڕەهای ڕامالڕاو نیـە لـە هیـچ مەعریفـەتێك، بـەڵكو زانینێكـە لـە جۆرێكی تایبەت كە پەروەردگار بەم جۆرە باسی دەكات ﴿يعلمون ظاهراً من الحياة الدنيـا وهم عن الآخرة هم غافلون﴾ الروم/٧، واتە: ئەوانە تەنیا ڕواڵەتێ لە ژیانی دنیا دەزانن‌و لە ئاخیرەت غافڵن. ﴿فأعرض عن من تولى عن ذكرنا ولم يرد إلا الحياة الدنيا. ذلك مبلغهم من العلم﴾ النجم/٢٩-٣٠. واتە: جا كەوایە لەوانەی كە لە یادی ئێمە مل دەسوڕێنن‌و بێجگە لە ژیانی دنیا شتی تریان ناوێ خۆ لادە، ئەمە دوا پلەی ئاگاداری ئەوانە.

دووبارە كردنەوەی وشەكانی زانیاری‌و بیرو ژیری لە قورئانی پیرۆزدا دیاردەیەكی سەرنج ڕاكێش‌و ئاشكرایە ﴿إن في ذلك لآية لقوم يعقلون﴾ الرعد/٤، واتە: بەڕاستی لەمـەدا نیشانە گەلێك هەیە بۆ ئەوانە ئەقڵی خۆیان دەخەنە كار. ﴿إن في ذلك لآية لقوم يعلمـون﴾ النمل/٥٢، واتە: بەڕاستی لەمەدا نیشانەیەكی ڕوون هەیـە بـۆ ئەوانـەی ئاگـادارن (تـا پـەند بگرن) ﴿إن في ذلك لآيات لقوم يتفكرون﴾ النحل/١١، واتە: بەڕاستی لەمـەدا نیشـانەیەكی ڕوون هەیە بۆ هۆزێ كە بیر دەكەنەوە. ﴿إن في ذلك لآيـات للعـالمين﴾ الـروم/٢٢، واتـە: بەڕاستی لەمەدا نیشانە گەلێك بۆ جیهانیان هەیە. ﴿قل انظروا ماذا في السموات والأرض﴾ یونس/١٠١، واتە: بڵێ: بڕواننە ئەوەی وا لە ئاسمانەكان‌و زەویدایە.

كەسێك لە قورئان ڕابمێنێت بۆی دەردەكەوێت كـە ئـایینی پـیرۆزی ئیسـلام لەسـەر موسوڵمانانی فەرز دەكات كە بیر بكەنەوەو فـێر بـبن، چونكـە زانسـتو بـیر كردنـەوە دوو بەشـی سـەرەكین لـە پێكـهێنانی كەسـایەتی موسـوڵمان، لـە كـاتێكدا ئـەم دوو شـتە لای خەڵكانی تر جگە لە موسوڵمان حەزێكە بۆ چێژو خۆ خەریك كردن بەكار دێت... یـان وەك دەروازەیەك بۆ گوزەران بەڕێ كردن، یان لای هەندێكی تر ئـارەزووە، بـەڵام ئیسـلام بۆیـە زانست فەرز دەكات چونكـە بـە هـۆی زانسـتەوە بۆمـان دەردەكـەوێت كـە ئیسـلام ڕاسـتە

﴿ويرى الذين أوتوا العلم الذي أنزل إليك من ربك هو الحق﴾ سبأ/٦، واتـه: ئەوانـەی کـە زانستیان هەیە ئەزانن ئەوەی کە لە لایەن پەروەردگارتەوە بۆ تۆ هاتووە ئەوە هەقە.

لە لاپـەڕەکانی داهـاتوودا بـە پشـتیوانی خـوا لـە بەڵگـەو نیشـانەکانی پـەروەردگار دەکۆڵینەوە تا راستییە روون‌و دیارەکانمان بۆ ئاشکرا بێت، ئەو راستییەی دەفەرموێ بـێ باوەڕان بە خوای گەورە دڵیان گومڕایە ئەگەر ڕێی پەروەردگاریان نەگرتە بەر، وبڕواداران دڵیان ڕێنووما بووەو ڕێی هیدایەتی پەروەردگاریان گرتۆتە بەر ﴿ومن يؤمن بـــالله يـــهد قلبه﴾ التغابن/١١، واتە: و هەر کەسێ کە بڕوا بـە خـوا بێنـێ خـوا دڵو دەروونـی ڕێنوێنـی ئەکا. جا نموونەی بێ باوەڕێك بـە ژێری بـڕوای بـە خـوا نـەهێنابێ دوای ئـەوەی نیشـانەو بەڵگەکانی بینیوە، وەك نموونەی ئەو کەسـە وایـە کـە بـارەکتێبێکی هـەڵگرتووەو نرخیـان نازانێت‌و دانەرەکانیشیان ناناسێت‌و بۆیـە ئەیداتـە پـاڵ نەناسـراوو نـەبوو... هـەروەها بـە پشتیوانی خوا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە نە کەمی ئایەتەکان‌و نە ئاڵۆزییان هۆ نین بۆ بە کافر بوونی خەڵکی، بەڵکو ئایەتــەکانی خـوا هێنـدە زۆرن نایەنـە هـەژماردن، هێنـدەش رونـن لای کـەس ناشـاردرێنەوە، بـەڵام نهێنیەکـە لـە خـودی مرۆڤ دایــە، نهێنیەکـە لــە پشتهەڵکردنی مرۆڤەکەدایە لە نیشانەکانی خوای گەورە، لە خۆ بـەزل زانـین دایـە لـە دان نەنان بە راستیدا، لە نەناسینی حەقیقەتدایە، لە لادان دایە لـە فیطـرەی ڕێکـی مرۆڤایـەتی وخوورەوشتی پەسەند، بەڕادەیەك وای لێ دێت دڵـی دادەخـرێ‌و کوێـر دەبێتـەوە، تەنانـەت ئـەو کەسـانە بـە جۆرێکـن گـەر دەسـتی قودرەتـی خـودا بـە شـێوەیەکی سەراسـیمەش بیانجوولێنێ هەر لەسەر نکوڵی خۆیان سوور دەبن.

قورئانی پیرۆز سەبارەت بەوانە بۆمان دەدوێت ﴿ولو فتحنا عليهم باباً من الســـماء فظلوا فيه يعرجون لقالوا إنما سكرت أبصارنا بل نحن قوم مسحورون﴾ الحجر/١٤-١٥. واتە: و ئەگەر دەرگایەك لە ئاسمانەوە بۆ ئەوان بکەینەوەو ئەوانە بـەوێدا بڕۆنـە سـەرێ پێمـان دەڵێن: بەرچاومان گیرابوو؟ بەڵکو ئێمە (سەر تا پێ) سیحراوی بووین! !. ﴿وإن يروا آيـــة يعرضوا، ويقولوا سحرٌ مستمر﴾ القمر/٢، واتــە: و ئەگـەر نیشـانە (و کشـگیر: معجـزە)یـەك

ببینن روو دەسوڕێنن‌و دەڵێن: جادوێکی هەمیشەییە. ﴿وكأين مـــن آيــةٍ في الســموات والأرض يمرون عليها وهم عنها معرضون﴾ یوسـف/١٠٥. واتـە: و چـەند زۆرن نیشـانەکانی (خوا) لە ئاسمانەکان‌و زەویدا کە ئەوانە بەلایدا ئەڕۆن‌و رووی لیّ وەردەگێرن!.

جێی خۆیەتی پێش ئەوەی ئایەتەکان بخەینە روو چەند پرسیارێك بکەین:

ئایا پەروەرگار پێویستی بە ئێمەیە تا بەندایەتی بکـەین‌و بـڕوای پـیّ بـهێنین؟ یـان ئێمە ئاتاجی ئەوەین کە بڕوای پیّ بهێنین لە پێناو خۆمان دا؟ ﴿إن الله لغنيٌ عن العـــالمين﴾ العنكبوت/٦، واتە: خوا لە هەموو جیهانیان بیّ نیازە.

کەواتە با دەروونمان رزگار بکەین تا شایستەی بینینی نیشـانەو ئایەتـەکانی خـوای گەورە بین:-

١- لەخۆبەزل زانینەوە: پەروەردگار ئایەتەکانی خـۆی نیشـانی دڵێکـی خۆبـەزلزان نادات ﴿سأصرف عن آياتيَ الذين يتكبرون في الأرض بغير الحق، وإن يروا كل آية لا يؤمنــوا بها، وإن يروا سبيل الرشد لا يتخذوه سبيلاً، وإن يروا سبيل الغي يتخذوه سبيلاً، ذلك بـأنهم كذبوا بآياتنا وكانوا عنها غافلين﴾ الأعراف/١٤٦. واتە: کەسانێ کە لە زەوی بە ناهەق خـۆ بە زل ئەزانن لە نیشانەکانی خۆم لایان ئەدەم، ئەگەر هەر جۆرە نیشـانەیەك ببینـن بـڕوای پیّ ناهێنن‌و ئەگەر رێگای هیدایەت ببینن، پێیدا نـاڕۆن‌و نایکەنـە رێگـای خۆیـان،و ئەگـەر رێگای خوار (و خراپ) ببینن پێیدا ئەڕۆن (هەموو ئەمانـە) لەبـەر ئەوەیـە کـە نیشـانەکانی ئێمەیان بەدرۆ دەخستەوەو لەوە غافلّ بوون.

٢- دەبا دەروونیشمان لە ستەم کردن‌و درۆ قوتار بکەین ﴿والله لا يــهدي القـــوم الظالمين﴾ الصف/٧، واتە: خوا هۆزی ستەمکار رێنوێنی ناکات. ﴿إن الله لا يهدي من هـــو كاذب كفّار﴾ الزمـر/٣. واتـە: بەڕاسـتی خـوا کەسـێ کـە درۆزنـی ناسوپاس بـیّ رێنوێنـی ناکات.

٣-و با خۆمان لە خراپەکاری لەسەر زەوی‌و پەیمان شکاندن‌و پەیوەندی پچڕانـدن رزگار بکەین کە پێویستە نەیپچڕێنین‌و بیهێڵینەوە ﴿وما يضل بـــه إلا الفاســقين، الذيـــن

ينقضون عهد الله من بعد ميثاقه ويقطعون ما أمر الله به أن يوصـــل، ويفســدون في الأرض أولئك هم الخاسرون﴾ البقرة/٢٦-٢٧. واته: و خوا بەو (مسەلە) كەس گومڕا ناكا، مەگەر فاسقان نەبێ (فاسقان) ئەمانەی كە پەیمانی خوا دوای مەحكەم گرێ دان، ئەپسێنن،و پێوەندێك كە خوا فەرمانی پێ دابوو، ئەبڕن،و لە رووی زەویدا فەساد ئەكەن هەر ئەمانەش لە زەرەرو زیاندان.

٤-و با خۆمان لە بێ ئاگایی وغەفلەت دەرباز كەین: ئەگەر بمانەوێت هەموو ئایەتەكانی پەروەردگارمان بۆ ئاشكرا بێت، ئەوا هەندێك لە ئایەتەكان تەنیا بە هزرو فیكرەوە بۆمان روون دەبێتەوە گەر رێگرێكیان لەبەردەمدا نەبێت، و هەندێكی تریان بە هۆی ژیرییەوە بۆمان دەردەكەوێت، نموونەی ئەمانەش ئایەتەكانی قورئانن كە پەروەردگار سەبارەتیان دەفەرموێ: ﴿إن في ذلك لآيات لقوم يتفكــرون﴾ الرعد/٣، واتە: بەڕاستی لەمانەدا نیشانەگەلێك هەیە بۆ ئەوانەی بیری لێدەكەنەوە ﴿إن في ذلك لقــوم يعقلــون﴾ الرعد/٤. واتە: بەڕاستی لەمەدا نیشانە گەلێك هەیە بۆ ئەوانەی ئەقڵی خۆیان دەخەنە كار.

بەڵام سەرجەم ئایەتەكانی خوا بۆ دڵێك دەرناكەوێت گەر لە خاوەنەكەیدا بیركردنەوەو یادی خوای(فكرو ذكر)ی تیا كۆنەبووبێتەوە﴿إن في خلق الســموات والأرض واختلاف الليلو النهار لآيات لأولي الألباب، الذين يذكرون الله قياماًو قعوداً وعلى جنوبهــم ويتفكرون في خلق السموات والأرض﴾ آل عمران/١٩٠-١٩١.واتە: بەڕاستی لە بەدیهێنانی ئاسمانەكانو زەویداو هاتووچۆی شەو ورۆژدا، بۆ ژیرو خاوەن ئاوەزان نیشانەن، كەسانێ كە بەڕاوەستانو دانیشتنو بەڕاكشانەوە یادو زیكری خوا ئەكەن بیر لە بەدی هێنانی ئاسمانەكانو زەوی دەكەنەوە.

بەربەستیش لە نێوان هەر كەسێكو پەروەردگارا دروست نەبووە بەهۆی غەفڵەتو بێ ئاگاییەوە نەبووبێت، هەموو غەفڵەتێكیش لە گەمەو ئارەزووەوە بەرپا دەبێت، ژیانی دنیاش هەمووی گەمەو ئارەزووە ﴿إنما الحياة الدنيا لعب ولهو﴾محمد/٣٦، واتە: بەڕاستی ژیانی ئەم دنیایە تەنیا كایەو خۆ خەریك كردنە ئەگەر بڕوا بێننو خۆپارێز بن. ﴿إقــترب

للناس حسابهم وهم في غفلة معرضون، ما يأتيهم من ذكر من ربهم محدث إلا استمعوه وهـم يلعبون، لاهية قلوبهم﴾ الأنبياء/١-٣. واته: زەمانی لێپرسینەوە نێزیك بۆتەوە، بەڵام ئەوان لە غەفڵەت دان‌و ڕوو سوڕێنەرن‌و هیچ یادەوەری تازەیان لە لای پەروەردگاریانەوە بۆ نایێ، مەگەر گوێی بۆ ڕادەگرن‌و گاڵتەی پێ دەکەن لە حاڵێکدا کە دڵو دەروونیان لە بێ ئاگایی دایە.

٥- دەبا خۆشمان لە تاوانکاری دوور خەینەوە ﴿كلا بل ران على قلوبهم ما كـانوا يكسبون﴾ المطففين/١٤.. واته: وا نیە کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە، بەڵکو بە هەقیقەت کردەوەیان هەر وەکو ژەنگ دڵو دەروونی گرتوون. ﴿كذلك نسلكه في قلوب المجرمـين، لا يؤمنون به وقد خلت سنة الأولين﴾ الحجر/١٢-١٣. واته: ئا بەم جۆرە، ڕێگـای قورئـان بۆ نـاو دڵو دەروونـی تاوانبـاران دەکەینـەوە (بـەم حاڵەشـەوە) ئەوانـە بـڕوا بـەو (قورئـان)ە ناهێنن‌و بە هەقیقەت ڕەوشتی هۆزەکانی بەر ویش هەر وا بووە.

٦-و با دەروونمان لە ڕاڕایی لە وەرگرتنی حـەق دوور خەینـەوە گـەر بـە ڕاشـکاوی بۆمان دەرکەوت: ﴿ونقلب أفئدتهم وأبصارهم كما لم يؤمنوا به أول مرة، ونذرهم في طغيانهم يعمهون﴾ الأنعام/١١٠ . واته: و ئێمە دڵو چاویان وەردەگێڕین هەروەکو لە یەکەمجاریشـدا بڕوایان بەمە نەهێنا،و ئەوانە لە ناو گێژاوی خۆیـان وێـڵ دەکـەین تـا بـێ (پشـتیوان) هـەر بسوڕێن‌و گێژ بخۆن.

ئیتر لەم کاتەدا ئایەتەکانی خوداوەند لە پرشنگدان‌و هەڵهاتندا دەبن‌و سەرانسـەری دڵ ئەتەنن، پاش ئەمە ئامادەیی دەبێ بۆ وەرگرتنی نوورو ڕووناکی، بـەڵام هـەرگیز دڵێکـی شەیتانی شایستەی وەرگرتنی هیدایـەتی پـەروەردگار نـابێت. چونکە تـەم‌و گومـان ڕێگر دەبێت لە پەخشی ڕوونـاکی، هـەروەها ناتەواوییـەك لـە چـاودا ڕێگر دەبێت بۆ بینـین..و بوونی نەخۆشی لە گوێدا ڕێ لە بیستن دەگرێ، ئاوی فوراتیش هیـچ تـاوانێك‌و خەتایـەکی نیە ،لە دەمی مرۆڤی نەخۆشدا تاڵ بێت ﴿يا أيها الرسول لا يحزنك الذيـن يسـارعون في الكفر من الذين قالوا آمنّا بأفواههم ولم تؤمن قلوبهم، ومن الذين هادوا سمّـاعون للكـذب،

سمّاعون لقوم آخرين، لم يأتوك يحرفون الكلم من بعد مواضعه، يقولون إن أوتيتم هذا فخـذوه وإن لم تؤتوه فاحذروا، ومن يرد الله فتنة فلن تملك له من الله شيئاً، أولئك الذين لم يرد الله أن يطهر قلوبهم، لهم في الدنيا خزي ولهم في الآخرة عذاب عظيـــــم﴾ المـائدة/٤١، واتـه: ئـەی پێغەمبەر! کەسانێ کە بۆ کوفر بەلەز پێش دەکەون، تۆ خەفەتبار نەکەن، لـەو کەسانەی کە بەدەمو زوبان دەڵێن: بڕوامان هێناوەو (کەچی) بەدڵ بڕوایان نەهێناوە، (هەروەها) لەو کەسانەی کە بوونەتە جولەکە، کە زۆر گوێ لە تۆ دەگرن تا بەلگەت لیّ بدۆزنەوەو بە درۆت بخەنەوە، ئەوانە جاسوسی هۆزێکی ترن کە خۆیان نەهاتوونەتە لای تۆ، کەسانێ کە جێگا گۆڕکێ بە واژە دەکەنو واتاکانی دەگۆڕنو (بەو جاسوسـانە) دەڵێـن ئەگـەر (وەك ئـەوەی ئێمە وتومانە) پێتان درا (موحەممەد بە ویسـتی ئێـوە داوەری کـرد) وەری گـرن،و ئەگـەر ئەمەیان پێ نەدان دووری لیّ بکەنو هەر کەس کە خوا بیەوێ تاقی کاتـەوەو (سـزای بـدا)، هەرگیز تۆ لە لایـەن خـواوە کارێکت بـۆ ئـەو لەدەسـت نایـە، ئەوانـە کەسـانێکن کـە خـوا نەیویستووە دڵو دەروونیان پاك بکاتەوە، بۆ ئەوان لە دنیادا پەستیو روو رەشـی هەیـە،و لە ئاخیرەتیشدا عەزابی گەورەیان بۆ هەیە.

کەواتە هەمیشە نهێنیەکە لە خودی مرۆڤدایە ﴿فلمـــا زاغـــوا أزاغ الله قلوبهـــم﴾ الصف/٥، واتە: جا کاتێ ئەوانە لە هەق لایاندا، خـوا دڵو دەروونـی ئـەوانی لـە حـەق کـلا کرد.

بەلاّم ئایەتەکانی پەوەردگار روونو ئاشکران ﴿وكذلك نفصل الآيات ولتســـتبين سبيل المجرمين﴾ الأنعام/٥٥، واتە: ئا بەم جۆرە ئایەتی خۆمان جیاجیا روون دەکەینەوە تـا رێگای گوناحکاران بە ئاشکرا دەرکەوێ.

ئایەتەکانی پەروەردگاریش لە سێ شێوەدا دەبینرێن:

١- گەردوون ٢- قورئان ٣- موعجیزەو کەرامات.قورئانی پیرۆزیش باسی ئەم سێ شتەی کردووە وەك نیشانەی رێپیشاندان:

گەردوون: ﴿وفي الأرض آيات للموقنين، وفي أنفسكم أفلا تبصـرون﴾ الذاريـات/٢٠-٢١، واتـه: و بـۆ يـەقين داران لـه زەويـدا نيشـانەو پەندگـەلێ هەيـه،و لـه وجـودى خۆتـاندا (نيشانه هەيه)، ئايا نابينن (و بير ناكەنەوه). ﴿وكأين من آية في السماوات والأرض يمرون عليها وهـم عنـها معرضـون﴾ يوسـف/١٠٥، واتـه: و چەن زۆر نيشانەكانى (خـوا) لـه ئاسمانەكانو زەويدا كه ئەوانه بەلاى ئەڕۆنو ڕووى لێ وەردەگێڕن!. ﴿وآية لهـم الليـل نسلخ منه النهار فإذا هم مظلمون والشمس تجري لمستقر لها ذلك تقدير العزيز العليم والقمر قدرناه منازل حتى عاد كالعرجون القديم﴾ يس/٣٧-٣٩، واتـه: شەويش بۆ ئـەوان نيشـانەو پەندى تره كه ڕۆژى لێ دەردەكێشن، جـا لـه ناكـاو تـاريكى داگرى هەموويانـه،و خۆريـش بەرەو بنكەى خۆى دەڕوا، ئەمەيه فرمانى خواى عەزيزو زانـا و بـۆ مـانگيش قۆناغگـەلمان داناوه (دواى بڕينى ئەو قۆناغانه)، سـەرەنجام بـه وێنـەى شـاخەى ويشـكى كونـى خورمـا (كەوانى شكلو زەرد) دەگەڕێتەوەو دەبێته دەمه داس. ﴿ومن آياته خلـق السـماوات والأرض واختلاف ألسنتكم وألوانكم إن في ذلك لآيات للعالمين ومن آياته منامكم بـالليل والنهار وابتغاؤكم من فضلـه﴾الروم/٢٢-٢٣. واتـه: و لـه نيشـانەكانى ئـەوە بـەديهێنانى ئاسمانـەكانو زەوىو تـەفاوتو جيـاوازى زمانـەكانتانو ڕەنگـەكانتان، بەڕاسـتى لەمـەدا نيشانه گەلێك هەيه بۆ تاقمێ كـه گوێيـان ژنەوايـه،و لەنيشـانەكانى ئـەوە خـەوتنى ئێـوە بەشەوو ڕۆژو كارو كۆششتـان (لەو ڕۆژا) بۆ كەڵك وەرگرتن له فەزڵى ئەو.

قورئان: ﴿وقالوا لولا أنزل عليه آيات من ربه قل إنما الآيات عند الله وإنما أنا نذيـر مبين، أولم يكفهم أنا أنزلنا عليك الكتاب يتلى عليهم﴾العنكبوت/٥٠-٥١، واتـه: و وتيـان: چ دەبوو نيشانەكانى له پەروەردگاريەوە بۆ هاتبا؟ بڵێ: بـه هەقيقـەت نيشـانەكان تـەنيا لاى خوانو بەڕاستى من ترسێنەرێكى ئاشكرام، ئايا بۆ ئەوان بەس نيه كه كتێبمان بۆ ناردووى بەسـەرياندا دەخوێنرێتـەوە. ﴿بـل هـو آيـات بينـات في صـدور الذيـن أوتـوا العلم﴾العنكبوت/٤٩، واته: بەڵكو قورئان نيشانەكانى ڕوونه كه لەنێو دڵو دەروونى زانايان دايه. ﴿وكيف تكفرون وأنتم تتلى عليكم آيـات الله﴾ آل عمـران/١٠١، واتـه: چلۆن كـافر نەبن، له حاڵێكدا ئايەتى خوا بەسەر ئێوەدا ئەخوێندرێتەوە.

موعجیزەکان: ﴿وفيكم رسوله﴾ آل عمران/١٠١ واتە: و پێغەمبەری ئەو لەنێو ئێوە دایە؟ ﴿اقتربت الساعة وانشق القمر وإن يروا آية يعرضوا ويقولوا سحر مستمر ﴾ القمر/١-٢، واتە: قیامەت نێزیك بۆتەوەو هەیف لەت دەبێ،و ئەگەر نیشانە (و کشگیر: موعجیزە) یەك ببینن روو دەسورێنن‌و دەڵێن: جادویەکی هەمیشەییە. ﴿ويا قوم هذه ناقة الله لكم آية﴾هود/٦٤، واتە: و ئەی هۆزی من! ئەمە حوشتری خوایە کە بۆ ئێوە نیشانەیەکە. ﴿ورسولا إلى بني إسرائيل، أني قد جئتكم بآية من ربكم، أني أخلق لكم من الطين كهيئة الطير فأنفخ فيه فيكون طيرا بإذن الله، وأبرئ الأكمه والأبرص، وأحي الموتى بإذن الله، وأنبئكم بما تأكلون وما تدخرون في بيوتكم، إن في ذلك لآية لكم إن كنتم مؤمنين﴾ آل عمران/٤٩ واتە: و ئەو (عیسا)ی (بەناوی) رەسول بۆ لای بەنی ئیسرائیل (نارد، تا پێیان بڵێ) من نیشانەیەکم لە لایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان هێناوە، من لەگڵ شتێ وەکو باڵندە دروست ئەکەم‌و لە پاشان فوی تێ ئەکەم،و بە فەرمانی خوا ئەبێتە باڵندەیەك،و کوێری زگماکی‌و بەڵەك چاك ئەکەمەوەو مردوو بە ئیزنی خوا زیندوو ئەکەمەوەو، و لەوەی ئەیخۆن‌و یان لە ماڵدا ئازوخەی دەکەن (ئاگادارم‌و) خەبەرتان ئەدەمێ، بەڕاستی لەمانەدا نیشانەیەك بۆ ئێوە هەیە، ئەگەر بڕوادار بن.

دەقەکانی قورئان روونی دەکاتەوە کە لە گەردووندا چەندەها ئایەتی تێدایە نەك بە تەنیا ئایەتێك، هەروەها لە قورئانیشدا چەندەها نیشانەو بەڵگەی تێدایە نەك بە تەنیا یەکێك.

دەیان دیاردە لە گەردووندا هەیەو هەر یەکەیان ئاماژەی ناسینی خودامان بۆ دەکەن، دەیان دیاردەش لە قورئانی پیرۆزدا هەن، کە هەر ئایەتێك بەسە بۆ بەڵگەهێنان بۆ (ﷲ) جل جلاله، موعجیزەکانیش کە دیاردەی مێژوویین، هەر دیاردەیەکیان بەسە بۆ ئەوەی خوای پێ بدۆزینەوە، لە هەر دیاردەیەکیشدا هەزاران ئاماژەی تێدایە کە دەمانگەیەنێتەوە (ﷲ)جل جلاله، خوداوەند بەڵگەی تەواوی لەسەر ئادەمیزاد هێناوەتەوە ﴿رسلا مبشرين ومنذرين لئلا يكون للناس على الله حجة بعد الرسل﴾النساء/١٦٥، واتە: کە پێغەمبەرانێ مزگێنیدەرو ترسێنەر بوون تا بۆ خەڵك دوای

ناردنی ئەم پێغەمبەرانە بەڵگەو بیانویەك نەمێنێ. ﴿قالوا أولم تك تأتيكم رسلكم بالبينــات، قالوا: بلى، قالوا: فادعوا وما دعاء الكافرين إلاّ في ضلال﴾(المؤمن) غافر/٥٠، واتە: جا لەم دەرفەتەدا نیشانەو بەڵگەو ئایەتەکانی پەروەدگار لــە گــەردووندا دەخەینــە روو، بــەجۆرێك تیــایدا بەڵگــە لەســـەر هــەموو بێبــاوەڕو مووچــێڕو کەڵلــەڕەقێك دەهێنینــەوە، بــەوەی پەورەردگار ئامادەیەو بوونی هەیەو خاوەنی هەموو سیفاتی تەواوەتیو شکۆو جوانیەکە.

لە دووەم نامەشدا کە بە ناونیشانی (الرسول)ە، بەشێوەیەکی ناواخنی ئایەتــەکانی پەروەردگارمان لە قورئانو موجیزەی پێغەمبەراندا بۆ دەردەکەوێ، هەر وەك چۆن قورئان خۆی لــە خۆیدا ئایەتێکەو ئەمانگەیەنێتــە پــەروەردگار، یــا هــەروەك چــۆن موجــیزە بـــە شێوەیەکی رەها ئایەتێکە ئەمانگەیەنێتە پەروەردگار، لە هــەمان کــاتداو هــەرواش قورئــان شایەتییە لەسەر ئەوەی کە محمد پێغەمبەری خوایــە، هــەروەها لــە موجیزەکانیشــیدا ئــەو گەواهییە هەن، بۆیــە ئیمــەش ئــەم دوانــەمان دوا خســتن بــۆ نامــەکانی داهــاتوو کــە تیــایدا راســتێتی پــەیامی محمــد ﷺ بــە بەڵگــەوە دەســەلمێنن بــە پشــتیوانی خـــوای گەورە، ئێستاش لە دیاردەکانی گەردوونەوە دەست پێ دەکەین کە بەڵگەی پەروەردگارێتی خوای مەزنمان بۆ نیشان دەدات:

دیاردەی یەکەم

دیاردەی بەرپابوونی گەردوون

دیاردەی بەرپابوونی گەردوون، یان پەیدا بوون دوای ئەوەی کە نەبووە!

یەکەم دیاردە کە ئەمانگەیەنێتە پەروەردگارو بەڵگەیە لەسەر پەروەردگاریێتی (ﷲ) جل جلالە، بریتییە لە روودان‌و بەرپابوونی ئەم گەردوونەی کە پێمان دەڵێت بەدیهێنەرێکی هەیە، هەرچەندە زانستیش پێش بکەوێت ئەوا بە شێوەیەکی وردترو قوڵترو زیاتر بەڵگەمان ئەدا بە دەستەوە تا قەناعەت بەم دیاردەیە بکەین، بەڵکو بە هۆی ئەو بەڵگە زۆرەی زانستی لەم رووەوە پێشکەشی کردووین بووەتە حوکمێکی بەڵگە نەویست، چونکە تێکڕایی بەڵگەکان گومانمان لەلا ناهێڵێتەوە، بۆ نموونە یاساکانی گەرمی‌و یاساکانی ئەلکترۆن‌و یاساکانی خۆر، هەر یەکەو بەڵگەی ئاشکرای خۆی لەم رووەوە خستۆتە روو، جا بەیەکانگیر بوونی ئەم بەڵگانە، بەجۆرێك مەبەستەکە روون دەبێتەوە کە بواری گومان نەمێنێتەوە، ئەمە جگە لە بەڵگە فیطری‌و ئەقڵی‌و براوە (قطعي)یەکان کە پیاوانی خوا هەر یەکەو لە سەردەمی خۆیدا لێی دواون. ئێمەش هەوڵ ئەدەین یەك لە دوای یەك ئەم لایەنانە بخەینە روو، تا بزانین چۆن هەر یەکەو بەڵگەی خۆی دەخاتە روو لەسەر ئەوەی کە ئەم گەردوونە لە دروستکردنی بەدیهێنەرێکی خاوەن توانایە!

١-یاسای گەرمی:

(لیکۆنت دی نوی) سەرۆکی بەشی فیزیای پەیمانگای باستۆر، سەرۆکی بەشی فەلسەفە لە زانکۆی سۆربۆن لە کتێبی (چارەنووسی مرۆڤایەتی-مصير البشرية)دا دەڵێ:

روویەك لەو روانەی زانستی نوێ سەرکەوتنێکی گەورەی تیا بەدەست هێنا، گرێ دانی یاسای (کارنوت-کلۆزیوس)ە -هەروەها یاسای دووەمی ترمۆدینامیکیشی پێ دەگووترێ- کە دادەنرێ بە کلیلی تێگەیشتنمان بۆ ماددەی نازیندوو، -بەهۆی ئەگەرەکانەوە- زانای فیزیایی بەناوبانگ، (بولتزمان) سەلماندی کە پەرەسەندنی نازیندوو شایستەی پێچەوانە بوونەوە نیە (إنعكاس) کە ئەم یاسایە فەرزی دەکات، زیاتر لەگەڵ گەشەسەندنێکا یەك دەگرێتەوە کە زیاتر بەرەو یەك حاڵەت دەچێ و: بە سیفەتی زیاد بوونی تناظرو هاوکێشەیی توانا وەسف دەکرێ، بەم جۆرە گەردوون مەیلی تەوازنی هەیە بە جۆرێك کە هەموو ناتەناظورە هەبووەکان لەم کاتەدا دەپووکێنەوەو هەموو جوڵەکان دەوەستن‌و تاریکایی تەواو بەرپا دەبێ.

بەم جۆرە (أدوار لوزکیل) دەربارەی ئەم یاسایە بە جۆرێك دەدوێت کە دەیچەسپێنێ ئەم گەردوونە سەرەتایەکی هەیە بەم جۆرە:

هەندێك وا گومان دەبەن گەردوون بەدیهێنەری خۆیەتی، بەڵام هەندێکی تر وای دەبینن کە بڕوابوون بە ئەزەلییەت ئاسانترە لە بڕوابوون بە بوونی خوایەکی ئەزەلی، یاسای دووەمی دینامیکی گەرمی ئەو رایە بە حەق دادەنێ، زانستەکانیش بە روون‌و ئاشکرایی سەلماندوویانە:ڕێی تێ ناچێ ئەم گەردوونە هەتا هەتایی بێت، چونکە گواستنەوەی گەرمی بەردەوامە لە تەنە گەرمەکانەوە بۆ تەنە ساردەکان، پێچەوانەی ئەمەش بە هێزێکی زاتی نایەتە دی، بەمانایەکی دی گەردوون دەگاتە رادەیەك کە گەرمایی هەموو تەنەکان بگاتە رێژەیەکی یەکسان بەیەك، ئەو کاتەش دەبێتە سەرچاوەی وزە، ئەو کاتەش کارلێکی کیمیاوی‌و سروشتی روونادات، وهیچ شوێنەوارێکی ژیانیش لەم گەردوونەدا نامێنێت، بۆیە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە ڕێی تێ ناچێت ئەم گەردوونە

هەتاهەتایی بێت، ئەگەر نا لە مێژبوو وزەکەی لە دەست دەداو هەموو چالاکییەکی بوون دەوەستا، بەم جۆرەو بێ مەبەست زانست گەیشتە ئەو باوەڕەی کە گەردوون سەرەتایەکی هەیە بەم پێیەش بوونی خودا دەسەلمێنێ، چونکە شتێك سەرەتای هەبێت ڕێی تێناچێ خودی خۆی هێنابێتە بوون، بەڵکو دەبێ سەرەتاسازێکی هەبێت، یان جوڵێنەری یەکەم، یاخود ئەو بەدیهێنەرەی کە خوداوەندە.

هەروەها (فرانك آلان)ی زانای سروشتی بایۆلۆجی بەڵگەی لەسەر ئەوە هێناوەتەوە کە گەردوون هەتاهەتایی نیە بەپێی ئەم یاسایە، کە دەڵێت: زۆر دەگوترێ ئەم گەردوونە ماددەیە پێویستی بە بەدیهێنەر نیە، بەڵام ئێمە بڕوا بەوە بهێنین کە ئەم گەردوونە بوونی هەیە ئەوا دەپرسین بوون و گەشەی گەردوون چۆن بووە؟ لێرەدا چوار ئەگەرمان بۆ دروست دەبێ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە: یان ئەم گەردوونە وەهمو خەیاڵە، ئەمەش پێچەوانەی هۆ دەوەستێ کە لە سەرەتاوە بڕوامان بە بوونی هێناوە، یان گەردوون لە خۆڕا لە نەبوونەوە هاتووەتەدی، یاخود گەردوون هەتا هەتاییەو دروست بوونی سەرەتای بۆ نیە، یاخود ئەم گەردوونە بەدیهێنەرێکی هەیە.

سەبارەت بە ئەگەری یەکەم هیچ گرفتێکمان پێش ناخات جگە لە گرفتی هەست و شعور، ئەمەش ئەوەیە کە هەست کردنمان بەم گەردوونەو ئەم شتانەی تیایدا روو دەدەن ناکرێت خەیاڵو وەهمبێت و سێبەری راستەقینەیی نەبێت، کەواتە ئەو رایەی کە دەڵێ ئەم گەردوونە بوونێکی کردەیی نیەو تەنیا وێنەیە لە ناخ و بیرمان داو ئێمە لە جیهانی خەیاڵدا دەژین ئەمە پێویستی بە گفتوگۆو دەمەقاڵێ ناکات.

سەبارەت بەڕای دووەمیش کە دەڵێ ئەم جیهانە بە ماددەو وزەی ناویەوە لە خۆیەوە لە نەبوون دروست بووە، ئەمە لە رای یەکەم بێ بایەخ ترو سووکترە، کە شایستەی گفتوگۆو تێڕوانین نیە.

رای سێیەمیش کە دەڵێ ئەم گەردوونە هەتا هەتاییەو سەرەتای نیە، لەگەڵ ئەو رایەدا یەکانگیر دەبێت کە دەڵێ ئەم گەردوونە پەروەردگارێکی هەیە، خاڵی

هاوبەشیشیان رەگەزی هەتا هەتاییەکەیەتی، جا ئێمە یان دەبێت سیفەتی ئـەزەلی بدەینـە پـاڵ جیهانی مـردووی بێ گیـان، یـان دەبـێ بیدەینـە پـاڵ پـەروەردگارێکی زینـدووی بەدیهێنەر، لێرەدا هیچ گرانیەکیش لەسەر بیرمان دروست نابێت کە یەکێك لەم دوو ئەگەرە هەڵبژێرین، بەڵام یاسای دینامیکای گەرمی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کـە رەگـەزی پێکهاتـەی ئەم گەردوونە هێدی هێدی گەرماییەکەی لە دەست دەدا..و بەرەو ئەو رۆژە ئەچێتەوە کـە پلەی گەرما بگاتـە سفری رەهـاو، ئـا لـەم رۆژەشـدا وزە نامێنـێو ژیـان دەوەسـتێ، ئـەو کاتەش هیچ شتێك دادمان نادات،کـاتێك کـە وزە نـەمێنێت پلـەی گـەرمای تەنـەکان بگاتـە سفری رەهاو بە تێپەڕبوونی رۆژگار.. خـۆری گڕ گرتـوو، ئەسـتێرەی پڕشـنگدار، زەمینـی دەوڵەمەند بە جۆرەها ژیانی جیاواز هەموو بەڵگەیەکی روونن لەسەر ئـەوەی کـە بنـەڕەتی گەردوونو بناغەکەی پەیوەستە بە کاتێکی دەست نیشان کراوەوە کە لـە سـاتێکی دیـاری کراوەوە دەستی پێ کردبێ. کەواتە لە رووداوەکانەوە رووی داوە، مانـای ئەمـەش ئەمەیـە کە دەبێ رەسەنو بنەمای گەردوون بەدیهێنەرێکی هەتا هەتایی هەبێت، بێ سەرەتا بێـت، زانـاو ئاگـادار بێـت بـە هـەموو شـتێك، بـە توانـاو بـەهێز بێـت بەشـێوەیەکی بـێ سـنوور، دەشبێت ئەم گەردوونە لە دروستکراوی دەستی ئەو بێت.

کەوا بە یاسا دەیسەلمێنێ مادام لە گەردوون گەرمایی هەیە کەواتـە رۆی تێنـاچی کە هەتا هەتایی بێت، چونکـە گـەرما بۆخـۆی نایەتـە دی دوای سـارد بوونـەوەی، چونکـە ئەگەر هەتا هەتایی بوایە سارد ئەبوو نەك گەرم.

٢- یاساکانی جوڵەی ئەلکترۆنی:

شایـەتیتر لەسـەر ئـەوەی کـە گـەردوون رووداوەو بـەرپا بـووە، ئـەوا لــە هــەموو گەردێکی بوونەوەردا دەیدۆزینەوە، چونکە گەردەکانی بوونەوەر لە پارچە پارچـەو بەشـی کارەبایی سالیبو موجەب پێکهاتووە، کە بە بارگە موجەبـەکان دەگوتـرێ پرۆتـۆن، و بـە بارگەی سالیب دەگوترێ ئەلەکترۆن، هەندێك گەرد زیاد لەمەشی تێدایە کە تەوژمێکی مـام ناوەندییەو پێی دەگوترێ نیترۆن، هەچی نیترۆنو پرۆتۆنە ناوکی گەرد پێکدەهێنن، بەڵام

ئەلکترۆن هەسارە گەڕۆکەکانی گەرد دەنوێنیٚ و بە تیژییەکی خێراو بە جوڵانەوەیەکی بازنەیی ئیهلیلجی دەخولێتەوە، جا بەهۆی ئەم خێراییە تیژەی لە ئەلکترۆندا هەیە ئەلکترۆن بە بەردەوامی بەم پێیە دەجوڵێت. چونکە گەر ئەو خولانەوەیە نەبوایە ئەوا پارچەی ناوکەکە پارچە ئەلکترۆنەکانی رادەکێشا، ئالیرەوە سەرسامی بەم کارلێکردنە دێتە دی، چونکە لەم حاڵەتەدا هەسارەیەکی وەك گۆی زەوی لە قالبو قەبارەی هێلکەیەکدا دەرئەکەویٚ و خۆی دەنوێنیٚ، چونکە بۆشایی لە جیهانی گەرددا زۆر فراوانە، وڵــــەتی پارچەکان زۆر شوێنێکی بچووك داگیر دەکەن لە بۆشایی و بڵاوی گەرد (الذرة)دا، چونکە دووری نێوانی ناوك و ئەلکترۆنەکانی خوول خواردوو بەدەوریا، وەك دووری نێوان خۆرو هەسارە گەڕۆکەکان وایە بەشێوەیەکی رێژەیی....

لەم کورتە لێکۆڵینەوەی (گەرد)دا ئەم راستییانەمان بۆ ئاشکرا دەبێت:

١- ئەلکترۆن لە زۆربەی گەردەکانی بووندا -گەر لە هەمووشدا نەبێت- لە جوڵەیەکی بازنەیی بەردەوام دایە.

٢- هیچ بەڵگەیەك نیە لە بوونەوەردا ئەوە بسەلمێنیٚ کە ئەلکترۆنەکان حاڵەت و شێوەیەکی تریان هەبوویٚ ئینجا بەم جۆرەی لیٚ هاتبیٚ، ئەگەر حوکمیش نەدەین بەسەر مەحاڵێتیــنی تێڕوانینێکی کۆنی تری ئەم بارە، چونکە گەر وا بوایە ئەوا پێویستمان بە کارلێکەریٚ دەبوو کە ئەلەکترۆنەکانی بوون دوای سستی و وەستانیان بجووڵاندنایەو بەم پێیەش گەردوون دوای تەسکیەکەی بەر فراوانتر دەبوو..

٣- ئەم گەردوونە هەمووی لەو گەردانە پێکهاتووە کە ئێستا لەمەڕ تایبەتمەندییەکانی دواین، بەڵکو لە هەمان رەگەزیش پێکهاتووە، ئەو جوڵەیەش کە لە ئەلکترۆندا دەیبینینەوە لە تەنە ئاسمانیە گەورەکانیشدا هەیەو هەمان شتە.

دوای ئەم راستییانە دەڵێین:

ئەو شتەی دەخوولێتەوە دەبێت خاڵی سەرەتای (کاتی و شوێنی) هەبێت کە خوولانەوەکەی لێوە دەست پیٚ کردووە، جا کە ئەلکترۆن و تەنەکان هەمووی لە جوڵەیەکی

بازنەیی دابێ، وەك دەردەکەێت ئەم جوڵەیە دەست پێکـردوو (مستأنفة) نـەبووە، کەواتـە دەبێت سەرەتاییەکی زەمەنیو شوێنێکی هەبێت بۆ جوڵەی ئەلکترۆن، ئەم سەرەتایەش لە راستیدا سەرەتای بوونی خوودی گەردەکان بووە، ئا لێرەشدا دەگەینـە ئـەو بەرەنجامـەی کە ئەم گەردوونە سەرەتاو سەرهەڵدانێکی هەبووەو بەدیهێنەرێکیشی هەیە کە لـە نەبوونـە هێناویەتە بوون، چونکە نەبوون بوونی لێ ناکەوێتەوە.

٣- وزەی خۆر:

پێمـان خۆشـە سـەرەتا لـە بابـەت مانـای وشـەی (ئـەزەل)ەوە روون کردنەوەیـەك بدەین، ئەمەش ئەوەیە کە ئەگەر ژمارە (١) دابنێینو لەبەردەمیەوە هێنـدە ژمـارەی سـفر دابنێین تا دەگاتە ئۆقیانووسی گۆی زەوی، و ئەو ژمارە گەورەیە گـەر بکـەین بـە سـاڵ ئەوا نزیکە وەك سفر تەماشا بکرێت سەبارەت بە کۆتـایی نـەهاتنو سـەرەتا نـەبوون، هـەر هەمان شێوە ئەگەر ژمارە (١) هێندە سفری لەبەردەمەوە دابنێین لەسەرەتای گەردوونەوە تا کۆتایی، ئەوا ئەم ژمارەیەش تەنیا بەشـێکی کۆتـایی نـەهاتن دەنوێنـێ کـە وەکـو سـفر وایە، ئا بەم جۆرەیە سەبارەت بە مانای هەتا هەتایی.

جا ئەوانـەی کـە دەڵێـن مـاددە هـەر بـووە ئـەوا ئـەم مانایـەی پـێ دەبەخشـن، لـە راستیشدا سەرجەم دیاردەکانی گەردوون پێچەوانەو ناڕاستی ئـەم رایـە دەسـەلمێنن، ئـەم دیاردەیەش کە لێی دەدوێین بە یەکێك لەو دیاردانە دادەنرێت.

ئایا خۆر ئەو وزەیەی لە کوێ دەهێنێـت؟ وچـۆن پارێزگـاری گەرماکـەی دەکـات؟ کاتێکیش دەڵێین خۆر ئـەوا مەبەسـتمان هـەموو ئەسـتێرەکانی ئـەم گەردوونەیـە، چونکـە ئەستێرەکانی ئەم گەردوونە هەمووی خۆرەو بەهۆی دوورییان لێمانەوە بچووك دیارن، ئەم خۆرەی ئێمەش نموونەیەکە لەوە.

ئەو دوو پرسیارەی کە دەرمان بڕی زۆر گرنگن، چونکە خۆرو هەموو خۆرەکان لـە بەخشینێکی بەردەوام دان، هەردەم تیشکی گەرمایی دەبەخشن کە وزەی لە خۆ گرتـووە،

ساڵی ١٩٣٣ پێشانگای شیکاغۆ بە تەواوی رووناك بووەوە بە هۆی کلیلێکی گەورەوە کە بە هۆی تیشکێکی کەمی ئەستێرەی (السماك الرامح)ەوە دەرچوو پێش ٤٠ ساڵ.

کەواتە ئایا هۆی ئەو وزانە چییە لە خۆرەکاندا؛ زیاد لە وەلامێك بۆ ئەم پرسیارە دادەنێین، بەلام هیچیان جێی متمانە نین گەر دوا وەلام نەدەینەوە کە دەڵێت: گەردەکانی ئەم خۆرانە لە ناوەوە تێك دەشکێن کە گەرماییەکی لە رادەبەدەریان لە هەناودایە، جا بەهۆی ئەم تێکشکانە گەورەو بەر فراوانەو بەردەوامە وزەی گەرمی بێ هاوتاو بێنموونە پێك دێت، و ئاشکراشە کاتێك گەرد تێك دەشکێت بەشێك لە پێکهاتەکەی بزر دەکات و ئەم بەشە دەبێتە وزە، واتە هەر رۆژێك بەسەر خۆرێکدا تێ بپەڕێ بەشێك لە پێکهاتەکەی بزر دەکات گەرچی کەمیش بێت، بۆ نموونە خۆر هەر رۆژەی ئەوەندە کیلۆگرام کەم دەکات هەر بەم جۆرەش سەرجەم ئەستێرەکانی تریش..

جا گەر ئەم خۆرانە کۆن و هەر بووبن، ئایا رێی تێ دەچوو بەم جۆرەی ئێستا بوونایە؟ یا خود بە یەکجاری تەواو نەبوون و کۆتاییان پێ دەهات؟ جا وەك چۆن بۆمان دەرکەوت ئەزەل بریتییە لە هەتاهەتایی، ئێمەش ئەوەمان لە یاد ناچێت کە بەشێك لەو وزەیەی کە خۆر سەرف دەکات دەبێتە ماددە، بەلام رێژەی ئەم گۆڕانە لە چاو رێژەی نەگۆڕاندا زۆر کەمە وەك رێژەی ئەستێرەکان وان سەبارەت بە ئاسمان. ئەم وتەیەش وەنەبێت لە بەشێکی گەردووندا وابێت و لە بەشێکی تریدا وانەبێت، بەڵکو زۆر جار ئەم هاوتاییە دەبینرێت، بەلام قسەی ئێمە سەبارەت بە: گەردوونە بە گشتی، چونکە مادام ئاسمان هێندە بەرفراوان و مەزنە، بێگومان بەشێکی زۆر لەو وزەیە بزر دەبێت و نابێتە ماددە، و مادام تاکە تیشکێك هەبێت وای دابنێین بە هیچ ماددەیەك ناکەوێت هەتا دووبارە دروست بوونەوەی بنیات بنرێ بەشێوەیەکی نوێ، ئەوا تێڕوانینی ئەزەلییەت بۆ گەردوون شتێکی مەحاڵە. چونکە تاکە تیشکێك بە درێژایی بوون و ئەزەل بەسە بۆ تەواو کردن و بە پایان گەیاندنی وزەی هەموو گەردوون.

بەڵام سەبارەت ئەوەی بگوترێ گەردوون هەمووی لە بنەڕەتدا وزە بووە،و پاشـان بووەتـە مـاددە،و ئێسـتاش ماددەیـەو دەبێتـەوە وزە، پاشـان دەبێتـەوە مـاددەو بـەم جۆرە... ئـەوا هەڵـەی ئـەم تێڕوانینانـە زۆر ئاشـكرایە، چونكـە كـاتێك وزە دەبێـت! كـە ماددەیەك هەبێت پێكی بـهێنێ، چونكـە وزە پێویسـتی بـە زاتـەو وەك (نـەبوو) وایـە، یان بەپێی دەربڕینی زانا كۆنەكان: مـاددە نیشانەیەكە پێویسـتی بـە ناوەڕۆكێكـە كـە تیـایدا دەربكەوێت، بۆ نموونە خۆر كاتێك تیشك دەداتـە زەوی، گەردەكانی زەوی گەرمابیەكەی وەردەگرن، ئەوسا گەردەكانی زەوی بە وزەی گەرما بارگاوی دەبن، بەڵام لە كاتێكدا ئـەم تیشكە بەر ماددە نەكەوێت ئایا بۆ خۆی دەبێتە گەردی ماددی؟ بەلایەنی كەمەوە كەس تا ئێستا ئەمەی نەدركاندووە، بەم جۆرە بۆمان دەردەكەوێت كـە ئـەم گەردوونـە كـۆن نیـەو سەرەتایەكی هەیە، بوونی گەردوونیش ڕێی تێنـاچێت ئەگـەر بەدیهێنـەرێكی نـەبێت، ئـەو بەدیهێنەرەی كە لەسەرەتادا دروستی كردووە دوای ئەوەی كە گەردوون بوونی نەبووە.

٤- زاناكانی یەكتاپـەرستی پێشین لە كۆندا بەم جۆرە بەرپا بوونی گەردوونیان لـە نەبوونەوە بە توانای (ﷲ)جل جلالـه لێك داوەتـەوە: كـاتێ تەماشـای گـەردوونیان كـرد، پێكهاتەكانی بەسەر دوو جۆردا دابەش بوون: بەشێكیان بۆ خۆیان پێك دێن، جۆرێكیشیان بەبێ زات پێك نایەن، بۆ نموونە لاشە بۆ خۆی پێك دێ، بـەڵام نەخۆشـی بـێ بوونـی لاشـە دروست نابێ، ئەتۆمیش بۆ خۆی پێكدێ بەڵام گەرمی بە بێ زاتو بوون نایەتەدی، ئەوەش كە هەڵدەستێ بە پێكهاتنی خۆی پێی دەوترێت ناوەڕۆك (جوهر)، ئەوەش كە بەبێ بوونی ناوەڕۆك نایەتەدی پێی دەگوترێ نیشانە (بـەرەنجام- عَرَض) كەواتـە گـەرد جەوهـەرەو گەرمییەكەی بەرەنجامە، لاشەش ناوەڕۆكەو لەش ساغی رووكەشەكەیەتی.

هەروەها گوتویانە ناوەڕۆكەكان لە رووكەش جیا ناكرێنەوە، هیچ ناوەڕۆكێكیشـمان بەبێ بەرەنجام نەبینیوە، هەموو (نیشانە - عرَض)ێكیـش رووداوە، بـۆ نموونـە تاریكـایی رووداوو بەرپا بووە چونكە پێش ماوەیەك رۆژ هەبوو، هەروەها رۆژیش بەرپا بـووە، پێـش ماوەیك شەو بووە، گەرمایی گەردەكانیش هـەر چۆنێـك بێـت ئـەوە هـەر سـەرەتای هەیـە،

هـەرواش ساردییەکەی سـەرەتایەکی هـەبووە، کەواتـە هـەموو بـەرەنجامێك سـەرەتایەکی هەیە، جا کەوابێ گەر هەر ناوەڕۆکێك بەبێ بەرەنجام نەیەتەدی!ئەوا هەموو ناوەڕۆکێك بـێ سـەرەتا نـابێت، ناوەڕۆکـەکان و بەرەنجامـەکانی گـەردوونیش هـەر هـەموو دروسـتکراون و ئەزەلی نین.

❁❁❁

گفتوگۆی پرسیارێك:

خەڵك کە دەگاتە ئەم راستییە پرسیارێکی دووبارەو کۆنی لا دروست دەبێت ئەویش ئەوەیە کە ئایا کێ خـوای بـەدی هێنـاوە، کـە هـەموو شـتێکی هێناوەتـە بـوون؟ جا لـە نـاوەڕۆکی پرسـیارەکەدا وەڵامەکـەشمان چنـگ دەکـەوێت، کەواتـە (ﷲ) بـەدی هێنـەرەو پـەروەردگاریش بـەوجۆرە بێـت ئەمـە وامـان لێ دەکـات ئـەوە نەیـەت بـە بیرمـاندا کـە پەروەردگار بەدی هاتوو بێت، چونکە ئەگەر بەدیهاتوو بوایە ئەوا نەیدەتوانی بەدی هێنـەر بێت! ئیـدی چـۆن ئـەو بۆچوونـەمان لا دروسـت بێـت کـە بەدیهێنـەری ئـەم گەردوونـە بەدیهاتووە!هەر بۆ نموونە مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی کـە ئـەم هـەموو توانایـەی پـێ بەخشـراوە ناتوانێ شتێ لە (نەبوونەوە) بخولقێنێ،جا چۆن بـە خـەیاڵمان بـێ کە بـە دیهێنـەری ئـەم گەردوونە خۆی بەدیهێنراو بێ؟! پێشەوا –بەننا– رەحمەتی خوای لێ بێـت– بـەم جـۆرە وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە ئەو پرسیارە دەکەن: ئەگەر کتێبێکت لـە کتێبخانەکـەتدا دانـا پاشان ژوورەکەت جێ هێشت و پاشی کەمێك گەڕایتەوە نـاو ژوورەکـە، پاشـان کتێبەکـەت بینی لە ناو چەکمەجەکە دانرابووە، ئەوا بە تەواوی باوەڕت دێتە سەر ئـەوەی کـە کەسـێك خستبێتیە ئەو جێگایە، چونکە دەزانیت لە سیفەتەکانی ئەو کتێبە ئەوە نیە کـە بـۆ خـۆی خۆی بگوازێتەوە.. ئەم خاڵە بزانەو با لـە یـادت بێـت و پێکـەوە بچینـە سـەر خـاڵێکی تـر: ئەگـەر لـە ژووری کتێبخانەکـەتدا کەسـێکت بیـنی لەسـەر کورسییەك دانیشـتبوو، پاشـان چوویتە دەرەوەو هاتیتەوە ژوورێ، بۆ نموونە بینیت لەسەر فەرشێك دانیشتووە، ئەوا ئەو کاتـە لـە هـۆی گواسـتنەوەکەی ناپرسـیت و بـەبیرتا نایـەت کەسـێك لـەو جێگەیـەیدا

گواستبێتیەوە! چونکە بۆت دەردەکەوێت لە سیفەتەکانی ئەو کەسە ئەوەیە کە بۆ خۆی دەگەڕێت نەك کەسێك هەبێت بیگوێزێتەوە، ئەم خاڵەشت لە یاد بێت ئەنجا بزانە! کاتێك سەرجەم بەدیهاتووەکان رووداوو بەرپا بووین بشزانین کە سروشتو سیفەتیان بە جۆرێکە کە بۆخۆیان نایەنە دی، بەڵکو دەبێ بەدیهێنەرێکیان هەبێ، زانیشمان کە بەدیهێنەرەکەی خوداوەندی بەرزو بەشکۆیە. وکاتێك تەواویەتی لە خوایەتیدا پێویستی بکات لە سەرمان کە نابێت هیچ خوایەکی تر هاوەڵی هەبێت، چونکە لە سیفەتەکانی ئەوەیە کە بۆ خۆی بووە، ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێ کەزاتی خۆی هەر هەبووەو پێویستی بە کەس نەبووە بیهێنێتە بوون، جا گەر دووخاڵەکەی پێشین بخەینە پاڵ ئەم وتەیە، ئەوا ئەگەینە ئەم پلەیە لە راستی، عەقڵی مرۆڤیش کورتی هەڵهێناوە کە پەی بە زیاتر لەمە بەرێت.

زاناکانی یەکتاپەرستیش وای دەبینن کە ئەم پرسیارە هیچ واتایەکی نیەو بۆیە دەڵێن: کاتێ لەگەڵ ئەو کەسانەدا بڕۆین کە دەڵێن: کێ خوای دروست کردووە؟ ئەگەر پێمان گوتن یەکێکیتر ئەوی بەدیهێناوە، دەڵێن: ئەی کێ ئەوی تری بەدیهێناوە؟ وپاشان ئەوی سێیەمو... بەم جۆرە.. ئەی لە کۆتاییدا چی دێت؟ بێگومان دەبێ لە کۆتاییدا بگەینە زاتێکی بێ سەرەتا کە هیچ بەدیهێنەرێکی نەبێت، ئەم زاتەش کە سەرەتاو هیچ خوایەکی نیە زاتی خوداوەندی تاكو تەنیایە، هەچ پرسیارێکیش لەم بارەیەوە بکرێ لەکۆتاییدا بێ مانا دەمێنێتەوە،چونکە تەنیا بەدیهێنەرو بەدیهاتوو هەیە، رێشی تێ ناچێت بەدیهێنەر هیچ بەدیهێنەرێکی تری هەبێت.

لە راستیشدا کەسێك ئەم پرسیارە دەکات یان گاڵتە پێکەرە، ئەوە دەبێت پشتی تێکەین، یاخود خەیاڵاتی بۆ دروست بووەو دەبێ هۆکاری ئەو خەیاڵاتەی بڕەوێنینەوە، چونکە گەر وای بیبیستین ئەم بۆچوونە بەسەر بەدیهێنەری گەردوونیشدا دێتە دی، ئەوا مەرج نیە کە سەرجەم ئەو یاسایانەی بەسەر دروستکراودا دێتەدی بەسەر دروستکەریشدا بێنە دی، چونکە دروستکراوانو ئەو یاسایانەی رامی دەبن لە بەدیهێنانی دروستکەرێکە، لە سنووری هەموو جیهانیشدا دەبینین ئەمەی کە مرۆڤ دروستی دەکات ئەو حاڵەتانەیان بەسەردا دووبارە نابێتەوە کە بەسەر مرۆڤدا دێت، بۆ نموونە مرۆڤ لە خۆرا دەڕواتو

ویستی هەیەو فێر دەبێتو دەرك دەكاتو بیر دەكاتەوەو دەخواتو دەخواتەوەو دەنوێتو حەز دەكات، ئەمە شتانێكنو ئەوەی دروستیان دەكات شتێكی ترە، هەر یەكەشیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ئەم گەردوونەش شتێكەو پەروەردگارەكەشی شتێكی ترە، گەردوونیش تایبەتمەندی خۆی هەیەو زاتی خوداوەندیش سیفاتی خۆی هەیە.

زۆربەی جار خاوەن پرسیار لەو جۆرە كەسانەیە بڕوای بە خودا نەبێت، وەلامی ئەمانەش ئەمەیە كە: ئێمە هەموو لەسەر ئەوە رێك كەوتووین شتێكی كۆن هەیە بێ سەرەتاو بێ دروست كەرە، رەنگە تۆبڵێی ئەو شتە دێرینە: ماددەیە، ئێمەش دەڵێین ئەو شتە كۆنە (اللّٰه)یە، زانستی نوێش سەلماندویانە كە مادده كۆن نیەو ئالێرەدا هیچمان لەبەردەم نامێنێتەوە جگە لەوەی تەنیا پەروەردگارو بەدیهێنەرمان بە كۆن بمێنێتەوە.

لە لاپەرەكانی رابووردوشدا هەندێك لەو بارەوە دواین كە بزانین زانست چ دەڵێ؟ ئا لێرەشدا هەندێك لە وتەی زاناكان رادەگوێزینەوە سەبارەت بە هەمان بابەت كە لە كتێبی (الله یتجلی فی عصر العلم– ل٢٧) وەرمان گرتووەو كۆتایی ئەم دیاردەی پێ دەهێنین، (جۆن كوشران) دەڵێ زانستی كیمیا پێمان دەڵێت كە هەندێك مادده بەرەو لە ناو چوونو تەواو بوون دەچن. بەلام هەندێكیان زۆر بە خێرایی بەرەو لە ناوچوون دەچن، هەندێكی تریشیان بە هێواشی، كەواتە لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە مادده ئەزەلیو هەتا هەتایی نیە، واتای ئەمەش ئەوەیە ئەزەلی نیەو بەلكو سەرەتایەكی هەیە، بەرەنجامەكانی كیمیاو زانستەكانی تریش ئەوەمان بۆ روون دەكەنەوە كە سەرەتای مادده هێواشو لەسەرخۆ نەبووە، بەلكو لە پرێكدا هاتووەتەدی، تەنانەت زانیاری نوێ دەتوانێ ئەوەمان پێ بلێ كە لە چ كاتێكدا ئەم ماددانە دروست بوونو پێكهاتوون.

هەروەها (ایرفنج ولیام) لە هەمان سەرچاوەو لاپەرە(٥٥)دا دەڵێ:

(... زانستی گەردوونناسی ئاماژەی ئەوە دەكات كە ئەم گەردوونە سەرەتایەكی دێرینی هەیە، گەردوونیش بەرەو كۆتایی هاتنێكی حەتمی دەچێت، هەرگیز ئەوەش لەگەڵ راستدا یەكانگیر نابێت كەبلێین ئەم گەردوونە ئەزەلییەو هیچ سەرەتای نیە، یان هەتا هەتاییەو كۆتایی نیە، بەلكو لەسەر بنەمای گۆڕران دروست بووە)

ئەمە وتەی ئەو کەسانەیە لەسەر بێ باوەڕبوونیانەوە- چونکە بڕوا بوون بە خوا پێداویستی خۆی هەیەو ئەو کەسانە پێی هەڵنەستاوون- بەڵام بە هۆی بوونی زانیارییان بە یاساکانی گەردوون گەیشتوونەتە ئەم راستییە نەمرو هەبووەی کە لە فیطرەی هەموو مرۆڤێکدا هەیە،و لای هەموو خاوەن ژیرییەکی رێکو پێک راستییەکی بێ بەڵگەیە. پەروەردگاریش دەفەرموێ: ﴿أم خلقوا من غير شيء أم هم الخالقون. أم خلقوا السموات والأرض﴾ الطور/٣٥-٣٦، واتە: ئایا ئەمانە بێ هۆ بەدی هاتوون؟ یا خۆیان خولقێنەری خۆیانن، یان ئەوانە ئاسمانەکانو زەوییان خەلق کردووە.

دیاردەی دووەم

دیاردەی توانا (الإرادة)

-١-

سێ ئەگەر هەیە پێویستە لە کاتی ئاخاوتنماندا لەمەڕ گەردوون و ئەوەی تێیدایە لێی بدوێین تا بگەینە حەقیقەتی بەدواداچوونەکەمان:

یەکەم: ئەوەیە کە لە دروست کردنی (اللّٰه)ی خوای گەورە بێ.

دووەم: یا لە دروست کردنی گەردەکانی مادده بێت، یان بەش و رەگەزەکانی و توانا و گرنگی پیدانیش هەر لای ئەمانەوە بێت، بەواتایەکی تر: رەگەزەکانی مادده سەرەکییەکە بیر کردنەوەو کاریان بە ئەنجام گەیاندووەو رێک کەوتووە لەسەر دروست کردنی هەمەچەشنەییەتی دنیا بەم جۆرو شێوەی کە دەیبینین.

سێیەم: ئەوەیە کە گەردوون و ئەوەی ناویشی بەرێکەوت هاتبێتە دی، یان ئەو پشکە کارەباییانەی کە گەردی ئەم گەردوونەی لێ پێک هاتووە بەرێگەی رێکەوت بەدیهاتووە، کە هەندێ سالیبەو هەندێکی تریشی موجەب و بەشەکەی تری مام ناوەندە، ئەمانە بە رێکەوت بوون و هەموو بەشە سالیبێک لەگەڵ بەشە موجەبەکەیدا بە رێگەی رێکەوت پێك هاتبێ؟ یاخود لە ١ تا ٢٣٨ بەدوای یەکدا لە بەشەکانی موجەبی مادده لەگەڵ یەکدا رێکەوت پێکی هێنابن! پشکە سالیبەکانیش لە دەوری ناوکەکان بە رێکەوت

دەسووڕێنەوە؟ لە نێوان ناوك و تەوژمە كارەباییەكاندا ئەو بۆشاییەی هەیە ئەگەر نەبوایە ئەوا تەنی ئەم زەمینە بە قەبارەی هێلكەیەك دەبوو، ئەوەش بە ڕێكەوت بووە؟ هەموو خولگە جێگیرەكانی هەر هەشت كارەبایەك بە ڕێكەوت بووە؟ یاخود توانای یەكگرتنی نێوان ڕەگەزەكان بۆ پێك هێنانی پێكهاتەیەكی نوێ كە بە هۆی كەمی ئەلكترۆنەكانەوە دەبێت لە هەشت كەمتر، كە لە بەرگی هەندێك گەردا هەن هەر بە ڕێكەوت بوون؟ یان یەكگرتنی ئەم ڕەگەزانەو كۆبوونەوەیان بۆ پێك هێنانی ئەم تەنە مەزنانە لە كۆمەڵەی خۆر هەروا بە ڕێكەوت بوون؟ یان ڕێكخستنی خۆرەكان لە خولگەكانیانداو هەروا هەسارەكانیش لە خولگەكانیاندا،هەروەك چۆن ئەلكترۆنەكانیش ڕێك خراون هەمووی بە ڕێكەوت بووە؟ یان ئەو گەرماییەی لە خۆرەكاندا هەیەو تیشك و تەرتیب كردنیان بە ڕێكەوت بووە؟ پاشان ئەم زەمینەی كە شایستەی ژیانە بە: بەرگەكەی، هەوای، ئاوی، شاخ، قەبارەی.... هەمووی بە ڕێكەوت بووە؟ هەروەها ژیانیش بەهەموو هەماهەنگی و پێك هاتنی و ئامێرە ئاڵۆزەكانیەوە لە خۆڕا بە ڕێكەوت هاتوونەتە بوون؟ پاشان مرۆڤ بە ژیری و بیرو پێكهاتەو گیان و ڕەوشت و ئامادەگی ئەندێشەو تێڕوانین و زانستی و سەرجەم تواناكانیەوە بۆ رام كردن، هەموو ئەمانە بە ڕێكەوت بوون؟.

لەم سێ ئەگەرە هیچ ئەگەرێكی تری زیاتر نیە بۆ لێكدانەوەی بوونی گەردوون، هەرچی ئەگەری یەكەمە بڕواداران لێی دەدوێن، ئەگەری دووەمیش كەس باسی ناكات و سێیەم ئەگەریش مرۆڤە مادديیەكان دەیڵێن.

كەواتە ئێمە واین لەبەردەم دوو ئەگەردا: یان دەبێت ئەم گەردوونە بە هەموو جۆرەكانیەوە لە دروست كردنی كەرێكی خاوەن توانا بێت بە پێی پرێنسیپی هۆكارێتی (مبدأ السببية)، یان لە ئاكامی ڕێكەوتەوەیە!

-٢-

ئەركی گرنگی ئێمە ئەوەیە كە بزانین ئایا كام لەم دوو ئەگەرە لەسەر بەڵگە بنیات نراون، و كامیان هیچ بەڵگەو نیشانەیەكی نیە؟ بەڵكو ڕێكەوت زۆر جار ڕێی تێ دەچێ بێتە

دی‌و زۆر جاریش لە حوکمی مەحالە ژێریەکاندا دەبێت، ئێستاش نموونەیەک دێنینەوە بۆ شایستەییەتی حاڵەتی بوون‌و مەحالییەتی بوونی:-

لەسەر پارچەیەک قوماش دەرزییەک بچەقێنەو لە کونی ئەو دەرزییەش دەرزییەکی تری پێوە بکە، پێم بڵێ گەر مرۆڤ ئەم دوو دەرزییە ببینێ‌و بپرسێت چۆن ئەو دەرزی دووەمە چووە ناو کونی دەرزی یەکەمەوە؟ ئەوا مرۆڤێکی ناسراو بە راستگۆیی وەڵام دەداتەوەو دەڵێ: کەسێك بە دەستی خۆی نووکی دەرزی یەکەمی خستە ناو کونی دەرزی دووەمەوە، هەروەها مرۆڤێکی تریش هەر بە راستگۆیی ناسرا بێت بڵێت: ئەوەی بەم کارە هەستاوە منداڵێکی بچووک بووە کە هەر بە کوێری لە دایك بووە.

جا تۆ گەر بە رێکەوت بەسەر ئەم رووداوە رابووردی ئایا بڕوا بە کامیان دەکەیت؟

بێگومان باوەڕ بە هەواڵی یەکەم دەکەیت، بەڵام بەهۆی راستگۆیی کەسانی بێژەرەوە رەنگە بڕوا بە رێکەوت بکەی لەو رووداوەداو ئەوسا هیچ هەواڵێکیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ ناکەیت، بەڵام گەر ئەم کەسە دەرزی سێهەمی بینی خرابووە کونی دەرزی دووەمەوە، ئایا لەم حاڵەتەشدا هەردوو حاڵەتەکە وەك یەك تەماشا دەکرێ؟ نەخێر.. ئا لێرەوە خاڵی مەبەستداریێتی ئەدرێ بەسەر رێکەوت دا، بەڵام ئێستاش هەر بواری رێکەوت دەمێنێتەوە ئەگەر بە کەمیش بێت. بەڵام گەر هەمان کەس (دە) دەرزی بینی، هەر دەرزییەك بە کونی ئەوی تردا کرابوو، ئایا بواری مەبەستداریێتی لەم حاڵەتەدا وەك ئەوەی پێشوو تەماشا دەکرێ؟ نەخێر بەجۆرێك بیرۆکەی مەبەستداریێتی لەم کارەدا بەرەندە دەبێت کە بواری رێکەوتی تیا نەمێنێتەوە.

هەرچەندە ئەم کردارە بەرەو ئاڵۆزی بچێت کەمتر بواری رێکەوت لە بەردەمماندا دەمێنێتەوە، بۆ نموونە گەر بڵێین هەر (دە) دەرزییەکە ژمارەی لێدرابووو بەڕیز لە یەکەوە تا دەو پاشان پێیان گوتین منداڵەکە ئەم دەرزییانەی بە دوای یەکدا بەرێکەوت لە ناو کیسێك دەرهێنا، بێ ئەوەی بیانبینێ‌و پاشان یەك بە دوای یەك دەرزییەکانی فڕێدەدا لە خۆڕا دەچوونە ناو یەکەوەو تا هەر (دە)یان تەواو دەبوو، بەدوای یەکداو بەرێکەوت.

پاشان ئەگەر ئەم باسە ئالۆزتر لێك بدەینەوەو لە بری منداڵەکە هەوا یا ئاو یا نەبوون دابنێین، ئایا بواری ڕێکەوت لەم کارەدا مەحاڵ نابێت؟!.

ئایا هەڵویستی مرۆڤ چی دەبێت لەم کارەدا؟ ئایا هێشتا بواری ڕێکەوت دەمێنێتەوە؟ یان دەگوترێت کەسێکی خاوەن تواناو بینین بەم کارە هەستاوە؟ بێگومان مرۆڤی ژیر یەکسەر کەسی دووەم بە ڕاستگۆ دادەنێت.. هۆی ئەم بڕیاردانەش ئەوەیە کە ڕێکەوت یاسایەکی بیرکاری هەیەو ناتوانین خۆمانی لێ لادەین، یاساکەش ئەوەیە کە:-

هەر چەندێك ژمارەی شتە زۆرە بەراوورد کارەکان کەمتر بێتەوە زیاتر بواری هاتنە دی ڕێکەوت دێتە دی، بەڵام گەر ژمارەکە زیاتر بوو ئەوا گومانی حاڵەتی ڕێکەوت کەمتر دەبێتەوە.

جا گەر بەراووردکردنەکە لە نێوان دوو شتی هاوتادا بوو ئەوا ڕێژەی ڕێکەوت (١ بەرانبەر٢) دەبێت، بەڵام گەر لە نێوان (١٠)شت دابوو، ئەوا ڕێژەی ڕێکەوت (١بەرانبەر ١٠)دەبێت، چونکە هەریەکەیان هەلی بەرەندەبونی وەك ئەوی تر وایە، بێ هیچ پێشخستنی یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا، ئا لێرەوە ڕێژەی سەرخستنی نێوان شتەکان وێك دەچێت، تەنانەت ئەگەر سەد یا هەزاریش بوون، بەڵام هەرچەندێك ڕێژەی ژمارەکان زۆرتر بێت، ئەوا ڕێژەی هاتنەدی ڕێکەوت دەچێتە سنووری حوکمی مەحاڵو نەبوونەوە، جا بۆ تێگەیشتن لەم باسە ئەوا ئەم نموونەیە بخوێنەرەوە:

وای دابنێ تۆ چاپخانەیەکت هەیەو نیو ملیۆن پیتی تێدایە لە نێوان سندوقە جیاجیاکان دا، ئەگەر لەم کاتەدا بوومەلەرزەیەك لەسەر زەوی ڕوویداو سەرجەم سندوقی پیتەکانی خستو سەرەوژێری کردن، پاشان ڕێکخەری پیتەکانی چاپخانەکە پێت ڕابگەیەنێت کەوا لە ئاکامی ئەم تێکەڵاو بوونەدا (١٠) وشەی جیاجیا لە واتا پێك هاتووە بێ ئەوەی واتاکانیان پەیوەندی بە یەکەوە هەبێت، ئەم باسە لەم حاڵەتەدا ڕێی هاتنەدی دەبێت.

بەڵام گەر پێت بڵێت: ئەو (١٠) وشەیە رستەیەکی تەواوی پێك هێناوە، کەمتر جێی بڕوایە. بەڵام بە مەحاڵیش نابینرێت.

بەڵام گەر پێت بڵێت هەموو پیتەکانی چاپخانەکە دوای تێکەڵاو بوونیان بە شـێوەی رێکەوت، یەك کتێبی (٥٠٠) لاپەڕەیی تەواوی پێك هێنـاوە کە یـەك هۆنراوەی تـەواوی پـڕ واتای کێشداری لێ دەرچووە، ئەوا تۆ لەم حاڵەتـەدا بێگومـان ئـەم هاتنەدییـەت لا مـەحاڵ دەبێت.

جا گەر زانیمان رێژەی دەرکردنـی (دە) ژمـارە بـە دوا یەکەکـەی دەرزییـەکان (١ حاڵەت بەرانبەر ١٠ملیـارە) ئـەوا گریمـانی دەرچوونـی یـەك بـە دوای یـەکی (دە) ژمارەکە ئەگەر (١٢) دەرزی بێت (١بەرانبەر ١٠٠٠ملیار) دەبێت، بـەڵام گـەر (٢١) دەرزی بێـت ئـەوا رێژەی هاتنە دی رێکەوتی هەر (٢١) دەرزییەکە یەك بەدوای یـەکدا (١ بەرانبـەر ١٠٠٠ملیـار ملیار) دەبێت.

ئەی دەبێ هەڵوێستمان چی بێت سەبارەت بە تێکەڵاو بوونی (٥٠٠) هەزار پیت بـۆ پێکهێنانی نزیکەی (١٢٥) هەزار وشە؟ بەشێوەو رێگەی وا کە هەرگیز نەیەتـە هـەژمارین؟ بەجۆرێك ئەم ئەگەرە رێی تێدەچێت کە ژمارە پەی پێ نەبات لە ژمـاردنیدا بـۆ پێکهێنانی کتێبێکی لەم جۆرە.

جا بۆ ئەوەی مانـای (٥٠٠) هـەزار پیـتو (١٢٥) هـەزار وشـەو (٢٨) پیـتی هیجـائی بزانیـت، لـەم پەرەگرافـە بکۆڵـەرەوە ((پرۆتینـات پێکهاتـەی سـەرەکی هـەموو خانەیـەکی زیندووە،و لە پێنج رەگەز پێك دێت: کاربۆن، هایدرۆجین، نایترۆجین، ئۆکسـجین، کبریت، ژمارەی گەردەکانی هەر پرۆتینێك "٤٠,٠٠٠" گەردە،و لە کاتێکدا رەگـەزە کیمیاوییـەکانی سروشت ژمارەیـان "٩٢"[1] رەگـەزی دابـەش بـووە بـە شـێوەیەکی رەمـەکی، جـا ئەگـەری کۆبوونەوەی ئەم پێنج رەگەزە بۆ پێکهێنانی بەشێك لە بەشـەکانی پرۆتـین، دەتوانـین بـە

[1] ئەم ژمارەیە بەپێی رێژە کۆنەکەیە پێش ئەوەی هەندێك ماددەی کیمیاوی نوێ بدۆزرێتەوە.

جۆرێك حیسابی بكەین بەپێی رێژەی ئەو ماددەیەی كە پێویستە تێكەڵاو ببێ بۆ پێكهێنانی ئەو بەشە، پاشان بۆ زانینی درێژی ئەو ماوەیەی كە پێویستە بۆ بەرپابوونی ئەم كۆبوونەوەیەی نێوان گەردەكانی یەك بەش.

زانای ماتماتیكی سویسری (چارلز یۆجین جای) هەستا بە هەژمار كردنی هەموو ئەم هۆكارانە، بۆی دەركەوت كە هەلی پێكهێنانی پرۆتین بە رێگەی رێكەوت بە رێژەی (١) بۆ (١٠)^{١٦٠} یە، یان بەرێژەی ١ بۆ ١٠و ١٦٠جاریش جاران بكرێتەوە،ئەمە ژمارەیەكە ناتوانین بیدركێنین‌و بە وشە پەی پێ بەرین، رێژەی ئەم ماددەیەش كە پێویستە بۆ بەدیهاتنی ئەم كارلێكە بە رێگەی رێكەوت بۆ پێكهێنانی یەك بەش، ئەو مەودایە دەبێت زۆر لەقەوارەی ئەم گەردوونە بەرفراوانتر بێت.

(لیكۆنت دی نوی) دەڵێت: پێویستە قەبارەیەكی زۆر گەورەتر لە گەردوونی ئەنیشتاینی بخەملێت بە سكستیلیۆن سكستیلیۆن جار، جا پێكهێنانی ئەم بەشە لەسەر رووی زەوی لەرێگەی رێكەوتەوە بەلایین ساڵی نەژمێردراوی دەوێت، زانا سویسرییەكە بەوە لێكی داوەتەوە كە ٢٤٣جار ژمارە ١٠جارانی خۆی بكەیت، ئەوەندە ساڵە:(١٠)^{٢٤٣}ی دەوێ .

پرۆتینەكان لە زنجیرەی درێژی ترشەلۆكی ئەمینی پێك دێن، ئەدی چۆن گەردەكانی ئەم بەشانە هاوتاو تەبا دەبن؟ ئەگەر بە هەر رێگەیەكی تر یەكانگیر ببن مەرجی ژیان‌و زیندەگییان تیادا نایەتەدی، بەڵكو لە هەندێك حاڵەتدا كوشندەو ژەهراویش دەبن.

زانای ئینگلیزی "ج.ب لیتز" ئەو رێگایانەی ژماردووە كە رێی تێدەچێ گەردەكانی یەك بەشی سادەی پرۆتینەكان یەكانگیر بێت، لێرەدا بۆی دەركەوت ژمارەیان دەگاتە ملیۆنەها (١٠)^{٤٨}؛ بۆیە بەپێی پێوانەی ژیری مەحاڵە بە رێكەوت ئەم هەموو بەشە یەكانگیر ببن بۆ پێكهێنانی یەك بەشی پرۆتینی)).

جا ئەم پەرەگرافەمان بۆ ئەوە باس کرد تا ببێتە وەڵامی ئەو کەسانەی کە دەڵێـن: ئەوەی کە لە یەك لەرینەوەدا دروست نابێت رەنگە لە یەکێك لـە مـەلایین لەرینـەوەدا بێتـە دی، تا بۆمان روون بێتەوە کە چ زەمەنێکی درێژی دەوێت بۆ پێکهێنانی یەك بەش کە هەر پێنج رەگەزەکەی تێدا بێت، دەبێ ئەو تێبینیـەشمان لەبـەرچاو بێـت کـە کۆنـترین مـاوەی تەمەنی گەردوون (٥) بلیۆن ساڵە.

پێنج رەگەز لە یەك بەشدا رێی تێ دەچێـت پێکهاتەکـەی (١٠)[٤٨] جـۆر بێـت، ئـەی سەبارەت (٢٨) پیتی هیجائی ئەبێ هەڵۆیستمان چی بێت کـە هۆنراوەیـەك پێك بـهێنن لـە (١٢٥) هەزار وشە پێك هاتبێ‌و سەرجەمی پیتەکانی (٥٠٠) هەزار پیت بێت، بە شێوازی بـە دواداهاتنێکی دیاری کراوو بیرێکی ئاشکراو رێکخستنێکی تەواو.

-٢-

لەژێر رۆشنایی ئەوەی باسمان کردووە وا لێرەدا وتـەی زاناکـانی یەکتاپەرسـتی لـە ئیسلامدا دەخەینە روو، چونکە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە بیردۆزی ئەگـەرەکان تـا لـە کۆتاییدا بە مەبەستەکەمان بگەین:

زانایانی یەکتاپەرستی دەربارەی گەردوون بە جۆریك دەدوێـن وەك بـاس کردنیـان دەربـارەی هـەموو بووەکـان کـە شایسـتەی بوونـن، ئـەم رێتێچوونـەش بـەم جـۆرە لێـك ئەدەنەوە:

المـمكنـــــــاتُ المتـــــــقابلاتُ وجودُنـــــا والعـــــدمُ الصفـــــاتُ
أزمنــــــةٌ، أمكنــــــةٌ، جهــــــاتُ كـــــذا المقـــــاديرُ روى الثقـــــاتُ

بــــــــووە بەرانبــــــــەرەکان بوونمـــــانو نـــــەبوون، ســـــیفات
کــــــات، شــــــوێن، رووگــــــە هەروا پێوانەکان، گێڕانەوەی متمانـە

جا ئەگەر ئەم گەردوونە یەکێك بێت لـە بووەکـان، ئـەوا هـەموو بوویـەك شایسـتەی هاتنـەدی‌و بوونـە،و رێی تێدەچـێ عـەدەمیش بوایـە. رێشـی تێدەچوو لەسـەر شـێوەی سیفەت بوایە، دەشبوو لەسەر چەند جۆرە سیفاتێك بوایـە، رێی تێدەچـوو لـە زەمـانێکدا بوایە، یاخود لە زەمانی تردا.. رێشی تێدەچوو لە شوێندا بوایە، یاخود لە جێگایانی تردا، رێی تێدەچوو بە پێوانە بێت یان بە پێوانانی دی بوایە، هەر بەم جۆرە هەموو بەشێك لـە بەشەکانی ئەم گەردوونە ئەم واتایانەی بەسەرا دێتە دی.

جا گەر لەم هەموو بوونەدا تەنیا یەکێکیان هەڵبژێرین ئەوا ئەوەیانە کە لە هـەمووی پتـەوترو باشـترو بەیاسـاترە، ئەگـەر نـا هـەر یـەکێکی تـر بوایـە ئـەوا دەبـووە نـاڕێکی‌و گەرەلاووژە، کەواتە دەبێت ئیرادەو توانایەکی مەزن تر هەبێت، کە یەکێك لـەو ئەگەرانـەی بەرەندە کردبێت.

-٤-

پاش ئەم راستییانەو بـۆ ئـەوەی لـە شـێوەی کۆتـاییدا باسـەکەمان دابڕێژیـن ئـەوا دەڵێین:

کێشەی باس کردن لە گەردوون زۆر ئاڵۆزترە لە باسکردنی دوو نموونەکەی پێشوو: ئەوا لە نموونەی منداڵ‌و دەرزییەکەو نموونەی چاپخانەو پیتەکان دا.

دەرزییەکان بە کـون کـراوی ئامـادەن، گـەردەکانیان لەگـەڵ یـەکا یـەکانگیر بـوون بەشێوەیەکی دیاری کراو، لـە کانزایـەکی دیـاری کـراو، منداڵەکـەش بوونـی هەیـەو توانـای هاویشتنی هەیە، تواناشی هەیە بۆ ئاراستە کردنی هاویشتنەکەی تەنانەت ئەگـەر کوێریـش بێت! ، هەروەها پیتەکانی چاپخانەکە بوونیان هەیە، ئەوە فلان پیتەو ئەوی تریان پیتێکی تر... گەردەکانیشیان کۆبوونەتەوە لە پێکهێنانی ئـەو پیتـەدا، بـە تەنیشـت یەکـەوە ریـز بوون‌و لە سنووقدا دانراوون، پاشان بوومەلەرزەیەك لە ئارادایە کە یاسایەکی تایبەتی خۆی هەیە.

بەڵام سـەبارەت بابـەتی گـەردوون، هێنـدە ئـاڵۆزترە، بـە پلەیـەك: ژیری‌و هۆشـی مرۆڤ پەی پێ نابات، ئەمەش وامان لێ دەکات ئەگەری هاتنە دی رێکەوت لە تێڕوانینماندا بسڕینەوە.

-٥-

ئێستاش با لە دارشتنی کێشەکە بدوێین!

ئەم گەردوونە لە یەك جۆرە رەگەز پێکهاتووە، هەر لە ئەستێرەو خۆرو مەجەرەو زەویەوە.....، کە ئەم رەگەزانە ژمارەیان دەگاتە (١٠٠) رەگەز، ئەم رەگەزانەش بۆ خۆیان بریتین لە هێزو وزەی کارەبایی، هەندێکی موجەبو هەندێکی تریشی سالیب، هەندێکی تریش مام ناوەندی، بە موجەبەکە دەگوترێ پرۆتۆن، سالیبەکەش ئەلیکترۆن، مام ناوەندییەکەش نیوترۆن.

ژمارەی ئەلکترۆنەکان لەهەر خولگەیەکی دەرەکی گەردێکا یەکسانە بە ژمارەی پرۆتۆنەکانی ناوکەکەی، جا گەر لە ناوکەکەیدا یەك پرۆتۆنی تێدابێت ئەوا لە خولگەکەیشیدا یەك ئەلکترۆنی تێدا ئەبێت هەروەك لە هایدرۆجیندا هەیە، وگەر لە ناوکەکەیدا دوو پرۆتۆنی تێدا بوو ئەوا لە خولگەکەیشیدا دوو ئەلکترۆنی تیا ئەبێت، بەم جۆرە ژمارەکان پلە پلەیی وەردەگرن کە لە یەکەوە دەست پێ دەکات کە سووکترین رەگەزە لە کێشدا تا قورسترینی کە ئۆرانیۆمە، جا بەم یەکسانە گرنگییەی نێوان ئەلکترۆنە سالیبەکانو پرۆتۆنە موجەبەکان کارەبای گەردەکان هاوتاو بەرانبەر دەبن، بەڵام نیوترۆنە بێ لایەنەکان ئەوا ژمارەی لە ناوکی گەردا -کەم بێ یا زۆر- یەکسان نیە بە ژمارەی ئەلکترۆنەکان.

جیاوازی لە رەگەزەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە ژمارەی پرۆتۆنو ئەلکترۆنەکانی هەر گەردێك، بۆ نموونە جیاوازی نێوان هایدرۆجینو ئۆرانیۆم ئەوەیە کە یەکەمیان یەك ئەلکترۆنی تیایە بەڵام ئۆرانیۆم ٢٣٨ پرۆتۆنو ٢٣٨ ئەلکترۆنی تیایە.

جا گەردوونیش هەر لەم رەگەزانە پێك هاتووە، هەر ئەو رەگەزانەشن لە هەموو تەنە ئاسمانیەکاندا هەن، هەمان رەگەزی پێکهاتەی زەمین لە خۆریشدا هەیە، هەروەها لە هەموو هەسارەیەکی تری ئەم ئاسمانە بەرینەش دا.

کەواتە بۆ پێك هێنانی ئـەم تەنانـە سـەرجەم ئـەم ڕەگەزانـە کۆ دەبنـەوە، هـەموو تەنێکیش هەمان یاسای تەنەکانی تری هەیـە، هـەموو ئـەو تەنانـەش خولگـەی ڕێکوپێکـی خۆیان هەیە، هەر یەکەو لە خولگەی خۆی دایەو بەر تەنەکانی تـر ناکـەون، هەرچـەندە بـە خێراییەکی زۆریش دەڕۆن، تەنانەت ئەگەری لێکدانی دوو ئەستێرە وەك ئەگـەری لێکدانـی دوو کەشتی وایە: یەکێکیان لـە ئۆقیانووسـی هینـدی بێـتو ئـەوی تریـان لـە ئۆقیانووسـی ئەتڵەسی.

ئەم خۆرەی ئێمەش یەکێکە لەو تەنانەی کە هەمان تایبەتمەندیو سیفەتی یاسـایی هەیە، جـا ئـەم خـۆرەی ئێمـە چـەندان ئەسـتێرەی گـەڕۆکی لـە دەور دەسـووڕێتەوە، کـە یەکێکیان ئەم زەوییە کە ئێمەی لەسەر دەژینو ژیانی تێدایە.

-٦-

پاشان:

١- ئەگەر توێکڵی زەوی بە ڕێژەی چەند پێیەك لەمـەی ئێسـتا ئەسـتوورتر بوایـە، ئەوا دووەم ئۆکسیدی کاربۆنو ئۆکسجینی هەڵئەمژیو ژیان بەرپا نەدەبوو.

٢- ئەگەر بەرزایی هەوا لەمەی ئێستا کەمتر بوایە، ئەوا ئەو هەموو نەیزەکانەی کـە لەبـەرگی دەرەوەدا بـە مـەلایینیان لێ دەسـووتێت، بـەر زەوی دەکـەوتنو هـەموو شـتێکی دەسووتاند کە ئاگر بیگرتایەتەوە.

٣- ئەگـەر خـۆر نیـوەی ئـەم تیشـکەی ئێسـتەی بدایـە، ئـەوا لەسـەرما ڕەق دەبووینەوەو دەیبەستین، گەر بـە ڕێژەی نیوەشـی زیاتر بوایـە، ئـەوا لـەمێژە دەبووینـە خۆڵەمێش.

٤- گەر مانگ (٢٠،٠٠٠) میل لێمان دوور بوایە لە بری ئەم دوورییەی ئێستای-ئـەی بۆ نا! خۆ مانگی مەریخ (٦٠،٠٠٠) میل لێوەی دوورە-، ئەوا ئەو کاتە کـرداری هەڵکشـانی

مانگ بۆ ئاوەکان بە رادەیەك دەبوو کە سەرزەوی لە رۆژێکدا دووجار ئاو دایدەپۆشــیو تـا سەر شاخەکانیش دەچوو.

٥- گەر شەویشمان دە هێنــدەی ئێسـتا درێـژ بووایـە، ئـەوا خـۆری گـەرمی هـاوین هەموو رووەکەکانی دەسووتاند لە رۆژدا، لە شەویشدا هەموو شتێك دەیبەست.

٦- ئەگەر رێژەی ئۆکسجین بە لە ٥٠٪ بوایە لە هەوادا، لە بـری ٢١٪، ئـەوا هـەموو ئەو شتانەی سیفەتی سـووتاندنیان تێدایە، لـە جیـهانــــــدا ، دەسووتان؛ بـە جۆرێك یەکەم پریشك لە بروسکەوە بەرپابێو بـەر دارێك بکـەوێ لـە دارسـتانێکدا ئـەوە هـەمووی ئەتەنێتەوە. گەر رێژەی ئۆکسجینیش ١٠٪ بوایە ئەوا شارستانێتی سەر زەوی بەم جۆرەی ئێستا نەدەبوو.

٧- گەر باران نەبوایــە ئـەوا زەوی دەبـووە بیابـانێکی بـێ ژیـان، گـەر بـاو دەریـاو ئۆقیانوسەکانیش نەبونایە، ژیان نەدەهاتە دی، یان گەر بە هــەڵم بوونـی ئـاو بـە جۆرێکـی جیاواز لە مەی ئێستا بوایە، دووبارە ژیان مەحاڵ دەبوو، یان گەر هەڵم لە هەوا سـووك تـر بوایە ژیان نەدەهاتە دی.

٨- گەر ئاوی ئۆقیانوسەکان شـیرین بوونایـە ئـەوا بۆگـەن دەبـوونو ژیـان لەسـەر زەوی مەحاڵ دەبوو، چونکە خوێو سوێری، ئۆقیانووسەکان لە تێك چوونو بۆگـەن بـوون دەپارێزێ، گەر کلۆریش لەگەڵ سۆدیۆمدا یەکی نەگرتبایە خوێ پێك نـەدەهاتو هـەر بـە هەمان جۆریش ژیان نەدەبوو.

٩- گەر چەقی زەوی مام ناوەند بوایە لەبری ئەم لارییەی ئێستا هەیەتی بـە پلـەی ٢٣° لەگـەڵ وەسـتاوی زەوی دا، ئـەوا تنۆکـی ئـاوە بەهـەڵم بووەکـان کـە لـە ئۆقیـانوس‌و دەریاکـان بـەرز دەبنـەوە کۆ دەبوونـەوەو لـە دوو جـێی جیـاوازی تـەوەرەی بـاکوورو باشووری گۆی زەوی دادەبارین، ئەوسا کیشـوەری بەسـتەڵەکیان پێك ئـەهێناو هـاوین بـە هەتا هەتایی‌و زستانیش بە هەتا هەتایی دەمایەوە، ئەوسـاش خـەڵك وژیـان‌و زینـدەوەران لەنێو دەچوون.

١٠- یـان گــەر زەوی وەكــو عطــارد بوایــە تــەنیا بەیــەك لادا بــەدەوری خــۆردا بسوڕایەتەوەو تەنیا بەیەك جۆر بە دەوری خولگەكەیدا بسوڕایەتەوە، لە كاتی ئەنجام دانی سوڕانەوەیەكی تەواویدا بە دەوری خۆردا. یان بە واتایەكی تر گەر بەشێكی زەوی هەمیشە شـەو بێتو بەشـەكەی تریشـی هەمیشە ڕۆژ بێـت، كـەس نـەیدەتوانی لـە كــاتی شــەوی بەردەوام یا ڕۆژی بەردەوامدا بژی، ئەو كاتەش ژیان نەدەبوو.

١١- گەر ئەو یاسای كێشندەی ئێستا هەیە نەبوایە، چـۆن گـەردەكانو بەشـەكانی گـەردەكان بەیـەك دەگەیشـتن؟ ئـەو كاتـە چـۆن خـۆر دەبـووە ئـەم خـۆرەو زەویش بـەم زەوییە؟ گەر وا نەبوایە زەوی لەم جێگەیەیدا نەدەبوو، گەر بشمایەتەوە ئەوسا ژیان چـۆن دەبووو مرۆڤ چۆن دەڕۆیشت؟.

١٢- بە بوونی یاسای كێشندە گەر زەویش وەك مانگ بچووك بوایـە یـان تیرەكـەی چارەكی تیرەی ئێستای بوایە، ئەوسا نـەیدەتوانی پارێزگـاری بـەم بەرگـە هـەواو ئاوییـەی ئێسـتایەوە بكـات كـە دەوری داوە، ئەوسـا پلـەی گــەرماش بــە جۆرێــك دەبــوو هــەموو گیانەوەران دەمردن.

١٣- یان گەر ئەلكترۆنەكانی ناو گەردەكان بە پرۆتۆنەكانـەوە پەیوەسـت بونایـە، گەردەكانیش پێكەوە پەیوەست بونایەو بۆشاییان لە نێواندا هەبوایـە، ئەوسـا گـۆی زەوی وەك هێلكەیەكی لێ دەهات، ئەوسا مرۆڤو گیانەوەرانی تر حاڵیان چۆن دەبـوو؟ گـەر بـەم جۆرەش بێت هەموو ئەو شتانەی ئێستا دەیانبینی لەو شێوەیەوە دەگـۆڕان كـە هـەن،ئـەو كاتە گەردەكانی تەنێك بە قەوارەی گۆی زەوی بێ بۆشایی بوایە!

١٤- یا گەر ڕەگەزەكان لەگەڵ یەكدا یەكانگیر نەبونایە ئەوسا نە خــاك دەبـوو، نـە ئاو، و نە درەختو نە ئاژەڵو ڕووەكیـش، شـوێنی ئەلكترۆنـەكان لەبـەرگی گـەردەكاندا بـە شێوەی هەشت ژمارەیی ڕێك خراون. جا گەر ژمارەی ئەلكترۆنەكان لە خولگـەی دەرەوەی گەردا هەشت بوایە باری سەرەوە كۆتایی پێ ئەهات بە پڕ بوونی هەشت ژمارەكە، ئەوسا جێی یەك ئەلكترۆنی تر نەئەبۆوە. یـا گـەر هـەر ڕەگـەزێك (٩) ئـەلكترۆنی ببوایـە، ئەوسـا نۆیەم ئەلكترۆن دەبووە چەق لە خولگەی دووەمداو لەبـەرگی گەردەكـەدا، بـەم جـۆرە تـا هەر هەشت دانەكە لە خولگەی دووەمدا پڕ دەبوو، پاشان لە خولگەی سـێهەمو چوارەمو

تـا کۆتـایی. هەشـت هەشـت، یـەکگرتنی توخمـەکانیش لەگـەڵ یـەکدا هـەر لەگـەڵ ئـەم ڕێکخستنەدا دەڕوات لەسەر ڕووەکەیدا، چونکە یەکگرتنی توخمـەکان بـە هـۆی یـەکگرتنی نێوان ئەلکترۆنەکانەوە دەبێت. جا گەر ژمارەی ئەلکترۆنـەکانی هـەر ڕەگـەزێك لـە هەشـت کەمتر بێت لە سەر ڕووی دەرەوە، ئەوا دەتوانرێت توخمێکی تر وەربگرێت،بەڵام ئەوەی لە بەرگی دەرەوەیدا هەشت ئەلکترۆن بێت ئەوا ناتوانێ هیچ توخمێکی تر وەربگرێت، ئەوەی لە بەرگی دەرەوەی حەوت کارەبا هەبێت ئـەوا دەتوانێت لەگـەڵ یـەك توخمـی تـردا یـەك بگرێت لە چینەکەی خۆیدا، بەڵام ئەوەی لە چینی دەرەوەیدا شەش ئەلکترۆنی هەبێت ئەوا دوو ئەلکترۆن لە چینی دەرەوەیدا لەگەڵی یەك دەگرێت،و بەم جۆرە....

١٥- یاخود گەر یاسـاکانی گـەرمی نەبوایـە، ئـەوا سـەر زەوی سـارد نەئـەبووەوەو بەکەڵکی ژیان نەدەهات.

١٦- گەر شاخەکان نەبونایە؛ زەمین پەرت دەبوو، ئەوسا ئەو بەرگەی نەدەبوو کـە بەکەڵکی ژیان بێ.

١٧- یاخود گەر لەسەر زەویدا ڕزق و ڕۆزی پێویستی تیـا نەبوایـە، ئـەوا ژیـانی تیـا بەردەوام نەئەبوو..

-٧-

ئەمانە هەموو پێشەکییەکن بۆ ژیان، ئەو سەرەتایانەی دەمانگەیەننە ئەنجام، هـەر پێشەکییەکیش لەم پێشەکییانە ڕێی تێ ناچێت بە ڕێکەوت بێت، مەگەر بـە ڕێـژەی ١ بـۆ ژمارەیەکی زۆر خەیاڵی نەبێت!، دەشبینین هەموو سەرەتایەك لە سەرەتایەکانی ژیان لەم گەردوونەدا، ڕێی تێ دەچێت لەسەر مەلایین شێوەی تر بوایە، بەڵام تەنیا یەك لەو هەموو ڕێ تێچووەمـان وەرگرتـووە، هـەروەها دووەم پێشـەکی ڕێی تـێ دەچوو لەسـەر مـەلاین ئەگەری تر بوایە، بەڵام تەنیا یەك دانە وەرگیراوە، جا بە بەرەندەبوونی ئەو هەڵبژێرراوانـە لە نێوان ئەو هەموو ڕێتێچووانەدا کەشی گونجاوی ژیان هاتۆتە دی، ئایا دەکـرێ شـرۆڤەی ئەو هەمووە بە بێ ئیرادە بکرێ؟ ئـەو ئیرادەیـەی کـە بوونێکـی مومکـین بەسـەر بوونێکـی مومکینی تردا ئەدا؟

-٨-

ئەمە بە تەنیا ئیرادەیە.

جا با جارێکی تر بگەڕێینـەوە سـەر وتـەی زانـا پێشینەکانمان:- هـەر شتێك لـەم بوونـەدا دەگونجێت لەسـەر سیفەتێك بێتو دەشگونجێ لەسـەر سیفەتی تـر بـێ، ڕێی تێدەچێت لـە شـوێنێك بێـت، ڕێشـی تێدەچێت لـە جێگـەی تـر.. یان ڕێی تێدەچـێ لـە ڕووگەیەکـەوە بێـت، یـاخود بـە ڕووگـەی تـرەوە... دەگونجێـت بـە ڕێژەیـەك بێـتو دەشگونجێت بە ڕێژەی تر بێت، تـەنیا توانستو ئیرادەی خوداوەنـدە دەتوانـێ شـیتەڵی بەرەندە کردنی یەکێك لەو ئەگەرانە بکات، تا گەردوون یەك پارچـە بۆتـە یاسـایەکی ڕێكو پێكو هەموو شتێك تیایدا لەسەر قەشەنگـترینو ڕازاوە ترین شێوەیە.

-٩-

لە کۆتاییدا:-

ئەوانەی کە دەڵێن بەرپابووەکانی ئەم گەردوونە هەمووی لە دایـك بـووی ڕێکەوتـە، ئەوا زانیارییەکی وا دەبەخشن بـەو ڕێکەوتـە کـە توانسـتی تـەواوو هـێزی ڕەهـای هـەبێت، بەجۆرێك کە بزانێت، بیەوێت، پێوانە ساز بێت، ئاڵەمەشدا لە ژیری هەموو مرۆڤایەتی زیاتر بەکار لەجێی ئیش دەکات، بەشێوەی زیرەکییەکی بێ کۆتا.

ژیری خاوەن زیرەکی، هەر زوو بڕیار لەسەر ئەوە ئەدات کە لە کوێ حوکم هـەبێت، ئا لەوێش زانستو ئیرادەو هێزو ژیان دەبێت، کەی ئەم سـیفاتانەش هـەبوون، ئـەوا زاتێـك دەبێت کەوا بەم سیفاتانە هەستا بێت.

ئەو پێنووسەی کە پێی دەنووسین وا هەست دەکەیت بۆ مەبەستی نووسین ئامادە کراوە، هەروەها عەمباری مەرەکـەبیش تێیـدا بـە مەبەسـت تیـایدا سـازێندراوە، هـەروەها بـەرگی پـاندانو ئـەو کونـەی تێیدایـە ئـەرکی خۆیـان هەیـە؟ هـەروەها ئـەو دەسـکەی بـە

گیرفانتەوە توندی دەکەیتو وشك بوونەوەی دەرزیو نووسینیو ناوەڕۆکە خەتەکەی هەموو ئەمانە سوودی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەو پێنووسەی هەموو ئەو شتانەی تێدایە، ئەگەر یەکێك بیەوێت قەناعەتت پێ بکات کە لە خۆیەوە بە ڕێکەوت دروست بووە نەك بە هۆی زانستی مرۆڤو تواناو هێزو ژیانو زاتی مرۆڤەوە، ئەوە بێگومان تۆ ئەو کەسە بە نەفامو گێژ دادەنێیت؛ چۆن دێت بە خەیاڵتدا کە مرۆڤ: ئەم ئامێرە گەورەو کارگە گرانەو خاوەنی ئەندامی هەرسو ئەندامی سووڕانەوە بەڕێکەوت بێتە دی؟ یان دارو درەختی خاوەن ڕەگو ریشەو لقو پۆپو خاوەنی قەدو باڵای بەرزو نزم، کە هەناسە دەداتو کارلێکەری تیادا ڕوو ئەداتو شێوەی جۆراو جۆرو بەرو بوومو گوڵ دەگرێ، هەر لە خۆڕا بە ڕێکەوت بێتە دی؟ (کارگەیەك لە هەموو دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ ئاڵۆزتر بێت؟) هەروەها جیهانی گەردیش کە وزەو جوڵەو پێکهاتە لە خۆ دەگرێتو ئەو کارلێکانەی لێوەی دروست دەبێت،و هەزاران نموونەی دی لەم بارەوە، ئایا هەموو ئەمانە کاری ڕێکەوتن؟ ئایا ژیریەك ئەم بیر کردنەوەی هەبێت شایستەی ئەوەیە بە زانست- پەروەر ناوی بێنین؟ لە کاتێکدا بەرەنگاری هەموو ڕێسایەکی زانست دەوەستێت.

﴿قتل الإنسان ما اكفره﴾عبس/١٧.

واتە: با بکوژرێ مرۆڤ کەچی ها سپڵەو نا سوپاسە؟ (قتل الإنسان بە فەرموودەی زەمەخشەری خراپترین نەفرینە ئەوەندەی مەرگ بووبێ).

﴿أو لم ير الإنسان أنا خلقناه من نطفة فإذا هو خصيم مبين﴾ يس/٧٧.

واتە: ئایا مرۆڤ نەیدی (نازانێ) کە بەڕاستی ئەومان لە تۆو خوڵقاند، جا ئەو (وا بەهێز بووە کە) ئێستا بۆتە دوژمنێکی دیار.

❀❀❀

دیاردەی سێهەم

دیاردەی ژیان

-١-

مەبەست لە لێکۆڵینەوەی ئەم دیاردانە گەیشتنە بە (الله)ی پەروەردگارو بڕواهێنان پێی، بە حوکم دانی عەقڵ بەسەریدا، کاتێك لە دیاردەیەکی وا دەکۆڵینەوە ئەوا ئەمانەوێ ئاماژە بەو لایانانە بکەین کە ئاماژەی پەروەردگارمان بۆ دەکەن، چونکە لە هەموو دیاردەیەکدا چەندان لایەنو بوار هەیە کە نایەنە هەژماردن، ئیسپاتی(الله)ی بەدیهێنەر دەکەن.

لەسەرەتای ئەم دیاردەیەدا دەڵێین: چونکە هەندێ کەس وا گومان دەبەن کە بیر کردنەوە لە گەردوونو لێکۆڵینەوەی دیاردەکانی بە قووڵیو ڕێکخستنی پێشەکییەکان لەسەر بەرەنجامەکانو گەیشتن بە ڕاستییەکانو فڕیدانی ئەفسانەو خەیاڵو زاڵ بوون بەسەریانداو دەست گرتن بەو یاسایەی کە تەجروبەو ئەزموون بۆی سەلماندوون... ئەوانەی وا دەڵێن ئەوا لەگەڵ بیر کردنەوەی ئایینیدا ناگونجێن.

ئەگەر ئەمە لە ناو ئایینە هەڵەو ڕێچکـە پووچـەکاندا هـەبێت، ئـەوە لـە نـاو ئـاییني ڕاستیدا جێی نابێتەوە،و هەرگیز ناشبێت، چونکە ڕاستی لەگەڵ ڕاستیدا بەرەنگار نابێت.
جا گەر ئایین حەق بێت، کەواتە دەبێت هەموو ڕەسەنایەتییەکی تیا بێت،و هەموو لقێك لە لقەکانی تیا بێت، تەواو لەگەڵ ئـەو ڕاستییانەدا یـەکانگیر ببێـت کـە بەڵگـە سـەلماندونی، ئەگەر ناتەواوییەك هەبێت یا خود دەقێك لە دەقـەکانی ئـایین لەگـەڵ ڕاسـتی تـەواودا یـەك نەگرێتەوە، بەسە بۆ ئەوەی بڕوا بەو ئایینە لەق بێت.

-٢-

کـاتێك لەمـەڕ هـەندێك بـواری دیاردەی ژیـان، گوتـنو بەرپـەرچی ڕوودەدات، ئـەوا پێویستە لەمەڕ هەندێك یاسا بدوێین کە سەبارەت ڕاستی ئیسلامەوە بێت، تـا تووشـی بـێ سەروبەری نەبین، لەگەڵ تێبینی کردنی ئەوەی کە ئەم لایەنانە هیچ پەیوەندی بە بابـەتی بەڵگەی دیاردەی ژیانەوە نیە لەسەر خوای گەورە، ئەوا دەڵێین:-

١- ئیسلام بیر کردنەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر مرۆڤ پێویست کردووە، ئایەتەکانی قورئانیش لەم واتایەدا زۆرن:

﴿أولم يروا في ملكوت السموات والأرض وما خلق الله من شيء﴾الأعراف/١٨٥.

واتە: ئایا لە حوکومەتی ئاسمانەکانو زەویو ئـەوەی لـە هـەر شـتێك خـوا خـەلقی کردووە ناڕوانن (تا پەند بگرن). ﴿قل انظروا ماذا في السموات والأرض﴾يونس/١٠١.

واتە: بڵێ بڕواننە ئەوەی وا لە ئاسمانەکانو زەویدایە. ﴿أولم يتفكروا في أنفسهم؟ ما خلق الله السموات والأرض وما بينهما إلا بالحق وأجل مسمى﴾الروم/٨.

واتە: ئایا ئەوانە لە دڵی خۆیان بیریـان نەکردۆتـەوە کـە خـوا ئاسمانـەکانو زەویو ئەوەی لە نێوان ئەو دوانەدایە، تـەنیا بـە هـەقو نـەزم بـۆ ماوەیـەکی دیـاری کـراو خـەلقی کردووە.

٢- ئیسلام زانست لەسەر مرۆڤ پێویست دەکات، بەڵگەش لەم بارەیەوە زۆرە، ئایەتیش هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە زانایانی گەردوون زیاتر خوداوەند دەناسن ﴿ومن آياته خلق السموات والأرض، واختلاف ألسنتكم، إن في ذلك لآيات للعالمين﴾الروم/ ٢٢.

واتە: و لە نیشانەکانی ئەوە بەدی هێنانی ئاسمانەکانو زەویو تەفاوتو جیاوازی زمانەکانتانو ڕەنگەکانتان، بەڕاستی لەمەدا نیشانەگەلێك بۆ جیهانیان هەیە. ﴿ألم تر إن الله أنزل من السماء ماءً، فأخرجنا به ثمرات مختلفاً ألوانها، ومن الجبال جدد بيض وحمرٌ مختلف ألوانها، وغرابيب سود، ومن الناس والدواب والأنعام مختلف ألوانه، كذلك إنما يخشى الله من عباده العلماء﴾فاطر/٢٧-٢٨.

واتە: ئایا نەت دی کە بەڕاستی خوا لە ئاسمانەوە بارانی نارد بە هۆی ئەوەوە میوەی جۆراو جۆرمان (لە زەوی) رواند بە ڕەنگی جۆراوجۆر لە کێوانیش جادەگەلێکمان سازدا بە ڕەنگی سپیو سورو ڕەنگی جیاجیا،و جارجارەش بە ڕەنگی ڕەشی پڕ ڕەنگ،و لە مرۆڤو جوڵندەکانو ئەنعام (وشترو مەڕو بزنو گایش) بە ڕەنگی جیاجیاوە (بەدیمان هێناون)، بەڕاستی لە نێو بەندەکانی خوادا تەنیا زانایان لەو ئەترسن.

٣- لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەوەی فیکرو زانست گەیشتویەتێ پێویستی دەکات لەسەر موسوڵمان کە دانی پیا بنێتو پێچەوانەکەی نەڵێت، ڕەنگە هەندێ موسوڵمانی نەفامۍتەنانەت ئەوانەی خۆیان بە زانستخواز لە قەڵەم دەدەن بەرەنگاری هەندێ ڕاستی زانستی بکەن، بەڵام لەم حاڵەتەدا تەنیا ڕای تایبەتیان دەردەبڕنو تیایشیدا هەڵەنو لەمەشدا زۆربەی موسوڵمانو زاناکان ڕاستییەکان هەست پێ دەکەن.. پێشەوا غەزالی لە کتێبی (تهافت الفلسفة)دا سەبارەت زانایانی ئایین لەوانەی نکۆڵی ڕاستییە زانستییەکان دەکەن وەك: زانینی کاتی خۆر گیران، مانگ گیران و... هتد، پێیان دەڵێ:-

(ئەوەی وا تێدەگات مونازەرە بکات لە ئاییندا بەوەی کە ئەمانە لە ئاییندا نینو پووچن، ئەوە نا حاڵییە لە ئایینو لاوازی دەکات، چونکە ئەم شتانە بەڵگەی ئەندازەییو ماتماتیکی لەسەر هەیەو هیچ گومانێك ناهێڵنەوە، ئەوەی پێیان بزانێو لەڕاستی بەڵگەکان

بکۆڵێتەوە، پاشان پێی بگوترێت: ئەمە بە پێچەوانەی شەرعەوەیە، ئەوا گومان لە زانست پەیدا ناکات، بەڵکو لە ئاییندا پەیدای ئەکات، زیان دەگەیەنێت بە شەرع لە بری ئەوەی سوودمەند بێت بۆی، بەم بۆچوونە هەڵانە، زیاد لەو کەسەش زیان دەگەیەنێت کە تانو تەشەر لە ئیسلام دەدات، ئەمە وەك ئەو کەسە وایە کە سەبارەتی دەڵێن: (دوژمنی زانا لە دۆستی نەزان باشترە).

ئەوە جێی بڕوا نیە کە خوای گەورە فرمانمان بە گەڕانو بینینو مەعریفەو زانست پێ بکات، پاشان بەرئەنجامی ئەم زانستو لێکۆڵینەوەیەو مەعریفەیەمان لێ حەرامو قەدەغە بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە گەر فرمانمان بە بیر کردنەوە پێ بکات ئەوە ئیمانمان بە وەرگرتنو ڕازی بوون بەو بیر کردنەوەیە پێ دەکاتو هتد...

٤- بەڵام گەر ئیسلام ئایینێکی زانستی بێت، موسوڵمانیش بیر کردنەوەو ئاراستەکانی زانستییانە بێتو ئامانجی ئەوە بێت کە بگاتە ڕاستییە زانستییە خەستو چڕەکان، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بە گومانیش ڕازی بێتو ڕەتی نەکاتەوە. یان گریمانو بیردۆزەکان بە ڕاستی زانستی تێ بگات. موسوڵمان پێویستە لەسەر زەمینەیەکی بەردینی بیر کردنەوەدا بوەستێ، خوای گەورە کە حەرامی کردەووە لەسەرمان بەرپەرچی ڕاستی نەدەینەوە، ڕازی نیە شتێکیش بێ بەڵگە وەرگرین، یاخود گریمانو بیردۆزیش بەڕاستی وەرگرین، وەك شتێکی بێ بەڵگە!

﴿ولا تقف ماليس لك به علم، إن السمع والبصر والفؤاد كل أولئك كان عنه مسؤولاً﴾ الإسراء/٣٦.

واتە: و لەوەی نایزانی پەیڕەوی مەکە، بە هەقیقەت گوێ و چاوو دڵ هەموویان لەو (کرداوانە) بەرپرسن.

﴿إن يتبعون إلا الظن وإن الظن لا يغني من الحق شيئاً﴾ النجم/٢٨.

واتە: ئەوانە پەیڕەوی ناکەن مەگەر لە گومان، و بەڕاستی گومان (مرۆڤ) لە هەق بێ نیاز ناکاو جێی ئەو ناگرێ.

﴿أمن يبدأ الخلق ثم يعيده ومن يرزقكم من السماء والأرض أإله مع الله قــل هــاتوا برهانكم إن كنتم صادقين﴾ النمل/٦٤.

واتە: یا کەسێ کە ئافەریدیش دەس پێ دەکاو لە پاشان دەیانگێڕێتەوە، و کەسێ کە لە ئاسمانو زەوی رسقو رۆزیتان ئەدا، ئایا مەعبودێ لەگەڵ خودا هەیە؟ (نا نیە) بڵێ: بەڵگەتان بێنن ئەگەر راست بێژن؟.

﴿قل أرأيتم ما تدعون من دون الله أروني ماذا خلقوا من الأرض أم لهـم شـرك في السماوات ائتوني بكتاب من قبل هذا أو أثارة من علم إن كنتم صادقين﴾ الأحقاف/٤.

واتە: بڵێ: ئایا دیوتانە ئەوانەی کە بێجگە لە (ﷲ) بانگی دەکـەن بـە مـنی نیشان بدەن چییان لە ئەرزدا خولقـاندووە؟ یا لەبـەدی هێنـانی ئاسمانـەکاندا چ بەشـداریێکیان هەبووە؟ کتێبێ کە بەر لە قورئان هاتووە یا شوێنەواری عیلمێ لە رابردووان بـۆ مـن بێنـن ئەگەر راست بێژن (تابەڵگەی راست بێژیتان بێ).

﴿إن يتبعون إلا الظن وما تهوى الأنفس، ولقد جاءهم من ربهم الهدى﴾ النجم/ ٢٣.

واتە: ئەوانە پەیڕەوی ناکەن مەگەر لە گومانی بێ پایەو هەوای نەفسی خۆیـان، بـە هەقیقەت لە لایەن پەروەردگاریانەوە رێنوێنییان بۆ هاتبوو.

ئەمە ئەو جیاوازییـە گەورەیەیـە لـە نێـوان عەقڵییـەتی ئیسـلامیو ئەقڵییەتـەکانی تردا.. عەقڵییەتی ئیسلامی عەقڵییەتێکی زانستی جێگیرە، هیچ شتێ بێ بەڵگە وەرناگرێ، هیچ شتێکیش ناخاتە رێزی راستییەکانەوە گەر بەڵگەی یەکلا کەرەوەی لەسـەر نـەبێ، بـە پێچەوانەی عەقڵییەتەکانی ترەوە کە زۆر جار گومراکەر دەبێت، شتێکی زانستی نەبێت بـە زانسـتی دادەنـێو بـڕوای پـێ دەکـاتو وەك شـتێکی کۆتـاییو بـڕاوە تەماشـای دەکـات، هەرچەندە بەڵگەکانیش لاوازو هەڵـە بـن، عەقڵییـەتی موسـوڵمان وەك چـۆن رەفـزی ئـەوە دەکـات دژی زانسـت بێـت، هـەرواش رەفـزی ئـەوە دەکـات کـە: بـەهرەیی (حـدس)، یـا گوماناویو خەیاڵاویو ئەفسانەیی بیر بکاتەوە.

-٣-

لەو کاتەوەی ئایینی ئیسلام هاتووە داوای فراوانبوونی عـەقڵی موسـوڵمان دەکـات بەسەر ژیان‌و زانست‌و تەجروبەدا، لەو کاتەوە دەسـتی کـردووە بـە شـیکارکردنی گرێکـانی گەردوون بە عەقڵییەتێك کە بیەوێت هەموو شتێك بزانێت‌و گەردوونیش هەمووی بخاتە ژێـر هـەوڵی ئەزموونکارییـەوە، ئەوسـا یاسـاکانی لێ هـەڵدەهێنجێ کـە تیـایدا هەیـە، ئیـدی شارستانی ئیسلامی سەری هەڵدا، کە بە گەشاوەترینی شارسـتانیەت دادەنـرێ، هەمیشـە لە هەوڵی زیاتر دایە بۆ زانست‌و پشکنینی زیاتر، ئەوەش کە گومانی تێـدا نیـە ئەوەیـە کـە لوقاحی بـیری ئیسـلامی ئـەزموونکاری، بـووە هـۆی لـە دایك بوونـی عەقڵییـەتی ڕۆژاوایـی ئـەزموونکاری، کـە لەبـەرەنجامیدا -وەك بـەرووبومێکی- ژیـاری زانسـت‌و پیشەسـازی ڕۆژاوایی لێوەی بـەرپا بـوو، جـا گـەر ئـەم لێکدانـەی نێـوان ئـەزموون‌و ئـایین لـە جیـهانی ڕۆژئاوادا بەرپا بووبێ، ئەوا تاوانی ئایینێکی هەڵگەڕاوە و شێواوە، کە بەرانبەر ڕاستییەکان خۆی ناگرێ.

بەڵام ئەو شتەی لەوێ ڕووی دابوو، نە لە کۆن‌و نە لە نوێدا لای ئێمە ڕووی نەداوە، جێـی هاتنـە دیش نیـە، چونکـە ڕاسـتییەك بـەرەنگاری ڕاسـتییەکی تـر نابێتـەوە، بـەڵکو پشتیوانی دەکات، ڕاستـرین ئایینیش ئایینی پەروەردگارە، گەردوونیش بـەدی هێـنراوی خوداوەندە، کەواتە ڕێی تێ ناچێ کە ئەوەی خوا دروستی کردووە بەرهەڵستی ئـەو شـتە بکات کە لە بارەیەوە هەواڵی پێداوین.

بۆیە سەیرترین دیاردە کە جیهان بە خۆیەوە بینیوە، ئەوەیە کە ئایەتێکی قورئان کاتێك باس لە شتێك دەکات هـەموو ڕاسـتییە زانسـتیەکانی لـەو کێشـەیەدا دەرخسـتووە، هەرچەندێکیش ڕاسـتییەکان زیـاتر ڕوون ببنـەوە ئـەوا لـەو ئایەتانـەدا دەبینرێنـەوە، لـە ئیعجازەکـانی قورئانیشـدا کـە دێینـە سـەر بـاس کردنـی، ئـەم واتایـە بـە ڕوون‌وئاشـکرایی دەخرێنە ڕوو، ئەو کاتـە لامـان ئەچەسـپێنێ کـە چـۆن حـەق بـەرەنگاری حـەق نابێتـەوە،

ئەمەش ئەوە ناگەیەنیت کە هەموو کاتێك مرۆڤ هەستیو شتێك بڵێت، مەرج نیە لە قورئاندا هەبێت، یان قورئان لە بەرژەوەندی ئەو قسەیە لێك بدەینەوە، قورئـان زۆر دوورە لەوەوە کە شوێن کەوتوو بێت، بەڵکو خوا ناردوویەتی کە شوێنی بکەوین، نەك ئـەو شـوێن کەوتە بێت، قورئـانو راستییە زانستییەکان پێچەوانـەی یـەکدی نـین، بـەڵکو کـاتێك راستییەکی زانستی بە شێوەیەکی تەواو چەسپا، ئـەوا دەقـی قورئـان کـە پـەیوەندی بـەو راستییەوە هەبێت بە پێی ئەو تێ دەگەین، بەڵکو لەم حاڵەتانەدا دەقی قورئان پێش ئـەو ئامارەیە دێت، هەر چەندە بە درێژایی چەندان سەدە مرۆڤەکان لێی بـێ ئاگا بـن؛ بـەهۆی کەمی زانستییانەوە بە گەردوون.

-٤-

بۆیە ئەم پێشەکییەمان باس کرد چونکە لێکۆڵەرەوەی دیـاردەی ژیـان داوای ئـەم روونکردنەوانەمان لێ دەکات لە بیردۆزی گەشەکردندا، وەك بیردۆزی شیتەڵ کردنـی جـۆراو جـۆر بوونـی زینـدەوەران،و سـەر هـەڵدانی مـرۆڤ، سـەبارەت ئـەم بابەتـەش ئـەم خاڵانـە پێویستن:

١- ئەو رایەی دەڵێ مرۆڤی ئێستا کە لـە دایكو بـاوك بـووە لـە بنـەڕەتدا مـەیمون بووە، ئەمە هەڵەیەو هیچ گومانێکی تێدا نیە، ئەمە بە هـەردوو زمـانی زانستو قورئـانیش دەڵێین:

سەرەتا، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێ ﴿إن مثل عيسى عند الله كمثـل آدم خلقه من تراب ثم قال له كن فيكون﴾ آل عمران/٥٩.

واتـە: بەڕاسـتی مەسـەلی عیسـا لای خـوا، هـەروەکو مەسـەلی ئادەمـە کـە لـە خـاك بەدیهێناوەو لە دواییدا پێی فەرموو ببە، ئەویش هاتە بوون.

هەروەها دەفەرموێ ﴿بدأ خلق الإنسان من طين﴾ السجدة/٧.

واتە: و سەرەتای بەدیهێنانی مرۆڤی لە گڵ دەست پێ کرد.

پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ ((إن الله عز وجل خلق آدم من قبضة قبضها من جميع الأرض، فجاء بنو آدم على قدر الأرض، فجاء منهم: الأحمر والأسود وبين ذلك، والسهل والحزن، والطيب والخبيث)) قال الترمذي: حديث حسن صحيح.

هەروەها دەفەرموێ: ((لما خلق الله آدم ونفخ فيه الروح، عطس، فقال: الحمد لله، فحمد الله بإذنه، فقال له ربه: رحمك الله يا آدم، إذهب الى أولئك الملائكة – الى ملأ منهم جلوس– فقل: السلام عليكم... فقالوا: وعليك السلام ورحمة الله، ثم رجع الى ربه فقال: إن هذه تحيتك وتحية بنيك بينهم))

بەڵام بە زمانی زانست:

١– سەرجەم مێژوو، لەهەموو تۆمارو گەشتو بەسەرهاتەکانیدا، و هەموو بەردێك لە بەردەکانی، هەموو گێڕانەوەکانیش کە نەوەکان لە بابو باپیریانەوە دەیگێڕنەوە ناوی ئادەم دێنن وەك باوکی مرۆڤایەتی.

٢– ئەو جیاوازییە زۆرانەی لە نێوان مرۆڤو مەیمونو ئاژەڵەکانی تردا هەیە، دەری دەخات کە هیچ پەیوەندییەکی لە دایك بوون نیە لە نێوان مرۆڤی ئێستاو هیچ جۆرە ئاژەڵێك، ئەو جیاکارییانەی لە بواری لاشەییەوە دەست پێ دەکاتو لە رەوشتدا دوایی دێت، لەو نێوانەشدا بیرو زانستو توانا هەیە.هتد....

هەر ئەم کێشەیە وای لە هەندێك لایەنگرانی (داروین)یش کردووە وەك (کوالدس) کە بڵێت (گەشەو پێشکەوتنی هەڵبژاردنی سروشتی جێی باوەڕ نیە لای مرۆڤ، هەر دەبێت یەکسەر بگوترێت بەدیهاتووە، هەروەها (فرخۆ) دەڵێ (لە باری واقیعەوە جیاوازی نێوان مرۆڤو مەیمونمان بۆ دەردەکەوێ، رێی تێناچێ کە بڵێین مرۆڤ لە رەچەڵەکی مەیمونو ئاژەڵانی ترە، باشیش نیە ئەوە بدرکێنین).

٣– دۆزینەوەی کرۆمۆسۆمەکان (الصبغيات) کە هۆکاری گواستنەوەی سیفەتە رەچەڵەکییەکانە، وای لە زانایان کردووە تووشی نارەحەتی ببن بە گوتنی ئەوەی کە مرۆڤ لە پشتی مەیمونە، چونکە ئەم رەگەزو ریشاڵە رەنگاو رەنگانە (العرى الملونة)

ژمارەیەکی چەسپاوی هەیە لە هەموو جۆرێکی مرۆڤو ئاژەڵدا، کە بە هۆیەوە جۆرو جنسەکان جیا دەکرێتەوە.

جا گەر قورئانو زانست ئەمە بدرکێنن کە گوتمان، ئەوا هیچ گوتنێکی تر نامێنێتەوە، بەڵکو گەر زانست بە گومان بێتو قورئان بیدرکێنێت ئەوا هەموو مرۆڤێکی ژیر لەگەڵ قورئاندا دەبێت، چونکە ئەو پەروەردگارەی مرۆڤی بەدیهێناوە باشتر دەزانێ چۆن دروستی کردووە.

﴿ما أشهدتهم خلق السموات والأرض ولا خلق أنفسهم﴾ الكهف/٥٠.

واتە: لە کاتی بەدیهاتنی ئاسمانەکانو زەویدا حازرم نەکردنو هەروەها لە کاتی بەدیهاتنی خۆیان (حازرم نەکردن).

بەڵام جۆرەکانی تری ژیان، ئەوا رەنگە ئەو زانایانەی کە پشتی داروینیان گرتووە زیاتر نەبن لەو زانایانە کە بەرپەرچیان داوەتەوە، جا مادام باسەکە بووە جێی مشتو مڕو گوتنو بەرپەرچ دانەوە، ئەوا ئەو شتە تەنیا لە سنووری بیردۆزدا دەمێنێتەوە،و ناگاتە ئاستی زانستی بەهێز.

ئێستاش هەندێك لە وتەی زانایان لەم رووەوە دەخەینە روو، بۆ نموونە (وولتر أدوار لامبرتس) تایبەتمەندی زانستی رەچەڵەك دەڵێ: (زۆر لەراستییەکانم بۆ ئاشکرا بوون، لەوانە بۆ نموونە زانستی رەچەڵەکناسی هیچ بەڵگەیەکی پێشکەش نەکردووین لەسەر ئەو دوو ئەگەرەی کە(چارلز داروین) بیردۆزەکەی لەسەر بنیات ناوە لە گەشەی جۆرەکاندا، ئەو دووانەش:-

١- ئەندامە بچووکەکانی هەر نەوەیەك لە نەوەکان بەلای ئەوەدا ئەچێت کە هەندێك جیاوازی کەمی لەگەڵ باووباپیرانیدا هەبێت لە هەموو رووگە رێتێچووەکانەوە.

٢- گۆڕانکاریە باشو سوودمەندەکان لە نەوەکانی داهاتوودا رەچەڵەك دیاری دەکات، بەرەنجامەکەشی کەڵەکە دەبێت، تا ئەگاتە ئەوەی کە گۆڕانکاری لاشەیی بەرپا بکات.

لەواقیعدا گەورەترین گۆڕانکاری بەسەر گیانەوەران و رووەکدا دێت، رێی تێدەچێت زوو بێتەدی بەهۆی هەڵبژاردن و پەروەردەوە، کوتانی خودییش (التلقیح الذاتي) لە رووەک و زاووزێی نزیکان لە گیانەوەراندا بەڕادەیەکی زۆر ئەبێتە هۆی بەرهەم هاتنی تاکی لاواز، ئەم گۆڕانکارییە لە هەموو رووەکانەوە روونادەن وەك داروین دەڵێت! تەنیا مەگەر هەندێك بازدانی تووش بێت، ئەمەش زۆر کەم روودەدات.

ئەم بازدانانە وێڕای کەمی روودانیان، کەچی زاناکانی گەشەکردن راڤەی دیاردەی گەشەسەندنی لەسەر بنیات دەنێن، بەڵام ئایا ئەم بازدانانە دادەنرێت بە هۆکارێکی پێشکەوتن؟ لە لێکۆڵینەوە درێژەکاندا کە پەیوەندی بە بازدانەوە هەیە لە زۆربەی بەدیهاتووەکاندا، بەتایبەتی لە مێشوولەی میوە کە ناودەبرێت بە (درۆسۆفیلا میلانۆجیستەر)، ئەوە دەگەیەنێت کە زۆرینەی ئەو بازدانانە بە شێوەی (مرێنەر) دوایی دێت، بەڵام جۆرە نامرێنەرەکان ئەوا ئەو گۆڕانکارییانەی کە هاوشانیەتی ئەوەیە کە دەبێتە هۆی تێکچوون و ناقۆڵابوون (تشویه)، یان بەلایەنی کەمەوە ئەو جۆرە یەکسانەیە کە کارتێکەری فسیۆلۆجی بەجێدێڵێ و لە هێزی تاك کەم دەکاتەوە، کەواتە زۆر گرانە کۆبوونەوەی ئەم بازدانە رەچەڵەکییانە ببێتە هۆی بەرپابوونی گۆڕانکاری پێویست بۆ بەدیهاتنی جۆری نوێ، کە زۆر پێشکەوتووتر و لەپێشتر بێت لە پێشینەکەی، بازدان لە هەندێ حاڵەتی تایبەتی و شازدا دەبێتە هۆی چاککردنی سیفەتێ لە سیفەتەکان، وەك چۆن لە باڵی (درۆسۆفیلا) روودەدات، بەڵام کۆبوونەوەی ئەم سیفەتە لەگەڵ هەندێ سیفەتی تردا، کە بەسەر باڵەکەدا دێت ئەبێتە هۆی پێك هاتنی زیندەوەری تەمەن کورت و کەم توانا لەسەر ژیان دا.

با بۆ جەدەل، دان بنێین بەوەدا کە بازدانی دەگمەن روودەدات و لەگەڵ خۆیدا ١٪ گۆڕانکاری چاك بەرپا دەکات، جا ئەم بازدانانە چەند نەوە دەخایەنێت، تا کۆبێتەوە و بەرەنجامەکەی دەرکەوێت و ببێتە هۆی بەدیهاتنی جۆرێکی نوێ؟

(باتو) لە کتێبی (التحلیل الریاضي لنظریة التطور) روونی کردووەتەوە کە: گشتگیر کردنی سیفەتێك لە سیفەتەکان، لەرێگەی بازدانەوەو لەپشتێ لە پشتەکان، لەیەك ملیۆن نەوەی کەمتر ناوێت بۆ ئەم مەبەستە، تەنانەت ئەگەر پێشکەوتنی کایە جیۆلۆجییەکانیش لە پێش چاو بگرین وەك جیۆلۆجیناسەکان دەیخەملێنن، هێشتا گرانە ئەو بۆ چوونە تەوەقوع بکەین (بۆ نموونە): ئاژەڵێکی نوێی وەك هێستر لە ئاژەڵی پێش خۆیەوە دروست بووە، کە ژمارەی پەنجەکانی پێی (پێنج پەنجە) بوون، لەماوەی چاخی بەردینەوە تاکو ئێستا.

(لیکۆنت دی نوی) دەڵێت: وشەی ئەڵقە وشەیەکە زۆر گرنگی هەیە لە مێژووی بوونەوەرە زیندووەکاندا، چونکە ناتوانرێت ئەوە بسەلمێندرێت کە شێوەیە لە شێوەی بوونەوەران ئەڵقەیەکی راستەقینەی پێك هێنابێت، ئەمە رەنگە لە هەندێك حاڵەتدا رێی تێبچێت، بەڵام جەختی لەسەر نەکراوە، هەر چۆنێك بێت دەتوانین بڵێین: هیچ شێوەیەك نیە کە ئێستا بە شێوەیەکی راستەوخۆ شوێنی شێوەکەی تری گرتبێتەوە، مرۆڤ لە مەیمون دروست نەبووە، بەڵام لە نێوان بە جوڵەخراوەکاندا (المستحاثات)، ئەوا زۆربەی شێوەکان کە بە شێوەی مامناوەندی ناوزەد دەکرێن چەند هەوڵێکی ناسەرکەوتوون بۆ چۆنایەتی، رەنگە هاوچەرخ یان پێشین یان دوای شێوە گوێزراوە حەقیقەتییەکان بێت. أﻫ

گرنگترین ئەڵقەش وەك ئەڵقەیەکی تەواوی ئەڵقەکانی گەشە کردن کە هەندێك وای دەبینن ئەڵقەیەکی پێکەوە بەستنی زنجیرەییە لای هێستر، کە بۆ ئەمەش شەش شێوەی مامناوەندییان پێشکەش کردووە، لە (الهیراکوثیریومو الایوهیبوس) ەوە دەست پێ دەکات لەسەردەمی (ایوسینی) ەوە کەنزیکەی پێش (٥٠ ملیۆن) ساڵ دەکاتو بەم شێوە هێسترەی ئەمرۆ دوایی پێ دێت، بەڵام ئەم شێوە مام ناوەندییە وا دەردەکەوێت لە پڕێکا دەرکەوتبێت، تا ئێستاش پردی پەیوەندی نێوان ئەم شێوە مامناوەندییانە نەدۆزراوەتەوە بە هۆی کەمی (بەجوڵەخراوەکان–المستحاثات)ەوە، بەڵام تەنانەت لە کاتی چەسپاندنو

هاتنەدی ئەمەشدا، ئەوا هیچ بەڵگەیەك نادەنە بۆ چوونەکەی داروین، چونکە هێستر هەر بە هێستریماوەتەوە، ئەگەرنا با بەڵگەی ئەوەمان بداتێ کە هێسترێك بوویێت بە حوشتر!

هەروەها (لیکونت دی نوی) دەڵێ (هەر لەسەرەتاوە تێبینی پەیوەندیو جیاوازی بنەڕەتی نێوان ئاژەڵانو رووەکدا کراوە، بۆ نموونە شلەی خۆراکدەر لە ئاژەڵاندا خوێنە، خوێنی ئاژەڵە پێشکەوتووەکانیش لەماددەیەکی بنەڕەتی پێك دێت کە بریتییە لە بۆیەیەکی سوورو بە هیمۆگلۆبین دەناسرێت، بە رێژەیەکی زۆرو ئاڵۆز تیایدایە، پێکهاتەی ئەمەش لە ئاژەڵێکەوە بۆ ئاژەڵێکی تر جیاوازە، کەمترین کێشی گەردیی (٦٩٠٠٠)ە، پێکهاتەی کیمیایی هیمۆگلۆبین نزیکە لەوەی کە لە رووەكو قەوزەکاندا (الأشنیات) هەیە، کە بەسەوزە پێکهاتن دەناسرێت، کێشی گەردیشی (٩٠٤)ە، بەڵام هیمۆگلۆبین بەوە دەناسرێت کە ئاسن لە گەردەکەیدا هەیە، بەڵام سەوزە پێکهاتن جەوهەری مەگنیسیۆمی تیادایە، ئەوەش کە کێشەکە زیاتر ئاڵۆز دەکات ئەوەیە کە خوێنی هەندێك لە جومگەکانی پێو کرتێنەو زیندەوەرە خاوەکان (الرخویات)و ئاژەڵانی نرم لە بۆیەیەك پێك دێت کە کێشی گەردییان تێدا جیاوازە بە پێی جۆرەکان، لە نێوان (٤٠٠,٠٠٠)و (٦,٧٠٠,٠٠٠)دا، هەروەها لە جەوهەری مس پێك هاتووە لە بری ئاسنو مەگنیسیۆم (وەك هەندێ لە جۆری لوولپێچەکان–الحلزونیات–) کەواتە چۆن گواستنەوەی کیمیاوی لە بۆیەکارێکەوە بۆ یەکێکێکی تر روویدا؟. دەبێ بەڕاشکاوی ئەوە بڵێین کە مەحاڵە بتوانرێت ئەمە روون بکرێتەوە).

(هەندێك لە قەوزە شین باوەکان لە عەنبکبۆسپانین (العنبکبوسبانین) پێك دێ، کەچی قەوزە سەوزەکان لە کلۆرۆفیل پێك دێ، هیچ کەسیش ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە قەوزە سەوزەکان لە قەوزە شین باوەکانەوە پێك هاتوون، چونکە جیاوازی نێوان ئەم دووانە زۆر گەورەیە، هیچ شتێکیش نیە کە بتوانێ ئەم راگواستنە لێك بداتەوە، چونکە ئەو ژینگەیەی ئەم دووانەی تیادایە:هاوبەشە، کەواتە شیتەڵ کردنەکە بە گۆڕانکاری ژینگە لێك نادرێتەوە).

(با ئەو لە خۆبایی بوونە بخەینە ئەو لاوە کە دەڵــێ: شــتێکی زۆر لـە مـاوەی (١٠٠) ملیۆن ساڵـدا روودەدات، جا گەر هیچ شتێك لە ماوەی یـەك سـاڵدا رووی نـەدا، ئـەوا هیـچ شتێك نیە وا پێویست بکات بە جاران‌و زەرب کردنێك کە بە ملیۆن یان بە (١٠٠) ملیۆن جار رووبدات، بۆ ئەوەی بڵێین شتێك لە کۆتایی ئەم زەمانەدا روو ئەدات ئەوا پێویستە هەمیشە خاڵێك هەبێت رووی دابێت هەرچەندە بچووکیش بن، بۆ ئەوەی کێشەکە جێی بڕواو هاتنـە دیٚ بێت)أه.

بۆیە ئەم وتارەمان هێنایەوە تـا بەڵگـە لەسـەر بـیردۆزی گەشـە کـردن بهێنینـەوە، چونکـە لـە راسـتیدا تـەنیا گریمانـــەو هیــچ بەڵگەیــەکی تــەواوو یەکلاکــەرەوەی لەســەر نەهێنراوەتـەوە، ئەگـەر سـەهیۆنیەتی جیـهانی‌و شـیوعیەتی جیـهانی پڕوپاگەندەیان بـۆ نەکردایە هەر زوو لە زەمەنەکەی خۆیدا دەپووکایـەوە، لـە ئـەنجامی ئـەم هـەموو شـاڵاوە زانستیە چڕوپڕەی کە هەزاران زانا کردیانە سەری، لە پرۆتۆکۆلاتی حاکمەکانی جولەکەدا هـاتووە کـە ئـەوان یارمـەتی سـەرکەوتنی داروینیـان داوە، مەبەسـتیشیان لەمـە شـکاندنی هەموو ئایینێکە لە دەروونی مرۆڤایەتیدا جگە لە ئایینی یەهودی نەبێت!.

هەروەها شیوعیش پەنا بەم بیردۆزە دەگرێ ئەگەر بشزانێ چەوتە، بۆ چەسپاندنی بیردۆزی ماددییەتی جەدەلی، بەڵام هەڵوێسـتی ئێمـەی موسـوڵمان لـەم بابەتـەدا هـەر ئـەو هەڵوێستەیە کە لەمەوپێش باسمان کـرد سـەبارەت بـە هـەموو کێشـەکان، شـتێك بەڵگـەی لەسەر هەبێت وەری دەگرین،و گەرنا لەســەری رادەوەسـتین ئەگـەر هـاتوو دەقـی قورئـان ئیحتمالی بۆ دابنێت، بەڵام گەر دەقی قورئانی لەسەر هەبوو زانستیش لێی بـە گومـان بـوو ئەوا ئێمە هەمیشە لەگەڵ دەقەکەدا دەبین.

خوای گەورە فەرمانی پێ کردووین کـە بـەدوای دروسـت بوونـی ژیـاندا بگـەڕێین:-

﴿قل سيروا في الأرض فانظروا كيف بدأ الخلق﴾ العنكبوت/٢٠.

واتە: بڵێ بە زەویدا بگەڕێن‌و بنواڕن کە چۆن خودا بەدیهێنانی دەس پێکردووە.

﴿أو لم يروا كيف يبديءُ الله الخلق ثم يعيده﴾ العنكبوت/١٩.

واتە: ئایا ئەوانە نەیانزانیوە کە خوا چلۆن ئافەریدیش دەس پێ دەکـاو لـە پاشـان دەیان گێڕێتەوە (زیندوویان دەکاتەوە).

هەروەها فەرمانیشمان پێ دەکات کە تەماشا بکـەین چۆن گیانـەوەران هاتوونەتـە بوون؟ ﴿أفلا ینظرون الى الإبل کیف خلقت﴾ الغاشیة/١٧.

واتە: ئایا بە وشتر ناڕوانن کە چلۆن خەلق کراوە.

تەواوی زانستی یەقینیش لای پەروەردگارە ﴿قال فما بال القرون الأولی؟ قال علمها عند ربي في کتاب لا یضل ربي ولا ینسی﴾ طه/٥١-٥٢.

واتە: وتـی: ئـەی بـارودۆخی پێشـینانمان چلۆن دەبـێ؟! وتـی: زانیـنی ئـەوە لای پەروەردگارم لە پەڕاوێکدا، پەروەردگارم قەت بزری ناکا و لە بیری ناباتەوە.

ئەوەی کە پەروەردگار هەواڵی پێداوین جگـە لـەوە راسـت تـر دەرناچـێ زانسـتیش بێجگە لەوە شتێکی تر نادۆزێتەوە، ئەوەی لەم بابەتەدا گرنگ بوو باسمان کـرد، ئێسـتاش کـاتی ئەوەیە کـە دەسـت بکـەین بـە لێکۆڵینـەوەی دیـاردەی ژیـان، تـا پـەروەردگای تیـا ببینینەوەو مەبەستیش لەم لێکۆڵینەوەیە هەر ئەمەیە.. ئیدی دەڵێین:-

دیاردەی ژیان لە چوار لایەنەوە دەبێتە بەڵگەی پەروەردگاریەتی خوای گەورە، بەم جۆرە:

١- دروست بوونی.

٢- هەمەڕەنگیو جۆراو جۆریی.

٣- مرۆڤ.

٤- رەوشتو ئاکار.

هەر لایەنێك لە لایەنەکانی واتای ئەم زاراوانـە بـە مانایەکی تـەواو بەڵگـەن لەسـەر خوای گەورە، هەرچەندە زۆریش هەوڵ دراوە تا ئەم واتایانە جگە لە خوا بگرێتەوەو ئـەوە دەربخات کە خوا بەدیهێنەر نیـە، لەگەڵ ئەمەشدا راسـتی هـەردەم شـەکاوەیە کـە (اللّٰه) بەدیهێنەرە.

-٢-١-

دروست بوونی ژیانو جۆراو جۆرێتی:

بێ باوەڕان دەڵێن: ژیان لە خانەیەکی سادەوە دەستی پێکردووە، یان لە چەند خانەیەکەوە، ئیدی زۆربوونو گەشەکردن کاری لەسەر کردووە تا ژیان بەم قۆناغەی ئێستا گەیشتووە، بەڵام ئایا بۆ ئەم وتەیە هیچ بەڵگەیەکیان هەیە؟ گەورەترین بەڵگە ئەگەر هەبێ ئەوەیە کە بتوانن ژیان دروست بکەن؛ بەتایبەتی ئەو ڕەگەزانەی کە زیندەوەرە ناسراوەکانی لێ پێك دێت، لەکاتێکدا پشتو ڕەچەڵەکیان زانراوە، هەروەها ئامێرو ئەندامەکانیان: هەموو شتێك تیایاندا زانراوە، هەموو چەرخێکیش کە ژیانی پێویست بێت دەتوانرێت لە کارگەدا بەرهەم بهێنرێت، هەر ئەو بارودۆخە یەکەمەی کە ژیانی تیا بەرپا بوو ئەگەر بتوانین پێوانەی بکەینو بارودۆخی هاوتای بڕەخسێنین، ئەوا ئەگەر ئەمەش ڕوویدات ئایا ئەوەی کە دروستی کردووە دەڵێت: بەبێ هیچ شتێکو لە خۆوە هاتۆتە بوون؟ یان دەڵێ: بەهۆی زانستو تواناو هێزو ئیرادەی مرۆڤەوە هاتۆتە بوون؟.

<u>پەروەردگاری مەزنو دلۆڤان بەرەنگاری ئەوانە دەبێتەوە کە خوایەکی تر دەپەرستنو دەسەوسانیان دەکات، ئیدی جۆری ئەو خوایە هەر شتێك بێت، ئەگەر سروشت بێت، یا مرۆڤ بێت، یاخود بت بێت. ئەگەر ڕاست دەکەن با ئەو خوا درۆزنانە مێشێك دروست بکەن؟.</u>

﴿یا أیها الناس ضرب مثل فاستمعوا له، إن الذین تدعون من دون الله لن یخلقوا ذبابا ولو اجتمعوا له، وإن یسلبهم الذباب شیئاً لا یستنقذوه منه، ضعف الطالب والمطلوب، ما قدروا الله حق قدره﴾ الحج/٧٣-٧٤.

واتە: ئەی خەڵکینە مەسەلەیەك هەیە گوێ بدەنێ، بەڕاستی کەسانێ کە هاواری بۆ دەبەن، بێجگە لە خوا قەت ناتوانن مێشێك بەدی بێنن، هەرچەند بۆ ئەو کارە دەست بدەنە دەستی یەکتر، و هەر کاتێکیش مێشێك شتێکیان لێ بڕفێنێ ناتوانن لێی بستێننەوە (طالب

"عابید"و مطلوب "مەعبود"، هەردوو کزو زەعیفن)، ئەوانە بەو جـۆرە کـە پێویسـتە خـوا بناسن، نەیان ناسیوە.

مرۆڤ لەم ئاقارەدا هەوڵی داوە لەم بەرەنگار بوونەوەدا رۆڵی هەبێت، نەوەك تـەنیا مێشێك دروست بکات بەڵکو زۆر لەمەش بچووکتر، بەڵام ئایا ئەنجامەکەی چۆن بووە، بەڵێ بەم جۆرە بووە:-

رووسیا هەوڵیدا بەڵگە بۆ ئەوە بێنێتەوە کە ژیان بە هۆی کارلێکردنی کیمیاوییـەوە رووی داوە -بە پێی بانگەوازی خۆیان- بۆ بەڵگە هێنانەوە لەسەر رێچکەی بێ بـاوەڕیی، بۆ ئەمەش سەرۆکی پەیمانگای کیمیاوی رووسی (أوبارین)یـان راسـپارد، داواشـیان لێ کـرد کە تەنیا بۆ یەك لێکۆڵینەوە دەست بەتاڵ بێت، ئەویش ئەوەیە کە ئایا تا چ رادەیەك رێی تێدەچیت ژیان لە رێگەی کارلێکردنی کیمیاوییـەوە بـەرپا بێـت، دوای نزیکـەی (٢٠) سـاڵ هـەوڵو مـاندوو بـوون، لـە سـاڵی ١٩٦٢ ئـەنجامی لێکۆڵینەوەکـەی ئاشـکرا کـرداو ئـەو ئەنجامەش کە پێی گەیشتووە، لە راپۆرتێکی رەسمیدا کـە ئـەو کاتـە هـەموو دەزگاکـانی راگەیاندنی جیهان بڵاویان کردەوە. ئەویش ئەوەبوو کە زانستی کیمیاوی دەستەوسـانە لـە دروست کردنی ژیان لە تاقیگەدا، زانستیش هیچ توانسـتێکی نیـە تـەنیا لـە بـواری ماددەی هەست پێکراودا نەبێت.

لە بری ئەوەی کە دان بنێت بەوەدا کە (ﷲ) بەدیهێنەری ژیانە، بەم جۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە:

ئایا کارلێکردنی کیمیاوی لەسەر ماددە نەبێتە هۆی بەرپا بوونی ژیـان؟ وەك چۆن یەکەم ژیان پێش مەلایین ساڵ سەری هەڵداو بەو جۆرەی کە ئەرنست هیگڵ بانگەوازی بۆ دەکات؟.

-ئەمـە رێی تێدەچێـت بـەڵام لەسـەر ئەسـتێرەکەی ئێمـە نـا، بـەڵکو لەسـەر ئەستێرەکانی تر!.-

ئەمە هەڵهاتنێکی ئاشکرایە لە پرسیارەکە تاکو تووشی تەنگەتاویی نەبێت، ئەگەرنا بۆچی نـەمانتوانیوە کـە ژیـان بەدیبـهێنین و لـە کاتێکـا هـەموو شـتێکیش لەبەردەسـتماندا بوونی هەیە؟.

لـە راسـتیدا زۆربـەی ئەوانـەی بـاوەڕ بە خـوا نـاهێنن لـەم بابەتــە هــەڵدێن، بــەم بیانووانە!.

ژیـان لـە هـەندێك ئەسـتێرەی تــرەوە لــە شـێوەی (جرثومــە)یــەکدا جیابۆتــەوە کەوتووەتە ســەر زەوی، بێ ئـەوەی هیـچ لـەناو چوونێکـی تـووش هـاتبێت، دوای ئـەوەی ماوەیەکی نادیار لە ئاسماندا ماوەتەوە، لە ئـەنجامدا لەسـەر زەوی جێگیـر بـووە، پاشـان ژیان لەو جرثومەیەوە زنجیرەی بەسـتو شتەکانی لێ پێـك هـات، یـاخود دەڵێـت: لـەرێی کلکدار (نیزك)ێکەوە ژیانمان بۆ هاتووە کە کاتی خۆی بەر زەوی کەوتووە.

ئـەم قسـانە جگـە لـەوەی هیـچ راڤەیـەکی زانسـتییانەیان نیـە –بـە پــێی یاسـای بۆماوەیی– لە هیچ بوونەوەرێکیشدا نابینینەوە، کەواتـە ئەمـەش ناماقووڵـە. ئەگـەر نـا! چـۆن ئـەم جرثومەیـە توانـی لـە پلـەی خـوارووی سفردا لـەئاسماندا بمێنێتــەوە؟ ئەگــەر توانیبێتیشـی بمێنێتـەوە چـۆن لـەو تیشـکە چرانـە رزگـاری بـووە کـە بـە شـەپۆلی کــورت دەردەچن و هەموو هاونموونەکانی دەکوژێت، ئەگـەر لەگـەڵ ئەمەشـدا هـەر بـە زیندوویێتـی مایەوە چۆن جێگەی شیاوو گونجاوی خۆی دۆزییەوە؟ ئـەی چـۆن ئـەم رێکەوتنـە سـەیرە روویدا لـەم بارودۆخـــەدا؟ ئەگــەر ئەمــەش روویــداو ژیـان دەسـتی پێکـرد، ئایـا ئـەم کۆچە(گەشت) چەندان ساڵی خایاند هەتا گەیشت؟ لە حاڵەتی دووەمیشدا ئەگـەر بـەهۆی کلکدارەوە بووبێت– چۆن بە ساغی و سەلامەتی گەیشتۆتە سەر زەویی؟ دوای ئـەوەی کـە کلکدارەکان تووشی سووتاندن دەبن لە بەرگەهەوادا.

ئەگەر بڕواشمان بە هەموو ئەمانە کرد، ئەوا پرسیارەکەمان بێ وەڵام دەمێنێتــەوە، کەچۆن ژیان لەسەر یەکەم ئەستێرە دەستی پێ کرد؟.

یەك خانە هەر چەندە ساكار بێت، دەبێت بە هەموو ئەركەكانی ژیان هەستێت: هەر لە خواردنەوە تا هەناسەدانو دەردانو گەرمایی دیاریكراوو گەشەو زۆربوونو دابەش بوونو جوڵەو كاریگەریو رژانی رژێنەكانو گونجان لەگەڵ دەورووبەردا. كەواتە خانەش ئاڵۆزەو لە زیندەوەرانی تر كەمتر نیە، لە دان پیانانە دەگمەنەكانی زانستیش وتەكەی (بخنر)ە، كە دائەنرێت بە دیارترین پاڵپشتی بیردۆزی گەشە كردن، ویەكێكە لە هەرە ماددییە رۆچووەكانو دارویني تاوانبار كردووە بەوەی كە هۆی دروست بوونی پیاوانی ئایینی بووە. دەڵێت:

(لە دایك بوونی خودیی، یەكەم خرۆكە كە یەكەم رەگەزی لێوە دروست بووە شتێكی ئاسان نیە، چونكە لە باری گونجاتی زەمین بۆتە هۆی دروست بوونی یەكەم خرۆكە بە دروست بوونێكی خودیی نەزانراو. خرۆكەش هەرچەندە سادەو ساكار بێت بنیادو پێكهاتەكەی بە جۆرێكە رێ نادا بەوەی راستەوخۆ لە شتی بێگانەوە هاتبێتە دی، بەڵكو دروست بوونی لە بێ گیانەوە لەتێڕوانینی زانستدا دائەنرێ بە موعجیزە، كە سەبارەت بە ژیری وەكو ئەوە وایە كە زیندەوەرە باڵاكانیش راستەوخۆ لە شتی بێ گیانەوە بەدی هاتبن).

هەندێك جاریش تروسكەیەكی هیوا لای زاناكان دەردەكەوێ، كە زۆربەیان خەیاڵ كۆیان دەكاتەوە، كاتێك دەڵێن وا خەریكە ئێمە ژیان دروست كەین، كەچی لە پاشدا جگە لە تراویلكە (سەراب) هیچ شتێكی تر نادۆزنەوە؟!، دواترین شت كە لەم بارەوە بیستمان ئەو وتەیەیان بوو كە كاتێك ترشەلۆكی (D.N.A.)یان دۆزییەوە: گوتیان ئیدی نهێنی ژیان بە دەستمانەوەیە، كەچی دوای ژاوەژاوو گاڵە گاڵێكی زۆر، گەیشتنە ئەو وەڵامە یەكلاكەرەوەیەی كە ژیان لە دروستكردنی (ﷲ)یە. ئەمەش درێژەی بەسەرهاتەكەیە:

هەندێك نەخۆشی تووتن بە هۆی (حماتی ئاوێتەوە) دروست دەبن لە هێولیناتی ناوكی، كە بەرەنگاری دژە جرثوم دەبنەوە، و هەندێك سیفەتی تایبەتی زیندەگیشی هەیە كە رێی زۆربوونو نوێنەرایەتیو رێ نیشاندان دەدات، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییەدا

راستییەکی تر ئاشکرا بوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەم حومەیاتـە لـە ترشـەڵۆکی ناوکییـەوە پاڵفتـە بـوو کـە مـاددەی هیۆلیـنی دەورەی داوە، ترشـەڵۆکی نـاوکیش کـە پێکـی هێنـاوە یەکێکە لەم دوو جۆرە: یا (D.N.A.)ەیە یاخود (R.N.A.)ەیە، بەڵام ئێستا بونیـاتی ئەم دوو ترشەڵۆکە زانراوە بـە شـێوەیەکی تـەواو، هەرچـەندە دوو پێکهاتـەی زۆر ئـاڵۆزن، ئەمەش بە هۆی بەکار هێنانی تیشکی ژوور وەنەوشەیی و زەڕەبینی ئەلەکترۆنیەوە بـوو، و زۆر هۆکاری کیمیایی تریش .

دەرکەوتووە کە ئەم ترشەڵۆکە لە سێ رەگەزی سەرەکی پێك دێـت و یـەك پارچـەی بچووك پێك دێنێت بە شێوەی بەدوای یـەکدا هـاتن و دووبارەبوونـەوە لـە شـێوەی(گوریـس) زنجیرێکی درێژدایـەو ئـەم زنجیرەیـەش زنجـیرێکی تـر بەرانبـەری دەوەسـتێ، ریـز دەبـێ و یەکێکیان خۆی لەوی تر دەئاڵێنێ لە شێوەی لـولپێچ دا، ماوەیەکی یەکسـان نێوانـی ئـەم دوو زنجـیرەش پێکـەوە دەبەسـتێتەوە، پێوەنـدی گرێدانـی هیدرۆجیـنی وا دەکـات دوا شێوەی بە جۆری پەیژەی لوول خواردوو (لولبـی) بێـت، یـاخود پـەیژەی دوانگـە (مأذنـة) هەروەها هەردوو زانا (واتسۆن و گریك) ئەوەیان روون کردۆتەوە کـە ژمـارەی خوولانـەوەی هـەردوو شریتە لـوول پێچەکـە (الحلزونیـة) لـە ترشـەڵۆکەکەدا لـە (١٠٠٠) خـوول و سـوڕان زیـاترە، درێـژی هـەردوو شـریتەکە یـان درێـژی ترشـەڵۆکەکەش لـە (٣٠) ئەنگسـترۆم تێناپەڕێت. زاناکان وای دەخەملێنن ئەگەر بێت و هەردوو شریتەکە درێژ بکەینەوە و کۆتایی یـەکێکیان بکـەین بـە کۆتـایی ئـەوی تـرەوە، ئـەوا درێژییەکـەیان لـە دەرەوەی ناوکەکـەدا (١,٥)مەتر دەبێت. جا بۆ ئەوەی درك بە ئاڵۆزی ئەو ترشەڵۆکە بکەین ئەوا پێویستە بزانین کە کێشی گەردی (الذري) جۆرێـك لـە (R.N.A): (١,٥×١٠^٦)یـە، لەگـەڵ ئەمەشـدا ئـەم ترشەڵۆکە دۆزراوەتەوە، (أوشوا)ی زانا توانی ئەمە پێك بهێنێ و لـە ئەنجامیشـدا پاداشـتی نۆبلی لەسەر وەرگرت.

ئەم ترشەڵۆك و بلوورە بەجۆرێك داڕێژراوە، کە ترشەڵۆکەکە نـەتوانێ زۆر ببێـت وەك ترشەڵۆکی (D.N.A.) کە لە تووتن و حوماتدا هەیە، داڕشتەی هەردوو ترشەڵۆکەکە هەر

یەکە، لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازی نێوانیان زۆر گەورەیە، وەك جیـاوازی نێـوان ژیـانو مـردن وایە، ئەمەش وەك جیاوازی نێوان بتی بێ گیانو لەشی زیندووی خاوەن گیان وایە.

کەواتە دوای ئەمە دەگەینە ئەم ئەنجامە:

ماددە هیچ لـە یاسا تێناگـات، تەنانـەت ئەوانـەش کـە خـۆی جێبـەجێی دەکـاتو لەسەری دەڕوات!، گەردیش ملکەچی یاساکانی یەکگرتنە کیمیاوییەکانەو یاسای کێشندەو کاریگـەری پلـەی گەرمایـە. بـەڵام سـەبارەت بـە ژیـان ئـەوا ئـەو نهێنیـە سـەیرەیە کـە لـە کونییەکەیەوە(کونهە) هیچ شتێك نازانین جگە لە شوێنەوارەکانیەوە نەبێت.

﴿ويسألونك عن الروح قل الروح من أمر ربي وما أوتيتم مــن العلـم إلا قليــلا﴾ الإسراء/٨٥.

واتە: و لە بابەت رۆحەوە لە تۆ دەپرسن، بڵێ: رۆح شتێکە تەنیا پەروەردگارم لێی ئاگایە، لە زانست مەگەر کەمێك نەبێ (لە بابەت رۆحەوە) بە ئێوە نەدراوە.

❁❁❁

(لیتن) دەڵێت: هـەر خانەیەکی پرۆتـین لـە زنجیرەیەك پێـك دێـت کـە چەندسـەد ئەڵقەیـەکی تێدایـە، هـەر ئەڵقەیـەکیش تیـایدا لـە پێکهاتـە گەردییـەکان پێـك دێـت، کـە سەرچاوەکەشـیان ترشـێکە لـە ترشـە (نەشـاردیەکان) (الأحمـاض النشاردیــة) ئــەم ترشەلۆکانەش نزیکەی سەد جۆریان لێ زانراوە، شوێنی هەریەکەشـیان بـە پـێی جیـاوازی رێژەو تـەرتیبیان دیاری دەکرێت، بـەڵام لـە هـەندێك شانەدا (نسیج) تـەنیا لەسـەر یـەك تەرتیبو بەیەك رێژە دەیانبینیت، بەبێ هیچ شازو جیاوازییەك، ئیدی ئایا دەتوانین پلـەی وردەکارێتی پێکاندنی ئەگەرە هەڵـەکان پـەی پـێ بـەرینو بێـت بـە خـەیاڵماندا کـە ژمـارە ئاساییەکانی ئێمە ناتوانن بیانژمێرن!؟.

بۆ نزیك کردنەوەی ئەم وردەکارییە لە ئەندێشەوە، پێویستە باسی ئەوە بکەین کـە پیتە ئەبجەدییەکانی ناو هەموو زمانەکانی مرۆڤایەتی لە (٣٠) پیت بەدەر نیـە، کـەچی لـە لێکدانە جیاوازەکانی ئـەم پیتانـەوە هـەموو زاراوە جیاجیاکـانی وشـەو رسـتەی ئاخـاوتنی

نەتەوەکانی لیٚ پێك دێت، جا گەر خانەی پرۆتـین لـە قـەبارە شـارراوەکەیدا ڕێی تێبچـێ‌و شایستەی چەندجارکردنی ئەم دووبارەبوونەوەیە بێت، پاشان هیچ شتێکی تیا نەبینێنەوە جگە لە یەك وشە نەبێت، لەیەك تەرتیبی نەگۆڕدا، ئەوا بە شـێوەیەکی نزیـك کـراوە مانـای ئەو پێکاندنە ئەزانین لە هاوتا بوون‌و داڕشتندا. بۆ نزیـك کردنـەوەی ئـەم خەیاڵـە دەڵێـین: خۆر لە (٣٠٠,٠٠٠) ساڵدا تیشکەکەی لە لایەکی مەجەڕڕەوە دەگاتە لاکـەی تـری، جـا گـەر بمانەوێت پێکاندنی خانەکان (إصابة الخلية) لە پێکهاتنیدا بەم نموونەیە بچوێنین، ئەوا ئەم پێکاندنە وەك پێکاندنی گوللە وایە کە لەسەر زەوییەوە ئەتەقێنریت بەرەو ڕووی ئامانجێك کە ڕووبارێك بێت لە مەجەڕەیەکی تردا بە قەبارەی چاوی مانگایەك، و هیچ جارێکیش هەڵە دەرنەچێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەڵقەی خانەکان تـەنیا پـەنجا دانەیـەنـەك بـە سـەدان دانە!

لەگەڵ ئەمەشدا، پرۆتین هەموو شتێك نیە، بـەڵکو بەشـێکە لـە خانەیـەك، خانـەش بەشێکە لە ئەندامێك، ئەندامێکیش بەشێکە لە ئـامێرێك، ئـەندامێکیش بەشـێکە لـە لـەش‌و لەشیش هەمووی هەر لە پرۆتینەکانـەوە تـا خانـەکان‌و ئـەندام‌و ئامێرەکـان لـە نـاو یـەکدا تێهەڵکێشن، زۆر بە تەواوی لەگەڵ یەکدا هاوکاری‌و کارلێکەریان هەیە.

جا لەشی زیندوو کە هەموو ساتێك ئەم موعجیزانەی تیا دووبارە دەبێتەوە، هێشـتا زۆر سەراسیمەی تێدایە، کـە لـە هـەموو ئەمـەی باسمـان کـرد زیـاتر جـێی سەرسـوڕمانە، ئەوەش ئەوەیە کە ئەو گەردە شارراوەو ونانە بە شێوەیەك یـەکدەگرن‌و جیـا دەبوونـەوە: ئەگونجێن‌و پەرت ئەبن کـە نـوێ بوونـەوەیان مسـۆگەر بێـت، یـاخود بـەردەوامی بـۆ ژیـان دەستەبەر بکات، هەموو بەشێکی زیندوو لە دوانەیەك پێك دێت، لە هەردووکیشـانەوە یـەك خانە دەردەچێت کە دانەیەکی تری زیندووی لیٚ بەرهەم دێت، ئەم دوو خانەش هەندێ جـار بە شێوەی دوانەن‌و هەندێ جاریش بە شێوەی تاك، بـە پـێی بـارو قۆنـاغی دیـاری کـراو، ژمارەشیان لە هەر جۆرێك لە جۆرە زیندووەکـاندا بـە بـێ کـەم‌و زیـاد ئـەگونجێت، هـەموو دانەیـەکی زینـدووش خـو و عـادات‌و غـەریزەی تایبـەتی بـە جۆرێـك هەیـە کـە لـە کـاتی

دیاریکراودا ڕێی جووت بوونی نیشان دەدات، جا گەر باڵندە بوو ئەوا پێویستە پووش پێکەوە بنێن پێش جووت بوون، گەر ماسی دەریاکان بوو ئەوا دەبێ ئاوی سوێری دەریا جێ بهێڵێ بۆ ڕێڕەوی ڕووبارەکان یا تەنکاوەکان پێش ئەوەی زاووزێ بکات، بەو پەڕی شەوقەوە پێش دانانی زاووزێ دەڕوانێتە هاوەڵەکەی هەرچەندە جۆرەکەشیان جیاواز بێت.

ئاڵۆز بوونی گەورەی دیاردەی ژیان هاوتاییەکی مەزنی تێدایە، و دانانی هەموو شتێ لە شوێنی خۆیدایە، بەڵگەی ئاشکراو ڕوونن لەسەر بوونی زانستو ئیرادەو توانا کە لە پشت هەموو شتێکەوەیە، لە کاتێدا لای مرۆڤی نەخوێندەوار زۆر نامۆیە، بەڵام لای مرۆڤی زانا بە شێوەیەکی زانستی بڕوا پێهێنە.

دروست کردنی ماددەو بەخشینی خۆی بۆ گوێو چاوو دڵ، شتێکە مرۆڤ ناتوانێ بێ ڕاڤە کردن بڕوای پێ بکات، هەرچیەکیش گوتراوە لەنەبوونی سەرسامی لە پێکهاتنی لەشی زیندوو، ئەوەیە: کە ئێمە ئامێری ماددی ئەبینین بە ڕێکو پێکی ئیش دەکاتو کارەکانی بە شێوەی مەبەستداری زانراو دابەش دەکات، ئامانجە زانراوەکە دائەنرێت بە خاڵی سەرسامی. جا سەرسامی لە لێك چوونی ئامێرو لەشە زیندووەکاندا ئەوەیە کە ئامێر بە بێ بوونی دروستکار ساز نابێت، شیتەڵ کردنی کارەکانیان بەپێی یاسای گەرمیو جوڵە هیچ سوودێکمان پێ ناگەیەنێ لە جێ هێشتنی یاساکانەوە بۆ توانستی ئەندازیارێك کە ڕامی ئەو یاسایانە بێت.

ئادەمیزاد بە چاوێکی ڕووتەوە تەماشای ئەندامەکانی لەشە زیندووەکان دەکات؛ سەرسام دەبێ لەوردەکاری تواناو کاریانو پاڵپشتی ئەندامەکان بۆ یەکترىو هاوکاری نێوان هەردوو بەشەکانیان،و تێپەڕبوونی هۆکارەکانی گەشەکردن تیایدا بە پێی پێوانەی پێویست، بە گوێرەی تەمەنو جۆرو پۆل، ئیدی ئەگەر لە لاشەی مرۆڤ یا ئاژەڵو یا زیندەوەری بچووكو یا ڕووەکدا بێت، دەبێ زۆر سەرسام تر بن دوای ئەوەی بە زەڕەبینو میکرۆسکۆپو کارە شیتەڵکارییەکان بۆیان دەردەکەوێت ئەو ئەندامانە لە چی پێك دێن؟، و چۆن کۆمەکی لەو ئەرکانەدا ئەکەن؟، بۆمان دەردەکەوێت ئەو ئەندامە دیارانە بریتین لە

چەندان گەردی ورد کە بە چاوی ئاسایی نـابینرێن، هـەر گـەردێکیش دەکەوێتـە شـوێنێکی لەشەوەو سەرجەم گەردەکانی تـر هاوکـاری دەکـەن تیـایدا، وەك ئـەوەی ئاگایـان لێ بـێ‌و بزانن چی دەوێت، هیچ یەکێکیشیان بە هۆی نەخۆشی‌و کـەم توانایـیـەوە دەسـت بـەرداری کارەکەیان نابن، مەگەر یەکسەر ئەوانی تر هەڵسن بە چاك کردنەوەو کۆمەکی کردنی.

❁❁❁

لەسـەر زەویـدا بـەلایین بـەلایین زینـدەوەر هەیـە، لـە هەریەکێکیشـیاندا هێنـدە سەرسامی تێدایە کە دواییان پێ نایـەت، ئەمـەش نموونەیەکـە ئـەو زۆرییـەمان بـۆ دەسـت نیشان دەکات:-

(لیستەر جون زمرمان) تایبەتمەندی خاك، دەڵێت:

(خـاکی بەرهـەم هێـنی پیتـدار دانـەنرێت بـە خـاکی زینـدوو، کـە لـە ژمـارە بـەدەر زیندەوەری وردی لەسەر دەژی، لـە ئـاژەڵ‌و رووەك، رێـژەی ئـەو زیندەوەرانـەی لەسـەری دەژین تـەنیا نزیکەی لە ٢٠٪ی ماددەی زیندەگی پێـك دەهێـنن، لـە کـاتێکدا ژمـارەی ئـەو زیندەوەرانە دەگاتە چەند بەلایینێك تـەنیا لە یەك گرامی خاکدا).

جا ئەم بەلایینە مەزنە لە زیندەوەران دابەش دەکرێن بۆ هەزاران جۆرو رەگەز، هەر جۆرو رەگەزێکیش جۆرە تایبەتمەندییەکی هەیـەو سیفەت‌و تایبەتمـەندی‌و شـێوەو وێنـەو رێگەی خۆراك‌و رێگای ژیانی جیاوازیان هەیەو هەر دانەیەك لە دانـەکانی رەگـەزێك، جـۆرە تایبەتمەندییەکی ئەو رەگەزە لە خۆ دەگرێت لە هەموو رووە ئاڵۆزەکانی ژیانەوە.

﴿وما من دابة في الأرض ولا طائر يطير بجناحيه إلا أمم أمثالكم﴾ الأنعام/٣٨.

واتە: و هیچ جوڵندەو جفۆکێك لە زەویدا نیەو هیچ باڵندەیـەك نیـە کـە بـە دوو بـاڵ بفڕێ، مەگەر جگە لەوەی کە ئەوانیش ئۆمەت گەلێکن وەکو ئێوە.

هەریەکەیان رزق‌و رۆزی‌و خواردنی تایبەتی خۆی هەیەو جـۆرە غەریزەیەکی هەیە کە وای لێ دەکات بە دوای رزق‌و رۆزیدا بگەڕێ،و کۆئەندامەکانیشـیان کـە خـواردن هـەرس دەکات لە یەکتری جیاوازە.

﴿وما من دابة في الأرض إلا على الله رزقها ويعلم مستقرها ومستودعها كل في كتاب مبين﴾ هود/٦.

واتە: و هیچ جولّندەیەك لە زەویدا نیە، مەگەر ئەوەی رۆزییەكەی لەسەر خوایە ئەو قەرارگاو جێی نەقلّو بزووتنەوەیان دەزانێ، هەموو ئەوانە لە كتێبی ئاشكرا (تەتەڵەی زانستی خوا) دایە.

﴿ما من دابة إلا هو آخذ بناصيتها﴾هود/٥٦.

واتە: هیچ جولّندەو جفۆكێك نیە مەگەر ئەوەی كە خوا نێو چاوانی گرێ داوە.

﴿والله خلق كل دابة من ماء فمنهم من يمشي على بطنه ومنهم من يمشي على رجلين ومنهم من يمشي على أربع يخلق الله ما يشاء﴾ النور/٤٥.

واتە: و خوا هەر خزۆك و جولّندەیەكی لە ئاو بەدیهێناوە، جا هەندێ بە زگ دەخشێن، هەندێ لەسەر دوو پێ دەڕۆن و هەندێ لەسەر چوار پێ دەڕۆن، خوا هەرچی بیەوێ خەڵقی دەكا، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە.

﴿وبث فيها من كل دابة﴾ البقرة/١٦٤.

واتە: زیندوو كرایەوەو هەمووجۆرە گیانلەبەرێكی تێدا بلاّو كردەوە.

تاكە لۆجیكێكی ماقوولّ ئەوەیە كە (ﷲ): خوداوەندی زیندووی تاكو تەنیاو بەدیهێنەری ژیانەو ﴿والذين يدعون من دون الله لا يخلقون شيئاً وهم يخلقون، أموات غير أحياء وما يشعرون أيّان يبعثون﴾ النحل/٢٠-٢١.

واتە: كەسانێ كە بێجگە لەخوا هاواری بۆ دەبەن، شتێ خەلق ناكەنو بەڵكو خۆشیان خولقێنراون، ئەوانە مردوونو زیندوو نین (و ئەو بتانە) نازانن كەی حەشر دەكرێن.

هەروەها لە لۆجیكو ژیرییدا ئەو دوو شتە وەك یەك نابن (كە پەروەردگار توانای بەدیهێنانی هەبێو ئەو هاوەڵانەی كە بۆی دادەنرێت توانایان نەبێ، كەچی وەك یەك تەماشا بكرێن) ﴿أفمن يخلق كمن لا يخلق أفلا تذكرون﴾ النحل/١٧.

واته: جا ئايا كه‌سێ كه به‌دى دێنێ وه‌كو كه‌سێ وايه كه به‌ديناهێنێ؟ جا ئايا بير ناكه‌نه‌وه؟.

هه‌روه‌ها به‌پێى پێوانه‌ى ژيريش وه‌ك يه‌ك نابن ئه‌و دوو كه‌سه‌ى يه‌كێكيان ژيان بداته پاڵ رێكه‌وت‌و ئه‌وى تريشيان ژيان بداته پاڵ په‌روه‌ردگارى تاك‌و ته‌نيا.

﴿ولقد ذرأنا لجهنم كثيراً من الجن والإنس؛ لهم قلوب لا يفقهون بها، ولهم أعين لا يبصرون بها، ولهم آذان لا يسمعون بها أولئك كالأنعام بل هم أضل أولئك هُم الغافلون﴾ الأعراف/١٧٩.

واته: و به هه‌قيقه‌ت زۆرێ له جنۆكه‌و ئينسمان بۆ دۆزه‌خ خولقاند، بۆ ئه‌وان دلگه‌لێ هه‌يه كه پێى تێ ناگه‌ن،و چاويان بۆ هه‌يه كه پێى نابينن‌و گوێيان بۆ هه‌يه كه پێى نابيستن، ئه‌وانه هه‌ر وه‌كو مه‌ڕو ماڵاتن، به‌ڵكو له‌وانيش گومڕاترن، هه‌ر ئه‌مانه غافڵن.

ئينجا له‌م چيرۆكه رابمێنه، چيرۆكى بچووكترين به‌دیهاتن‌و ساكارترين بوونه‌وه‌ر، تا بۆت ده‌ربكه‌وێ كه له پشت نهێنى ژيانه‌وه (الله)هه‌يه، له‌سه‌ره‌تاو كۆتاييه‌وه، چ دروست كردن بێت يا خود سه‌رجه‌م جۆره‌كان بێت. ئه‌و بوونه‌وه‌ره‌ش (ئه‌ميبا)يه؛ ئه‌گه‌ر بچينه كارگه‌يه‌ك‌و يه‌ك دڵۆپ ئاوى گۆلاو (زۆنگاو) له ژێر زه‌ره‌بينى تايبه‌تيدا بپشكنين تا گيانه‌وه‌رانى ناو دڵۆپه‌كه ببينين، ئه‌وا يه‌كێك له عه‌جايباته‌كانى ئه‌م گه‌ردوونه‌مان بۆ ئاشكرا ده‌بێت: ئه‌وه ئه‌ميبايه زۆر به هێواشى ده‌جوڵێت، رووه‌و زينده‌وه‌رێكى بچووك ده‌چێت‌و ده‌ورى ئه‌دات، هێنده‌ى پێ ناچێ ده‌چێته ناو له‌شييه‌وه‌و هه‌رسى ده‌كات‌و له ناو له‌شيدا خۆى ده‌نوێنێت، به‌ڵكو ده‌شتوانين پاشه‌ڕۆكه‌ى ببينين كه له لاشه‌ى ئه‌ميباكه‌وه ده‌رده‌چێت پێش ئه‌وه‌ى چاومان له‌سه‌ر زه‌ره‌بينه‌كه هه‌ڵگرين، جا گه‌ر بۆ ماوه‌يه‌كى درێژ تێبينى ئه‌م گيانه‌وه‌ره بكه‌ين ئه‌وا ده‌بينين كه چۆن له‌شى ده‌بێت به دوو پارچه‌وه، پاشان هه‌ر يه‌ك له‌م دوو به‌شه‌وه گه‌شه ده‌كات‌و سه‌رله‌نوێ ده‌بێته‌وه به گيانه‌وه‌رێكى نوێى ته‌واو (هه‌روه‌ها ده‌ڵێن: هيچ خانه‌يه‌ك دابه‌ش نابێت گه‌ر بێتو خانه‌يه‌كى ترى

بەرنەکەوێت؛ کەواتە کرداری پێك هاتن هەیە لەنێوان نێرو مێدا) ئەوە تەنیا یــەك خانەیەو هەڵدەستێت بە هەموو ئەرکەکانی ژیان کە بوونەوەرە گەورەکانی تر لە جێبەجێ کردنیـدا پێویستیان بە هەزارەها خانەو ملیۆنەها هەیـە. بێگومـان دروسـت کردنـی ئـەم گیانـەوەرە سەیرە کە لە بچووکیدا دوا پلەی وەرگرتووە زۆر لەتوانای رێکەوت بەدەرە، لەگەڵ تێبینـی کردنی ئەوەی کە لە هەموو جێیەکی جیهانیشدا بوونیان هەیە، ئێستاش هەروەکو ئەو کاتە وایە کە لەسەری دروستکراوە.

جا گەر ورد بینەوە لەو گیانەوەرە سادەیە، لـە نـاو پێکهاتەکـەیدا (پرۆتۆپلازمـا)ی پێکهاتەی ئاویی دەبینین، کە زیندووەو لە جوڵەی بەردەوامدایە، مەڵبــەندو چـەقی جوڵـەو ژیانە لە هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا، بە شێوەیەکی زۆر سەیر دەجوڵێت. ئەمیبا لــە نـاو ئاودا مەلە ناکاتو ناشچێتە سەر رووی دڵۆپــە ئـاوێکو نـاو قووڵاییـەوە، بەڵکو بـە جۆرێك دەجوڵێت وەك ئەوەی برژێت یا لە بەری بڕوات. بەڵام سەبارەت بە لەشـی ئـەمیبا بریتییـە لە یەك پارچەی رووت لە (پرۆتۆپلازم)، و جیاوازی هەیە لە خانەی رووەکیی، بەوەی کە لە بەرگی دەرەوەیدا هیچ دیوارێکی رەق نیە، بەڵکو تەنیا پەردەیەکی ناسـکە لەشـی دەسـت نیشان ئەکات، هەرچەندێکیش ئەو پرۆتۆپلازمە بەرەو رووگەیەك لە رووگـەکان بجوڵێتـەوە، ئەوا ئەو بەرگە گوێڕایەڵی دەکات،و لەگەڵیدا بە هەمان ئاراستە دەجوڵێت.

ئا بەم جۆرە شێوەی گیانەوەرەکە دەگۆڕدرێت، هــەندێك زیـادەیی هەیـە کـە پـاش کەمێك شێوەکەی دەگۆڕێت، ئا بەم جۆرە گیانلەبەرەکە دەجوڵێت، پشت بـەو زیادەییانـە دەبەستێت کە وەکـو شـێوەی پــێ وایـە، هـەر بۆیـە بـە (گـەندە پــێ –الأقـدام الكاذبـة–) دەناسرێ‌ڕیشی تێدەچێ کە ئەو پەڕی هێزی مەزنی زەرەبینەکـە بـەکار بێنـی بۆ بینینـی زیادەی (سایتۆپلازم)ەکە، لە کاتی پاڵەپەستۆیی لەسـەر گـەندە پێکـان،و تـا بزانیـت کـە لەشی گیانەوەرەکە لە دوو چینی پێکهاتەی (پرۆتۆپلازما) ی جیاواز لە چڕیـدا پێك دێت. یەکێکیان پارچەیەکی تەنکی ئاوییە، کە هەمیشە لە جوڵەدایە، بەڵام ئـەوی تریـان شـێوەو

پارچەیەکی هولامی نا دەست نیشان کراوە، نیوە رەقە کە دەوری چینەکەی پێشووی داوە بە شێوەیەکی تەواو.

ئەمیبا چۆن دەجولێت؟ ئەو هۆکارانە چین دەبنە هۆی خۆراك پێدانی؟ هەر چەندە وەڵام بدەینەوە هێشتا هەر دەیمێنێت بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، زۆر هۆکار ئەبنە هۆی کارلێکردن لەسەر جوڵەی پێکهاتووەکانی ناو خانە (الجبلّة)، بەڵام هەموویان کارلێکی رووکەشی سادەن، کە ناتوانن ئەوەمان بۆ دەست نیشان بکەن بۆچی جوڵەی بەردەوامی زیندەوەرەکە کۆتایی پێ نایێ؟، تەنانەت کاتێکیش کە کاریگەری ئەم کارلێکانەش نامێنن!.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەلایەنی کەمەوە هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ خودی (جبلّة)کە، کەواتە مەحاڵە راڤەی دیاردەی ژیان وا بکەین کە تەنیا وەڵامدانەوەی هەندێك لە کارلێکە دەرەکییەکان بێ.

بەم بۆنەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کاتێك خانەیەکی زیندوو دەبێت بە دوو بەشەوە، بە رێگەی هەڵوەشاندنێکی پڕ وردەکاری، بە جۆرێکی وا کە ناوکەکە دەکەوێتە بەشێکیانەوە، نەك هەردوو بەش! جا ئەو بەشەی کە ناوکەکەی تیا نیە پاش کەمێك دەمرێت، گەر هەر چەندێکیش هەوڵ بدات بۆ لەناو نەچوونی، کەواتە بەم جۆرە دەردەکەوێ کە ناوکەکەیە هەڵدەستێت بە رێکخستنی کرداری زیندەگییەکان لە خانەکانداو زاڵ دەبێ بەسەریاندا، جا ئەگەر ئەم سەرپەرشتیکارییە نەما ئەوا ژیان رادەوەستێ.

هەر بەم جۆرەش لە خانەیەکدا کە ساکارترین گیانەوەر لە خۆ دەگرێت هێزو توانای پەروەردگار دەبینینەوە، وەك چۆن لە ئاڵۆزترین زیندەوەریشدا دەیبینەوە.

﴿أيشركون ما لا يخلق شيئا وهم يخلقون﴾الأعراف/١٩١.

واتە: ئایا ئەو شتانە ئەکەنە هاوبەشی خوا کە شتێ خەلق ناکەن و خۆیان بەدی هاتوون.

گەردوون بەدیهێنراوە نەك بەدیهێنەر، جا هەر کەسێك سیفەتی بەدیهێنان بداتە پاڵ گەردوون، یاخود سروشت، ئەوا بە شێوەیەکی نەزانانەو نەفامی هـاوەڵ بۆ پـەروەردگاری تاكو تەنیا دادەنێت.

جا دروست بوونی ژیان تەنیا بە پەروەردگار لێك دەدرێتـەوە، بوونـی جۆرەکـانو رەگـەزەکانیش هـەر بـە پـەروەردگار لێـك دەدرێتـەوە، هـەموو سەرسـامییەکیش لـە گیانـەوەراندا هەیـە هـەر بۆ پـەروەردگار دەگەڕێتـەوە، هـەر بەشـێکیش لەمانـە نیشـانەو بەڵگەیەکن لەسەر بوونی (اللَّهُ).

-٣-٤

مرۆڤو رەوشت

مرۆڤ گەورەترین دروست کـراوی (اللَّهُ)یـە بۆیـە بـە قەشـەنگترین بەدیـهاتووەکانی دادەنرێت، جا مرۆڤ هەر بەو رێژەیەی خوا دەناسـێت هـەر بـەوەندەش خـۆی دەناسـێت، چەندێکیش لە خـۆی بـێ ئاگا بێـت ئـەوا ئـەوەندەش لـە خـوا بـێ ئاگا دەبێـت، بۆیـە لـە حیکمەتێکدا هاتووە دەڵێت: (ئەوەی خۆی بناسێ، خواش دەناسێ) ئەمـەش راسـترین وتەیە کەوا ژیریی مرۆڤ دایڕشتووە.

گرنگترین شتیش لە مرۆڤدا بریتییە لە سیفەتە سەرەکییەکانی کە ناتوانین لێکیـان بدەینەوە، تەنیا بەوە نەبێت کە بڵێین بەشێکن لە فەرمانی خودا، وەك خورەوشتی مرۆڤ، سیفەتە سەرەکییەکانی مرۆڤ وەك: زانست، ئیرادە، تواناو هێز.

مادده خۆی ناناسێت هیچ شتێکیش جگە لـە خـۆی هۆشمـەند ناکـات، مـادده هیـچ هەڵبژاردنێکی لەبەردەما نیە، تواناو هێزیشـی زۆر سـنووردراوە، بـەڵام مـرۆڤ تێدەگـاتو ویستی هەیە بە پێی زانستەکەی خۆی، هێزەکەشی بە پـێی ئـەو توانایـەی کـە هەیـەتی دەیخاتە گەڕ، جـا ئامـادەگی مـرۆڤ بۆ زانست: دیاردەیەکـە لـە گـەورەترین دیاردەکـانی بوون، چونکە مرۆڤ بە تەنیا لە نێـوان ئـەو بەدیهاتووانـەی دەیـانبینین ئامـادەگی ئـەوەی

هەیە هەموو شتێك بزانێت، هەروەها كاری شیتەڵكاریو لێكدانو پێوانە كردنو هۆكارێتی دەزانیو پێیان هەڵدەستێت، كاری رەفز كردنو وەرگرتن ئەنجام ئـەدات، توانـای وێنـاندن (تصور)ی هەیە، دەتوانێ بیر بكاتەوەو تەنانەت شـتە نـەزانراوەكانیش لـە ژێـر رۆشـنایی شتە زانراوەكانەوە بناسێتەوە، هەروەها رێگەش بۆ ژیانی دەكێشێو دەتوانێ شارستانێتی بنیات بنێو هەروەها تێكیشی بدات.

لەگەڵ دیاردەی زانستدا دیاردەی دەربڕین دێت، كاتێك مرۆڤ لەم شتانە دەدوێت: هـەندێك جـار بـە رەوشـتو ئەدەبـەوە، هـەندێك جـاریش بـە وشـە، هـەندێك جـاریش بـە فەلسەفە، جارانێكیش بە لۆجیك، بـەبێ دەنگـی یـان بـە تووڕەیـی، بـە سـۆز یـا بـە بیـرو هزر.

زانستو ڕوونبێژیو ئاشكرایەتی مرۆڤ بەڵگەی راسـتەوخۆن لەسـەر بوونـی (ﷲ): ﴿الرحمن علم القرآن خلق الإنسان علمه البيان﴾الرحمن/١-٤.

واتە: (خودای دەهندە) بەخشـەر، قورئـانی فـێر كـرد، مرۆڤـی خـەلق كـرد، زمـانو قسەی بەو فێر كرد.

﴿إقرأ وربك الأكرم الذي علم بالقلم علم الإنسان ما لم يعلم﴾ العلق/٣-٥.

واتە: بخوێنە بە ناوی پەروەردگارت كـە (دنیـای) خولقـاندووە، مرۆڤـی لـە خوێنـی مەییو خولقاندو گوڕواندی، بخوێنە،و پەروەردگارت بەخشندە ترینە، خوایـێ كـە بـە هـۆی قەڵەمەوە فێركردنی سازدا، مرۆڤ لەوەی نەیدەزانی فێری كرد.

بەڵام مادده ویستی نیە، بەڵكو گەردن كەچی توانایە. ڕێو شـوێنی ئـەو توانایـەش گۆڕانی بەسەردا نایەتو جێگۆڕكێ ناكات. گەر ئاژەڵ ویستی هـەبێت ئـەوا ویسـتەكەی بـە شێوەیەكی غەریزییە لە سنوورێكی دیاری كراودا. سـنووری ژیـانو مـردن، سـنووری رزقو كرداری زۆربوون (السفاد)، ئەوا جگە لەمانە ئەوی تـری ئـاڵۆز ونـەزانراوە، تەنانـەت واتـای توانستیش نازانێت لەو شتەی كە دەیەوێت.

بەڵام مرۆڤ وزەو تواناو ئیرادەی هەیە، لە نێوان دوو شتی بەرانبەردا هەڵبژاردنی پێ دەکات، لەنێوان دوو شتی دژ یەکدا بەکرداری هەڵبژاردن هەڵدەستێت، قسەکردنی بە توانستی خۆیەوە پابەندە، جووڵاندنی بە توانا دەبێت.هەروەها کارکردنیشی، تەنیا مرۆڤە سەربەستی هەڵبژاردنی هەیە. بە جۆرێکی بێ وێنە لە نێوان هەموو بەشەکانی جیهانی هەست پێکراواندا. ئەگەر بیەوێت درۆ بکات درۆ دەکات، ئەگەر راستییش هەڵبژێرێت راست دەڵێت، وێرانکاری هەڵبژێرێ بەکاری وێرانکاری هەڵدەستێ، ئاوەدانیش هەڵبژێرێ ئەوا ئاوەدان دەکاتەوە، هێزێکی گەورەی لەویست تێدایە، هاوشانی وزەیەکی زۆر لەتوانا .

چەندێك مرۆڤ وزەی ئیرادەی پێ دراوە ئەمەندەش هێزێکی گەورەی پێ دراوە، ئەم هێزەش ئەوەیە کە ئەتوانێت شتەکان بۆ خۆی رام بکات.و سوود لە هەموو شتێك وەرگرێت. دەتوانێت زەوی بچێنێت ئەگەر هیچی لێ نەڕوابێت، و بەرهەم بدوورێتەوە ئەگەر زەوی چاندبێ، و دەتوانێ لە دووتوێی ئاو و با دا بڕوات.و گۆشتی باڵندەو ماسی بخوات، لە هەموو شتێك ئەوەی سوودی پێ ئەگەیەنێت دەری بێنێت، لە هەر شتەش چی زیانی پێ بگەیەنێت لێی دوور کەوێتەوە.

زانستی مرۆڤ.و ئیرادەی مرۆڤ.و هێزو تواناکەی بە شێوەیەکی بەرچاو لە ماددە جیای کردۆتەوە، چونکە ماددە ناتوانێ زانست.و درك کردن.و هێزو ویستی پێ ببەخشێ، بەڵکو تەنیا پەروەردگار دەتوانێ ئەمانە بە مرۆڤ ببەخشێ:

﴿وعلم آدم الأسماء كلها﴾ البقرة/٣١.

واتە: ئەوسا خوا هەموو ناوەکانی بە ئادەم فێر کرد.

﴿هو الذي خلق لكم مافي الأرض جميعاً﴾ البقرة/٢٩.

واتە: هەر ئەو خوایەشە کە ئەوەی لە زەویدایە بۆ ئێوەی بەدی هێناوە.

﴿هو أنشأكم من الأرض واستعمركم فيها﴾ هود/٦١.

واتە: ئەوە کە ئێوەی لە زەوی بەدیهێناو ئاوەدان کردنەوەی ئەوێی لە ئێوە ویستووە.

﴿وجعل لكم السمع والأبصار والأفئدة قليلاً ما تشكرون﴾ الملك/٢٣.

واتە: بڵێ: ئەو زاتێکە ئێوەی بەدیهێنا،و بۆ ئێوە گوێو چاوو دڵی داوە، بەڵام کەمتر شوکرانە بژێری دەکەن.

﴿ألم نجعل له عينين ولساناً وشفتين وهديناه النجدين﴾ البلد/٨-١٠.

واتە: ئایا دوو چاومان بۆی ساز نەداوەو زمانێکو دوو لێو؟و ئەوم بۆ (دوو ڕێگای) چاکەو خراپە ڕێنوێنی کرد.

بەڵام ڕەوشت ئەو هەستەیە کە ڕەفتاری لێ بەرهەم دێت، مەڵبەندو جێگای ئەم هەستانەش جیهانی دەروونە لای مرۆڤ، ئەو جیهانە تەواوەی تەنیا شوێنەوارەکەی دەزانین کە لە ناخمانەوە هەستی پێ دەکەین، هەندێك جاریش لە سەر ڕووپەڕی ڕوخسارمان خۆی دەنوێنێ، یاخود لەسەر دەستو زوبانمان خۆی وەدیار دەخات.

هەستەکانی بە زەیی‌و دڵڕەقی، لێبووردنو تۆڵە سەندنەوە، زەلیلیو عیززەت، دادو ستەم، ترسو دڵنیایی، جەنگو ئاشتی، توڕەییو ئارام، ترسنۆکیو ئازایەتی، خۆبەزل زانینو تەوازوع، توندیو نەرمی، ڕێپیشاندانو گومڕایی، گرتنەوەو بەخشین، بڵندیو نزمی، کۆبوونەوەو پەرتوبڵاوی، ڕقو خۆشەویستی، بوغزو کینە، کورهاندنو حەسەد، هەستی جوانیو دڵسۆزی بۆ خوی باوو ڕەوشتی بەرز، هەروەها ئەو هەستانەی شەپۆل ئەدەن بەسەر دەروونا وەکو شەپۆلەکانی دەریاوان.

ئەگەر خراپمان تووش بێ دەگرین، شادمان بین پێدەکەنین، خۆشەویستی دەردەبڕینو ڕقیشمان دەبێت، تکامان هەیەو بێ هیواش دەبین، ئەمانە کاری دەروونن کە ئاڵۆزترین بەشن لە مرۆڤدا، چونکە کۆبوونەوەی پرۆتۆنەکان یان ئەلکترۆنەکان هەست دروست ناکەن ﴿ويسألونك عن الروح قل الروح من أمر ربي﴾ الإسراء/٨٥.

واتە: و لە بابەت ڕۆحەوە لە تۆ دەپرسن، بڵێ: ڕۆح شتێکە تەنیا پەروەردگار لێی ئاگایە،و لە زانست مەگەر کەمێك نەبێ (لە بابەت ڕۆحەوە) بە ئێوە نەدراوە.

﴿ونفس وما سواها فألهمها فجورها وتقواها﴾ الشمس/٧-٨.

واتـە: و بـە نـەفس و ئـەو کەسـەی چاک و بـە تـەکوز ئـەوی سـازدا، جـا چاکـەو خراپەکەیشی پێ ئیلهام کردووە.

دەبێت مرۆڤ خۆی هەڵنەخەڵـەتێنێ و گـەر بـە قووڵـی بـیر بکاتـەوە، بەویژدانـەوە تەماشای دەروونی خۆی بکات -گەر زانـا بێـت یـاخود نـەفام!- چـی دەبینێـت؟. خـوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا مرۆڤ ئەدوێنێت:

﴿وفي الأرض آيات للموقنين وفي أنفسكم أفلا تبصرون﴾ الذاريات/٢٠-٢١.

واتە: و بۆ یەقین داران لە زەویـدا نیشـانەو پەندگـەلێ هەیـە،و لـە وجـودی خۆتـاندا (نیشانە هەیە)، ئایا نابینن (و بیر ناکەنەوە). کەواتە لە دەروونـدا زۆر نیشانەو بەڵگـە هـەن، کە هەموویان ئامازەی ئەوەمان بۆ دەکەن پەروەردگارو بەدیهێنەرەکەی (اللهﷻ)یە.

بوونی دەروون: خۆی لە خۆیدا نیشانەیە، هەموو سیفەتێکی خـێرو شـەریش تێیـدا هەر نیشانەن، جگە لەمەش: لە دەرووندا ئایەتانێکی تری تێدان بەڵگەن لەسەر ئەوەی لەم گەردوونەشدا چەندان شتی سەرسوڕهێنەری ناماددیشی تێدایە، مرۆڤ زۆر نزیک دەکاتەوە لە جیهانی ئەو دیوی ماددە. تەنویمی موگناتیسـی و دەرکردنـی گیـان (التلبـاثي)و زانینـی شت پێش ڕوودانی، هەروەها ڕووداوە وەرزشیەکانی ڕۆح کە خاوەنەکانی بێ چاوو تەماشا کردن شت دەبینن، ئەمانـە هـەموو ئـەوە دەردەخـەن کـە شـتانێك لـەم گەردوونـەدا هـەبن نامـاددی بـن، هـەروەها ڕووداوی خوێندنـەوەی بـیری مـرۆڤ و ئـەوەی خولیایـەتی ئـەوە دەردەخات کە مرۆڤ تەنیا ماددە نیە، بەڵکو کاتێ مرۆڤ دەمرێـت نـەک تـەنیا بەشـێك لـە بەشە ماددییەکانی پـەکی دەکـەوێت، بـەڵکو لەگـەڵ ئەمەشـدا مـرۆڤ شـتێکی تریشـی لـە دەسـت دەرئـەچێ، ئـەو شـتە بـزرەش بریتییـە لـە خـودی مرۆڤەکـە، و خاکەکـە بـۆ خـاك دەگەڕێتەوە.

لە کۆتاییدا: دروست بوونی ژیان بەڵگەیە لەسەر بوونی خوا، هەروەها ئاڵۆزییەکانی ژیانیش هـەر بەڵگـەن لەسـەر بوونـی (اللهﷻ)، جـۆراو جۆرێتـی زینـدەوەران بەڵگـەن لەسـەر بوونـی خـوا، هـەروەها شـوێن و مەڵبـەندی مـرۆڤ لـەم گەردوونـەدا بەهـەموو سـیفەتە بەرزەکانیەوە بەڵگەیـە لەسـەر (اللهﷻ)، لـە دەروونـی مرۆڤایەتیشـدا -چ ڕەوشـتی بـێ یـان

سەراسیمەییەکانی بێت- بەڵگەن لەسەر بوونی خودا، ئەمانە بەسن بۆ ئەوەی پەروەردگار بناسیت، ئەی چی دەبێت گەر لەگەڵ ئەمانەشدا سروش (وحی)یشـی لەگەڵدا بێت کە لە لایەن خواوە نێردراوەو موعجیزاتی وای تێدا بێت کەس لە توانایدا نەبێت؟ ئەی چی دەبێت لەگەل ئەمانەشدا پێغەمبەرانی راستگۆو باشخوازانو پارێزگارانی زیرەكو چاکەکار هەبن؟.

ئایا لە دوای ئەمانە بێ باوەڕان هیچ بەڵگەیەکیان بـە دەستەوە دەمێنێـت؟ تـەنیا بەڵگەی نەفامیو رێگای شوێن ئارەزوو کەوتن نەبێت؟ کە ئەبێتە هۆی بەدبـەختیو پاشـان دۆزەخ؛ نەفرەتی پەروەردگار لەسەر بێ باوەڕان بێت.

دیاردەی چوارەم

دیاردەی وەڵامدانەوە

لەم دیاردەیەدا هەر یەك لە ئێمە ئەزموونی تایبەتی خۆی سەبارەتی هەیە، هیچ یەکێك لە ئێمە نیە بە باوەڕدارو بێ باوەڕەوە لە ژیانیدا ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕ نەبووبێ لە نارەحەتیو ئازارو دوو دڵیدا نەبووبێت، ئەوساش بە دڵێکی شکاوو تکاو هیواوە رووی کردۆتە خواوەند. پاشان دەبینێت خەمەکەی دەڕەوێتەوەو ناڕەحەتییەکەی تەواو دەبێت، خوای گەورەش لە دوای تەنگیی فراوانی بۆ دەڕەخسێنێ، خۆشی لە دوای ناخۆشی دەهێنێت! . بەڵام دڵانێك دەمێنێتەوە بە سوپاسگوزاریو یادکاری پەروەردگارو بەتوێشووی باوەڕەوە، بەڵام هەندێکی تریان بە بێ ئاگاییو لە یاد چوویی دەمێنێتەوە بۆ ئەو کاتەی لە نارەحەتیدا بوون.

ئەوەی ئاشکراو روونە هەموو دەروونێك لە کاتی ناڕەحەتیدا پەنا دەباتە بەر خوای بەدیهێنەر، قورئانی پیرۆزیش لە زۆر جێگادا ئاماژەی بەم واتایە داوە،بۆ نموونە:

﴿قل أرأيتكم إن أتاكم عذاب الله أو أتتكم الساعة أغير الله تدعون إن كنتم صادقين، بل إياه تدعون فيكشف ما تدعون إليه إن شاء وتنسون ما تشركون ﴾ الإنعام/٤٠-٤١.

واتە: بڵێ: ئایا هیچ بیرتان کردۆتەوە کە ئەگەر عەزابی پەروەردگار بتانگاتێ یا رۆژی حەشر دابێ، ئایا بێجگە لە خوا هاوار بۆ کەسی تر ئەبەن؟! ئەگەر راست ئەڵێن، (نا)

بەڵکو تەنیا هاوار بۆ خوا ئەبەن‌و ئەو ئەگەر بیەوێ کەندو کۆسپێك کە لەبەر ئـەو هاوارتـان بۆ خوا بردووە لای ئەبا،و ئەوەی (وا ئـەمرێ) ئەیکەنـە هاوبـەش (بـۆ خـوا لـەو رۆژەدا) لـە بیری دەبەنەوە.

﴿وإذا مس الإنسان الضر دعانا لجنبه أو قاعدا أو قائما فلما كشفنا عنه ضره مر كأن لم يدعنا إلى ضر مسه كذلك زين للمسرفين ما كانوا يعملون﴾ يونس/١٢.

واتـە: و کاتـێ کـە بـە ئینسـان زیـان (و نارەحەتییـەك) دەگـا، لـە حـاڵێکدا کـە بـە تەنیشتەوە خەوتووە یا دانیشتووە یا راوەستاوە، ئێمە بانگ دەکـا، جـا کاتـێ نارەحـەتی ئەومان لابرد بە جۆرێکی وا دەڕوا وەك ئەوە کە (مێش نەیگەستووەو) قەت (بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی ژیانی) هاواری بۆ ئێمە نەهێنابێ، ئا بەم جۆرە بۆ زیـادەڕۆیـان کردەوەیـان رازاوەتەوە.

﴿وإذا مسكم الضر في البحر ضل من تدعون إلا إياه فلما نجاكم إلى البر أعرضتـــــم وكان الإنسان كفوراً﴾الإسراء/٦٧.

واتە: و هەر کاتێ لە دەریادا توشی کەندو کۆسپ ببن بێجگە لە خوا هەموو ئەوانەی کەهاواری بۆ دەبەن لە بیرتان دەچێتەوە، جا کاتێ رزگارتان دەکاو دەتانباتـە (وشـکایی) بەژ، مل دەسوڕێنن،و مرۆڤ (هەمیشە) ناسوپاس بووە.

﴿هو الذي يسيركم في البر والبحر حتى إذا كنتم في الفلك وجرين بهم بريح طيبـــة وفرحوا بها جاءتها ريح عاصف وجاءهم الموج من كل مكان وظنوا أنهم أحيط بهم دعــوا الله مخلصين له الدين لئن أنجيتنا من هذه لنكونن من الشاكرين، فلما أنجاهم إذا هـــم يبغــون في الأرض بغير الحق﴾ يونس/٢٢-٢٣.

واتە: ئەو کەسێکە لە بەژ(وشکایی)و دەریادا ئێوە دەگێڕێ تا لە گـەمی(کەشـتی)دا ئارام بگرن‌و بای موافیق ئەوانە (بەرەو مەقصەد) دەباو شاد ئەبن، لـە ناکـاو بـاو تۆفێکـی سەخت دێ‌و شەپۆلیش لە هەر لایەکەوە بۆیـان دێ‌و گومـان دەکـەن کـە تیـا دەچـن، لـەو دەمەدا پڕ بە دڵ لە رووی برواوە هاوار بۆ خوا ئەبەن کە بەڕاستی ئەگـەر رزگارمـان بکـەی

بە هەقیقەت لە شوکر بژێران دەبین، جا کاتێ ئــەوانی رزگـار کـرد دووبـارە لـە زەویدا بـێ ئەوەی مافیان هەبێ ستەم ئەکەن.

﴿قل من ينجيكم من ظلمات البر والبحر تدعونه تضرعا وخفية لئن أنجانا من هــــذه لنكونن من الشاكرين، قل الله ينجيكم منـــها ومــن كــل كــرب ثم أنتــم تشــركون﴾ الأنعام/٦٣،٦٤.

واتە: بڵێ: چ کەسێ ئێوە لە تاریکایی بەژو زەریا رزگار دەکا؟ هاوار لە خوا دەکەن بە ئاشکراو بە نهێنی کە ئەگەر ئێمە لەم مەترسییە رزگار بکـەی لـە سوپاسـکاران دەبـین، بڵێ: خوا ئێوە لەوەو لە هەر غەمو خەفەتێك رزگار دەکات، (کەچی) لـە دوایشـدا هاوبـەش بۆ خوا دائەنێن.

سوننەتی پەوەردگاریش بە جۆرێکە کە وەڵامی نارەحەتیو پەرێشانان دەداتەوە، ئەگەر هەرچییەك بێت! تەنانەت بێ باوەڕیش بێت بە مانـای زاراوە مـادام رووی کردۆتـەوە پەروەردگار.

﴿أمن يجيب المضطر إذا دعاه ويكشف السوء﴾ النمل/٦٢.

واتە: یا کەسێ کە وەڵامی هەژاران ئەداتەوە، کاتێ هاواری بۆ بەرێ کەندو کۆسـپی بۆ لادەبا.

ئەو کەسانەی لەم بارەوە بەسەرهاتی خۆیان گێڕاوەتــەوە نایەتـە هـەژماردن، هیچ مرۆڤێك نیە لەم بارەیەوە چیرۆكو بەسەر هاتی نەبێت، منو تۆو ئەو ..... وا لـێرەدا چـەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو لەو هەزاران نموونانەی روویانداوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی مرۆڤ بە تەنیا ناژی، خوا سەرپەرشتی دەکات، ئەگەر مرۆڤەکە ئەهل بێت بۆ سەرپەرشـتی کـردن، یاخود دەگاتە فریای گەر بە دڵێکـی پـەرۆش داوای لێبکـات، دەیداتـەوە دەسـت دەروونـی خـۆی، چـەندێك ئـەوەش زیانمەندییە کەسێك خـوا بیداتــە دەسـت خـۆی؟ لـە هـەموو حاڵەتەکانیشـدا سەرپەرشـتییەکی چاوەڕوان نـەکراو دەبینینـەوە یـان وەڵام دانەوەیـەکی نائاسـایی، مرۆڤیـش لـەم حاڵەتانـەدا ئامــاژەی شـوێنەواری هـێزو توانـای (ﷲ)و وەڵام

دانەوەی هەست پێ دەکات، لە هەموو رووداوێکی لەم جۆرانە بەڵگەمان لەسەر بوونی خـوا زیاتر لا گەڵاڵە دەبێت.. ئەمانەش کە باسیان دەکەین پەیوەندییان بەم باسەوە هەیە:-

١- گۆڤاری المختار (ریدر دایجست) لە ژمارەی ئۆکتۆبـەری سـاڵی ١٩٤٤دا لـە ژێـر ناونیشانی (ئایا بڕوات بە نوێژو پاڕانەوە هەیە) ئەم رووداوەی گێڕاوەتەوە:

(ئەمڕۆ لێشاوی ئەم بەڵگانە بە رووماندا دێن کە لە هەموو بوارەکانەوە پلەو توانـای پاڕانەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، شتێکی سەیریش نیە مرۆڤ لـە کـاتی تەنگانـەو پێویستیدا پەنا بۆ هێزێکی دەرەکی ببـات، بـەڵام تاکـە شـتێکی سـەرنج راکێـشو خـۆش ئەوەیـە کـە بزانین چۆن سەربازو دەریاوانو فڕۆکەوانەکان دەپاڕێنەوە، وەك ئـەوەی کـە (لنکۆڵـن) لـە تاڵـترین رۆژەکـانی جـەنگی نـاوخۆدا بەسـەری داهـاتووە کـە دەڵـێ: " بـەبێ کۆمـەکی پەروەردگار کە هەمیشە لەگەڵمدایـە نـاتوانم سـەر بکـەوم، بـەو کۆمەکییـەش مەحاڵـە ژێـر بکەوم".

هیچ بوونەوەرێك لەسـەر زەویـدا نیـە گـەر لـەژێر سـایەی تاسـەی گیـانیدا، یـاخود هەستێکی ناوەکی شاردراوەدا نەژی،بەوەی کە بزانێت هێزێك هەیـەو ئـەمیش بـە فیطـرەی رووی تێ دەکاو پەنای بۆ دەبات.

ئەمە لەو بەسەرهاتەدا دەبینینەوە کە ماجور (ألن لیندبرج) کـە خـەڵکی ویلایـەتی نیوجێرسیو شاری ویست فیلد بوو لێی روودا بـوو، کـاتێك پێشـەوایەتی لایـەکی فڕۆکـەی دەکـرد لـە دابـەزین بـۆ نـاو ئـاودا کـاتێك بـەرەو ئوسـترالیا دەچـوو، وا دەزانـرا ئـەوو نـۆ نەفەرەکەی هاوەڵی بزر بوون. لەم بارەوە ماجور دەڵێ:

توانیمان بە دوو چوپی بەلەمی لاستیك رزگـار بـینو هێنـدەی نـەمابوو لـەناو چـین، تەنانەت لەتێ نانو دڵۆپێ ئاویشمان پێ نەبوو، سەرنشینەکان هەموو لە دڵەڕاوکێدا بوون، تەنیا (ألبرت هرناندس)ی سەرباز نەبێت! کە تۆپەوانی پشتەوەی فڕۆکەکـە بـوو، یەکسـەر دەستی کرد بە دوعاو پاڕانەوەو دڵێ ئێمەی دایەوە وەك ئەوەی بزانێـت کـە خـوای گـەورە پاڕانەوەکەی بیستووەو دێتە هانامان، لە ژێـر ئـەو خـۆرە بەتینـەدا مانیـەوەو لێوەکانمـان

وشك بوو بووە زمانمان دەرهاتبوو، بۆیە دەستەوسان بوون لە هاوكاری كردنەكەی (هەرناندس) لە زیكرو تەسبیحاتدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەپاڕانەوە، دوای سێ رۆژو پێش هاتنی شەو، شێوەی دوورگەیەكی بچووكیان هاتە پێش چاو، پاش كەمێك شتێكیان بینی كە نەدەهات بە خەیاڵیاندا، ئەویش سێ بەلەم بوون كە سەر نشینەكانی زەلامی رووتوقووت بوون، پاشان بۆیان دەركەوت كە ئەم رزگاركەرانەیان خەڵكی راستەقینەی ئوستراليا بوون، راوچی رەشپێستی قژ بژو ئاڵۆسكاو بوون، لە شارەكەیانەوە سەدان میلیان بڕیبوو، گوتیان بە پاڵنەرێكی زۆر سەیر رێڕەوی خۆیان گۆڕیبوو، و بەلەمەكانی خۆیان هێنابوو بۆ ئەو كەنارە مەرجانییانەی هیچ دانیشتوانێكیان تێدا نەبوو، لەوێ (ليندبرج)و هاوڕێكانیان بینیەوە.

٢- رادیۆی دیمەشق لە ١٩٦٥/١/١٠ كاتژمێر ٢,٤٥ خولەكی پاش نیوەڕۆ هەواڵێكی خوێندەوە كە لە گۆڤاری (الأبحاث الطبية)ی ئینگلیزیەوە دەرچوو بوو، ئەم رووداوە لەم گۆڤارەدا بڵاو بوبۆوە بە ئیمزای ئەو پزیشكەی رووداوەكەی بینی بوو، بەسەرهاتەكەش ئەوەیە: گەنجێك بە درێژایی ١٣ ساڵ بە نەخۆشییەكی كوشندەوە دەیناڵاند،و لای هیچ پزیشكێك چارەسەری دەست نەدەكەوت، دوا پزیشك كە چووە لای، ئەم پزیشكەیە كە بەسەرهاتەكە دەگێڕێتەوە، دوای ئەوەی كە فەحسی كرد هیچ هیوایەكی لە چارەسەر كردنیدا نەبینیەوە، لەم كاتەدا نەخۆشەكە بە شێوەزارێكی بێ هیواییەوە لێی پرسی: هیچ هیوایەكم لەبەردەمدا نیە دكتۆر؟.

پزیشكەكەش گوتی: تەنیا یەك هیوا هەیە ئەویش لە ئاسمانە، هەوڵ بدە تاقی بكەرەوە، ئایە دەزانیت نوێژ بكەیت؟

یەكەمجار بوو ئەم نەخۆشە بپاڕێتەوە دوای ئەوەی بە درێژایی ١٣ ساڵ نەخۆش بوو، دوای هەفتەیەك پزیشكەكە سەردانی كرد، بینی نەخۆشەكە چاك بۆتەوە، كە هیچ پزیشكێك نەیتوانی چارەسەری بكات.

٣- لاوێکی میسری بۆی گێڕاینەوە، لەوانـەی بەشداری بـەرەنگاری نـهێنی قـەناتی سوێسی کردبوو لە سـاڵانی ١٩٥١-١٩٥٤دا: کـە سێ کـەس بـوون ویستیان بچن هێڵێکی ئاسن لە شوێنێکی لەبەرچاودا بتەقێننەوە ، شەوێکی مانگەشـەو بوو، ئاسمان سـایەقە بـوو، زەوییەکـەش بیابان بـوو، لـە دوورەوە هـەموو جوڵەیـەکێ دیار بـوو، ئەمـەش ئەبووە هۆی تیر بارانکردنیان لە لایەن دوژمنانـەوەو شوێن کـەوتنیان! ، یـەکێك لـەو سێ کەسە لە کاتی ڕۆیشتندا گوتی: ئەی پەروەردگارا هیچ هەورێك بەرووی ئاسمانەوە نیە!... هێندەی پێنەچوو پەڵە هەورێکیان بینی بەری مانگی گرت، دنیا تاریك بوو، ئەمـەش بـووە هۆی یارمەتی دانیان بۆ ئەنجامدانی کارەکەیاندا.

ڕەنگە هەمووش ئەوەمان بیستبێت کە کاتێك هێرشە سێ قۆڵییەکە بۆ سـەر میسر دەستی پێ کرد، ئاگر لە بۆر سەعید کەوتەوەو خەڵك زۆر تەنگـەتاو بـوون، بەدڵسۆزییەوە لە خوا دەپاڕانەوە، ئیدی باران باریو هەر لەو ڕۆژەدا ئاگرەکانی کوژاندەوە.

٤- خەڵکی لە هەموو لایەکەوە دەدوێن، هیچ موسـوڵمانێکیش نیـە گـەر ئـەزموونی تایبـەتی لـەم بـوارەدا نـەبێت. کـاتێك ڕێگـەی لەبـەردەمدا تەسك بۆتـەوە بـە شـێوەیەکی پەرێشان پەنا دەباتە بەر پەروەردگار، ئێدی وەڵام وەردەگرێتەوەو ڕزگار بوون دێتـە دی. دیارترین واتاش لەم ڕووەدا بەسەرهاتی باران نەبارینە، کاتێك موسـڵمانان دووچـاری وشك هـەڵاتن دێن، لـەم بارەیەشـدا ئـادابی تایبـەتی هەیـە، لەوانـە: تـەوبە کـردن، نوێـژ کـردن، پاڕانەوە. لـە سـەردەمی پێغەمبەریشـەوە ﷺ موسـڵمانان لـەو سەراسـیمەیە دەدوێن کـە ڕووی داوە، هـەروەها لـەبارەی کەسـانێکەوە کـە پاڕانـەوەکانیان وەڵام دراوەتـەوە، کەسێکیش بەدوادا چوونی ئەم ڕووداوەی هەبێت بۆی دەردەکەوێت کە ڕاستەو بـەرەنگاری وردترین پێوانەی ڕەخنەی مێژووش دەبێتەوە.

دیاردەی وەڵام دانـەوە دیاردەیەکـە هەمیشـە دووبـارە دەبێتـەوە، هـەچ کـاتێك مەرجەکانی بێنە دی، ئەمەش بە شێوەیەکی بڕاوەو یەکلا کەرەوە بەڵگەیـە لەسـەر بوونـی زاتێکی پایە بەرزو بڵند ، کە هاوارو دادو ناڵەی بـانگخوازانو پەرێشـانان دەبیسـتێ، گـەر

بیەوێ وەڵامیان دەداتەوە، هەر چۆنێك بێت و لـە هـەر كوێیـەك بێـت، گـەر موسـڵمان بێـت یاخود بێ باوەڕ. هەموو كاتێك پەروەردگار وەڵامی موسـڵمان دەداتـەوە گـەر مەرجەكانی پاڕانەوەی تیا بێتە دی، وەڵام دانەوەش نیشانەی خێرە بۆ موسڵمان، هیچ شتێكیش لەمە خێر تر نیە بۆی ﴿وإذا سألك عبادي عني فإني قريب أجيب دعـــوة الداعِ إذا دعـــانِ فليستجيبوا لي وليؤمنوا بي لعلهم يرشدون﴾ البقرة/١٨٦.

واتە: كاتێ بەندەكانم لە بارەی منەوە لە تۆ پرسیار ئەكەن (بڵێ كـە) مـن نـێزیكم، پاڕانـەوەی دوعـا كـەران لـە كاتـێ بـانگم بكـەن، وەڵام ئەدەمــەوە، جـا ئـەبێ ئـەوانیش دەعوەت و فەرمانەكانم وەڵام بدەنەوەو بڕوام پێ بێنن، بەڵكو ڕێ پەیا بكەن.

﴿وقال ربكم ادعوني أستجب لكم﴾ المؤمن/٦٠.

واتە: و پەروەردگارتان وتی: بانگم بكەن تا وەڵامتان بدەمەوە.

گوێ رایەڵی پەروەردگار بكە پەروەردگاریش وەڵامی پاڕانەوەكانت بداتەوە.

كەسێك بیەوێت زیاتر ئەم باسە تاو توێ بكات ئەوا با كتێـبی (الفـرج بعـد الشـدة)ی قاضی التنوخی بخوێنێتەوە.

ئەمە بەسە لەمبارەیەوە، ئێمەش لێرەدا بە كورتی بڕاندومانەتـەوە بـە هـۆی زۆری ڕووداوو دەركەوتنیانەوە، هەروەها چونكە لە دووەم بەشی ئەم زنجیرەیەدا (الرسـول) ﷺ نموونەی زۆری تێدایە.

دیاردەی پێنجەم

دیاردەی ڕێپیشاندان

ئێمە کاتێك لە گەردوون دەکۆڵینەوە هەست بەڕێپیشاندانێکی تەواو دەکەین، لە بچووکترین گەردەوە تا گەورەترین تەنەکانی، لە ساکارترین شێوەیەوە تا ئاڵۆزترینیان، ئەی چۆن شیتەڵی ئەم ڕێپیشاندانە بکەین و لێکی بدەینەوە؟ چۆن بەرپا بووە؟ چۆن بەردەوام ئەبێ؟ چۆن چەسپاوەو ماوەتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارانەوە ژێری تەنیا یەك وەڵامی هەیە بیداتەوە، ئەویش بوونی زاتێکی ڕێپیشاندەرە.

١- چ کاتێك ماری ئاوی گەشەی خۆی تەواو کرد، لە هەموو کانیو ڕووبارەکانەوە بۆ ماوەی هەزاران میل ڕێ دەبڕن بەرەو ئۆقیانووسەکان، بە مەبەستی گەیشتن بە قووڵاییە سەختەکانی باشووری (بەرمۆدا)، چونکە لەو شوێنەدا سەرجەم مارە ئاوییەکانی جیهان کۆ دەبنەوە، لەوێش هێلکە دەکەنو دەمرن، بەڵام مارە گچکەکان کە هیچ هۆکارێك نابیننەوە تا شتەکانی پێ بناسنەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە ئاوی کەمدایەو بە دوای خۆیدا ئەگەڕێتەوە، تا ڕێگەی ئەو کەنارە دەدۆزێتەوە کە دایکەکانی لێوە هاتووە،

لەوێشەوە بۆ ڕووبارو دەریاو کانیە بچووکەکان. بۆیە هەموو جێیەکی ئاوەکان مار ماسی تێدایە، کەچی هەرگیز ئەوە ڕووی نەداوە مار ماسی ئەمەریکی لە ئاوی ئەورووپیدا ڕاو بکرێو بە پێچەوانەشەوە.

٢- زەردەواڵە ڕاوی وشترالووک (کوللەی گەورە) دەکات، بە دەرزییەکەی لە شوێنی لەشی دەداتو بێهۆشی دەکات بەڵام هەر بە زیندوویتی دەمێنێتەوە، وەك جۆرە گۆشتێکی پارێزراو، بەڕادەیەکیش ژەهری تێ ناکات کە بیکوژێت، یاخود ببێتە هۆی ژەهراوی بوونی گۆشتی بێچووەکانی کاتێك لە گۆشتەکەی دەخۆن، هێندەشی ژەهر تێ ناکات کە بێهۆشی نەکاتو هیچ کاری لێنەکاتو هەڵبێت، پاشان چاڵێکی لە زەوی بۆ هەڵدەکەنێت، ئیدی مێینەی زەردەواڵە دێتو گەراکەی خۆی لە شوێنێکی گونجاودا دادەنێت، پاشان چاڵەکە دادەپۆشێتەوە ئیدی بە بێ باکی بەجێی دێڵێت، دوای ئەوەی کە دڵنیا بوو هۆکاری ژیانی بۆ بێچووەکانی فەراهەم هێناوە بۆخۆی دەمرێت، بێچووەکانیش بچووکن ناتوانن بجوڵێن. بێگومان زەردەواڵە هەر لەسەرەتای یەکەم ڕۆژی دروست بوونیەوە بەم کارە هەستاوەو ئێستاش هەر لەسەری بەردەوامە، گەر وا نەبووایە هیچ زەردەواڵەیەك لەسەر ڕووی زەویدا نەدەمایەوە.

٣- لە ویلایەتی نیو ئینگلاند جۆرە کوللەیەکی لێیە کە تەمەنی دەگاتە ١٧ ساڵ، پاش ئەم ماوەیە ژێر زەوی جێ دێڵێ لە کاتێکا لە قوڵایی تاریکییەکانیدا ژیاوە، لەگەڵ گۆڕانێکی کەم لە پلەی گەرمادا، بۆیە بە مەلایینیان لێ دەردەکەوێ دوای ٢٤/مایۆ/ی ساڵی حەڤدەهەمین، ئەم دەرکەوتنەش بەم وردەکارییە لەو ڕۆژە دیاری کراوەدا بە ڕێپیشاندانێکە کە مرۆڤ لێی حاڵی نابێت گەر "ڕۆژمێر" بەکار نەهێنێت.

٤- زانایەکی ئەمریکی ویستی هێلکە بتروکێنێ بێ پەروەردەی مریشکەکەی، بەشێوەیەك کە هێلکەکە لە هەمان پلەی گەرمادا دابنێ کە مریشکەکە دەیبەخشێت بە هێلکە بۆ هەڵهێنان، کاتێك هێلکەکانی کۆکردەوە بۆ خستنە ناو ئامێری هەڵهێنانەوە، جوتیارێك ئامۆژگاری کرد کە هێلکەکانی ئەم دیوو ئەودیو پێ بکات چونکە مریشك وا

دەکات، زاناکە گاڵتــەی بــەم قسـەیە هـات، بۆشـی ڕوون کـردەوە کـە مەبەسـتی مریشـەکە لەمەدا ئەوەیە گەرمایی ببەخشێ بـە بەشـی ژێـرەوەی هێلکەکـە، کـە لـە گـەرمایی لەشـی مریشکەکە بێبەش بووە، بەڵام زاناکە سوور بوو لەسەر ئـەوەی هێلکەکـە بـە شـێوەیەکی چەسپاو دابنێت و گەرماییەکە بە شێوەیەکی چەسپاو بە هێلکەکە ببەخشێت.

زاناکە بەم کـارەوە خـەریك بـوو تـا کـاتی هەڵهێنان تێپەڕی و هیچ هێلکەیـەکیش هەڵنەهات، بۆ جارێکی دی تاقی کردنەوەکەی بە ئەنجام گـەیاندەوەو ئـەمجارە بـە قسـەی جوتیارەکەی کرد، یان با بڵێین لاسایی مریشـکەکەی کـردەوە، بۆیـە لـە کـاتی هەڵهێناندا هێلکەکانی ئەم دیوو ئەودیو پێ دەکردو بەم جـۆرە لـە کـاتی هـاتنی کـاتی دیـاری کـراودا جوچکەکان سـەریان هەڵهێنا، دوا لێکدانـەوەو شـیکاری زانسـتییانەش بـۆ هەڵگێڕانـەوەی هێلکەکان ئەوەیە کە کاتێك جوچکەکە لەهێلکەکەدا دەخولقێت مـاددە خۆراکییـەکانی لـە بەشی خوارووی لەشیدا دەمێنێتەوە ئەگـەر گـەدەی نـەجوڵێنرێت، بۆیـە دەبینـین مریشـك تەنیا لە یەکەم ڕۆژو دوا ڕۆژدا هێلکەکە ئەم دیوو ئەودیو پێ ناکات.

بەم جۆرەو ئا بەم ڕێپیشاندانە تەواوە بۆ کرداری مانەوەی ڕەگەز، تووی مریشك لە جیهاندا نافەوتێت، چونکە بە تەواوی دەزانێت کە پێویستە چی بکـات. ئەمـەش بێگومـان؛ دەبێت یەکەم مریشك بەم کارە هەستابێت تا ڕەگەزی مریشك گەیشتۆتە ڕۆژی ئەمڕۆ.

٥- ئـاژەڵی (ئیکسـیۆکۆپ) بـە تـەنیا لـەوەرزی بـەهاردا دەژی و کـاتێکیش هێلکـە دائەنێت بۆ خۆی دەمرێت، ئیدی دایکەکان بێچووەکانیان نـابینن تـا لـە خـۆراك پێدانیـاندا یارمەتیان بدەن یاخود لە بەرگری لێکردنیاندا یارمەتییان بدەن، بێچووەکانیش بۆ مـاوەی یەك ساڵ ناتوانن خواردن دەست خەن، بۆیە دایکەکە پەنا دەباتە بەر پارچـە تەختەیەك و چاڵێکی لاکێشـەیی تیـا دروسـت دەکـات، پاشـان هـەندێك لقـی گـوڵ و گـەڵای شـەکریی دەهێنێـت و سـەری چاڵەکـەی پـێ دەگرێـت، پاشـان هێلکـە دەکـات و تـۆزی تەختەکـە دەهێنێت و دەیکاتە هەویرو ئەیدا لە سەقفی چاڵەکەو پاشان چاڵێکی تر دروسـت دەکـات،

بۆیە کـاتێك هێلکەکـە دەتروکێـت ئـەو کرمانـەی کـە هـەڵدێن بـۆ مـاوەی یـەك سـاڵ تـێری بێچووەکان دەکات.

٦- ڕەگی دارخورما ڕەگـەزە خۆراکییـەکان بـە هـۆی موولولـەی ڕیشـەییەوە لـەناو خاکدا دەمژن، ئیدی خۆراکاوەکان بە پاڵەپەستۆی موولولەیی (ئەزمۆزی) بـەرەو سـەرەوە دەچێت، ڕەگی دارخورماکە بەمـە پتـەو دەبێـت، بـەڵام پاڵفتەکـە بـۆ بەشـەکانی سـەرەوە دەچێت تا لەوێ خۆراکیان پێ بـدات، خۆراکـە شـلە پوختەکـە بـەرووبوومی لێ پێك دێت. (قمع البلحة)ش ئەو جێگەیە لە خورمادا کـە بـە ئـەرکی پاڵفتـەکردن هەڵدەستێتو ڕێ بـە مادده خۆراکییـەکان ئـەدات بچنـە بەشـەکانی نـاوەوەو بەمـەش توێکڵـی شـیرینی خورماو ناوکە تاڵەکـەی پێـك دێـت، ئـا بـەم جـۆرە لـەو خۆراکـە پارچـەی نـەرمی خورمـاو شێوەی ڕەقی ناوکەکـەی دەخولقـێ، لـەنێوان پارچـە شـیرینو تـاڵو ڕەقو نەرمەکانیشـدا بەرگێکی تەنك هەیە کە بە چاو نابینرێت. هەرگیز ئەو حاڵەتەش ڕووی نەداوە دارخورمایەك ئەو ڕێیەی لێ تێك بچێت، بە جۆرێك ناوکی خورماکە لە دەرەوە پێك بـهێنێو پێشەکەشـی لە ناوەوە، یاخود پێشەکەی ڕەق بێتو ناوکەکەشی نەرم!..

٧- ئاژەڵی مەنەوی لە جوڵەدا بە تۆپارە دەکـات، سـەرێکی ڕووتـی هەیـەو ملێکـی کورتو کلکێکی درێژ، بە هۆی چەماوەیی کلکییەوە دەجولێت، بە جۆرێـك هـێزی بـەرگری هەیە، لە کەشو شوێنی ناگونجاودا ژیـانی تێـدا دەوەسـتێو دیـاردەی چـالاکی نـابینرێت، کاتێکیش دەووبەرێکی گونجاو هەست پێ بکات زیندەگیو چالاکییەکانی بۆ دەگەڕێتەوەو چەند ڕۆژێك بەردەوام ئەبێت لە ژیانو لە چاوەڕوانی ئەو هێلکەیـەدا دەبـێ کـە هێلکـەدانی مێینە دەری دەکات -ئەمەش بە ئامێری زاووزێ دەژمێردرێ- تا بیگرێتەخۆو گەشەی پـێ بکات، ئەمەش بە ڕێپیشاندانێکی کەم وێنە دێتە دی، چونکە هیـچ توانایـەکی -کیمیـاویو زیندەگیو ژیری وئیدراکی- تێدا نیە تـا ڕێپیشـاندانی ئـاژەڵی مەنـەوی بـدات بـۆ هێلکـەی مێینە.

٨- لە کرداری شیر پێداندا هەموو شتێكْ بەڕێپیشاندان دێتە دی.

ئەو ڕژێنانەی شیر دروست دەکەن لە کاتی سك پڕیدا بەجۆرێك گەشە دەکەن کە بەهۆی ئەو ماددانەوە دەبێت کە هەردوو هێلکەدان دەری دەدەن، لە کۆتایی سك پڕیو سەرەتای منداڵ بووندا، ئەم ڕژێنانە لە ڕژێنی (النخامیة) فرمان وەردەگرن کە لە قاعیدەی جومجومە دایەو فرمان بە دروست کردنی شیر دەکات، کاتێکیش منداڵ لە دایك دەبێ بە شێوەی ڕێپیشاندانێکی بێ سنوور بە شوێن مەمکی دایکیدا دەگەڕێ، کرداری شیر خواردنیش زۆر گرانە، پێویستی بە کشانی یەك لە دوای یەکی ماسولکەکانی دەمو چاوی کۆرپەلە هەیە، هەروەها زمانو گەرووشی، زارۆکیش بەهۆی ڕێپیشاندانەوە بەهەموو ئەم کارانە هەڵدەستێت لە یەکەم کاتژمێری شیر خواردنیەوە تا کاتی دەرچوونی لە شیر خواردن، تەنانەت گوتوویانە: پیاویش ناتوانێ بەو جۆرە شیر بخواتو لاسایی کۆرپەلە بکاتەوە کەتەمەنی لە چەند سەعاتێك تێپەڕی نەکردووە !.

مەبەست لەم نموونانە: سەرنج ڕاکێشان بوو بۆ دیاردەی ڕێپیشاندان، کاتێکیش ژیری هۆشیار بێتەوەو بە قوڵی لە بوون بکۆڵێتەوە ئەوا ئەم دیاردەیە لە هەموو شتێکدا دەبینێتەوە، ئەم دیاردەیەش هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی کاروباری گەردوون هەر لە ئەلەکترۆنی ناو گەردەوە تا گەردەکەو تا سەرجەم ڕەگەزەکانی پێکهاتەی ژیانو زەویو خۆرەکانو مەجەڕەکان بە هەموو گۆڕانکاریو ڕووداوەکانییانەوە، لە هەموو شانەیەکی لەشی گیانەوەرانەوە تا هەموو ئەندامەکانی لەشی و، لە هەموو گیانەوەرێکی یەك شانەوە تا دەگاتە هەنگو مرۆڤ...

:﴿قال ربنا الذي أعطى كل شيء خلقه ثم هدى﴾ طه/٥٠.

واتە: وتی: پەروەردگاری ئێمە کەسێکە کەبەهەر بونەوەرێك ئەوەی پێداویستی بەدیهێنانیەتی، پێی داوە ئەوسا ڕێنوێنیشی کردووە.

ئەمە وتەی قورئانەو ئەوەش وتەی ژیریی، هەروەها ئەوەش وتەی زانستە، ڕێپیشاندان بێ بوونی ڕێپیشاندەر نەژیریو نەزانست دانی پیا نانێت.

ناوی ڕێپیشاندەر (الهادي)ی پەروەردگار لە هەموو شتێکدا ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بێ باوەڕان گومڕا بوون و دڵی خۆشیان گومڕا کردووە، ئەوانیش لەناو گومڕاییەکەیاندا ڕێپیشاندراون بۆ ڕێگەی گومڕایی و لاڕێ بوون، چونکە مرۆڤ بەو تواناو هەڵبژاردنەی پێی دراوە، هەروەها بەو تاقیکردنەوانەی لەم ژیانەدا هاتوونەتە ڕێی کە لە شوێنەواری ئەم توانایەوە سەرچاوەی گرتووە، بە شێوەیەك پێکهاتووە: کە ناوی (الهادي) پەروەردگاری بە جۆرێك تیادا ڕەنگی داوەتەوە کە لەگەڵ ئەم سەربەستی توانایەیدا بگونجێ بۆ ئەم تاقی کردنەوەیە.

﴿ونفس وما سواها، فألهمها فجورها وتقواها، قد أفلح من زكاها، وقد خاب من دساها﴾ الشمس/٧-١٠.

واتە: و بە نەفس و ئەو کەسەی چاك و بە تەکوز ئەوی سازدا جا چاکەو خراپەکەیشی پێ ئیلهام کردووە، بە هەقیقەت هەر کەس نەفسی پاك کردەوە ڕزگاری دەبێ، و هەر کەس نەفسی خۆی بە گوناه ئالودە کرد، بێ هیوا و بێ بەش بوو.

﴿وأما من خاف مقام ربه ونهى النفس عن الهوى، فإن الجنة هي المأوى﴾ النازعات/٤٠-٤١.

واتە: و بەڵام هەر کەس کە لە گەورەیی پەروەردگاری ترساوە و نەفسی خۆی لە هەواو هەوەس گێڕاوەتەوە جا بەڕاستی بەهەشت جێیەتی.

بێ باوەڕان لە مێژەوە بانگەواز کردن بۆ لای (ﷲ)ﷻ پەروەردگارو گێڕانەوەی هەموو شتێك بۆ لای ئەو بە درۆ و فیشاڵ و ئەفسانە لێك ئەدەنەوە ﴿قال ربي يعلم القول في السماء والأرض وهو السميع العليم، بل قالوا أضغاث أحلام بل افتراه بل هو شاعر﴾ الأنبياء/٤-٥.

واتە: (بەڵام پێغەمبەر) فەرمووی: پەروەردگاری من هەموو قسەیەك چ لە ئاسمان و چ لە زەوی بێ ئەیزانێ، هەر ئەویشە زۆر ژنەوا و زانا، ئەوانە وتیان: نا (ئەوەی موحەممەد هێناویەتی وەحی نیە) بەڵکو خەوی هاشەو پاشەیە، بەڵکو بە درۆ ئەوانە بەدەم خواوە هەڵدەبەستێ تا بەڵکو ئەو شاعیرو هەستیارێکە!..

بەڵام بێ باوەڕان ئەمڕۆ هەموو وتەیەکی بێجگە لەخۆیان وادادەنێن کە نازانستییەو بۆنی ئەفسانەو خەیاڵاتی لێ دێت. لێکچوونی تەواوی نێوان ئەو دوو هەڵوێستە لە کۆن‌و نوێدا بەڵگەیە لەسەر یەکێتی دەروونی مرۆڤایەتی، هەر چەندە وتەکانیش بەناو لە لایەن فەیلەسوفەکانەوە بە شێوەیەکی ڕازاوەیی دەربڕێت، وەك ئەوەی بەڵگە بێت لەسەر جۆرێك ڕێپیشاندان بۆ گومڕایی، وەکو ڕێپیشاندانی چاکە خوازان بۆ ڕێگەی هیدایەت، ئەمەش دەرکەوتنی ناوی (الهادي) خودایە لە جیهانی ئادەمیزاددا ﴿وهديناه النجديـــن﴾ البلد/١٠، واتە: و ئەوم بۆ (دوو ڕێگای) چاکەو خراپە ڕێنوێنی کرد. ﴿إنا هديناه السبيل إمـا شاكراً وإمّا كفوراً﴾ الدهر/٣، واتە: بەڕاستی ڕێگامان بەو نیشان داوە، جا یا سوپاس بێژە یا ناسوپاسە.

بێ باوەڕان وای دادەنێن کە دەتوانن هەموو دیاردەکانی ئەم گەردوونە بە بێ خوا ڕاڤە بکەن، ئەوەشیان کە ئەمڕۆ ناتوانێ لێکی بداتەوە وای دەبینێ و دە زانێ لە پاشەڕۆژدا دەیگاتێ، جا لەگەڵ ئەوەی ئەگەر ئەم شیکردنەوانەی زانستی‌و ژیری بێ! یاخود گومانای حەدەسیی بێ، بڕوایەکی تەواوی پێیەتی‌و هیچ ڕاڤەیەکی تریش وەرناگرێ هەرچەندە زانستی‌و ژیرخوازیش بێت، چونکە بەلای ئەم جۆرە کەسانەوە زۆری ئەگەرەکان:یەك ڕێ تێچووەکەی خۆی پووچ ناکاتەوە، کەچی زۆری‌و جۆراو جۆری دیاردەکانی بوون بە لای ئەوەوە بە ڕاڤەی دەروونی خۆی دادەنێ، ئەمەش شوێنەواری ئەوە دەردەخات کە هەست بەوە دەکات وەك زاتێکی خاوەن سیفەتەکانی زانست‌و هێزو تواناو ژیانە، جا گەر ئەم واتایانە لە گەردوون دابماڵین ئەوا دەردەکەوێت سەرتاپای سروشت خاوەنی زانست‌و تواناو هێزو ژیان نیە. ئەوانە سەبارەت هەچ شتێك ببینن دەڵێن: ڕێی تێدەچێ، گەر ئێمەش نەڵێین وایە! پەروەردگار خاوەن توانایە! ئەوا بێ باوەڕ دەبین‌و (لە ئیسلام دەردەچین) بەڵام ئێمە ئەمە دەڵێین، کە زانست‌و تواناو هێزی پەروەردگار لە گۆڕێ دایە، بەڵام ئەگەر زانست‌و توانا لە ئارادا نەبوونایە ئێمەش ئەمەمان نەدەگووت.

خوای گەورە شتی زۆر دەرخستووەو زۆریشی شاردۆتەوە، لەو شتە زۆرانەی کە دەری خستووە وای لە موسڵمانان کردووە بڵێن: "گەر پەردەکانی بینینی پەروەردگاریش لابچێت یەقینم زیاتر نابێت"، ئەو شتە زۆرانەش کە شاردونیەتیەوە وای لە بێ باوەڕان کردووە وا بزانن‌و یەقینیان هەبێت بەوەی کە پێشینەکان لە خەیاڵاتدا دەژیان، حوکمی ژیریش بە جۆرێکە پەروەردگار لە یەك کاتدا ئاشکراو شاراوەش بێت: بۆ دڵان ئاشکرا بێت بەڵام بۆ چاوان شاراوە بێت، چونکە بینینی بەدیهێنانی دروستکراوەکانی لە پێش چاومانە،و دڵیشمان گەواهی بۆ ئەدات، بۆیە پەروەردگار دەفەرمووێت ﴿ومن يؤمن بالله يهد قلبه﴾ التغابن/١١.

واتە: و هەر کەس کە بڕوا بە خوا بێنێ، خوا دڵ‌و دەروونی ڕێنوێنی ئەکات.

لە نەبینینی پەروەردگاردا بەڵگەی بێ باوەڕ بوون بە دەستی بێ باوەڕانەوە نیە، ئەمەشمان لە سەرەتای باسەکەماندا خستە ڕوو، بەڵام لە دەرکەوتنیدا بەڵگەیەکی تەواو هەیە لەسەر باوەڕ بوون پێی، جا ئەگەر لە گومڕایی گومڕایاندا نیشانەو جۆرێکی ڕێپیشاندان هەبێت لە گومڕایی، چونکە خۆیان بێ بەش کردووە لە بینینێکی ڕوون‌و، شتەکان بە پێچەوانەوە دەبینن، ئەوا لە ڕێپیشاندانی ڕێپیشاندراواندا دیاردەیەکی تەواومان بۆ دەردەکەوێت لەسەر ڕێپیشاندانێکی تەواو. بەڵام هەروەك چۆن لە ڕێپیشاندانی ڕێپیشاندراواندا بەڵگە هەیە لەسەر دیاردەی ڕێپیشاندان، ئەوا لە ڕێپیشاندانی گومڕایانیش بۆ ڕێگەکانی گومڕایی بەڵگە هەیە لەسەری، وەك لەمەودوا ڕوونی دەکەینەوە، هەموو ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە زاتێکی ڕێپیشاندەر هەیە.

❁❁❁

نیشانەو ئایەتەکانی پەروەردگار زۆر ڕوون‌و ئاشکران‌و لە هەموو شتێکدا دەرئەکەون، بەڵام گەیشتنە ئەم ئایەت‌و نیشانانە پێویستی زیاتربە مرۆیی بوونە، پێویستی بە ڕەوشتە بە شێوەیەکی وردتر ﴿سأصرف عن آياتيَ الذين يتكبرون في الأرض

بغير الحق وإن يروا كل آية لا يؤمنوا بها وإن يروا سبيل الرشد لا يتخذوه سبيلا وإن يـــروا سبيل الغي يتخذوه سبيلا ذلك بأنهم كذبوا بآياتنا وكانوا عنها غافلين﴾ الأعراف/١٤٦.

واتە: کەسانێ کە لە زەوی بە ناهەق خۆ بە زل ئـەزانن لـە نیشـانەکانی خـۆم لایـان ئەدەم، ئەگەر هەر جـۆرە نیشـانەیەك ببینـن بـڕوای پـێ نـاهێننو ئەگـەر ڕێگـای هیدایـەت ببینن، پێیدا ناڕۆنو نایکەنە ڕێگای خۆیان،و ئەگەر ڕێگـای خـوار (و خـراپ) ببینـن پێیـدا ئەڕۆن (هەموو ئەمانە) لەبەر ئەوەیـە کـە نیشـانەکانی ئێمـەیان بـەدرۆ دەخسـتەوەو لـەوە غافلّ بوون.

ئەمە ڕاستییەکە بەرپەرچ نادرێتەوە، خۆ بـەزل زانـینو بـێ ئاگـایی لـە ئایەتـەکانی پەروەردگار دوو ڕێگەی بێ باوەڕین، هـەروەها گەردنکـەچی بـۆ هـەقو ڕازی بـوون پـێیو بێداریی سەبارەت ئایەتەکانی پەروەردگار ڕێگای باوەڕبوونە، چونکە مـرۆڤ بـە ڕەوشـتو ئاکاری مرۆڤایـەتیو زیـاتر بـە هیـوا بـوونو داواخـوازی هـەق، بێگومـان مـرۆڤ دەگاتـە پەروەردگار. گەرەتیشیان سەرچاوەی ڕێپیشاندان توانای خوای گەورەیە ﴿ولو شئنا لآتينـا كل نفس هُداها﴾ السجدة/١٣.

واتـە: و ئەگـەر بمانویسـتبا (بـە زۆر) ڕێنوێنی پێویسـتمان بـە هـەر مرۆڤێك ئـەدا. دەڵێین: سەرچاوەی هەموو شتێك ویست وتوانای خوداوەندە، ئەمەش هیـچ بیانوویـەك بۆ بیانووکـەرانو شرۆڤەکەرانو هـەڵاتووان لەبەرپرسـیارییەتی ناهێڵێتـەوە، خـوای گـەورە فەرموویەتی ﴿إن هو إلاّ ذكر للعالمين. لمن شاء منكم أن يستقيم﴾ التكوير/٢٧-٢٨.

واتە: ئەو قورئانە تەنیا پەندو یاداوەرییەکە، بۆ جیهانیان بۆ هەر کەس لە ئێوە کە بیەوێ بکەوێتە سەر ڕێگای ڕاست. ئەبو جەهلیش گوتی: ئەوە بۆ ئێمەیە ئەگەر ویسـتمان، خوای گەورەش تەواوکارییەکەی ئایەتەکەی دابەزاند: ﴿وما تشاؤون إلاّ أن يشـــاء الله رب العالمين﴾ التكوير/٢٩.

واتە: و ئێوە ناتانەوێ مەگەر (ئەوەی کە) خوا بیەوێ کە پەروەردگاری جیهانیانـە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ویستی پەروەردگار بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە، ئەمەش ڕۆڵو هەڵبژاردنی مرۆڤ وەلا ناخات.

﴿يهدي به الله من اتبع رضوانه سبل السلام﴾ المائدة/١٦.

واتـە: خـوا بـەوە، کەسانێ کـە بـەڕازی بوونـی خـوا پـەیڕەوی بکــەن بـۆ ڕێگــای سەلامەتو ئاشتی ڕێنوێنیتان دەکا.

﴿يضل به كثيراً ويهدي به كثيراً وما يضل به إلاّ الفاسقين﴾ البقرة/٢٦.

واتە: خوا زۆر کەسی پێ گومڕا ئەکاو زۆر کەسیشــی پــێ ڕێنوێـنی ئـەکاو خـوا بـەو (مەسەلەیە) کەس گومڕا ناکات، مەگەر فاسقان نەبێت.

پەروەردگار گەر بیەوێت کەسێك گومـڕا بکـات لـەم بوونـەوەرە بـە نـاوی گومـڕاوە ئاشـکرای دەکـات، هـەتا لـەهیچ ئایـەتێکی پـەروەردگار لـە دروســتکراوەکانیدا دەســتی پەروەردگار نابینێتەوە، هـەروەها لـە ئایەتـەکانی قورئانیشـدا، تەنانـەت هیـچ نیشـانەیەك نابینێتەوە بیگەیەنێتە پەروەردگار، ئەمەش بە زۆری خودا نیـە، بـەڵکو بـەهۆی ئەوەوەیـە ئەو مرۆڤە بۆ خۆی ڕێگاکەی تری هەڵبژاردووە بە هۆی خـۆ بـە زلزانـینو سـتەمەوە، بۆیـە بەڵگەو ئایەتەکان بە پێچەوانەوە دەبینێت، ئەوەی کە بەڵگە بێت لەسەر بڕوا بوون ئەو بـە بەڵگەی بێ باوەڕی دەبینێ، ئەمەش لەبـەر ئەوەیـە کـە وتمـان وەك شـوێنەواری پـێزانینی ڕێپیشاندانی پەروەردگارە بۆ هــەردوو ڕێگاکـە، مرۆڤـیش بـە تـەنیا ئـەرکی بەرپرسـیارێتی هەڵدەگرێت.

گـەورەیی‌و مـەزنی بـۆ ئـەو پەروەردگارەیـە کــە داوای نــەکردووە ســوننەتێك لــە سوننەتەکانی بگۆڕدرێت، ئەوەی لەسـەر مرۆڤـیش پێویسـتە ئەوەیـە کـە ئـەو ئەرکـەی لـە سنووری ئەو سوننەتانەدا پـێی سپێردراوە جێبەجێیان بکات.

❁❁❁

بێ بـاوەڕان دەڵێـن: خـودا بـە توانایـە لەسـەر ڕێپیشـاندانی سـەرجەمی ئـادەمیزاد لەوەی پێی خۆشە؛ ئەی بۆچی ڕێیان پیشان نادات؟.

پەروەردگار ئەشتوانێ کە گێتی لە شەڕ پاك بکاتەوە؛ ئەی بۆچی وا ناکات؟ ئەمانە وا دەڵێن تا ئەم کۆتا وشەیە بدرکێنن: (بەو پێیەی کە لە جیهاندا گومڕایی‌و خراپـە هەیە، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم جیهانە لە دروست کردنی پەروەردگار نیە!).

پاشان بە بڕوادارانیش دەڵێن: مادام بڕواتان بە قەزاو قەدەر هەیە، ئەوا ئەو لادانەی ئێمـە تووشـی بوویـن خـوا بـۆی بڕیوینەتـەوەو ڕزگـار بوونمـان نیـە لێی، ئـەوا ئـەو کاتـە پەروەردگار بەرپرسیار دەبێت! نەك ئێمە، ئەوا هیچ جارێك لۆمەی ئێمە مەکەن، ئایا خودا نەیفەرمووە ﴿يضل الله من يشاء ويهدي من يشاء﴾ المدثر/٣١.

واتە: ئا بەم جـۆرە خـوا هـەر کەسـێ بیـەوێ لاڕێیـی دەکـاو هـەر کەسـیش بیـەوێ ڕێنوێنی دەکا.

ئێمەش دەڵێین بێ باوەڕە پێشینەکانیشیان ئەم وتەیـەیان درکـاندووە، قورئـانیش وەڵامی داونەتەوە بەڵام چۆن وەڵام دانەوەیەك؟ ﴿وقال الذين أشركوا لو شاء الله ما عبدنا من دونه من شيء نحن ولا آباؤنا ولا حرمنا من دونه من شيء كذلك فعل الذين من قبلهم فهل على الرسل إلا البلاغ المبين، ولقد بعثنا في كل أمة رسولا أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت فمنهم من هدى الله ومنهم من حقت عليه الضلالة﴾ النحل/٣٥-٣٦.

واتە: و موشریکان وتیان: ئەگەر خوا بیویستبا، نـەك ئێمـەو نـە باووباپیرانمـان بـۆ غەیری ئەویان عیبادەت نەدەکردو شتێکمان بـێ ئیجـازەی ئـەو حـەرام نـەدەکرد، (بـەڵێ) ئەوانە بەر لەوانیش هەر ئەم کارەیان دەکرد، جا ئایا پێغەمبەران ئـەرك‌و ڕاسپاردەیەکیان بێجگـە لـە ڕاگـەیاندنی ئاشـکرا بـۆ هەیـە؟! و بـە هەقیقـەت ئێمـە لـەناو هـەر ئوممـەتێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووەو تا خوای تاقانە بپەرستن‌و لە تاغوت‌و ستەمکار دووری بکەن، جا خوا تاقمێکی ڕێنوێنی کردو تاقمێکیش لاڕێیی‌و گومڕایی داوێنیان گرت.

بێ بـاوەڕانی سـەردەمە پێشـینو سـەرەتاکانیش هـەر بـە هـەمان زار دەدوانو بـێ باوەڕانی ئەمڕۆش بەکاری دێننەوە: ﴿سيقول الذين أشركوا لو شاء الله مـــا أشـــركنا ولا آباؤنا ولا حرمنا من شيء كذلك كذب الذين من قبلهم حتى ذاقوا بأسنا قل هل عندكم مـن علم فتخرجوه لنا إن تتبعون إلا الظن وإن أنتم إلا تخرصون﴾ الأنعام/١٤٨.

واتە: بە زوویی موشریکان (بۆ بەری بوونی خۆیان) ئەڵێن: ئەگـەر خـوا بیویستبایە نەئێمە دەبووینە موشـریکو نـە باووباپیرانمـان، و ئێمـە هیـچ شتێکمان حـەرام نـەدەکرد، کەسانێ کە بەر لەمانە بوون هەروا (پێغەمبەرانیان) بەدرۆ ئەخستەوە تا سـەرەنجام تـامی سزاو عەزابی ئێمەیان چەشت، بڵێ: ئایا (بەڵگەیەکی) زانستانەتان لا هەیە تا دەری بخەنو بە ئێمەی بنوێنن؟ ئێوە تەنیا لە گومانی بێ بنەڕەت نەبێ پەیڕەوی ناکەن،و ئێوە بێجگە لە درۆ شتی ترتان بە زاردا نایێ.

کەواتە ئایا نرخی بەڵگەی کافران چییە؟ ئەگەر تێبینی وەڵامە قورئانیـەکان بکـەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە پێغەمبەرانی خوایان(صلوات الله عليهم) بەدرۆ زانیوە، هەروەها بە نەفام ناوبراون، پەیامی پێغەمبەرانیش –صلوات الله عليهم– بەڵگەیە لەسەریان.

ئەوانـە سـەیری گشـتگیری ویسـتی پـەروەردگار دەکـەنو سـەیری توانـای خۆیـان نـەکردووە، بۆیـە ویسـتوویانە بەڵگـە لەسـەر پـەروەردگار بهێننــەوە بـە تەواوێتییەکـەی (الکمال)، خوای گەورەش بەڵگەیان لەسەر دێنێتـەوە بـەو توانایـەیان کـە لـە ڕێی راسـتی خۆیدا بەکاری ناهێنن.

ئەوەی کە خوا نووسیویەتیو زانستی پێیەو ویستی لێیە، ڕێی هەڵبژاردن لە مرۆڤ ناگرێت، هەردووکیان هەڵەیەکی گـەورەن، کـەوا گومـان بـەرین پـەروەردگار نـازانێت چـی ڕوودەدات، یاخود وا بزانین کە بوونی زانیاری بەوانەی کە ڕوودەدەن توانای هەڵبژاردنی لە ئێمە زەوت کردووە، زانستی پەروەردگار دەرخەرو ئاشکراکەرە نەك سەپێنەر بێت، جا کە زانستی پەروەردگار هەڵبژاردنمان لێ زەوت نـەکات، ئـەوا هـێزو ویسـتو تواناشـی هـەر بـە

هەمان شێوەیە، هێز ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئیرادەو ویست تایبەتمەندی کردووە، ئیرادەش ئەوە تایبەت دەکات کە زانست بەسەریا تێپەڕیوە.

ئەوە هەڵەیە وا تێبگەین ئەم ئایەتە ﴿يضل من يشاء ويهدي من يشاء﴾ النحل/٩٣.

واتە: ڕێنوێنی دەکا،و بە هەقیقەت لەوەی وا ئەنجامتان داوە لێتان دەپرسێتەوە.

ئەوە دەردەخات کە ئادەمیزاد رامە لەسەر هیدایەتو لەسەر گومڕایی، بەڵکو خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿فلما زاغوا أزاغ الله قلوبهم﴾ الصف/٥.

واتە: جا کاتێ ئەوانە لە هەق لایاندا، خوا دڵو دەروونی ئەوانی لە حەق کرد.

﴿قد أفلح من زكّاها وقد خاب من دسّاها﴾ الشمس/٩-١٠.

واتە: بە هەقیقەت هەر کەس نەفسی پاك کردەوە رزگاری دەبێ،و هەر کەس نەفسی خۆی بە گوناه ئالودە کرد، بێ هیواو بێ بەش بوو.

﴿إن هو إلاّ ذكر للعالمين. لمن شاء منكم أن يستقيم، وما تشاؤون إلاّ أن يشاء الله رب العالمين﴾ التكوير/٢٧-٢٩.

واتە: ئەو قورئانە تەنیا پەندو یاداوەرییەکە بۆ جیهانیان، بۆ هەر کەس لە ئێوە کە بیەوێ بکەوێتە سەر ڕێگای ڕاست. (ئەبو جەهلیش گوتی): ئەوە بۆ ئێمەیە گەر ویستمان،و ئێوە ناتانەوێ مەگەر (ئەوەی کە) خوا بیەوێ کە پەروەردگاری جیهانیانە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ویستی پەروەردگار بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە، ئەمەش ڕۆڵو هەڵبژاردنی مرۆڤ وەلا ناخات.

بەڵێ مرۆڤ خاوەنی ئیرادەیە بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت شتێك هەبێت لە دەرەوەی ئیرادەی خوای گەورە، سەرجەم ئیرادەی پەروەردگار ڕاستە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت سەربەستیو هەڵبژاردنی مرۆڤ زەوت بکرێت.

لە کۆتاییدا: خوای گەورە هەموو شتێکی بەدی هێناوە،بەرجەستە بێت یاخود مەعنەوی، هەر لە ڕەوشتی باشەوە تا ڕەوشتی خراپیش، تا گرۆی ئادەمیزادو سەرجەم

بوونەوەر، هیدایـەتی هـەموو شتێکیشی داوە، تەنانـەت خـۆ بـەزل زانینیش ڕێپیشـاندانی ڕێگاکەی پێویستە، هەروەها حەسوودیو گومڕاییو هەموو جۆرێك لە جۆرەکانی گومڕایی، هەروەها هیدایەتیش، و هەروەها لقەکانی درەختی مێویش کە بگاتـە هـەر شـوێنێك خـۆی تێوەدەئاڵێنێ، هەروەها خۆرو مانگ، سەبارەت مرۆڤیش[بە تایبەتی]ئـەوا: زاتو دەروونو لەشو هەموو شـتێك تێیـدا نیشـانەی ڕێپیشـاندانە بـۆ ڕێگاکـانی، ئەگـەر وازی لێ بـهێنرێت لەسەر خوو سیفەتەکەی خۆی، بەڵام مرۆڤ سەبارەت ئەو مەلەکاتەی پـێی دراوە شـیاوی بەرپرسیارێتی کردووە، وای لێکردووە خێرو شەڕ بۆ ئەو،تاقیکردنەوە بێت! ﴿ونبلوكـــم بالشر والخير فتنة﴾ الأنبياء/٣٥.

واتە: و ئێمە بە (گەیاندنی) خراپەو چاکە ئێوە تـاقی دەکەینـەوە. لـەم ئاکامەشـدا بۆتە ئەرك لەسەری هەوڵی زاڵ بـوون بـدات بەسـەر زۆربـەی ویسـتو ئـارەزووو شـەهواتو حـەزەکانیدا، بـەڵکو بوونـی خـۆی بـە پـێی ڕێپیشـاندانێکی دیـاری کـراو بگونجێنـێ، کـە سروشی خوایی بۆی دەست نیشان کردووە؛ تا لەم سەرزەوییەدا بە ڕۆڵی خۆی هەستێ بە پێی ڕێگەیەکی تایبەت.

بەم پێیـە لادانـی مـرۆڤ لـەم ڕێگەیـە دەبێتـە گومڕایـی، هەرچـەندە لقـەکانی ئـەم گومڕاییەش لە ڕێپیشـاندانەوە سـەرچاوەی گرتـووە، کـە بـە هـەموو شـتێك بەخشـراوە لـە بابەتەکەی خۆیدا: ﴿وهديناه النجدين﴾ البلد/١٠.

واتە: و ئەوم بۆ (دوو ڕێگای) چاکەو خراپە ڕێنوێنی کرد.

بەڵام سەبارەت توانای مرۆڤ کە ئایا دەسەڵاتی واز هێنـانی هەیـە لـەو گومڕاییـە - هەرچەندە لەسەر حیسابی لەززەتو ئارەزووەکانی بێـت- ئـەوا پێویسـتە لەسـەری هـەوڵ بدات واتای تاقیکردنەوە بەرجەستە ببێت، هەر لەبەر ئەمەشە کـە (بەهەشـت دەورە دراوە بەناخۆشییەکانو دۆزەخ دەورە دراوە بە شـەهوات). بـە پشـتیوانی خـوداش لـە دیـاردەی حەوتەمدا زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.

بەڵام مەبەستی سەرەکیمان لێرەدا ئەوەیە کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین هیدایەتی تەواو بۆ هەموو شتێك ـ بەدیهاتووی بەرهەستی و مەعنەوی ـ ئامـاژەی زاتێکی ڕێپیشاندەرمان بۆ دەکات ﴿أعطى كل شيء خلقه ثم هدى﴾ طه/٥٠.

واتە: وتی: پەروەردگاری ئێمە کەسێکە کەبەهەر بونەوەرێك ئەوەی پێداویستی بەدیهێنانیەتی، پێی داوە ئەوسا ڕێنوێنیشی کردووە. هیچ شتێك نیە مەگەر جۆرە هیدایەتێکی گشتی پێ نەدرابێت. تەنانەت شتە مەعنەوی و نابەجەستەکانیش! چ خێر بێت یاخود شەڕ، بەڵام مرۆڤ ئەرکی هیدایەتێکی تایبەتی پێ بەخشراوە، بۆیە پێویستە لەسەریشی هەوڵی هێنانەدی بدات. لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە: ئەوەیە کە بۆمان ڕوون بووبێتەوە هیدایەت لە هەموو شتێکدا بە بێ (اللهﷻ)ی پەروەردگاری ڕێپیشاندەر نایەتە دی.

دیاردەی شەشەم

دیاردەی داهێنان و قەشەنگی

ئایا سەرنجی تابلۆی وێنەکێشێکت نەداوە کە خەڵکی سـەبارەتی بڵێـن بەرهـەمێکی مەزنە؟ داخۆ بۆچی ئەم بڕیارە دەدەن؟ لەوەڵامدا دەڵێین: لەبەر ئەو داهێنان و نوێخوازیو وێناندن و دەربڕینەیە لە کەش و سـێبەرو گونجـان و مەعریفـەدا هەیـەتی، کـە دەبێتـە هـۆی دروست بوونی سەرسامی لە لایـەن بینـەرەوە، رەنگـە تـۆ بـە سەرسـامییەوە بڵێیـت: ئـەم تابلۆیە فلان هونەرمەند نەخشـاندوویەتی، ئـەی ئایا کـاتێك کـە وای لەبـەردەم تابلۆیـەکی رازاوەی قەشەنگی مەزنی ئەم گەردوونەدا نایەت بە خـەیاڵتا کە بیر لە نەخشـێنەری مـەزنی گەردوون بکەیتەوە؟، یاخود راهاتنت لە سەر بینینی دیمەنـەکان وای لێکـردووی بـەرچاوی گرتوویت لەم جۆرە بیر کردنەوەیەدا! گەر بیر بکەیتەوە ئەوا بۆت دەردەکـەوێت: جوانـی و قەشەنگی پەیوەستی هەموو شتێکن لەم گەردوونەدا: هەورەکان، پەلکە زێڕینـە، ئاسمـانی شین، ئەستێرە رەنگاو رەنگ و پەرت و بڵاوەکان کە بە رێك و پێکی دەجولێن و ئەندازەیەکی سەیریان هەیە، مانگ لە کـاتی هەڵهاتنیدا یا لـەکاتی چواردەیـی و کەوانـەییدا، یـاخود لـە کـاتێکدا لـە نـاوەندی ئاسماندایـە، خـۆر لـە کـاتی هەڵـهاتن و ئـاوا بوونیـدا، سـپێدەو

رەسەنایەتییەکەی، قەشەنگی نیوەڕوان، هــەموو ئەمانــە شــوێنەواری نەخشــین‌و داهێنــانی مــەزنن. گــەورەترین هونەرمــەند ئەوەیــە کــە بتوانێــت ســاتێك لــە ســاتەکانی گــەردوون بــە ئەمانەتەوە بە پەڕەمووچەکەی بکێشێ، بــەڵام گــەردوون‌و هــەموو دیاردەکـانی کــە دووبـارە دەبنەوە، یاخود بە دوای یەکدا هاتنیان، یان گۆڕینی دیمەنی جوانیــان بــە جۆرێك کـار لــە دەروون دەکات کە هەموو ساتێ جوانی نەخشاندنەکان دەشڵەقێنێ.

هەر گەڵایەکی درەختەکان بەو پەڕی یاساو قەشەنگییەوە داڕێـژراوە، بــە جوانـترین نەخشە، نەخشەو سازاندنێك کە چ کەسێك توانای نیە دایبهێنێت مەگــەر لاسـایی کردنــەوە نەبێت، بە جوانترین شێوە لە گوڵەکاندا دەیبینیتەوە، لە بـاڵای بـاریك‌و جوانـی‌و داڕشـتنە قەشەنگ‌و رەنگە دابەشبووەکانیدا، بە جۆرێك هــەر گوڵێـك تیـایدا پارێزگـاری بــە جوانـی‌و گونجان‌و رەنگــە تایبەتییــەکانی خۆیــەوە بکــات، لــە هــەر گوڵێکــدا هەســتێکی نــوێ دەبینیتــەوە، زۆر قەشــەنگتر دەبێـت کــە یــەك رەگــەزی کـۆی تیــا ببینیتــەوە، هــەروەها قەشەنگیشە کە لە جۆرەها رەنگ‌و رەگەز پێکهاتبێت، هەر یەك لە گەڵاو گوڵ‌و لق‌و پـۆپ‌و بەرووبوومەکـەی داهێنـانێکی سـەیری لــە خـۆ گرتــووە، گــەر بــە تــەنیابن یــا پێکــەوە، لێکرابێتەوە یاخود پێوەی بێت.

هەروەها دۆڵی سەوزو رووبارو درەختی سەربڵند، بەردو شاخەکان کە بەفر لوتکەی داپۆشیون، یان ئەوانەی هەر لــە دوورەوە ئاسمـان شـینایی خـۆی پــێ بەخشـیوە، یـاخود کۆبوونــەوەی لمــە بەرینــەکانی بیابـان، یـا شــەپۆلە ڕێـك‌و پێکــە بەدوایــەکداهاتووەکانی ئۆقیانووسەکان‌و گیرسانەوەیان لــە کــەنارەکاندا، هــەروەها دەنـگ‌و هـاژەو زیقــەو خـوڕەو خوێندن‌و دەنگە جۆراو جۆرەکان، هەروەها دەنگی بروسکەو تیشکدانەوەی تینەکەی، ئایا ئەمانە هەموو جوان‌و قەشەنگ‌و سەرنج ڕاکێش نین بە پلەیەك مرۆڤ دەترسێنن‌و سەرسامی دەکەن؟ یاخود ئەو باڵندانەی لەسەر دەریاکان ئەگەڕێن یاخود لەسـەر دارسـتانەکان، یـان لەسەر زەویدا کە دەفڕێت‌و لێت هەڵدێ، یاخود لەبەردەستتا گــەردن کەچــە، ڕەنگی تــەباو گونجاویی پەڕەکان، شـێوە قەشـەنگەکانیان، نـەخش‌و نیگـارە دڵ رفێنـەکانیان، لــە هــەر

پەڕێکیدا ڕەونەقێکی تێدایـە، هـەروەها لـە باڵـەکانیاندا ساتێ دەیانکاتـەوەو ساتێکی تـر دایان دەخاتەوەو بەرز دەبێتەوەو نزم دەبێتەوە، کەوا لە دڵان دەکات پـڕ بـن لـە هەسـتی خۆشەویستیو گوشادی.

تەرزەو کلۆ بەفرە شێوە ئەندازەییە جیاوازەکان، یان هێڵـە بلوورییـەکانی ڕەگـەزو پێکهاتە جیاوازەکان، یان ڕەنگی ڕەگەزە تاکو ئاوێتەکان، پێکهاتەی بەشو پارچەکانیان، خڕی گۆی زەوی،و تەمەکانی سـەر رووی مـەریخو رووی مـانگو هـەروەها لۆچـەکانی ئـەو رووانە، هەموو ئەمانە زۆر جوانو قەشەنگن، بە شێوەیەکی زۆر سەیرو سـەرنج ڕاکێـش... کاتێك بیانخەینە ژێر زەرەبینەوە یاخود بە بینینی چاوی ئاسـایی. هـەروەها لـە حوشـتردا جوانیەکی زۆر هەیە، و لە مەڕو بەرخو مانگاو بزنو سـەگو پشـیلەو هـەموو ئـەو شـتانەی خوا بەدی هێناون جوانییان تیا دەبینرێت، لە خۆشیو ناخۆشیو هـەموو هـەڵسو کـەوتو وەسـتانو جوڵـەیاندا، لـە جوڵـەی ماسـیو شـەپۆلدانی گیـای قوڵایـی دەریاکـان،یـاخود شەپۆلدانی گژو گیای وشکانیەکان کاتێ شەماڵ هەڵدەکات، لە ئێسکە شـکاوەکاندا کـاتێك چاك دەبنەوە، لەو برینانەی کە یەك دەگرنەوە دوای ئەوەی گۆشـتو پێسـتەکەیان دەمـی کردۆتەوە، لە سوڕی خوێندا، و ئەو دڵە شـکاوانەی شـادیان بـۆ دەگەڕێتـەوە، لـە کوتـانی تۆوی ڕووەکەکان،لەو هەنگانەی کە شیلەی گوڵان دەمـژن، لـە مـاچ کردنـی پـەپوولاندا بـۆ لێوی گوڵان، لە گواستنەوەی بۆ هەلاڵەیـەکی تـردا.. لـە گواسـتنەوەی هەلاڵـەی گـوڵان بـۆ یەکتری، پاشان کوتانیانو زۆر بوونیانو ڕاکێشانی دوانەکان بۆ یەکدی.. لە هەموو شتێکدا جێ دەستی قەشەنگیو ڕەونەقو نەخشانی پەروەردگار بەدیار دەکەوێت.

ئـەو تـەباییو گونجانـەی لـە نێـوان هـەموو بوونـەوەراندا دەیبینـین، لـە نێـوان ئەندامەکاندا، لە نێوان ڕەنگەکاندا، ئەمانە وایان کردووە هەموو شتێك لـە شـوێنی خۆیـاندا بن، هەموو ئەمانە داهێنانو ئاماژەی داهێنەر دەکەن.

﴿الذي أحسن كل شيء خلقه﴾ السجدة/٧.

واتە: و سەرەتای بەدیهێنانی مرۆڤی لە گڵ دەستی پێ کرد.

﴿بديع السموات والأرض﴾ البقرة/١١٧.

واتە: بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوی خوایە.

﴿ذلكم الله ربكم له الملك﴾ فاطر/١٣.

واتە: ئەمەیە خوا پەروەردگاری ئێوە، فەرمانڕەوایی تایبەت بەوە.

ئەم قەشەنگیو داهێنانە لە پێناوی تۆ دان ئەی مرۆڤ ﴿ألم تروا أن الله خلق لكم ما في السموات وما في الأرض وأسبغ عليكم نعمه ظاهره وباطنه﴾ لقمان/٢٠.

واتە: ئایا نەتاندیوە کە بەڕاستی خوا ئەوەی لە ئاسمانەکانو ئـەوەی لـە زەویدایـە بۆ ئێوەی رامو دەستەمۆ کردووەو نیعمەتەکانی خۆی چ زاهیریو باتینی بێت بـۆ ئێـوەی زیاد کردووەو پێی داون. ﴿وإن تعدوا نعمة الله لا تحصوها﴾ إبراهيم/٣٤.

واتە: و ئەگەر نیعمەتی خوا بژمێرن، ئەوانە لەئەژمار نایەن.

ئەمانە لە پێناوی تۆدان تـاکو پـەروەردگارو هـەموو ناوەکـانی بناسـیت، سوپاسـی گەورەییو بەخشندەیی بکەیتو بە خۆشەویسـتیو عیشـقەوە بیپەرسـتیت، بۆیـە هەسـتو داهێنانو حەزی جوانی تیادا خولقـاندویت، ئەمانـە لەوپـەڕی داهێنـانو قەشـەنگیدان گـەر مرۆڤ ژیریی بەکار بێنێو تێ بگات.

خوای گەورە هێزی بیرو چوواندنو زیرەکی هەستەکی پێ بەخشیوە، بۆیە لەززەت لـە جوانـی دەبینێـت، و مـەلی خـەیاڵی لەسـەرەتاوە تـا کۆتـایی دەگـێڕێت، لـە خـێرایی بروسکەیەکدا هەزاران تابلۆی بوون یاد دەکاتەوە، بە خەیاڵی پـەردەی زەویو ئاسمانـەکان ئەبڕێ، لەگەڵ ئەو درککردنەیدا کە وای لێ دەکات لەگەڵ بوونەوەردا کار لێك کـردن بکـات، حەزو ئارەزووی دەبێت، رقو خۆشەویستی دەبێـت. جـارێك هـەوڵی بنیـات نـانو ئـاوەدان کردنەوە دەداتو جارێکی تریش رووخاندن. بۆیە ژیان وەك هونەرێك دەبینێو ماناش وەك ئامێرێك؟ لە هەموو ئەمانـەدا قەشـەنگیو داهێنـان هەیـە، جـا چ جـای لـەناوەڕۆك، یـاخود رووکەشی مرۆڤـدا بێـت، یـان لـە دەوروبـەریدا بێـت، رەنگـە وێنەکێشـێك وێنەیـەکی جـوان بکێشێو داهێنان بـەرپا بکـات، وێنەیـەکی ناشـرینیش بکێشـێت هـەر داهێنـان بکـات، لـە

هـه‌ردوو حاڵه‌ته‌که‌شـدا داهێنـان هـه‌ر داهێنانـه‌و لـه‌ هه‌ردووکیشـیدا هـه‌ر بـه‌ کـارێکی بـاش هه‌ستاوه‌، له‌ گه‌ردووندا جوان‌و جوانتر هه‌یه‌، ناشیرین‌و ناشیرینتر هه‌یـه‌، بـه‌ڵام لـه‌ هـه‌موو ئه‌مانه‌شدا داهێنان هه‌یه‌، به‌ڵکو داهێنان زیاد له‌مانه‌ش دیار ده‌که‌ون، ته‌نانـه‌ت جوانـی بـه‌ هۆی ناشیرینیه‌وه‌ ئاشـکرا ده‌بـێ‌و جوانـتریش بـه‌ هـۆی جوانـه‌وه‌، زیـاتر وێنـه‌کان ئامـاژه‌ ئه‌ده‌ن، هه‌رده‌م له‌ نوێ بوونه‌وه‌دا ئه‌مێننه‌وه‌، زیـاتریش گـه‌واهی له‌سـه‌ر توانـای داهێنـان ئه‌ده‌ن.

جـا ئـه‌ی مرۆڤـی هۆشـیار هـه‌رگیز تووشـی ئـه‌وه‌ نـه‌بیت کـه‌ قه‌شـه‌نگی‌و داهێنـان ببینیت‌و داهێنه‌ره‌که‌ی نه‌ناسیت، یان هه‌ست به‌ باشه‌ بکه‌یت‌و چاکساز له‌ یاد بکه‌یت، یـان شه‌یدای جوانی بیت‌و دڵت پڕ نه‌بێت له‌ خۆشه‌ویستی به‌دیهێنه‌ری جوانی، تۆش له‌گه‌ڵ ئه‌م شاعیره‌دا بڵێ:

عذابُـــــه فيـــــك عَـــذْبٌ ... ويُعْـــــدُه فيـــــك قُـــرْبُ
وأنـــــتَ عنـــدي كروحـــي ... بـــل أنـــتَ منـــها أحـــبٌّ
حَسْـــبي مـــن الحـــب أنـــي ... لمـــا تحـــبُ أحـــب

(ســزاکه‌ی لـــه‌ تـــۆدا زوڵاڵـــه‌ ... دووریشـــی لـــه‌ تـــۆدا نـــێزیکی
تـۆ لای مـن هـه‌ر وه‌کـو گیـانمی ... بـه‌ڵکو تـۆ خۆشه‌ویسـت تـری
هێنـده‌ خۆشه‌ویسـتیم به‌سـه‌ ... تـۆ چیت پـێ خـۆش بـێ منیش وا)

❀❀❀

دیاردەی حەوتەم

دیاردەی کار لە جێی[٧]

﴿قل انظروا ماذا في السماوات والأرض وما تغني الآيات والنذر عن قوم لا يؤمنون﴾ يونس/١٠١.

واتە: بڵێ: بڕواننە ئەوەی وا لە ئاسمانەکانو زەویدایە، بەڵام ئەم نیشانانەو ترسێنەرانە بۆ هۆزێ کە بڕوا ناهێنن بێ سوودە، و بێ نیازیان ناکات (نەزر: جەمعی نەزیرەو کنایە لە پێغەمبەران دەکات).

﴿أولم ينظروا في ملكوت السماوات والأرض وما خلق الله من شيء وأن عسى أن يكون قد اقترب أجلهم فبأي حديث بعده يؤمنون﴾ الأعراف/١٨٥.

واتە: ئایا لە حوکومەتی ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی لە هەر شتێك خوا خەلقی کردووە ناڕوانن (تا پەند بگرن)، جا بە چ قسەیەك دوای ئەو (قورئانە) بڕوا دێنن؟.

﴿وكأين من آية في السماوات والأرض يمرون عليها وهم عنها معرضون﴾ يوسف/١٠٥.

واتە: و چەند زۆرن نیشانەکانی (خوا) لـە ئاسمانـەکانو زەویدا کـە ئەوانـە بـەلایدا ئەڕۆنو رووی لیّ وەردەگێڕن!.

﴿ولقد ذرأنا لجهنم كثيرا من الجن والإنس لهم قلوب لا يفقهون بها ولهـــم أعـــين لا يبصرون بها ولهم آذان لا يسمعون بها أولئك كالأنعام بل هم أضل أولئك هـــم الغـــافلون﴾ الأعراف/١٧٩.

واتە: و بە هەقیقـەت زۆرێ لـە جنۆکـەوو ئینسـمان بـۆ دۆزەخ خولقـاند، بـۆ ئـەوان دڵگەلیّ هەیەو پێی تێ ناگەن، و چاویان بۆ هەیەو پێی نابینن‌و گوێیان بۆ هەیە کە پـێی نابیستن، ئەوانە هەر وەکو مەڕو ماڵاتن، بەڵکو لەوانیش گومڕاترن، هەر ئەمانە غافڵن.

خوای گەورە ئەوەی لە موسـڵمان دەوێت کـە لـە هـەموو شـتێکدا ئایـەتو نیشـانە ببینێـت، تـا زیـاتر بـاوەڕی نیشـان بـدەن، هەسـت کـردن بـەوەش:بـەکارێکی باشـمان بـۆ دادەنێت، جا گەر موسڵمان نەگاتە ئەو ئاستە بەرزە ئەوا پێویستی بە وشیارییەکی زیـاتر و بیرکردنەوەیەکی زیاترو یاد کردنێکی زیاترە.

دەسـتی پـەروەردگار کـە بەدیهێنـەرە، خـۆی لـە بەدیـهاتووەکانیدا دەرخسـتووە. هـەروەها ئـیرادەی پـەروەردگار تایبەتمـەندی کـردووە خـۆی لـە دروسـتکراوە جـوانو قەشەنگەکانیا دەرخـات، حیکمەتـەکانی پـەروەردگار ئاشـکرا بـوون،ئیـدی مـرۆڤ لـە چـی دەترسیّ؟.

دڵێکیش شوێنەواری پەروەردگار لە هەموو شتێکدا نەبینێتەوە ئەوا دڵێکـی کوێـرە: ﴿فإنها لا تعمى الأبصار ولكن تعمى القلوب التي في الصدور﴾ الحج/٤٦.

واتە: چونکە چاوی (زاهیریان) نابینا نابیّ بەڵکو دڵو دەروونیّ کە لە سینگیان دایە بینایی لە دەست ئەدا.

رەنگە جیّی بەزەییو میهریش بیّ ﴿فلعلك باخع نفسك على آثارهم إن لم يؤمنـــوا بهذا الحديث أسفاً﴾ الكهف/٦.

واتە: جا ڕەنگە لەبەر کردەوەی ئەوان خۆت بە غەمو خەفەت لە ناو بـەری، ئەگـەر بڕوا بەم قسە نەکەن؟.

خـوای گـەورە فـەرمانی پـێ کردووین کـە لـە نیشـانەو ئایەتـەکانی لـە گـەردووندا بکۆڵینەوە، گەردوونیش بۆ خۆی جێی سەرنجە. جا لەم بارەیەوە بێ بـاوەڕان‌و بـڕواداران وەك یەك لێیان کۆڵیوەتەوە، کەم تا زۆریش هیچ جیاوازییەك نیە لە نێوان زانستی ئەم دوو لایەنەدا، بەڵام جیاوازی نێوانیان ڕادەی بەکارهێنانی ژیریی‌و یاساکانییەتی بۆ گەیشتن بەو دیوی سروشت، یـان بـە مـەیین‌و وەسـتان لـە تـێڕوانیندا تـەنیا بـۆ بەرهەسـتەکان‌و بـەکار نەهێنانی ژیریی‌و پابەند بوون‌و گۆشە گیری بە تەنی خاکەوە(بە واتای مانەوە تەنیا لەبـەر هەستەکاندا).

بۆیە قورئان زۆر باسی ئەوەی کردووە: لە گەردووندا ئایەت‌و نیشانەو بەڵگـە هـەن بۆ کۆمەڵێك تێ بگەن، یان بیر بکەنەوە، هەروەها زۆر باسی ئەوەشـی کـردووە کـە لەمـەدا نیشانە هەیە بۆ کۆمەڵێك ژیر بن ﴿إن في ذلك لآيات لقوم يعقلون﴾ النحل/١٢.

واتە: بەڕاستی لەمەدا نیشانە گەلێك هەیە (لە گەورەیی خوا) بـۆ تاقمـێ کـە ئـەقڵی خۆیان دەخەنە کار. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە حوکمی یاساکانی ژیریی مەرجێکـە بۆ ناسینی ئایەتەکانی پەروەردگار.

بەم پێیەش هەر دیاردەیەك لە گەردووندا لێی دەدوێین ناڵێین ئێمـە بـە تـەنیا پـەی پێ دەبەین‌و دەیزانین، بەڵکو ئێمەو بێ باوەڕان لەم زانینەدا هاوبەشین، بـەڵام جیاوازیمـان ئەوەیە ئێمە شیتەڵی بوونی ئەو دیاردانە بە پەیوەستییەکی ژیریی دەکەین کـە دەبێـت لـە گەڵیدا بێت، بـەڵام ئـەوان بـێ بەڵگـە ڕەفـزی ئـەم شـیتەڵە ژیرییـە دەکـەن: وەك ئـەو ئەندازیارانەی لەبەردەم بینایەکی زۆر قەشەنگدا ڕاوەستاون‌و هـەموویان هاوبەشـن لـەوەدا کە دەزانن بیناکە لە چی پێك هاتووە،و بەشـێوەو جـۆری ڕێکخسـتن‌و چۆنیـەتی داڕشـتنی ئاشـنان، بـەڵام یـەکێکیان سورە لەسـەر ئـەوەی کـە بوونـی ئـەو بینایـە بـێ بوونـی هیـچ شارەزایی‌و زانست‌و ئیرادەو تواناو هێزو داهێنان‌و حیکمەتێك دروست بووەو چ کەسێك بەم

شتانە هەڵنەستاوە. بەڵام یەکێکی تریان ژیریی بڕیاری لەسەر ئەوەی پێ ئەدات کە ئەندازیارێکی زاناو داناپەروەر بە کاری ئەنجام دانی ئەم بینایە هەستاوە. ئەم کێشەیە بەوپەڕی سادەیی ئەمە دەگەیەنێت، کاتێك کەسی یەکەم بە شێوەیەکی ژیریی لەو حوکمەی دەری کردووە گفتوگۆ دەکات، دەڵێت: من لە ڕۆژانی داهاتوودا دەری دەخەم کە چۆن ئەم بینایە بۆ خۆی دروست بووە، لەگەڵ ئەمەشدا ژیریی بە هۆی زرنگییەوە زیاتر بە هاتنی ڕۆژگار زانیاری بەرفرەترمان پێ ئەدات لەمەڕ کاری بیناکە، کە زیاترو وردتر خاوەنەکەیمان پێ دەناسێنێت، هەرگیز حوکمی زرنگی وەلا ناخرێت.

گەردوونیش هەر بە هەمان شێوەیە، چەندێك زیاتر وەدەرکەوێت ئەوا زیاتر ئەبێتە بەڵگە لەسەر (ﷲ)ی خودا، (دیاردەی حیکمەتو کار لە جێیی)ش کە ئێستا باسی دەکەین باشترین گەواهیدەرە بۆ ئەوەی کە دەیڵێین، مرۆڤی ئاسایی دەبینێت لە گەردووندا چ حیکمەتێك هەیە، ئیدی بەو حیکمەتە پەروەردگاری حەکیمو داناو کار لەجێ دەناسێت، هەرچەندێکیش زانستی فراوان بێت زیاتر زانیاری بەو حیکمەتە بەرفراوانتر دەبێت، هەمیشە زانستیش دەرخەری حیکمەت بووە.

گەورەترین گیروگرفتو ناهەمواری کە تووشی بڕواداران بووە لەم ڕۆژە ناهەموارەدا ئەوەیە کە بێ باوەڕان بانگەوازی زانست دەکەن کاتێك بێ باوەڕی خۆیان دەردەخەن، کەچی بڕواداران نازانن؛ ئەوەش کە بووە بە هۆی زیاتر پاڵپشتییان لەم گوتەیەدا ئەوەیە کە زۆربەی بڕواداران لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کەمتر زانستیان بە ڕووکەشی ژیانی دنیا هەیە وەك لە کەسانی تر، بەڵام ئەو سەردەمەش وا لە سەرهەڵداندایە کە بڕوادار زیاتر زانستی بەرفراوانتر بێ بە ڕووکەشەکانی ژیانی دنیاو وا خەریکن ئەوە دەسەلمێنن کە زانستی زیاتر ئەبێتە هۆی وەدەست خستنی بڕوای زیاتر..

❁❁❁

لەمەڕ حیکمەتەوە گوتوویانە: دانانی شتەکانە لە شوێنی خۆیاندا، سەبارەت بە گەردوونیش ئەوا بە شێوەیەکی ڕەها ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێی تێ ناچێت هیچ شتێك

جگە لەم شوێنانەی ئێستایان کە هەن، دابنرێن باشتر بێت؟ ئەمەش واقیعی گەردوونە، هەموو شتێك تیایدا بە پێی مەبەستە لە حیکمەتو داناپەروەریی، بۆیە هەرگیز ژیریی ناتوانێ لەمەی ئێستا بەدەر بۆچوونێکی دی لا دروست بووبێ، بە پێی لێکۆڵینەوە لە هەموو شتەکان بە هەندەکیو هەمەکییەوە....، ئەوسا راستییەکی راشکاوی لا دروست دەبێت کە دەڵێ: ئەوەی من ئێستا لەسەریم کرۆکی حیکمەتە، ئەمەش چەند نموونەیەکە لەو بارەیەوە:

١- ئەگەر مردن نەبوایە چی رووی دەدا؟.. گوتوویانە گەر دوو مێش زاووزێ بکەنو نەمرن، ئەوا پاش پێنج ساڵ بە بەرزایی (٥) سم چینێك لە مێش دەوری گۆی زەوی دەدات، ئەمە تەنیا سەبارەت یەك رەگەز لە بوونەوەرەکان، ئەی داخۆ چی رووی دەدا گەر لە سەرجەم بەدیهێنراوەکاندا مردن نەبوایە! ئالێرەوە حیکمەتی نەخۆشی دەزانین، هەروەها حیکمەتی بوونی هۆکاری نەخۆشییەکانیش دەزانین وەك میکرۆبو ڤایرۆس و هتد، هەروەها یەکێکی تر دەڵێت ئایا ئەگەر ئادەمیزاد بێ نەخۆشی بمردایە باشتر نەبوو؟ یان تەنیا بە نەخۆشییەك بمرێت، کە هەر کاتێك تووشی بوو کۆتایی بە ژیانی بێت؟ لای ئەو جۆرە کەسانە حیکمەتی بوونی هیوا لە ئارادا نیە، هەروەها حیکمەتی ئاگادار کردنەوەو حیکمەتی بینایيو حیکمەتی پەند وەرگرتن بەم واقیعە.

٢- تەنیا ئەو پاشەڕۆکەی لە مرۆڤەوە دەردەچێت گەر بوونی بەکتریاو چەند هۆکارێکیتر نەبوایە کە دەبێتە هۆی گۆڕینو لەناو بردنی ئەو پاشەڕۆکە، ئەوا دنیای پڕ دەکرد، ئالێرەوە هەست بە حیکمەتی بوونی زیندەوەران دەکەین کە مرۆڤ لای وایە بوونیان هیچ سوودێکی ئەوتۆی نیە، بۆیە وا هەزر دەکات کە بوونیان بێ حیکمەتو بێ مەبەست بێت، ئەگەر لە هەندێك بوونەوەردا هیچ حیکمەتێك نەبێت تەنیا جوانیەکەی نەبێ! ئەوە بەس بوو،و لە هەندێکی تردا تەنیا ئەو حیکمەتەی تیا بێت کە ترسێنەرە ئەوە بەس بوو، بوونی ترس لە گەورەترین حیکمەتەکانە، چونکە مرۆڤ خۆپاراستنو ئاگاداری فێر دەبێت، بەم جۆرەش تواناکانی پەرە پێ ئەدات، گەر لە هەندێك بوونەوەردا

تەنیا جێ هێشتنی شوێنەکەی بێت لەگەڵ پێش خۆیو پاش خۆیدا ئەوا مەبەستی هاوکاری بەدی هاتووە، ئەمە بە تەنیا حیکمەتە،و لە هەندێ بەدیهاتووی تردا تەنیا ئەوە هەبێت کە کشگێڕی بەدیهێنەرانی خواو توانایت بۆ دەرکەوێت ئەوە بەسە وەك حیکمەتێك.

٣- هـەندێك خـەڵك دەڵێن: تەنانـەت شـەڕیش بـێ حیکمـەت نیـە؟! هـەروەها ئازاریش؟! ئایا دادپەروەری لە ستەم باشتر نیە؟ میهرەبانی لـە دڵ رەقـی باشتر نیـە؟ سەرپەرشتیاری لە هەتیو خستن باشتر نیـە؟ بـاوەڕ لـە بـێ بـاوەڕیو کوفـر چاکتر نیـە؟ هەستان بە ئەرکی سەرشان لە پشتگوێ خستن باشتر نیە؟، کەواتە ئەبێ حیکمەت چی بێ لە بوونی ئەم ناتەباییو کەمو کورتیانەو بەرانبەرەکەیاندا؟.

تەنانەت دەگاتە ئەو بـارەی هـەندێك بپرسن بۆچـی خـوای گـەورە شـەڕو خراپـەی خولقاندووە؟ هەتا دەڵێن: بوونی شەڕ بەڵگەیە لەسەر نەبوونی خوا، چونکـە خـوا دەبێـت خێرەومەند بێتو تـەنیا خێریشـی لێ بکەوێتـەوە. ئێمـەش دەڵێـین: پێویسـتە حـەزمان لـە زانینی حیکمەت بێت لە هەموو شتێکدا، یاخود بپرسین تا شارەزا بـین، یـان هـەوڵی زانـین بدەین، ئەمە شتێکی روونو ئاشکرایە، لەگەڵ تێبینی کردنی ئـەوەدا کـە کـەمو کورتـی لـە زانینی حیکمەتدا نەبوونی حیکمەت ناگەیەنێ. بەڵام گەر بڵێین: خوایە بۆ وات کرد؟! ئـەوا ئەمە باشو گونجاو نیە، تەنیا کەسانی بێ ئاگاو نەزان بە گـەورەیی خـودا ئـەم پرسـیارانە دەکەن کە بێ ئاگان لە زانستی خوداو کەم تواناییو سـنوور دراوی مـرۆڤ دەردەخـەن لـە بەرانبەر بـێ سـنووریو کـەمالو تەواوییـەکانی (ﷲ)ی پـەروەردگار. زانایـەکیش گـەر لـە روانگەی زانستەوە بە کارێك هەستێت کەسانی نـەزان پـێی نـاڵێن بـۆ وات کـرد؟ هـەروەك خوای گەورە سەبارەت مرۆڤ دەفەرموێت: ﴿وما أوتيتم من العلم إلا قليلاً﴾ الإسراء/٨٥.

واتە: و لە زانست مەگەر کەمێك نەبێ (لە بابەت رۆحەوە) بە ئێوە نەدراوە.

کەواتە ﴿لا يسأل عما يفعل وهم يسألون﴾ الأنبياء/٢٣.

واتە: لـە کـارێ کـە دەیکـا ناپرسـرێ (و رەخنـەی لێ ناگیردرێ)، و لـەکاری ئـەوان دەپرسرێو (رەخنە) دەگیردرێ.

بەڵام سەبارەت ئەوەی بڵێین: بوونی شەڕ بەڵگەیە لەسـەر نـەبوونی هیـچ خوایـەك! ئەمە ئەوپەڕی نەفامییە، ئەوپەڕی لەدەستدانی هـزرە، ئەوپـەڕی ئاگاییـە بـە یاساکانی گەردوون، چونکە بوونی خـوا بەڵگـەکانی لەسـەر بنیـاتنراوە، بـە جۆرێك دەبێتـە شـتێکی ئاشکراو بێ بەڵگە لای هەموو ئەو مرۆڤانەی بەهرەو مەلەکەیان لە کار نەکەوتبێت.

کەواتـە لـە بازنـەی وەڵام دانـەوەی حیکمەتـەکاندا وەڵامـی پرسیارەکانی رابـردوو دەدەینەوە:

زینا کردن خراپەیـە! ئـەی ئایا بەدیـهێنانی ئامێرەکانیشـی هـەر خراپەیـە؟ خـوای گەورە بـۆ نـێرو مـێ ئـامێری زاووزێی دروسـت کـردووە، هـەروەها لای پیـاوو ئافرەتـەوە ئارەزووی خولقـاندووە، حیکمەتەکـەش ئاشـکرایە کـە خـوا بۆچـی خولقاندوویـەتی، بـەڵام ئادەمیزاد بۆ خۆی، بەکارهێنانی ئەم ئامێرانەی گواستۆتەوە لە بـارە گونجاوەکەیـەوە کـە لە پێناوی مانەوەی رەگەزدا خولقاوە بۆ باری شپرزەیی زایەند، کەواتـە شـەڕ لـە دروسـت بوونی ئەندامەکاندا نیە، بەڵام شەڕ لەوەدایە کـە مـرۆڤ پـێی هەڵدەسـتێت‌و سـنوورەکان دەبەزێنێ‌کە شتەکانی لە پێناو دا بەدیهێنراوە.

هەروەها خواردنەوەی مەی شەڕو خراپەیە، ئەی ئایا ترێ بۆ خراپە بەدی هاتووە؟ ترێ خۆی لە خۆیدا شتێکی خۆش‌و نایابە، حیکمەتیش لە دروسـت بوونـی ئاشـکرایە، جـا تەنیا مرۆڤە ترێکەی گۆڕیوە لە حاڵەتە گونجـاوە باشـەکەیەوە بـۆ حاڵـەتی پیسـی خـراپ، هەروەها بەکار هێنانی ئاسن لە کاری کوشتندا شتێکی رێ پێ نـەدراوو خراپـە، ئـەی ئایا ئاسن بۆ خراپە دروست کراوە؟، لە دروست کردنی ئاسـندا چـەندان حیکمـەتی بـێ شـومار هەن، بەڵام بەکار هێنانی مرۆڤ بۆی بە شێوەیەکی هەڵە ئەوە خراپەکەیە.

هەروەها حەسوودی بردن خۆی لـە خۆیـدا ئـاوات خواسـتنە بـە نـەمانی نیعمـەت‌و بەخششەکانی کەسی حەسوود پێ براو ئەمەش شەڕو خراپەکارییە، ئەی ئایا مەلەکەی کێ بەرکێی نێوان مرۆڤەکان شەڕو خراپەیە؟ لە راستیدا مەلەکەی پێشبڕکێ لە لایەن مرۆڤەوە گەورەترین هۆکارە دەبێتە هۆی گەشە سەندن‌و ئاوەدانی‌و چاك سـازی مرۆڤایـەتی، بـەڵام

مرۆڤ خـۆی ئـەم مەلەکەیـەی هەڵگێڕاوەتـەوەو لـە بـاری شـەڕدا خسـتویەتییەوە، کەواتـە شەڕەکە لە دەروونی مرۆڤدایە نەك لە بوونی (مەلەکە)دا، خۆ بەزل زانینیش پێشێل کردنو بچووککردنەوەی خەڵکەو ناهەقی نواندنەو ئەمەش بە شەڕ دادەنرێت، ئەی ئایا هەوڵ دانو داواکردنـی کـەمالو (تـەواوێتی بڵندیـی ڕێ پێـدراو) شـەڕە؟ خـوای گـەورە لـە مرۆڤـدا ئامادەگییەکی خولقاندووە تا کـەمالو تـەواوێتی داوا بکـاتو پلـە بڵنـدی بخوازێـت؛ بـەڵام مرۆڤ بۆ خۆی ئەم ئامادەگییەی‌هەڵگێڕاوەتەوەو کردویەتی بە خۆ بەزل زانین، ئیدی بەشەڕ کەوتوەتەوە.

کەواتە مـرۆڤ –بـە گۆڕیـنو دەسـتکاری کردنـی هێنانـەدی حیکمـەتی خوایـی لـە شتەکاندا– خێر دەگۆڕێت بۆ شەڕو چاکسازی دەکاتە خراپەکاری.

لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێـت: ئـەی حیکمـەت چییـە لـەوەی ئـەم ئامادەگییـە زۆرە بۆ مرۆڤ بەدیهاتبێ بۆ خێرو شەڕ؟، وەڵامی ئەمەش بەم جۆرەیە:

أ– تا مرۆڤ سـەرجەم هـێزو تاقەتـەکانی بـەکار بخـاتو هیچیـان نەپووکێنێتـەوە؛ وزەکانی ژیریو تواناو گیانو هزرو لاشـەی، بـەم جـۆرە کـەمالاتو تـەواوی مـرۆڤ بـەدیار دەکـەوێت بـە مـەرجێ بـەکارهێنانی سـەرجەم وزەکـان بـە ڕێگـە ڕاسـتەکەی خۆیـان‌بێ‌لـە دۆزینەوەی هاوتـایی نێـوان سـەرجەم وزەکانـدا، بـەم جـۆرەش فـەزڵو چاکـەو بەخشـینی پەروەردگار لەسەر مرۆڤ دیار دەکەوێت. یاخود بەکات لەدەست دانی هەندێك لە وزەکانو بەکارهێنانی هەندێکیان لەجێگـەی تـردا، نـەك بـە پـێی حیکمـەتی بـەدی هێنانیـان، ئـەوا گـەندەڵی لادان لـە سـوننەتەکانی پـەروەردگارو بەدەرکـەوتنی شـوێنەواری خراپییـەکانی ئاشکرا دەبنو ئالێرەوە مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ ڕاستە ڕێگا.

ب– بەم پێیە مرۆڤ:پەروەردگار بەو پەڕی تەواوی دەناسێ، چونکە مرۆڤ نازانێت خوداوەند لێی خۆش بووە گەر هەڵە نەکاتو داوای لێخۆشبوون نەکات، ناشزانێت کە خـوا پەشیمانی وەردەگرێت، کـاتێك نـەبێت مـرۆڤ دوای تـاوان پەشـیمان بێتـەوەو دڵنیـا بێـت لەوەی کە خوا لێی وەردەگرێـت، هـەروەها هێزوتوانـای ڕەهـای پـەروەردگار دەرناکـەوێت

لەسەر بەدیهێنانی هەموو خێرو شـەڕو ڕێپیشـاندانو گومڕاییـەك، کـاتێك نـەبێت کـە خـێرو شەڕو ڕێپیشاندانو گومڕایی بوونیان هەبێ، هەروەها بە تەواوییش خودا ناناسـرێت ئەگـەر مرۆڤ بەو جۆرە نەبێت کە هەیـە، بۆیـە حیکمـەتی خوداوەنـد لـە دروسـت کردنـی پـەری‌و مرۆڤدا بۆ مەبەستی ناساندنی خۆیەتی: ﴿وما خلقـــت الجـــن والإنـــس إلا ليعبـــدون﴾ الذاريات/٥٦.

واتە: و من جنۆکەو ئینسـانم خـەلق نـەکردووە مەگـەر بـۆ ئـەوەی عیبـادەتم بکـەن (لێرەوە تەکامول پەیا بکەن‌و لە خوا نزیك ببنەوە؟).

مرۆڤ نازانێت خوای گەورە وەڵامدەری پاڕانەوەکانە تا حاڵەتی پەرێشانی نـەبێت‌و نەپاڕێتەوەو خواش وەڵامی نەداتەوە، هەروەها نازانرێت پەروەردگار رزق‌و ڕۆزی بەخشـە، کاتێك نەبێت کە رزق‌و ڕۆزی ببینێ دەگاتە هەموو دروستکراوێك، لێرەوە نهێنی زۆر هەواڵ‌و باسمان بۆ دەردەکەوێت کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بیستوومانە.

ج- ئەوانەی داواکارن ئەم جیهانەمان یەك پارچە خێرو چاکە بێت، ئەوا بـە هەڵـەدا چوون، چونکە حیکمەت لە بوونی گەردوون‌و مرۆڤـو ژیانی یەکەمین بریتی بـووە لـە تـاقی کردنەوە، تاقیکردنەوەش نایەتە دی بـە بوونـی خـێرو شـەڕ نـەبێت، مرۆڤـیش کـاتێك لـەم تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتوو دەبێت‌و دەردەچێـت؛ کـە وزەیـەکی لـە ویسـتی خـۆی بـەکار هێنا بۆ رزگار بوون لە شەڕو روو کردنە خێرو چاکە ﴿ونبلوكـــم بالشـــر والخـــير فتنـــة﴾ الأنبياء/٣٥.

واتە: و ئێمە بە (گەیاندنی) خراپەو چاکە ئێوە تاقی دەکەینەوە.

﴿الذي خلق الموت والحياة ليبلوكم أيكم أحسن عملاً﴾ الملك/٢.

واتە: کەسێ کە مردن‌و ژینی خەلق کـرد تـا ئـەزمونتان بکـا کـە کامـە لـە ئێـوە بـە کردەوە چاکترە.

﴿ونفس وما سواها. فألهمها فجورها وتقواها، قد أفلح من زكاها وقد خـــاب مـــن دساها﴾ الشمس/٧-١٠.

واتـە: و بـە نـەفس و ئـەو کەسـەی چـاك و بـە تـەکوز ئـەوی سـازدا جـا چاکـەو خراپەکەیشی، پێ ئیلهام کردووە، بە هەقیقەت هـەر کـەس نەفسـی پـاك کـردەوە رزگـاری دەبێ،و هەر کەس نەفسی خۆی بە گوناه ئالودە کرد، بێ هیواو بێ بەش بوو.

﴿وأما من خاف مقام ربه ونهى النفس عـــن الهـوى فـإن الجنـــة هـــي المـأوى﴾ النازعات/٤٠-٤١.

واتە: و بەڵام هەر کەس کە لە گەورەیی پـەروەردگاری ترسـاوەو نەفسـی خـۆی لـە هەواو هەوەس گێڕاوەتەوە بەڕاستی بەهەشت جێیەتی.

جا گەر مـرۆڤ سـەرکەوتوو بـوو لـەتاقی کردنـەوەی ژیـانی دنیـادا ئـەوا شایسـتەی ئەوەیە لە جیهانی چاکەی رەهادا بژی لە ژیانی دوا رۆژدا ﴿لهم دار السلام عنـــد ربهـــم﴾ الأنعام/١٢٧.

واتە: بۆ ئەوانە خانووی ئەمن و ئەمان لای خوایان هەیە.

کەسێکیش دەرنەچێت و بکەوێت لەو تاقی کردنەوەیەدا ئەوە شایسـتەی چوونـە نـاو مەنزڵی وێرانی و خراپەی رەهایە ﴿جهنم یصلونها وبئس القرار﴾ إبراهیم/٢٩.

واتـە: (خـانووی نـابودی هـەمان) جەهەننەمـە (کـە) ئەوانـە دەچنـە نـاوی،و جێگـا مانەوەیەکی خراپە.

بە پاداشت و سزایەکی بە داد بە پێی کردەوەکانیان.

۞۞۞

٤- جا گەر مرۆڤ؛ ژیریی بە شێوەیەکی زانستیانە بخاتە گەڕ، ئەوا لـە بچووکـترین گەردی ئەو بوونەوە تا گەورەترین بەشەکانی گەردوون هەمووی بۆ ئـەو پـڕ لـە حیکمـەت و دانایییە، مرۆڤ لەو کاتەدا هیچ شـتێك نابینێتـەوە لـە دنیـادا بـێ بـەش بێـت لـە حیکمـەتی جوانی و نییانی، ئەو نموونانەش کە لە دیاردەکانی ڕێپیشـاندان و ئـیرادەو داهێنـاندا لێیـان دواین هەمووی دەشێن وەك نموونەی حیکمەت بیانهێنینەوە لە هەموو دروسـت کراوەکـانی خوادا: ﴿الذي أحسن كل شيء خلقه﴾ السجدة/٧.

واتە: زاتێکە هەرچی بەدیهێناوە بە جوانی خەڵقی کردووە.

﴿صنع الله الذي أتقن كل شيء﴾ النمل/٨٨.

واتە: کاری خوایە کە هەر شتێکی مونەزەمو کاملو پتەو بەدیهێناوە.

ئەمەش چەند نموونەیەکی تری بچووکن کە دەشێن وەك گەواهیدەری دیاردەی حیکمەت لە چوارچێوە گەورەکەیدا باسی بکەینو بەنموونە بیانهێنینەوە:

أ- ئەگەر هەردوو چاوی مرۆڤ لە بەشی سەرەوەی سەری یان خوارەوەی چەناگەیدا یا لە پشتییەوە، یا.... بوایە؟ ئایا ئەوە پەسەندتر بوو؟! یان بوونیان لە شوێنی ئێستایاندا؟ ئایا هیچ ئەندامێك لە لاشەی مرۆڤ بێجگە لەم جێگایانەی ئێستایان لە چ جێگەیەکی تردا بوونایە پەسەند ئەبوون؟ هەچ مرۆڤێ رێز بۆ ژیریی دابنێ ناتوانێ بڵێ: بەڵێ دەبوو..

بچووکترین نموونەش بۆ روونکردنەوەی شوێنی حیکمەت لە بەشەکانی لەشی ئادەمیزاددا دەستی مرۆڤە، زۆر ئەستەمو گرانە؛ ئەگەر نەڵێین مەحاڵە! کە ئامێرێك بدۆزرێتەوە جێی دەستی مرۆڤ بگرێتەوە لە سادەییو تواناو تیژی لە گونجاندا، بۆ نموونە کاتێك دەتەوێت پەرتووکێك بخوێنیتەوە بە دەستت ئەم دیوو ئەودیوی دەکەیت، پاشان لە شوێنی گونجاودا بۆ خوێندنەوە دایدەنێیتو رای دەگری، ئەم دەستە؛ خۆی جێی خۆی راست دەکاتەوە، کاتێك لاپەڕەکانی هەڵدەدەیتەوە ئەوا پەنجەت دەخەیتە ژێر کاغەزەکەوەو پاڵەپەستۆی دەخەیتە سەر بە جۆرێك بتوانی هەڵیگێڕیتەوە، پاشان پاڵەپەستۆکە نامێنێت بە هەڵدانەوەی لاپەڕە، هەروەها دەست پێنووس دەگرێتو پێی دەنووسێت، هەروەها ئامێریش بەکا دێنێت، مرۆڤ پێی دەخوات، پەنجەرەی پێ دەکاتەوە، شتێك بیەوێ پێی هەڵدەگرێت، هەروەها دەست لە شت ئەداتو هەستیان پێ ئەکاتو شتی پێ دەگرێت، هەروەها بەکاری دێنێت بۆ هەست کردن بە جوانیو گواستنەوەی هەستەکانی بۆ دڵی، هەروەها نینۆکەکان پەنجەکان دەپارێزن چونکە زیاتر بەر کاریگەریو لێدان دەکەونو بەهۆی نینۆکیشەوە دەتوانی پێستت بخورێنیو شتی پێ

بگریت، لە کۆتاییدا: نینۆکەکان تـەرازووی تەندروسـتی مرۆڤـن، هـەچ کـارێك مـرۆڤ پـێی هەڵدەسـتێت:گـەورەترین یارمـەتی دەری جوڵـەی پەنجـەکانی دەسـتییەتی، ئەگـەر نەجووڵاوبوونایە –بۆ نموونە– وەك نینۆکەکانی مەیمون؛ ئەوا نەیدەتوانی زۆر لەو کارانەی ئێستا پێی هەڵدەستی بیکردبا.

ب– لێوی سەرەوەی وشتر قلێشـاوو درزاوییـە تـا یارمـەتی بـدات لەسـەر خواردنـی رووەکی دڕکاوی بیابان، پێکانیشی لەگەڵ لمدا گونجاوەو تێیـدا رۆنـاچێت؛ بـە پێچەوانـەی ئەوەی کە (سم)ی ببوایە یان پێکانی بچووك بونایە، برژانگە درێژەکانیشی وەك تۆڕ وایـەو چاوەکـانی لـە گـەردی لم دەپـارێزن، گردۆڵکـەکانی سـەر پشتیشـی بـۆ ماوەیـەکی درێـژ خواردنی تیا هەڵدەگرێت‌و لە کاتی نەبوونی خۆراکدا سوودیان لێ دەبینێ.

ج– بەهەڵم بوون‌و ئاودەردان لە رووەکـدا بریتییـە لـە بەهـەڵم بوونـی ئـاو بـە هـۆی گەڵاکانیەوە، ئەمەش یارمەتی هەڵمژینی شلەمەنیەکان ئەدات کە بە هۆی رەگەوە لـە خـاك وەری ئەگرێت، ئاوا کرداری بە هەڵم بوون دروست دەبێت بـە هـۆی ئـەو چاڵ‌و کەلێنانـەی لەسەر گەڵاکان هەیە، ئەم کەلێنانەش لە رووەکێکەوە بۆ رووەکێکی تر جیـاوازە بـە پـێی جیاوازی ژینگەکەیان. بۆیە کەلێنی رووەکـە بیابانیـەکان کـەمترە لـە رووەکی باخچـە، بـە جۆرێك کە بە هەڵم بوون لە یەکەمدا کەمترە لە چاو دووەمدا.

د– باڵندە بە پێی قەبارەکەی لە هـەموو گیانـەوەرێکی تـر سـووکترە، لـە ئاکـامی پشکنینی لەشییەوە دەرکەوتووە کە ئێسکی باڵندە ناسك‌و وشك‌و بۆشە، تا یارمەتی بدات لەسەر سووکی لەشی‌و بەمەش کاری فڕینی بۆ ئاسان بێت.

هـ– لە کیشوەری بەستەڵەکی باشـوور جۆرە باڵندەیەك هەیە نـاوی (البـانجو)یە، مێیینـەی ئـەم باڵندەیـە هێلکـەکانیان لـە زسـتانێکی تـاریکدا دادەنێن –لـەکاتێکدا بــەفر زەمین‌و ئاسمان ئەتەنێت– لە گیرفانێکی سەهۆڵبەندیدا لـە بەشـی سـەرەوەی قاچـەکانی، بێچووەکان هەتا بە هێز دەبن‌و توانای خۆ ژیاندنیان دەبێ هەر لەو جێیەدا دەمێننەوە.

و- لە هەر لایەکی ماسیدا هێڵێکی درێژکۆلە هەیەو لە پشکنینی ئەو هێڵانەدا بە ئامێری ورد بۆن دەرکەوتووە کە ئەمانە ئەندامی زۆر وردی هەستەوەرن بەڕادەیەکی زۆر گەورە، کاتێك ماسی لە بەربەستێك یا لە بەردێك نزیك دەبێتەوە ئەوا ئەم ئەندامانە هەست بە پاڵەپەستۆی ئاو دەکەن لە ئاکامی بەرکەوتنی بە هەر بەربەرستێك، هەرچەندە شەپۆلەکانی ئاوەکەش کەم بن. بەم جۆرە خۆی لە لێدانو بەرکەوتن دەپارێزێو ڕێگاکەی دەگۆڕێت.

ز- شەمشەمەکوێرە لە شەودا ئەفڕێ. بەجۆرێك هیچ ڕووناکییەك کار لە لاوازی چاوەکانی ناکات، لەگەڵ ئەمەشدا شەمشەمەکوێرە خۆی لە هیچ بەربەستێك نادات هەرچەندە زۆر بن. دەریشکەوتووە کە شەمشەمەکوێرە لە کاتی فڕیندا بروسکەو جۆرە دەنگێکی تایبەت دەردەکاتو ئەگەر بەر هەر تەنێك بکەوێت ئەوا دەنگەکەی بۆی دەگەڕێتەوەو ئیدی هەستی پێ دەکات بێ ئەوەی ببینن، ئالەمەدا وەك ڕادار وایە.

ئەم نموونانە وێنەیەکی ساکارمان پێ ئەدەن لە بوونی حیکمەت لە هەموو شتێکدا، مرۆڤیش هەرچەندە زانستی پتر بێت ئەوەندە درك بە دیاردەی حیکمەت ئەکات وەك لەمەو پێش گوتمان، بەڵام دڵانی داخراوو کوێر، گوێی کەڕ، ژیریی پەك کەوتوو، ئەمانە دەستەوسان ئەمێننەوەو هیچ وانەو نیشانەیەك لە پەروەردگار وەرناگرن ﴿وكأين من آيـةٍ في السموات والأرض يمرون عليها وهم عنها معرضون﴾ يوسف/١٠٥.

واتە: و چەند زۆرن نیشانەکانی (خوا) لە ئاسمانەکانو زەویدا کە ئەوانە بەلایدا ئەڕۆنو ڕووی لێ وەردەگێڕن!.

﴿وقالوا لو كنا نسمع أو نعقل ما كنا في أصحاب السعير﴾ الملك/١٠.

واتە: و دەڵێن: ئەگەر گوێمان دابانێ، یا ئەقڵمان بخستبایەکار،لە ڕیزی دۆزەهیان نەدەبووین.

بێگومان گەر کەسێك دروست کردنی ڕادار بداتە پاڵ کەسێکی شێتی کەڕی کوێری لاڵ، ئایا گومانت نابێ لە ژیریی ئەو کەسە؟ بێگومان بە شێتیشی دائەنێیت!. ئەی ئایا ئەو

کەسـەی کـە دەرکردنـی دەنگـی شەمشـەمەکوێرە بـۆ مـاددەی کـەڕو لاڵو کوێـرو مـردوو دەگێڕێتەوە لەو کەسە بە شێت تری نازانیت؟.

﴿إن الذين يلحدون في آياتنا لا يخفون علينا أفمن يلقى في النار خير أم من يأتي آمنـا يوم القيامة اعملوا ما شئتم إنه بما تعملون بصير﴾ فصلت/٤٠.

واتە: بەڕاستی کەسانێ کە نیشانەکانی ئێمە دەگۆڕن لـە ئێمـە شـاردراوە نین، جا ئایا کەسێ کە دەخرێتە نێو ئاگر باشترە یان کەسێ کە لە ڕۆژی بەرێدا لە ئەمنو ئـەماندا هەرچی دەتانەوێ بیکەن، بەڕاستی ئەو بەوەی دەیکەن بیینایە.

❁❁❁

لەم گەردوونەدا ملیۆنەها شایەتو گەواهی دەر هەن لەسەر دیاردەی حیکمەت، هەر لە گەردو خانەوە تا کۆبوونەوەی گەردەکانو خانەکان، هەروەها لـەناو هـەموو جۆرێـك لـە جۆرەکـانی دروسـتکراوەکانو هـەموو بەشـێك لـە بەشـەکانیاندا، لـە کۆبوونـەوەی هـەموو ئەمانـەدا،و هـەر شـایەتێك لـەم ملیـار حیکمەتانـە، ئەگـەر مـرۆڤ بـۆ (نـەبوون –عـدم)ی بگێڕێتەوە ئەوا شێتە، ئەو کەسانە چـەند بـێ هۆشـن؟ ئەوانـە ئـەو کەسـانەن کـە بـڕوا بـە پەروەردگاری کار بەجێ ناکـەن! چـەند ئەوانـە نـەزانو کەللـە پووچـن؟ کـە بـڕواداران بـە بەدیهێنەری حیکمەتەکان بە شێت لە قەڵەم ئەدەن!.

﴿ن والقلم وما يسطرون، ما أنت بنعمة ربك بمجنون، وإن لك لأجرا غير ممنـون، وإنك لعلى خلق عظيم، فستبصر ويبصرون، بأيكم المفتون، إن ربك هو أعلم بمن ضل عـن سبيله وهو أعلم بالمهتدين، فلا تطع المكذبين﴾ القلم/١–٨.

واتـە: نـون، سـوێند بـە قەڵـەمو ئـەوەی دەنووسـن، بـە بەرەکـەتی نیعمـەتی پەروەردگارت تۆ شێت نیت، و بەڕاستی بۆ تۆیە پاداشی گەورەو بێ بڕانـەوە، و بەڕاستی تۆ خو و خوڵقی گەورەو شیاوت هەیە، جا لە دواییدا تـۆ دەبینـیو ئـەوانیش دەبینـن، کـە کام یەك لە ئێوە شێتە، بەڕاستی پەروەردگاری تۆ باشتر ئەزانێ چ کەسێ لـە ڕێگـای خـوا لایداوە،و هەر ئەویشە زاناتر بە ڕێنوێن بووان، جا لە بە درۆخەرەوان ئیتاعەت مەکە.

دیاردەی هەشتەم

دیاردەی گرنگی پێدان (العنایة)

١- هەموو نیعمەتێك، نیعمەت بەخشێكی لە پشتەوەیە، وەسف كردنی دەرمان بۆ نەخۆشێك نیعمەتێكەو لە پشتییەوە پزیشكێك هەیە، دابین كردنی خۆراك بۆ برسی نیعمەتەو لە پشتییەوە خۆراكدەرێك هەیە، سەرپەرشتی كردنی منداڵ تا گەورە دەبێ نیعمەتو بەخششەو لە پشتییەوە دایكو باوكی هەن، بوونی ماڵێك بە هەموو پێداویستییەكانی خۆشگوزەرانیەوە نیعمەتەو لە پشتییەوە كەسانێك هەن كاریان تێدا كردووە. هەر بەم جۆرە هەموو پێ بەخشراوە دروستكراوەكانی مرۆڤ، راستەوخۆ كەسانی لە پشتەوەن كە بەخشەرو گرنگی پێ دەر بوون.

ئەی ئایا ئەو هەموو بەخشینەی لە دروست كردنی دەستی مرۆڤ نینو بە مرۆڤ خەڵات كراون، ئایا لە پشتییانەوە دەستێك نیە؟ ئەم وتەیە ئەو پەڕی پوچەڵ كردنەوەی كاری ژیریی مرۆڤە!.

كاتێك كە ئەم دیاردەیە، دیاردەی گرنگی پێ دانو نیعمەتەكانی مرۆڤ گەورەترین دیاردەیە قورئان لێی دواوە، دەرخستنی فەزڵو بەخشینو میهرەبانی پەروەردگار

دەگەیەنێت، بەم جۆرەش کەسانی هۆشمەند سوپاسگوزاری دەنوێنن بۆ (اللّٰهِ)ی مەزنی دلۆڤان، یاخود ئەمە دەبێتە بەڵگە لەسەر مرۆڤ لە بێ باوەڕیو ستەمو نکۆڵیکردنیدا، بۆیە شایستەی هەموو سزایەك دەبێت، بۆیە ئێمەش هەڵوێستەیەك دەکەین لەمەڕ دیاردەی بەخششی پەروەردگار بۆ ئادەمیزاد لە قورئانی پیرۆزدا، هەروەها تەماشا کردنی ئەم گرنگی پێدانە وەك بەڵگەیەك لەسەر بەدیهێنەری گەورەو بە دەسەڵات.

٢- پەروەردگار دەفەرموێت ﴿وإن تعدوا نعمة الله لا تحصوها إن الله لغفور رحيـم﴾ النحل/١٨.

واتە: و ئەگەر نیعمەتی خوا بژێرن، بۆتان نابژێدرێ، دیارە خودا غەفورو رەحیمە.

﴿وإن تعدوا نعمة الله لا تحصوها إن الإنسان لظلوم كفـار﴾ إبراهيم/٣٤.

واتە: و ئەگەر نیعمەتی خوا بژمێرن، ئەوانە لەئەژمار نایەن.

ئەگەر تێبینی ئەم دوو ئایەتەی رابردوو بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە یەکێکیان بە ﴿إن الله لغفور رحيم﴾ دوایی هاتووە، و ئەوی تریشیان مرۆڤ بە جۆرێك وەسف دەکات کە﴿إن الإنسان لظلوم كفـار﴾، جا لەم دوو ئایەتەو دوماهییاندا چەند مانایەکمان بۆ ئاشکرا دەبێ:

أ- ئەو نیعمەتە فراوانانەی کە نایەنە هەژماردن هەرگیز بە کاری رێکەوت دانانرێت، بەڵکو لە بەدیهێنانی (اللّٰهِ)ی پەروەردگارە، هەروەها (لێخۆشبوونو میهرەبانیی) ئەو دوو سیفەتەن کە بە فریای مرۆڤی باوەڕدار دێن، ئەگەر بە شێوەیەکی تەواوو بە تێگەیشتنێکی پێویستیش مرۆڤی بڕوادار بە کاری سوپاسگوزاری هەڵنەستێت.

ب- نەفامی مرۆڤ کە دەبێتە هۆی بێ باوەڕیی، و خۆ بەزلزانینی کە ستەمکاری لێ دەکەوێتەوە، ئەمانە وا لە مرۆڤ دەکەن کە هۆشی لە ئاست نیعمەتەکانی پەروەردگار بێ بەش بێت، ئەمەش وای لێ دەکا بە دڵسۆزیو یەکلابووەوەیی نیعمەتەکان نەداتە پاڵ پەروەردگار، بەڵکو ئەیداتە پاڵ چ شتێکیتر، هەرچەندە هیچو پووچیش بن ﴿وإذا ذكر الله

وحده اشمأزت قلوب الذين لا يؤمنون بالآخرة وإذا ذكر الذين من دونه إذا هم يستبشرون﴾ الزمر/٤٥.

واتە: و هەر كاتێ خـودا بـە تاقانـە بـوون یـاد دەكرێ دڵو دەروونـی كەسـانێ كـە بڕوایان بە ئاخیرەت نیە دەگیردرێ، بەڵام كاتێ كە مەعبودەكانی تر یاد دەكرێ ئـەو كاتـە شاد دەبن.

٣- خوای گەورە ماهییەتی عینایەتی خۆیو نیعمەتەكانی بۆ مرۆڤ لە ئایەتـەكانی قورئاندا كۆ كردۆتەوە، لەوانە:

﴿هو الذي خلق لكم ما في الأرض جميعا﴾ البقرة/٢٩.

واتە: هەر ئەو خوایەشە كە ئەوەی لە زەوی دایە بۆ ئێوەی بەدیهێناوە.

﴿ألم تروا أن الله سخر لكم ما في السماوات وما في الأرض وأسبغ عليكم نعمه ظاهره وباطنه﴾ لقمان/٢٠.

واتە: ئایا نەتاندیوە كە بەڕاستی خـودا ئـەوەی لـە ئاسمانـەكانو ئـەوەی لـە زەوی دایە بۆ ئێوەی رامو دەستەمۆ كردووەو نیعمەتـەكانی خـۆی چ زاهـیریو باتنی بـۆ ئێـوەی زیاد كردووەو پێی داون.

﴿وسخر لكم ما في السماوات وما في الأرض جميعا منه﴾ الجاثية/١٣.

واتـە: خـودا ئـەوەی لـــــــــــــــــــــــە ئاسمانـەكانو زەوی دایـــە هەمووی لە لایەن خۆیەوە رامی ئێوەی كردووە.

لەم كۆكارییە خێرایەدا چەند شتێكمان بۆ دەرئەكەوێت:

أ- یەكەم شێوەو نیعمەتـەكانی پـەروەردگار لەسـەر مـرۆڤ:بەدیـهێنانی مرۆڤـە بـۆ سروشتو خولقێتی بەم جۆرەی هەیە كە زۆر واتای ناوەخنو ئاشكرایی لە خۆ گرتووە.

ب- دووەم روو ئەوەیـــە كـــە زەویو ئاسمانـــەكانو چـــی لـــە ناویاندایـــە رامو گەردمنكەچی مرۆڤن.

جـ- ئـەم نیعمەتـە بەرفراوانانـە بـۆ مـرۆڤ بـە هـــەردوو بەشـــەکەیەوە لـــە لایـــەن خوداوەندی گەورەوەیـە: "وأسـبغ" "جمیعـاً منـە" نایەتـە دی تـەنیا بـەم جـۆرە نـەبێت، چونکە گونجانی گەردوون بۆ مرۆڤ و ڕێ تێچوونی رام بوونی، تەنیا بە هۆی هێزو بوویەکی رامکارەوە دەبێ.

٤- دوای ئەم درێژە دانە دێینە سەر باس کردنی هەندێك لەو ڕووانەی نیعمەتـەکانی پەروەردگار کە بە مرۆڤی بەخشیون و لە قورئاندا هاتوون..

أ- ﴿ولقد کرمنا بني آدم وحملناهم في البر والبحر ورزقناهم من الطیبات وفضلنـاهم علی کثیر ممن خلقنا تفضیلا﴾ الإسراء/٧٠.

واتە: و بە حەقیقەت ئێمە ڕێزمان لە بەنی ئادەم گرت (ئەقڵمان پێدا)ر ئەوانمان لە بەژو زەریا هەڵـگرت (بە سواری و گێڕامان)و ڕزق و ڕۆزیی پاکمان پێدان،و فەزیلـەتمان دان بەسەر زۆرێ لە ئافەریدەکانم.

﴿الرحمن. علم القرآن. خلق الإنسان. علمه البیان﴾ الرحمن/١-٤.

واتە: (خودای دەهندە) بەخشـەر، قورئـانی فـێر کـرد، مرۆڤـی خـەلق کـرد، زمـان و قسەی بەو فێر کرد.

﴿لقد خلقنا الإنسان في أحسن تقویم﴾ التین/٤.

واتە: بێ شـك ئێمـە مرۆڤمـان بـە باشـترین شـێوە خولقـاندووە. پێغەمبـەریش ﷺ دەفەرموێ ((إن الله خلق آدم علی صورته)): پەروەردگار ئادەمی لەسەر شێوەی خـۆی دروسـت کـردووە. واتـە لەسـەر سیفاتی خـۆی (بـەڕای هـەندێك لـە زانایـان)، بـۆ نموونـــە پـەروەردگار خـاوەن ئیرادەیـەو مرۆڤیـش ئـیرادەی هەیـە، پـەروەردگار زانایــەو مرۆڤیــش سیفەتی زانستی هەیە، پەروەردگار زیندووەو مرۆڤیش ئەم سیفەتەی تیایـە، پـەروەردگار بیسەرەو مرۆڤیش سیفەتی بیستنی هەیە، پەروەردگار بینایەو مرۆڤیش سیفەتی بینیـنی هەیە، پەروەردگار قسە دەکـات و مرۆڤیـش سیفەتی قسـە کردنـی هەیـە، خـوا بـە نیـان و ئارامەو مرۆڤیش سیفەتی نیانی و ئارامی هەیە، خوا میهرەبانـەو مرۆڤیـش ئـەم سیفەتەی

هه‌یه‌و...... له‌گه‌ڵ تێبینی کردنی ئه‌وه‌دا که هیچ شتێك به (ﷲ) ناچێت، له بوون‌و سیفه‌ت‌و ناوو کرداره‌کانیشیدا.

ئه‌و نیعمه‌ت‌و به‌خشینانه‌ی په‌روه‌ردگار له پێکهاتن‌و ئاکاردا که به مرۆڤی به‌خشیوه (به ئاشکراو په‌نهانه‌کانه‌وه) نه‌یبه‌خشیوه به هیچ له به‌دیهاتووه‌کانی تری.

﴿وأسبغ عليكم نعمه ظاهرة وباطنة﴾ لقمان/٢٠.

واته: و نیعمه‌ته‌کانی خۆی چ زاهیری‌و باتینی بۆ ئێوه‌ی زیاد کردووه‌و پێی داون.

ته‌نیا نیعمه‌تی ژیریی بۆ مرۆڤ به‌س بوو، به هۆی ئه‌م به‌خشینه‌وه مرۆڤ توانیویه‌تی چی له گه‌ردوونا هه‌یه بیانخاته ژێر باره‌وه‌و گه‌ردنکه‌چی خۆیانی بکات.

ب- پاشان په‌روه‌ردگار به‌خششه گه‌ردوونیه‌کانی بۆ مرۆڤ ده‌ژمێرێت، له‌م باره‌شه‌وه ئایه‌ت زۆر هه‌ن! ئه‌وه‌نده به‌سه که بڵێین یه‌ك سوره‌تی دوورو درێژ زیاتر له‌م باره‌وه ئه‌دوێت، ئه‌ویش سوره‌تی (الأنعام)ه. هه‌روه‌ها سوره‌تی (النمل)یش، ده‌با پێکه‌وه چاوێك به چه‌ند ئایه‌تێکی هه‌ڵبژارده‌ی قورئاندا بخشێنین ﴿هو الذي جعل الشمس ضيـــاء والقمر نورا وقدره منازل لتعلموا عدد السنين والحساب﴾ يونس/٥.

واته: ئه‌و که‌سێکه رۆژی رووناك‌و مانگی نورانی کردووه‌و بۆ ئه‌و مه‌نزڵگه‌ی دیار کردووه تا ژماره‌ی ساڵ‌و حیسابی (کاره‌کانتان) بزانن.

﴿وهو الذي جعل لكم النجوم لتهتدوا بها في ظلمات البر والبحر﴾ الأنعام/٩٧.

واته: و هه‌ر ئه‌وه که ئه‌ستێره‌کانی ئاسمانی بۆ ئێوه داناوه تا له تاریکیی به‌ژ (وشکانیی)و زه‌ریا به هۆی ئه‌وانه‌وه رێنوێن بن‌و رێگا بدۆزنه‌وه بۆ رزگار بوون.

تاکه رێگه‌یه‌ك بۆ ئه‌وه‌ی مرۆڤ بتوانێت له تاریکایی وشکانی‌و ده‌ریاکاندا رێگه‌ی پێ بدۆزێته‌وه ئه‌ستێره‌کانه، له پێشتردا ئه‌م مه‌سه‌له‌یه زۆر دیارترو ئاشکراتر بوو، وه‌ك له ئێستادا به هۆی زۆری سوود وه‌رگرتنی مرۆڤ له ئه‌ستێره‌کانه‌وه؛ به‌ڵام ئێستاو هه‌تا هه‌تاشه رێنمونی مرۆڤ به‌هۆی ئه‌ستێره‌کان شتێکی بنه‌ڕه‌تی‌و چه‌سپاوه، که رێبواری بیابان به هۆیه‌وه رێ ده‌دۆزێته‌وه‌و سه‌رباز له کاتی هێرش بردن‌و پاشه‌کشه‌دا که‌ڵکی لێ

وەردەگرێت، مرۆڤ لـە هـەر جێگەیـەکدا بێـت دەتوانێـت لێی بەهرەمـەند ببێـت، تەنانـەت کەشـتی لـە دەریـادا کـاتێك سـوود لـە قیبلـە نمـا "البوصلـة" و هێڵـەکانی پـانیو درێـژی وەردەگرێت –تەنانەت لەم کاتانەشدا هەر پشت بە ئەستێرەکان دەبەستێت–، چونکە گەر ئەستێرەی "القطب" نەبوایە نەئـەتوانرا هێڵـەکانی پـانیو درێـژی بناسـرێتەوە، گـەر ئەسـتێرەکانی تریش نەبوونایە ئـەوا ئەستێرەی "القطب" نەئەناسـرایەوە، جـا ئەگـەر ئەستێرەکانی ئاسمان نەبوونایە مـرۆڤ چـەند سـەری لێدەشـێواو لـە جوڵـە سسـتو گۆج دەبوو وسنوری بازنەی کاری تەسك دەبۆوە !!.

– ﴿وألقى في الأرض رواسي أن تميد بكم وأنهارا وسبلا لعلكم تهتدون، وعلامــات وبالنجم هم يهتدون﴾ النحل/١٥-١٦.

واتە: و لە زەویدا کێوگەلی پتەوی دانا تا ئێوە نەهاژێنیو ئـارامیش بـە ئێـوە بـداو رووبارو چۆمی (بەدیهێناوە)، رێگا گـەلی سـازدا تـا بـەڵکو هیدایـەت بدرێـن ورێنوێـن بـن،و (هەروا) نیشانە گەلێکی داناو (بەشەودا) ئەوانە بەهۆی ئەستێرەکانەوە هیدایەت ئەبن.

– ﴿الله الذي خلق السماوات والأرض وأنزل من السماء ماء فأخرج به من الثمرات رزقا لكم وسخر لكم الفلك لتجري في البحر بأمره وسخر لكم الأنهار، وسخر لكم الشمس والقمر دائبين وسخر لكم الليل والنهار، وآتاكم من كل ما سألتموه وإن تعدوا نعمــة الله لا تحصوها إن الإنسان لظلوم كفار﴾ إبراهيم /٣٢-٣٤.

واتـە: خـوا زاتێکـە ئاسمانـەکانو زەوی سـازداوەو لـە ئاسمانـەوە ئـاوی (بـاران)ی بـاراندووە، جـا بـەو (بـاران)ە میـوەی (جیاجیـای) دەرهێنـاوەو کردوویەتـە رزقو رۆزیــی ئێوە،و گەمی بۆ ئێوە داناوە تا لەسەر دەریـا بـە فـەرمانی ئـەو بـڕواو زەریاکانیشـی بـۆ ئێـوە رامو موسـەخـەر کـردووە،و رۆژو مـانگی بـۆ ئێـوە رام کـردووە، لـە حـاڵێکدا کـە بەردەوام لە کاردانو شەو رۆژیشی موسەخـەری ئێوە کردووە،و لە هەر شتێك کە داواتـان لێکردووە بە ئێوەی داوە،و ئەگەر نیعمەتی خوا بژمێرن، ئەوانە لە ئەژمار نایەن، بەڕاستی مرۆڤ زۆر ستەمکارو زۆر ناسپاسو کوفرکەرە.

- ﴿أولم يرى الذين كفروا أن السماوات والأرض كانتا رتقا ففتقناهما وجعلنا من الماء كل شيء حي أفلا يؤمنون، وجعلنا في الأرض رواسي أن تميد بهم وجعلنا فيها فجاجا سبلا لعلهم يهتدون، وجعلنا السماء سقفا محفوظا وهم عن آياتها معرضون، وهو الذي خلق الليل والنهار والشمس والقمر كل في فلك يسبحون﴾ الأنبياء/٣٠-٣٣.

واتە: ئایا ئەوانەی وا کافر بوون، نەیاندی کە ئاسمانەکان‌و زەوی پێکەوە لکابوون، جا ئێمە ئەوانمان لە یەکتر جیا کردەوە؟و هەر شتێکی زیندوومان لە ئاو گرواند، جا ئایا (ئێستاش) بڕوا ناهێنن،و لە زەویدا کێـوگەلی مەحکەم‌و پتەومان دانا تا بەوان ئۆقرە بگرێ (و نەلەرزێ)،و لەو (زەوی)دا دۆڵ‌و دەرەو ڕێگا گەلمان سازدان تا هیدایەت بن‌و ئاسمان (هەوای زەوی) مان کردە میچێکی پارێزەر‌و پتەو بەڵام ئەوان ڕوو سوڕێنەر بوون لە نیشانەکانی ئێمە‌و ئەو (خودا) کەسێکە کە شەوو ڕۆژو خۆرو مانگی خەلق کردووە کە هەر یەکە لەوان لە مەدارێکدا لە دەوری خۆیان دەخولێنەوە.

- ﴿خلق الإنسان من نطفة فإذا هو خصيم مبين، والأنعام خلقها لكم فيها دفء ومنافع ومنها تأكلون، ولكم فيها جمال حين تريحون وحين تسرحون، وتحمل أثقالكم إلى بلد لم تكونوا بالغيه إلا بشق الأنفس إن ربكم لرءوف رحيم، والخيل والبغال والحمير لتركبوها وزينة ويخلق ما لا تعلمون، وعلى الله قصد السبيل ومنها جائر ولو شاء لهداكم أجمعين، هو الذي أنزل من السماء ماء لكم منه شراب ومنه شجر فيه تسيمون، ينبت لكم به الزرع والزيتون والنخيل والأعناب ومن كل الثمرات إن في ذلك لآية لقوم يتفكرون، وسخر لكم الليل والنهار والشمس والقمر والنجوم مسخرات بأمره إن في ذلك لآيات لقوم يعقلون، وما ذرأ لكم في الأرض مختلفا ألوانه إن في ذلك لآية لقوم يذكرون، وهو الذي سخر البحر لتأكلوا منه لحما طريا وتستخرجوا منه حلية تلبسونها وترى الفلك مواخر فيه ولتبتغوا من فضله ولعلكم تشكرون، وألقى في الأرض رواسي أن تميد بكم وأنهارا وسبلا لعلكم تهتدون،

وعلامات وبالنجم هم يهتدون، أفمن يخلق كمن لا يخلق أفلا تذكرون، وإن تعدوا نعمة الله لا تحصوها إن الله لغفور رحيم﴾ النحل/٤-١٨.

واتە: مرۆڤی لە نوتفە (ئاوی کەم یان ئاوی ساف)ی بێ بایەخ بەدیهێنا، جا لە ناکاو بووە دوژمنێکی ئاشکراو بزنو مەڕو گاو وشتری بەدیهێنا، لە حـاڵێکدا بـۆ ئێـوە لـە وانـەدا جلك هۆی پۆششو سوودی تر هەیەو لە گۆشتی ئەوانە دەخۆنو لەوانەدا بۆ ئێوە زینـەتو شکۆ هەیە، لە کاتێکدا کە دەیانگێڕنەوە بۆ جێی حەوانەوەیان،و کاتێ کـە (بەرەبـەیانان) دەیانبەنە دەرو دەشتو ئەوانە باری قورسی ئێوە بۆ شاری هەڵدەگرن کە بـە رەنجـێ زۆر نەبێ ناگەنە ئەوێ، بەڕاستی پەروەردگارتان رەئوفـو دلاوایەو (هەروەها) ئەسپو هێسترو کەری بەدیهێنا تا سواریان بنو هۆی زینەت بن بۆ ئێوە،و شتی دیکەش (هـۆی هـاتووچۆی تر (بەدیدێنێ کە ئێوە نازانن!،و لەسەر خوایە کە رێی راست بە بەندەکانی نیشان بـدات، بەڵام هەندێ لە رێگاکان لا رێن،و ئەگەر خودا بیەوێ هەمووتان (بەزۆر) رێنوێنیو هیدایەت دەکات، ئەو کەسێکە لە ئاسمانەوە ئاوێکی نارد کە خواردنەوەتان لەو ئاوەیەو هـۆی شـین بوونی گژوگیایە کە ئاژەڵی خۆتانی لێدەوەڕێنن، خودا بە هـۆی ئـەو (بارانـەوە) زەرحـاتو زەیتوونو خورماو ترێو هەر جۆرە میوەیەك دەڕوێنێ،و لەو هەرجۆرە میوەیەك، بەڕاستی لەمەدا نیشانەیەکی روون هەیە بۆ هۆزێ کە بیر دەکەنەوەو خوا شـەوو رۆژو خـۆرو مـانگی بۆئێوە رام کردو و هەروەها ئەستێرەکانیش بە فەرمانی ئەو رامی ئێوەن، بەڕاستی لەمەدا نیشـانە گەلێك هەیـە (لـە گـەورەیی خـودا) بـۆ تاقمـێ کـە ئـەقڵی خۆیـان دەخەنـە کـارو (سەرەڕای ئەوە) بوونەوەرانێك کە لە زەویدا بەدیهاتوون رامی (فـەرمانی ئێـوەی)کـرد، لـە حاڵێکدا کە رەنگیان جۆرلوجۆرە، بەڕاستی لەمەدا نیشانەیەکی روون هەیـە بـۆ تاقمـێ کـە بیر دەکەنەوەو ئامۆژگاریی وەردەگرنو هەر ئەویشە کە زەریای رامی (ئێوە) کرد تـا لـەوە گۆشتی تازە بخۆنو شتی زینەتی بۆ لەبەرکردنو (کـەڵك وەرگرتـن) لـەوە بهێننـە دەرێ،و کەشتییەکان دەبینی کە ئاوی دەریا لەت دەکەن تا ئێوە(خەریکی بازرگانی بن)و لە فەزڵی خوا کەڵك وەربگرن، بەڵکو شوکری نیعمەتەکانی بکەنو لە زەویدا کێوگەلی پتەوی دانا تـا

ئێوە نەهەژێنێ‌و ئارامیش بە ئێوە بداو رووبارو چۆمی (بەدیهێناوە)، رێگا گەلی سازدا تا بەڵکو هیدایەت بدرێن‌و رێنوێن بن‌و (هەروا) نیشانە گەلێکی داناو (بەشەودا) ئەوانە بە هۆی ئەستێرەکانەوە هیدایەت ئەبن جا ئایا کەسێ کە بەدیدێنێ وەکو کەسێ وایە کە بەدیناهێنێ؟ جا ئایا بیر ناکەنەوە،و ئەگەر نیعمەتی خودا بژێرن بۆتان نابژێردرێ، دیارە خودا غەفورو رەحیمە.

- ﴿أولم يروا إلى ما خلق الله من شيء يتفيأ ظلاله عن اليمين والشمائل سجدا لله وهم داخرون﴾ النحل/٤٨.

واتە: ئایا ئەوانە بەدیهاتوانی خودایان نەدی کە چلۆن سێبەرەکانیان لە راست‌و چەپەوە دەجولێن‌و بە خۆ شکاندنەوە سوژدە بۆ خودا دەبەن.

- ﴿والله أنزل من السماء ماء فأحيا به الأرض بعد موتها إن في ذلك لآية لقوم يسمعون، وإن لكم في الأنعام لعبرة نسقيكم مما في بطونه من بين فرث ودم لبنا خالصا سائغا للشاربين، ومن ثمرات النخيل والأعناب تتخذون منه سكرا ورزقا حسنا إن في ذلك لآية لقوم يعقلون، وأوحى ربك إلى النحل أن اتخذي من الجبال بيوتا ومن الشجر ومما يعرشون، ثم كلي من كل الثمرات فاسلكي سبل ربك ذللا يخرج من بطونها شراب مختلف ألوانه فيه شفاء للناس إن في ذلك لآية لقوم يتفكرون﴾ النحل/٦٥-٦٩.

واتە: و خودا لە ئاسمانەوە ئاوی ناردو زەوی دوای ئەوەی کە مرد بوو، بەو ئاوە بارانە زیندووی کردەوە، بەڕاستی لەمەدا نیشانەیەکی روون هەیە بۆ ئەوانەی کە گوێی ژنەوایان هەیە!،و بەڕاستی لە هەبوونی ئاژەڵ (مەڕو بزن‌و چێڵ‌و وشتر) بۆ ئێوە پەند وەرگرتن هەیە، لە ناو زگی ئەوانەدا لە نێو ئالیکی خوراوو خوێن، شیری خالیص بۆ ئێوە دەنۆشێنین کە خۆش مەزەیە بۆ ئەوانەی دەینۆشن (نۆشێنەران)،و لە میوەی داری خورماو ترێ، موسکیراتی (ناپاك)و رسق‌و رۆزیی چاك‌و پاك‌و خاوێن دەگرن، بەڕاستی لەمەدا نیشانەیەك بۆ هۆزێ هەیە کە بیرو هزر دەکەنەوە،و پەروەردگاری تۆ وەحی (ئیلهامی غەریزی) بە هەنگ کرد کە لە نێو تاشەبەردی چیاو لە کونە دارو لە نێو دار

بەستگەڵێ کە خەڵکی سازی ئەدەن، پلورەگەلێ بـۆ خۆتـان ساز دەن، لـە پاشـان لـە هـەر میوەیەك بخۆو ئەو ڕێگایانەی پەروەردگارتەنیا بۆی دیاری کردووی بە ئاسانی پێیدا بـڕۆ، لە ناو دەروونی هەنگدا خواردنەوەیەکی تایبەت دێتە درێ کە ڕەنگی جۆراوجۆری هەیە کە تێیدا شیفا بۆ خەڵك هەیە، دیارە لەمـەدا نیشـانەیەکی روون بـۆ هـۆزێ هەیـە کـە عـەقڵیان دەخەنە کارو بیر دەکەنەوە !.

- ﴿والله جعل لكم من أنفسكم أزواجا وجعل لكم من أزواجكـــم بنـــين وحفـــدة ورزقكم من الطيبات أفبالباطل يؤمنون وبنعمة الله هم يكفرون﴾ النحل/٧٢.

واتە: و خودا لە جنسی خۆتان هاولفی بۆ داناون‌و لـە هـاولفـو ژنـەکانتان بـە ئێـوە منداڵ‌و نەوەی دا،و رسق‌و رۆزیی پاکی پێ دان، جا ئایا بڕوا بە بـاتڵ دێنـن‌و بـە نیعمـەتی خودا ناسپاسیی دەکەن؟.

- ﴿والله أخرجكم من بطون أمهاتكم لا تعلمون شيئا وجعل لكم السمع والأبصـــار والأفئدة لعلكم تشكرون، ألم يروا إلى الطير مسخرات في جو السماء ما يمســكهن إلا الله إن في ذلك لآيات لقوم يؤمنون﴾ النحل/٧٨-٧٩.

واتە: و خودا ئێوەی لە زگی دایکتان دەرهێنا، لە حاڵێکدا هیچتان نەدەزانیی، بەڵام (خودا)گوێ‌و چاوو ئەقڵی بە ئێوەدا، بـەڵکو شـوکری نیعمـەتی (خـودا) بـەجێ بێنـن، ئایـا ئەوانە تەماشای باڵندە ناکەن کە لە هەوا لە ئاسماندا فەرمانبەرن، بێجگە لـە خـودا کـەس ناتوانێ ئەوان(لە هەوا) رابگرێ، بەڕاستی لەمەدا نیشانە گەلێك بۆ تاقمی بڕواداران هەیە.

- ﴿والله جعل لكم من بيوتكم سكنا وجعل لكم من جلود الأنعام بيوتا تســـتخفونها يوم ظعنكم ويوم إقامتكم ومن أصوافها وأوبارها وأشعارها أثاثا ومتاعا إلى حين﴾ النحل/٨٠.

واتە: و خودا لە ماڵەکانتان جێی دانیشتن (و حەسانەوەی) بۆ داناون، هەروەها لە پشتی ئاژەڵیش (چادر)و خانوو گەلێکی بۆ داناون کە لە بارکردن‌و لە دانیشتندا بە ئاسانی دەتوانن جێبەجێیان بکەن‌و لە خـوریی‌و کورك‌و (بـەرگن)و مـوو (مـەرەز)ی ئەوانـە خـرت‌و پرت‌و کاڵای بۆ داناون تا ماوەیەکی درێژ.

- ﴿والله جعل لكم مما خلق ظلالا وجعل لكم من الجبال أكنانا وجعل لكم سرابيل تقيكم الحر وسرابيل تقيكم بأسكم كذلك يتم نعمته عليكم لعلكم تسلمون، فإن تولوا فإنما عليك البلاغ المبين، يعرفون نعمة الله ثم ينكرونها وأكثرهم الكافرون﴾ النحل/٨١-٨٣.

واته: و خوا لـه‌وه‌ى به‌ديهێناوه، سێبه‌رى بۆ ئێوه سازداوه‌و لـه نێو كێوه‌كاندا په‌ناگاى (به‌ديهێناوه)و بۆ ئێوه كراس (جلك)ى ساز داوه تا ئێوه لـه گه‌رماو (سه‌رما) بپارێزێ،و هه‌روه‌ها جلك گه‌لێكى بۆ سازداون تا له كاتى جه‌نگدا بتانپارێزێ، ئا به‌م جـۆره نيعمه‌ته‌كانى خۆى بۆ ئێوه ته‌واو ده‌كا تا ته‌سليمى فـه‌رمانى ئـه‌و بن، جا ئه‌گـه‌ر روويان وه‌رگێڕا (نيگه‌ران مه‌به) تـه‌نيا له‌سـه‌رته بـه ئاشـكرا راگـه‌ياندن، ئه‌وانـه نيعمـه‌تى خـودا ده‌ناسن، كه‌چى له پاشان ئينكارى ده‌كه‌ن،و زۆربه‌يان كافرن.

- ﴿ألم نجعل الأرض مهادا، والجبال أوتادا، وخلقناكم أزواجا، وجعلنا نومكم سباتا، وجعلنا الليل لباسا، وجعلنا النهار معاشا، وبنينا فوقكم سبعا شدادا، وجعلنا سراجا وهاجا، وأنزلنا من المعصرات ماء ثجاجا، لنخرج به حبا ونباتا، وجنات ألفافا﴾ النبأ/٦-١٦.

واته: ئايا زه‌ويمان نه‌كردۆته جێى ئـارام گرتـن (بـۆ ئێـوه)؟و ئايـا كێوه‌كانيشـمان (نه‌كردۆته) گوڵمێـخ؟و ئێوه‌مـان جـووت جـووت به‌ديهێنا،و خـه‌وى ئێوه‌مـان كـرده هـۆى حه‌سانه‌وه‌تان،و شه‌ومان كرده پۆشش (بۆ ئێوه)،و رۆژمان كرده هۆ بـۆ بـه‌ده‌س هێنـانى پێ بژيو،و به بان سه‌رتانه‌وه حه‌وت (ئاسمانى) پته‌مان دانا،و كردمانه چرايـه‌كى روونـاك‌و به‌تين،و له هه‌ورى بارانزا ئاوى زۆرمان بـاراند، تـا بـه هـۆى ئـه‌وه دانه‌وێڵـه‌و گژوگيـا شـين بكه‌ين،و باغ گه‌لى پڕ دارى تێكئالاو.

- ﴿فلينظر الإنسان إلى طعامه، أنا صببنا الماء صبا، ثم شققنا الأرض شقا، فأنبتنا فيها حبا، وعنبا وقضبا، وزيتونا ونخلا، وحدائق غلبا، وفاكهة وأبا، متاعا لكم ولأنعامكم﴾ عبس/٢٤-٣٢.

واته: جا مرۆڤ با بنوارێته خۆراكى خۆى، به‌ڕاستى ئێمه بارانى زۆرمان باراند، لـه پاشـان زه‌ويمـان لـه‌ت كـرد، جـا دانه‌وێڵـه‌مان لـه‌ودا شـين كـرد، وتـرێ‌و سـه‌وزى‌و

خواردەمەنیی،و دارە زەیتون‌و دارە خورما،و باغەکانی رازاوەی پڕدا،و میوەو گژوگیـا، تـا بۆ ئیـّوەو ئاژەڵەکانتان ببێتە خۆراك.

- ﴿یا أیها الناس اذکروا نعمة الله علیکم هل من خالق غیر الله یرزقکم من الســماء والأرض لا إله إلا هو فأنى تؤفکون﴾ فاطر/٣.

واتە: ئەی خەڵکینە! نیعمەتێ کە خودا بە ئیێوەی داوە بیهێننەوە بیر، ئای بێجگە لە خوا بەدیهێنەری تر هەیە کە لە ئاسمان‌و زەوی رۆزیتان بدا؟ بێجگە لەو مـەعبودێکی تـر نیە، جا چلۆن درۆ ئەکەن‌و لە حەق لا ئەدەن.

- ﴿والله الذي أرسل الریاح فتثیر سحابا فسقناه إلى بلد میت فأحیینا به الأرض بعـد موتها کذلك النشور﴾ فاطر/٩.

واتە: و خودا زاتێکە بای نارد تا هەورەکان ببزوێنێ‌و (بڵاویان بکاتـەوە)، جا ئێمـە ئەوانـە بۆ سـەر زەویـی مـردوو لێنـەخوڕین، جا ئـەو زەوییـە پـاش مردنـی زینـدووی دەکەینەوەو هەروا بە (زیندوو کردنەوەی مردووەکان) لە رۆژی بەرێدا.

- ﴿ألم تر أن الله أنزل من السماء ماء فأخرجنا به ثمرات مختلفا ألوانها ومن الجبـــال جدد بیض وحمر مختلف ألوانها وغرابیب سود، ومن الناس والدواب والأنعام مختلف ألوانـــه کذلك إنما یخشى الله من عباده العلماء إن الله عزیز غفور﴾ فاطر/٢٧-٢٨.

واتە: ئایا نەتدی کە بەڕاستی خودا لـە ئاسمانـەوە بـارانی نـاردو بـە هـۆی ئـەوەوە میـوەی جـۆراو جۆرمـان (لـە زەوی) روانـد بـە رەنگـی جۆراوجـۆرو لـە کێوەکـانیش جادەگەلێکمان سازدا بە رەنگی سپی‌و سورو رەنگـی جیاجیـاو،و جارجـارەش بـە رەنگـی رەشی پڕ رەنگ،و لە مرۆڤـو جوڵندەکان‌و ئەنعام (وشترو بزن‌و مـەڕو گـایش) بـە رەنگـی جیاجیاوە (بەدیمان هێناوە)، بەڕاستی لـە نێـو بـەندەکانی خـودادا تـەنیا زانایـان لـە ئـەو ئەترسن، بەڕاستی خودا عەزیزو غەفورە.

- ﴿وهو الذي أنشأ جنات معروشات وغیر معروشات والنخل والزرع مختلفا أکلــه والزیتون والرمان متشابها وغیر متشابه کلوا من ثمره إذا أثمر وآتوا حقه یـــوم حصـــاده ولا

تسرفوا إنه لا يحب المسرفين، ومن الأنعام حمولة وفرشا كلوا مما رزقكم الله ولا تتبعوا خطوات الشيطان إنه لكم عدو مبين، ثمانية أزواج من الضأن اثنين ومن المعز اثنين... ومن الإبل اثنين ومن البقر اثنين...﴾ الأنعام/١٤١-١٤٤.

واتە: و هەر ئەوە کەسێ کە باغو بێستانی لە دارو گیای ساق بەرز (خورماو هەنار)و ساق کورت (شوتیو هاروێ)،و دارخورماو کێڵگە بەتام گەلێ جۆر بە جۆرو زەیتونو هەناری بەدی هێنا کەلە بابەتێکەوە وەیەکتر دەچنو لە بارێکیشەوە وەیەکتر ناچن، لە کاتی میوەداندا لە میوەی ئەوە بخۆنو لە کاتی دروێنەدا مافەکانی خۆی بدەنێ،و ئیسرافو زیادەڕەوی مەکەن، بەڕاستی خودا ئیسرافکارانی خۆش ناوێ،و (خودا زاتێکە) لە ئاژەڵ بۆ ئێوە ئاژەڵی باربەر (وشتر)و ئاژەڵی گچکە (پەزو پۆڵە)ی (بۆ ئامادەکردنی راخەرو گۆشت) خولقاند ، لەوەی خودا کردویەتییە رزقو رۆزی بۆ ئێوە بخۆن،و لە هەنگاوەکانی شەیتان پەیڕەوی مەکەن، بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرا بۆ ئێوەیە، لە ئاژەڵ هەشت جووت (حەڵاڵ گۆشت)ی بەم جۆرە خولقاند: لە مەڕ دووان (نێرو مێ) لە بزن دووان،.... و لە وشتر دووان،و لە گایش دووان(مان بۆ ئێوە خولقاند).

- ﴿إن الله فالق الحب والنوى يخرج الحي من الميت ومخرج الميت من الحي ذلكم الله فأنى تؤفكون، فالق الإصباح وجعل الليل سكنا والشمس والقمر حسبانا ذلك تقدير العزيز العليم﴾ الأنعام/٩٥-٩٦.

واتە: بە حەقیقەت خودا لەتکەری دەنكو ناوكەیە، زیندو لە مردوو دەردێنێو دەرهێنی مردووە لەزیندوو، ئەمەیە خودا، جا چلۆنو لە کوێوە بە درۆ خۆتان (لە خودا) لا ئەدەن، خودا دادڕی سپێدەی بەیانە (لە سنگی تاریکایی شەو)، شەوی کردۆتەمایەی ئارام گرتن،و رۆژو مانگی کردۆتە هۆی حیسابو ئەندازە گرتن، ئەمە تەقدیرو ئەندازە گرتنی خودا تواناو زانایە.

- ﴿وهو الذي أنشأكم من نفس واحدة فمستقر ومستودع قد فصلنا الآيات لقوم يفقهون﴾ الأنعام/٩٨.

واتە: و هەر ئەوە کە ئێوەی لە یەك نەفس (ئادەم) خەڵق کرد، جا قـەرار دانـدراوە (لە پشتی بـاوك) ئەمانـەت دانـدراوە (لـە منداڵدانـی دایـك)، ئێمـە نیشـانەکانی خۆمـان بـۆ کەسانێ کە ئەفامن بەیان کردووە.

کۆتایی ئەم ئایەتانەش بە کۆتاییەکانی سورەتی (الأنعام) دێنین:

﴿وهو الذي جعلكم خلائف الأرض ورفع بعضكم فوق بعض درجات ليبلوكم في ما آتاكم إن ربك سريع العقاب وإنه لغفور رحيم﴾ /١٦٥.

واتە: و هەر ئەوە کە ئێوەی کردۆتە جێ نشینان (و نوێنـەرانی خـۆی) لـە زەویـداو هێندێ لە ئێوەی بە پلە بەسەر هێنـدێ تـردا بـەرز کردۆتـەوە تـا بـەوەی بـە ئێـوەی داوە تاقیتـان بکاتـەوە، بەڕاسـتی پەروەردگار تەنیا زوو بـە عـەزابی (تاقیکراوەکـان) رادەگـا،و بەڕاستی هەر ئەو غەفورو رەحیمە.

ئەم ئایەتانە کۆکراوەیی بەخششەکانی پەروەردگار دەخەنە روو:

١- بوونـی مـرۆڤ بـە جێنشـین لەسـەر زەویـدا، ئاماژەیـە بـۆ هـەردوو جۆرەکــانی بەخشین:

أ- بە خشینی پەروەردگار؛ تایبەتمەندێتی ئاشکراو پەنـهانی بـۆ مـرۆڤ تێدایـە کـە بەهۆیەوە توانیویەتی بوون رام بێنێت.

ب- هەروەها ئەو بەخشینەی پەوەردگار بۆ مرۆڤ کە زەوی‌و چی لە ناویدایە بۆ وی بەدی هێناوە.

٢- لـەوەدا کـە مرۆڤـەکان هیچیـان وەك یـەك نـابن، بـەڵکو هـەندێکیانی بەسـەر هەندێکیاندا پلەدار کردووە، لەمەدا گەورەترین نیعمەت هەیـە، جـا هـەندێك مـرۆڤ گومـان دەکـات:کەلەمـەدا چ نیعمـەتێك هەیـە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ کـورت هەڵـهێنانی تێگەیشتنەکان؛ چونکە ژیانی دنیا بە هۆی ئەمـەوە نـەبێت راناوەسـتێت، جـا گـەر هـەموو مرۆڤـەکان لـە جوانـی‌و زیرەکـی‌و هـێزو ژیـری‌و زانسـت‌و تواناکـاندا وەك یـەك بوونایـەو

هەموویان لە پلەبەرزەکانی ئەم سیفەتانەدا بوونایە، بۆ نموونـە ئـەو کاتـە هیـچ کەنناسـێك نەدەبوو زەوی خاوێن بکاتەوەو هیچ کرێکارێك نەدەبوو بە کارێك هەستێت، بەڵام بـە هـۆی ناوێکچوونیانەوە وای کردووە هەموویان رام بن لـە سـنوری تواناکـانی خۆیـاندا تـا دەگاتـە ئەوەی ببێتە بەشێك لەو کـارەی کـە ژیـانی دونیـاو بـەرژەوەندی بـەدی هاتووەکـان پـێ ی هەڵدەستێت.

بـەم ناوێکچوونیـە خـەڵکی شـیاوی گوێڕایـەڵی سـەردارەکان بـوون، هـەندێکیش بـۆ پرس‌و راوێژ، هەندێکیش بۆ سوپاو ...... ئیدی بەم جۆرە.

پاشـان ئایەتەکـە حیکمـەتی ئـەم جیاوازییـەی لـە نێـوان مرۆڤـەکانی جـێ نشـینی پەروەردگار دەرخستووە، کە بریتییە لە تاقیکردنەوە لەوەی مرۆڤ پێ ی بەخشـراوە لـە پلەو بەهرەو توانا؛ جا کەسێك ئەمانە بـە رووە راسـتەکانی بـەکار بـهێنێت ئـەوا سـەرفرازو سەرکەوتوو دەبێت‌و ئەگەر نـا ئـەوا دەکـەوێت. رەنگـە لـە مەشـدا کەسـانێك کـە پلەیـەکی بەرزیان هەیە بکەون‌و کەسانێکیش کە شوێن‌و پایەیەکی نزمیان هەیە دەرچن‌و سـەرکەون، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ گەورەترین نیعمەت‌و بەخشین کە خوداوەند بـە مرۆڤـی خـەڵات کردووە ناردنی پێغەمبەرانە بۆیان:

﴿وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين﴾ الأنبياء/١٠٧.

واتە: و تۆمان نەناردووە، مەگەر رەحمەت بۆ جیهانیان.

﴿لقد منّ الله على المؤمنين إذ بعث فيهم رسولا من أنفسهم يتلو عليهم آياته ويزكيهم ويعلمهم الكتاب والحكمة وإن كانوا من قبل لفي ضلال مبين﴾ آل عمران/١٦٤.

واتە: خودا منەتی لەسەر بـڕواداران دانـا (نیعمـەتی گـەورەی پێـدان) کاتـێ کـە لـە خۆیان پێغەمبەرێکی بۆ ناردن کە نیشانەکانی خودایـان بەسـەردا بخوێنێتـەوەو ئـەوان لـە روانگەی خوو ئاکار پاك‌و بێ گـەرد بکاتـەوەو کتێـب (قورئـان)و حیکمـەتیان فـێر بکـا،و ئەگەر چی لە بەرا لە گومراییەکی ئاشکرا دابوون.

چونکە پێغەمبەران ﷺ دەتوانن ڕێنمونی مرۆڤ بکەن بۆ ڕێگەی ڕاست کە دەبێت هەموو مەلەکەو توانا و بەهرەکانی تیا وەگەڕ خات، بە جۆرێك کە هیچی نەمێنێتەوە بێ کارو جوڵە، و بە جۆرێك کە لەگەڵ هیچ کامێك لەوانەدا بەرەنگار نەبێت کە مەلەکاتەکانیان بە شێوەیەکی ڕاست فەراهەم بێنن، بەم جۆرەش نیعمەتی خوا دێتە دی و مرۆڤ دەتوانێ سوود لە هەمو ئەو شتانە وەرگرێت کە پەروەردگار بۆی ژێر بار خستووە. گەر ئەمە نەبوایە هەموو هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ سوود وەرگرتن لە بەدیهێنراوە ڕامەکانی خودا، بەیەکا دەچوون و دژی یەك دەوەستان، ئەو کاتەش ئەم پلەیەی مرۆڤ کە هەموو شتێکی بۆ ڕام کراوە دەبووە هۆی سەرگەردانی و دروست بوونی کێشمەکێش، وەك لەمڕۆدا بەرچاومان دەکەوێت.

لەمانەی ڕابوردن دەگەینە ئەوەی کە:

ئەم مرۆڤە بچووکە: تەواوترین بەدیهاتووی پەروەردگارە لە گەردووندا، جا لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی ئەم گەردوونە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە ئاسمانەکان و زەمین و ئاژەڵان و ڕووەکەکانی، هەر هەموویان ڕام و گەردنکەچی مرۆڤن و تەنانەت هیچ گەردێکی ئەمانەش لەم یاسایە لانادەن.

سەبارەت بە ڕووەك، ئەوا لە کۆن و نوێدا مرۆڤ بە ڕێگەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ سوودی لێوەرگرتووە، بەروبومەکەی بۆ خواردن بەکارهێناوە، قەدی درەختی کردووە بە ڕەوڕەوەی گواستنەوەو بەکار هێنانی لە خانووبەرەو هەروەها بۆ سوتاندن. گوڵەکەشی بۆ هەنگ دەبێتە خۆراك و ئەویش دەیکاتە هەنگوین بۆ مرۆڤ یاخود گەڵاو لقەکانی دەبێتە خۆراکی ئاژەڵ و ئێمەش سوود لە گۆشتەکانی وەردەگرین، و شیرەکەی دەخۆینەوەو توکەکەشی لە ڕایەخ و پۆشاك دروست کردندا کەڵکی لێ دەبینرێت، هەروەها دەرمان و شمەکیشی لێ دروست دەکرێت، با ئەوەش لە یاد نەکەین کە پترۆڵ و پێکهاتەکانیشی هەر لەوە دروست بووە.

جا ئەم زیندەوەرانــە، ئــەوەی پێمـان زانیـونو ئــەوەش کـە پێمـان نــەزانیون؛ ئایـا هەمووی لە پێناوی مرۆڤدا بۆ سوود وەرگرتنی بە رێگــەی راستــەوخۆو ناڕاستــەوخۆ بــەدی نەهاتووە؟: چ مرواری بێت یا خۆراك یا بۆ چێژی بینین بێت، لەگەڵ ئەمەشدا چەندان پــۆل لە زیدەوەران هەن تا ئێستاش نازانین کە مرۆڤ چ سوودێکیان لێ دەبینێو چۆن کەڵکیان لێ وەردەگرێت؟ کە رەنگە لە داهـاتوودا ئەمانـە بزانرێـن، رەنگـە ئــەم بەسـەرهاتەش لـەم بارەیەوە پەندمان پێ ببەخشێت:

جۆرێك لە پەرژینو تـانۆك (الصبـیر) هەیـە کـە بـۆ پـەرژینی کێڵگـەکان سـوودی لێ وەردەگیرێت، بردیـان بـۆ ئوسـترالیاو لـەوێ ناشـتیان، بـەڵام بــووە هــۆی بــەرپا بوونــی کارەسـاتێکی گـەورە، بـە جۆرێك تەشـەنەی کـرد، وای لێـهات خـەریك بـوو زۆربــەی ئــەو زەوییانە داگیر بکات کە بەکەڵکی کشتوکاڵ دەهـاتن، زاناکـان لـەوە زۆر سـەریان سـوڕما، پاشان جۆرێك بەکتریای نەخۆشییان دیتەوە کە تـەنیا لەسـەر ئـەو جـۆرە درەختـە دەژی، هەر بە هۆی هەمان جـۆری درەختــەوە میکرۆبەکـەیان گواسـتەوە، ئیـدی میکرۆبـەکان بـە کاری خۆیان هەستانو تا رێژەی درەختەکان گەیشتەوە دۆخی گونجاوی خۆی، جا ئەوەی دەبێت تێبینی بکرێت ئەوەیە: ئەم میکرۆبە درەختەکانی لە ناو نەبرد، بەڵکو درەختەکـەی بە جۆرێك هێشتەوە کە سوودی هەبێتو زیانی نەبێت.

رەنگە لە بەسەرهاتی دۆزینەوەی (پەنسلین)یشدا پەندێکی تری تێدا بێـت، بـەوەی کە مرۆڤ بە هەر شێوەیەك بێت لە هەموو شتێکی ئەم گەردوونە سوودمەند نەبێت، ئـەمڕۆ بێت یا سبەی! هەر چۆن بێت! ئەوا مرۆڤ وەك چـۆن چێـژ لـەو پـارووە وەردەگرێـت کـە دەیخواتو ئەو پۆشاکەی لەبەری دەکـاتو چێـژ لـە دیمـەنی جـوان وەردەگرێـت، جـا وەك چۆن چەشە لەمانە وەردەگرێت هەر واش چەشە لە مەعریفە وەردەگرێت، جا ئەمە گەر لـە هـەندێك بەدیـهاتووەکانی پـەروەردگاردا نـەبینێت، ئـەوا ئەمـەش دەبێتــە بەڵگــە لەســەر حیکمەتی پەروەردگارو میهرەبانیو بـەرفراوانیی گرنگـی پێـدان بـە بەدیـهاتووەکانی، وەك بەدیهێنانو هێشتنەوە، ژیانو مراندن،و رزقو رۆزی پێدان... ئیدی بەسە..

پاشان، ئایا ئەم هەموو رەگەزەی لە گەردووندا هەیە؛ ئاسن‌و مس‌و ئۆکسجین‌و ئازۆت‌و هایدرۆجین‌و زێڕ .... هەمووی بۆ مرۆڤ رام نەبوون؟! ئەی زەمین کە چۆن راخراوەو بۆتە جێی حەوانەی مرۆڤ‌و شوێنی وەدەست خستنی گوزەران‌و رۆزی؟ هەروەها هێزی کێشندەی مانگ‌و سەرنج راکێشانی مرۆڤ بۆ جوانی‌و روناکییەکەی‌و زانینی کات بە هۆیەوە بەڵگە نیە؟! و سەرنج راکێشانی خۆرو گەرمییەکەی‌و رووناکییەکەی‌و ئەو وزەیەی پەخشی دەکات؟! ئەی ئەستێرە رێنماکارە جوانەکان؟! هەروەها ئاوو سورەکانی؟ رەشەباو سورەکانی؟ پاشان دروست بوونی مرۆڤ بەم جۆرەی کە لەسەریەتی لە زانست‌و ئیرادەو تواناو حیکمەت‌و ژیریی، بەجۆرێك کە زۆربەی شتەکانی پێدەزانێ‌و دەزانێت چۆن سوود لە شتەکان وەرگرێت، ئایا هەموو ئەمانە بەڵگەی تەواو نین لەسەر ئەوەی کە ئەم گەردوونە بەدیهێنراوە تا لەبەر دەستی مرۆڤدا رام بێت، مرۆڤیش بۆ ئەم گەردوونە رام بووە؟! ئایا لەمەدا بەڵگەی تەواو نیە لەسەر ئەوەی کە زاتێك هەیە هەموو ئەمانەی رێك خستووەو مرۆڤیشی بۆ بەدیهێناوە؟. ئەو پەروەردگارەی کە پەورەردگاری هەموو جیهانەکانە:

﴿وإذ تأذن ربكم لئن شكرتم لأزيدنكم ولئن كفرتم إن عذابي لشديد، وقال موسى إن تكفروا أنتم ومن في الأرض جميعا فإن الله لغني حميد﴾ إبراهيم/٧-٨.

واتە: (بێننەوە بیر) کاتێ کە پەروەردگارتان رایگەیاند کە ئەگەر شوکرانە بژێر بن، (نیعمەتی خۆی) بۆ ئێوە زیاد دەکا،و ئەگەر کوفران بکەن، بەڕاستی سزادانم سەختە!،و موسا گوتی: ئەگەر ئێوە (بەنی ئیسرائیل)و هەموو خەڵکی رووی زەوی کافر بن (بەخوا زیانێ ناگا)، جا بەڕاستی خودا بێ نیازێکی ستودەیە.

﴿وقليل من عبادي الشكور﴾ سبأ/١٣.

واتە: و کەمێ لە بەندەکانم شوکرانە بژێرن.

دیاردەی نۆیەم

دیاردەی یەکێتیی[٧]

کەسێك لەم گەردوونە بکۆڵێتەوە، بەڕاشکاوی هەست بە دیاردەی یـەکێتیی دەکات تێیدا، کە دەبێتە بەڵگەیەکی تەواو لەسەر ئەوەی یەك زات بە یـەك زانسـتو یـەك ئـیرادەو یەك توانـا دۆزیویەتییـەوەو هێناویەتییـە بـوون، ڕووەکـانی ئـەم دیاردەی یەکێتییـەش لـە گەردووندا زۆرن، لەوانە:-

١- تـەواوکاری لـە بەشـەکانی ئـەم گەردوونـەدا هەیـە کـە بـە وردی ئەمانگەیەنێتـە ئـەوەی یـەك پـەروەردگار هـەموو بەشـەکانی ڕێکخسـتووە،ئابـەم جـۆرە پــڕ وردەکـاری‌و تەواوە !

مامۆستا البنّا -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەفەرموێ:-

تێبینی یەکەم: (ئەو هەوایەی کە هەڵی دەمژین لـە چـەند ڕەگـەزێك پێکـهاتووە، لەوانە دوو ڕەگەزی سەرەکی‌و گرنگ: بەشێك کە بە کـەڵکی هەناسـەدانی مـرۆڤ دێـت، بـە زاراوەی کیمیازانەکان پێی دەگوترێت ئۆکسجین. هەروەها بەشێکی تریش کە زیانمـەندە، پێی دەگوترێت کاربۆن، جا لە وردەکارییەکانی پێکـەوە بەسـتنی نێـوان پارچـەکانی ئـەم

گەردوونە سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە کە ئەو بەشەی زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت رووەکەکان هەڵی دەمژن‌و بۆیان بە سوودە، کەچی لە کاتێکدا مرۆڤ ئۆکسجین هەڵدەمژێ‌و کاربۆن دەرئەداتەوە، ئەوا رووەکەکان بە پێچەوانەی ئەمەوە دەکەن‌و کاربۆن هەڵدەمژن‌و ئۆکسجین دەدەنەوە) أ.هـ.

(هەر بەم جۆرەش کرداری دۆزینەوەی هاوتایی نێوان دەرچو و هاتووەکان لە گازی خەڵوزو دەریاکان روودەدات، بە جۆرێك کە رووەك هەموو زیادەیەك لەمانە لە هەوادا هەڵدەمژێت گەر بگاتە سەروو رادەی گونجاوو دیاری کراوی خۆی).

(جا تەماشای پەیوەستی هاوکاری‌و تەواوکاری نێوان مرۆڤ‌و رووەك‌و دەریاکان بکە لە شتێکدا کە گرنگترین رەگەزەکانی ژیانە،ئەویش هەناسە دانە).

تێبینی دووەم: (تۆ خواردن دەخۆیت‌و ئەویش لە چەند رەگەزێکی رووەکی‌و زیندەگی پێکهاتووە، کە زاناکان بۆ نموونە دابەشی دەکەن بۆ ماددەکانی زولاڵیات‌و نیشاستەیی‌و چەوری، بۆیە دەبینین (خزو- لیك) هەندێ ماددەی نیشاستەیی هەرس دەکات‌و هەندێ لەو ماددە شەکریانە دەتوێنێتەوە کە توانای توانەوەیان هەیە، گەدەش گیراوەکانی ماددەی زولاڵی وەك گۆشت‌و... ئەوانی دی... هەرس دەکات، زەرداوی جگەریش چەورییەکان هەرس دەکات‌و دابەشیان دەکات بۆ چەند بەشێکی ورد کە توانای مژینیان هەبێ، پاشان رۆڵی پەنکریاس دێت‌و چوار جۆر گیراوە دەردەدات، کە هەر یەکەیان هەڵدەستێت بە تەواوکاری کرداری هەرس لە یەکێك لە هەر سێ بەشەکەی نیشاستەیی‌و زولاڵیات‌و چەوری، چوارەمیش شیر دەگۆڕێت بۆ پەنیر، جا سەرنجی ئەم پەیوەندییە سەرەکییە بدە لەنێوان بەشەکانی لەشی مرۆڤ‌و رەگەزە رووەکییەکان‌و ئاژەڵییەکان‌و ئەو خوارنانەی مرۆڤ دەیانخوات).

تێبینی سێهەم: (کاتێك سەیری گوڵ دەکەیت دەبینیت پەڕی جوانی سەرنج راکێشی پێوەیە، بە زۆر رەنگی قەشەنگ رازاوەتەوە، جا گەر پرسیاری حیکمەتی ئەوە لە زانایانی رووەکناس بکەیت، ئەوا لە وەڵامدا پێت دەڵێن: مەبەست لەمە بۆ خەڵەتانی مێش

هەنگو ئەو زیندەوەرانەیە کـە گـوڵ دەمـژن، تـا پێـوەی بنیشـنەوە، هـەتا کـاتێك بەسـەر دەزوولـە هەڵاڵەییەکانـەوە دەنیشـێتەوەو بـە هـۆی پێکانیـەوە تـۆوی کوتـانی رووەکەکـە هەڵدەگرێ‌و بەم جۆرە لە گوڵی‌نێرەوە دەچێتە سەر گوڵی مێ‌و کرداری کوتان دێتە دی.

جا سەرنج بدەو بزانە کە چۆن ئەم پەڕە جوانانەی گوڵ بوەتـە ئەڵقـەی پـەیوەندی نێوان رووەك‌و زیندەوەران، بـە جۆرێـك کـە رووەك: زینـدەوەر لـە کـرداری کوتـاندا بـەکار دەهێنێ کە بۆ بەرووبوم‌و بەرهەم پێویستە.

هەر بەم جۆرە ئەم تەواوکارییـە لـە هـەموو شـتێکدا دەبینیتـەوە؛ لـەنێوان شـەوو رۆژدا، ئاسمان‌و زەوی، خۆرو مانگ، ئەندامە نێرین‌و ئەندامە مێیینـەکان، مـرۆڤ‌و ئـاژەڵ‌و رووەك .....

لەم گەردوونەدا یەکێتییەکی تەواو هەیە لە نێـوان بەشـەکانیدا کـە دەبێتـە بەڵگـەی ئەوەی یەك پەروەردگاری تاك‌و تەنیای هەیە. بەڵام سەبارەت ئەوەی کـە ئایـا چـۆن ئەمـە ئێمەی گەیاندە یەکتایی خوای گەورە؟ ئەوا مامۆستا –البنّا– بەم جۆرە وەڵامی ئەداتەوە:

التعدد –لەبیروباوەڕدا– (چەندێتی)دەبێتە هۆی تێکدان‌و دووبەرەکی‌و بـەرزنوانـدن، لە کاتێکدا کە پلەی خوایەتی کبریاءو مەزنیە، جا لەم کاتەدا ئەگەر یەکێك لەو چـەندە بـە شێوەیەکی سەربەخۆ کار بکات ئەوا سیفاتی ئەوانی تر پووچ دەبێتەوە، گەر هاویەشـییش بکەن ئەوا هەر سیفەتی هەندێکیان پووچ دەبێتەوە، پووچ بوونـەوەی سـیفاتی خوایـەتیش پێچەوانـەی تـەواوێتی‌و گـەورەیی‌و شـکۆیەتی، بۆیـە دەبێـت هـەر یـەك خـوای بـێ هـاوەڵ هەبێت).

قورئـانی پـیرۆز بەڵگـەی (تـــەواوکاری –التكـــامل)ی لەســـەر تـــاك‌و تـــەنیایی بەدیهێنەرمانی لە چەند شوێنێکدا باس کرووە:

﴿قل الحمد لله وسلام على عباده الذين اصطفى آلله خير أما يشركون، أمـــن خلـــق السماوات والأرض وأنزل لكم من السماء ماء فأنبتنا به حدائق ذات بهجة ما كان لكـــم أن تنبتوا شجرها أإله مع الله بل هم قوم يعدلون، أمن جعل الأرض قرارا وجعل خلالها أنهــــارا

وجعل لها رواسي وجعل بين البحرين حاجزا أإله مع الله بل أكثرهم لا يعلمون، أمن يجيب المضطر إذا دعاه ويكشف السوء ويجعلكم خلفاء الأرض أإله مع الله قليلا ما تذكرون، أمن يهديكم في ظلمات البر والبحر ومن يرسل الرياح بشرا بين يدي رحمته أإله مع الله تعالى الله عما يشركون، أمن يبدأ الخلق ثم يعيده ومن يرزقكم من السماء والأرض أإله مع الله قل هاتوا برهانكم إن كنتم صادقين﴾ النمل/٥٩-٦٤.

واتە: بڵێ سوپاس تایبەتی خودایەو سەلام (درود) لەسەر بەندەکانی کە خۆی هەڵیبژاردووە، ئایا خودا باشترە یا بتگەلێ کە ئەیکەنە هاوبەشی، یا ئەو زاتەی کە ئاسمانەکانو زەوی بەدیهێناو لە ئاسمانەوە باران بۆ باراندن، جا بە هۆی ئەو بارانەوە باغو بێستانی بە دیمەنو جوانمان بۆ شین کردن، لە حاڵێکدا کە ئێوە توانای شین کردنی دارەکەشتان نیە، ئایا مەعبودی دیکە لەگەڵ خودا هەیە؟ نا نیە، بەڵام ئەوانە هۆزێکن لە حەق لایان داوەو لا ئەدەن، یا کەسێ کە زەوی کردۆتە جێی قەرار گرتنو لە نێو ئەودا چۆمی داناوەو کێوی پتەوی بۆ سازداوەو لە نێوان دوو دەریای (سوێرو شیرین) مانیعی خۆرسکیو تەبیعی (وزنی تایبەتی) داناوە (تا تێکەڵاو نەبن بەم حاڵە) ئایا مەعبودێ لەگەڵ خودا هەیە (هاوبەشی بێ)؟ نا نیە بەڵکو زۆربەی ئەوانە نەزانو (جاهیلن)، یا کەسێ کە وەڵامی هەژاران ئەداتەوە، کاتێ هاواری بۆ بەری کەندو کۆسپی بۆ لادەبا،و ئێوە دەکاتە جێنشینی پێشینان لە ئەرزدا، ئایا مەعبودێ لەگەڵ خودا هەیە، (نا نیە) خودا بەرزتر لەوەیە کە هاوبەشی بۆ دابنێن، یا کەسێ کە ئافەرینیش دەس پێ دەکاو لە پاشان دەیانگێڕێتەوە، و کەسێ کە لە ئاسمانو زەوی رسقو رۆزیتان ئەدا، ئایا مەعبودێ لەگەڵ خودا هەیە؟ (نا نیە) بڵێ: بەڵگەتان بێنن ئەگەر راست بێژن؟.

﴿أم اتخذوا آلهة من الأرض هم ينشرون، لو كان فيهما آلهة إلا الله لفسدتا فسبحان الله رب العرش عما يصفون، لا يسأل عما يفعل وهم يسألون، أم اتخذوا من دونه آلهة قل هاتوا برهانكم هذا ذكر من معي وذكر من قبلي بل أكثرهم لا يعلمون الحق فهم معرضون، وما أرسلنا من قبلك من رسول إلا نوحي إليه أنه لا إله إلا أنا فاعبدون﴾ الأنبياء/٢١-٢٥.

واتە: ئایا ئەوانەخوایانێكیان لە زەوی (بۆ خۆیان) هەڵبژاردووە كە ئەوانـە (مـردوو) دەژیێننەوە؟ ئەگەر لەئاسمانو زەوی خوایانـێ غـەیری(ﷲ) هەبووانـە، فاسـید دەبـوون، سروشتی جیهان تێك دەچوو، جا پاكو بێ خەوشە خودا پەروەردگاری عەرش لـە پەسنێ كە ئەوانە دەیكەن، لە كـارێ كە دەیكا ناپرسرێ (و رەخنـەی لێ ناگیردرێ)،و لـە كاری ئـەوان دەپرسرێو (رەخنـە) دەگیردرێ، ئایـا ئەوانـە بێجگـە لـە خـودا مەعبودگـەلیان هەڵبژاردووە؟ بڵێ: بەڵگەتان بێننەوە، ئەمە قسەی ئەوانەیە كە لەگەڵ منن (و لـە مـن فـێر بوون)و قسەی كەسانێكە (پێغەمبەرانێكە) كەبەر لـە مـن هـەبوون، بـەڵام زۆربـەی ئەوانـە حەق نازانن، جا لەبەر ئەمە (لەحەق رووسوڕێنەرن)،و ئێمە بەر لە تۆ هیچ پێغەمبـەرێكمان نەناردووە، مەگەر ئەوە كە وەحیمان پێ كردن كە بێـجگە لە من مـەعبودێكی دیكـە نیـە، جا كەوایە تەنیا من بپەرستن.

﴿قل لمن الأرض ومن فيها إن كنتم تعلمون، سيقولون لله قل أفلا تذكرون، قل مـــن رب السماوات السبع ورب العرش العظيم، سيقولون لله قل أفلا تتقون، قل من بيده ملكوت كل شيء وهو يجير ولا يجار عليه إن كنتم تعلمون، سيقولون لله قل فأنى تسحرون، بل أتيناهم بالحق وإنهم لكاذبون، ما اتخذ الله من ولد وما كان معه من إله إذا لذهب كل إله بما خلـــق ولعلا بعضهم على بعض سبحان الله عما يصفون، عالم الغيـــب والشـــهادة فتعـــالى عمـــا يشركون﴾ المؤمنون/٨٤-٩٢.

واتە: بڵێ: زەویو كەسانێ كە لەزەوی دان هی كێیە، ئەگەر دەزانن، (لـە وەڵامـدا) دەڵێـن: هـەمووی هـی خوایـە، بڵـێ: ئایـا ناهێننـەوە بـیر، بڵـێ چ كەسـێ فـەرمانڕەوایی و حكومەتی هەموو شتێـكی بە دەستە؟و بە بێ پـەنایان پـەنا ئـەداو نیازیشـی بـە پـەنادان نیە، ئەگەر بزانن، ئەڵێن: (هەموو ئەوانە) هی خوان، بڵـێ: جـا چلۆن ئێـوە سـیحرو جـادو لێكراون بەڵام ئێمە هەقمان بۆ ئەوان هێناو بەڕاستی ئەوان درۆزنن، خودا منداڵی بـۆ خـۆی هەڵنەبژاردووەو مەعبودێ تر لەگەڵ ئـەودا نیـە (كـە ئەگـەر وا بوایـەو خـوای تـر لـە گـەڵی هەبوایە، لەو كاتە هەر یەكە لە خواكان خەریكی كـاری مـەخلوقی خـۆی دەبـوونو هـەندێ

بەسەر هەندێکدا بەرز دەبوونەوە، خوا لەو پەسنانەی کە دەیکەن پاکو بێخەوشـە، کە بـە دیارو نادیار ئاگادارە، جا ئەو لەوە بەرزترە کە هاوبەشی بۆ دابنێن.

﴿قل لو كان معه آلهة كما يقولون إذا لابتغوا إلى ذي العرش سبيلا، سبحانه وتعـالى عما يقولون علوا كبيرا﴾ الإسراء/٤٢-٤٣.

واتە: بڵێ: ئەگەر لەگەڵ ئەو (خوا) مەعبودانێ تر هەبوایە، هەروەکو ئەوان دەڵێن، دەکۆشان رێگایەك بۆ لای(خوای) خاوەن عەرش پەیا کەن (و بەسەر خوادا زاڵ بـن)، خـوا پاکو بەرزترە لەوەی دەیڵێن، زۆر بەرزتر.

٢- لە دیاردەکانی ئەم یەکێتییە لە گەردووندا؛ ئـەو تـەبایی‌و رێـكو پێکییەیـە کـە پەروەردگار باسی کردووە:-

﴿ما ترى في خلق الرحمن من تفاوت فارجع البصر هل ترى من فطور، ثم ارجع البصر كرتين ينقلب إليك البصر خاسئا وهو حسير﴾ الملك/٣-٤.

واتە: لە ئافەرینشی خوای رەحماندا دژی‌و خەوش‌و بێ نەزمییەك نابینی، جا جارێ تر پیا بچۆوەو بۆی بڕوانە بزانە ئایا لەتبوون‌و کـەم‌و کوڕیـی دەبیـنی؟، لـە پاشـان جـارێ تریش (بەدنیای بوونا) بنواڕە، سـەرەنجام چـاوت (بـۆ دیتـنی کـەم‌و کوڕیـی بـە مـاندویی) دەگەڕێتەوە لات،و لە حاڵێکدا ماندووو بێ هێزە.

ئەم نمونانەش لە گەردووندا ئاماژەی ئەو یەکپارچـەیی‌و یەکێتییـە سـەراپاگیرو پـڕ هاوکارییە دەکەن:-

أ- ئەلەکترۆن بە پێچەوانەی میلی کاتژمێرەوە دەسوڕێتەوە، هەروەها زەویش بـە پێچەوانـەی میلـی کـاتژمێرەوە دەسـوڕێتەوە، خـۆر بـە پێچەوانـەی میلـی کـاتژمێرەوە دەسوڕێتەوە، ئەسـتێرە گەڕۆکـەکانیش بـە پێچەوانـەی میلی کـاتژمێرەوە دەسـوڕێنەوە، هـەروەها مـانگو هـەموو مانگـەکان بـە پێچەوانـەی میلـی کـاتژمێرەوە دەسـوڕێنەوە، هەسارەکان هـەموو بـە پێچەوانـەی میلـی کـاتژمێرەوە دەسـوڕێنەوە، هـەروەها کۆمەڵـەی گەورەی خۆریش کە لەنێوانیاندا کۆمەڵەی خۆری ئێمەیە بە پێچەوانەی میلـی کـاتژمێرەوە

دەسوڕێتەوە، هەروەها ئەلکترۆن بەسەر خولگەیەکی سپی ئیهلیلجیدا دەسوڕێتەوە، هەروەها زەویش بە دەورەی خۆرا لەسەر خولگەیەکی سپی ئیهلیلجیدا، هەروەها زوهرەو نیبتۆن‌و موشتەری‌و هەموو ئەستێرە گەڕۆکەکانیش... چەقی زەویش لارە، چەقی مانگیش لارە، چەقی مەریخیش لارە... چەقی خۆریش لارە، لەمەش سەیر تر ئەمەیە کە ڕێژەی نێوان ناوک‌و ئەلکترۆنەکانی وەك ڕێژەی نێوان خۆرو ئەستێرە گەڕۆکەکانی وایە.

ب- گەردەکانی گەردوون هەموویان لەسەر دوانەیی وەستاون، کارەبا:ساردو گەرمە، گەر تەماشای ڕووەکیش بکەین هەر بەدووانەیی پێکهاتوون‌و هەر بەهەمان جۆر ئاژەلانیش، هەروەها مرۆڤ:

﴿سبحان الذي خلق الأزواج كلها مما تنبت الأرض ومن أنفسهم ومما لا يعلمــون﴾ یس/٣٦.

واتە: پاکە زاتێك کە هەموو جوتێکی (نێرو مێ، چ مرۆڤ چ گوڵ‌و گیا، چ زەرراتی موسبەت‌و مەنفی‌و ئەتۆم‌و هەستەی ئەتۆم‌و ئەلەکترۆنەکانی) خولقاندووە، چ لەوەی لە زەوی دەیڕوێنی‌و چ لە خۆیان‌و چ شتگەلێ کە نایزانن‌و نایناسن.

لە زەویشدا هەمان ڕەگەز هەیە کە خۆری لێ پێکهاتووە،و هەموو ئەستێرەکانی تری لێ پێکهاتووە، گەردوونیش بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پرۆتۆن‌و ئەلکترۆن پێك هاتووە، نیترۆنەکانیش وەك بارگەی کارەبایی مامناوەندی لە ناوکی هەندێك ڕەگەزدا هەن.

ج- لەم گەردوونەدا هێز هەیەو کانی‌و سەرچاوەی هێز هەیە، کەچەندان یاسا، کاری لەسەر دەکەن. ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەی ئەوا وردترین ماناکانی هاوکاری‌و یەکێتیت لە نێوان ئەم هێزو یاسایانەدا بۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونە:

لە سەرچاوەکانی هێز وتوانای ئەم گەردوونەدا: ڕووناکی،و گەرمی‌و تیشکی سینی‌و تیشکی لاسلکی‌و تیشکی وەنەوشەیی‌و تیشکی ژێر سوور هەن، ئەم هێزانە هەمووی

دەگەڕێنەوە بۆیەك شت، ئەویش ئەو هێزە کارەباییــە موگناتیسییەیە کــە هــەموویان یــەك تیژیان هەیە، جیاوازییەکەیان تەنیا لە شەپۆلەکانیان دایە.

هەروەها لە یاساکانی ئەم گەردوونە، یاسای کێشندەیە کــە لــە بچووکترین گــەردی گەردوونەوە تا گەورەترین ھەسارەکان کاری لەسەریان هەیە، دەقەکەشی ئەوەیە: (هەموو شتێك بارستاییەکی هەیە، شتەکانی تر رادەکێشێ کە بارستاییان هەیە، هێزی کێشندەی نێوانیشیان بە شێوەیەکی راستەوانە زیاد ئەبێ بە زیاد بوونی هــەردوو بارســتاییەکە، ئــەوا هێز بە شێوەیەکی پێچەوانە دەگونجێ لەگەڵ چوارگۆشەی دووری نێوانیان).

ئێستا زانیمان کە هێز دوو جۆرە: هـێزی موگناتیسـی کارەبـاییو هـێزی کێشـندە، هەردووکیشیان بۆ یەك سەرچاوە دەگەڕێنەوە.

ئەنیشتاین دەڵێ: گیانی تیۆری جیهان ئەوە هەڵناگرێ کە لە گەردووندا دوو شـێوە هێزی بە یەك نەگەیشتوو هەبن: شێوەیەکیان بۆ کێشندەی پێوانــەیی،و شـێوەکەی تریـش بۆ موگناتیسی کارەبایی.

د- ئەم دوو چیرۆکەش بەڵگەن لەسەر هاوکـاریو وێکچوونیـانو بەڵگـەی ئـەوەمان دەدەنێ کە گەردوون یەکێتییەکی تەواوی تێدایە:-

یەکەم: جیاوازی رەگــەزە ســەرەکییەکانی گــەردوون شـوێنەوارێکی لـە بـەرەنجامی جیــاوازی ژمــارەی ئەلــەکترۆنو پرۆتۆنەکانییــەوە دروســت بــووە، کێشــی گـــەردییش شوێنەوارێکە لە شوێنەواری ئەم ژمارانــە، تایبەتمەندێتی هــەر رەگــەزێکیش شـوێنەوارێکی ئەم ژمارانەیە، بۆیە زانای روسی "مەندەلیف" توانی رەگەزەکان بە پێی کێشی گەردییان پۆلـێن بکـات، لەسـەر ئـەم بنچینەیــەش خشــتەیەکی بــۆ ســاز کــردن، جــا رێکخســتنی رەگەزەکانی لەم خشتەیەدا پلەدار کردبوو بە پێی یاســای خـول کـە ئـەو رەگەزانـە رامـی بوون، بە جۆرێکی وا پەیژەیەکی پلەپلەیی سەرکەوتوو پێکبهێنن، بەڵام مەندەلیف تووشی بۆشاییەك هات وەك ئەو بۆشاییەی باسی دەکەین لە نێوان مەریخو موشتەریدا.

بینی کە پلەی پەیژەی خولو سوڕانەوەی ڕەگەزەکان ڕاستەوانە دەبنەوە بـە دوای یەکدا بێ بۆشایی، تەنیا لە سێ ڕەگەزدا نەبێت، یاخود دەبێ ئەم یاسای خولـە ڕاسـتەوانە نـەبێتو بـەم جـۆرەش ڕاسـت دەرنـەچێ، یـاخود دەبێـت ڕاسـت بێـتو ڕاسـتەوانە بێـت، ئەوساش دەبێت ئەم ڕەگەزە وردانە لە هەمان پلەی بۆشاییدابن، مەندەلیف دڵنیـا بـوو لـە ڕاستی یاسای خولو سوڕانەوەکەی، بۆیـە هـەوڵیدا جـەخت لەسـەر ئـەوە بکـات ئـەم سـێ ڕەگەزە ونە هەر دەبێ لەسەر زەویدا هەبن، بەڵکو توانی لەسەر بنەمای کێشی گەردی کـە لە پلە بۆشەکاندا دێت دەستنیشانی هەموو تایبەتمەندییە کیمیاوییەکانی بکات کە هەیانـە وەك ئەوەی بینیبێتی، مەندەلیف پێش ئەوەی بمرێ ڕاستی بـیردۆزە زانسـتییەکەی خـۆی بینی.ئیدی زاناکان ڕەگــەزە ونـەکانیان دۆزییـەوە بـە هـەموو تایبەتمەندییەکانیانـەوە وەك ئەوەی مەندەلیف دەستنیشانی کردبوون.

دووەم: نزیکترین ئەسـتێرە لـە خـۆرەوە عـەتاردەو دوورییەکـەی ٣٦ ملیـۆن میلـە، ئەنجا زوهرە دێتو ناوەندی دوورییەکەی ٦٧ ملیۆنو پاشان زەوی ٩٣ ملیۆنو مەریخ ١٤٢ ملیـۆنو موشـتەری ٤٨٤ ملیـۆنو پاشـان زوحـەل ٨٨٧ ملیـۆنو ئۆرانـۆس ١٧٨٢ ملیـۆنو پاشان نیبتۆن ٢٧٩٢ ملیۆن میلن، بەلامانەوە گرنگە ڕێژەی ئـەم ژمارانـەدا بزانـین چونکـە دووری ئەم ئەستێرە گەڕۆکانە لە خۆرەوە بـە پـێی ڕێـژەی پێوانـەو ڕاسـتەوانەیە کـە بـە پێی ٩ پلە دێت: یەکەم سفرە، پاشان هەشت ژمارەی بە دوادا دێـت کـە لـە ژمـارە سـێ دەست پێ دەکات پاشان بە شێوەیەکی دووهێندەیی پێ زیاد دەکـات بـەم جـۆرە (٣-٦-١٢-٢٤-٤٨-٩٦-١٩٢-٣٨٤).

جا گەر بۆ هەر یەکێکیان ژمارە (٤) زیاد بکـرێو پاشـان ئـەنجامی کۆ کردنەوەکـە جارانی (٩) ملیـۆن میـل بکرێـت، ئـەوا ڕێـژەی دووری هەسـارە گەڕۆکـەکان لـە شـوێنگای ژمارەکان دەردەکەوێ بۆ خۆر؛ یاخود بە زیاد کردنی (٤) بۆ هەر پلەیـەك ئـەوا (٩) پلەکـە بەم جۆرە دەردەچێت: (٤-٧-١٠-١٦-٢٨-٥٢-١٠٠-١٩٦-٣٨٨). جا گـەر ژمارەکـانی ئەم پلانە وەرگرینو هەریەکەیان لەگەڵ (٩) ملیۆندا جاران بکەین، ئەوا دووری گـەڕۆکیمان بۆ دەردەکەوێت کە لە پلەی ئـەو ژمارەیەدایـە لـە خـۆرەوە؛ بـۆ نموونـە عـەتارد نـاوەندی

دوورییەکەی لە خۆرەوە ٣٦ ملیـۆن میلـە، لـە کـاتێکدا کـە شـوێنگاکەی لـە دوورییەکـەیدا یەکەمە، بۆیە ژمارە (٤) وەردەگرێت، جا گەر ٤×٩ بکەین ئەوا ئەنجامی لێکدانەکە دەبێتە ٣٦ ملیۆن میل، ئا بەم جۆرە رێژەکە دەگۆڕێت بە پێی دووری هەر گەڕۆکێك لـە خـۆرەوە لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی کەمدا.

بەڵام بینرا کە شوێنگای ژمارە (٢٨) هیچ هەسارەیەکی تێدا نیە، بـەڵکو لـە دوای ژمارە (١٦)ەوە دێت کە هاوەڵەکەی مەریخە، ژمارە (٥٢)ش کـە هاوەڵەکـەی موشـتەرییە، ئەی دەبێت نهێنی ئەم بۆشاییە چی بێـت؟ یـان دەبێـت ئـەو رێژەیـەی کـە دۆزراوەتـەوە راستەوانە نەبێت، یان دەبێت ئەستێرەیەکی نـەبینراو هـەبێت لـە پلـەی ژمـارە (٢٨)دا لـە دووری ٢٥٢ ملیۆن میل لە خۆرەوە، یان لە نێوان مەریخ‌و موشـتەریدا، لـەم دواییـەدا ئـەم شتەیان دۆزییـەوە کـە هـەر دەبـوو وابـێ، بـەڵام ئەسـتێرەیەکی گـەورە نـەبوو؛ بـەڵکو زۆر ئەستێرەی گچکەیان بینیەوە کە هەموویان لەو بۆشاییەدا دەخولێنەوە کە بـاس کـراو لـە نێـوان مـەریخ‌و موشـتەریدا، یـاخود لـە هـەمان پلـەدا کـە لەپێشـدا بەشـێوەیەکی بـەتاڵ حیسابیان بۆ کردبوو، وەك ئەوەی ئەستێرەیەك بوو‌بێت‌و تێکشکابێت.

ئەم دوو بەسەرهاتە وێکچووە لە دوو باسی جیاوازدا، هەر یەکەیان ئـەوی تـر تـەواو دەکـات تـا ئـەو هەسـتەت لا تـەواو بکـەن؛ بـەوەی : هـەر یـەك دروسـتکەریان هەیـە کـە یاساکانی ئەم بوونەی هێناوەتە گۆڕێ‌و رەگەزو بەش‌و هەمەکییەکانی خوڵقاندووە.

هـ- ئەسـتێرەکانیش بەسـەرهاتی خۆیـان هەیـە: مـرۆڤ شـتێکی لەمـەڕ شـوێنگای ئەستێرەکانەوە زانیوە‌و بۆی دەرکەوتووە پێوانەیەکی جێگیریان هەیە بە پـێی رووناکی‌و ژمارەیان، لە پێشدا تەنیا شەش پێوانەیان هەژمارد‌و ئیدی وەستان، پاشان هێـدی هێـدی هی نوێتریان دۆزییەوە هەتا گەیشتنە پێوانەی بیستەم، پاشان بۆ پێوانـەی بیسـت‌و یـەك، سەیریش لەم پێوانانە ئەوەیە کە بە شێوەی بەرز بوونەوە‌و نـزم بوونـەوە دەڕۆن، هـەندێ جار بە پێی ژمارەی ئەستێرەکانە، هەندێ جاری تریش بە پێی تیـنی تیشـکەکەیانە، بـە شێوەیەکی زۆر سەیرە کە لە ژمارەی ئەستێرەکان دەردەکرێ، ئیدی لە پێوانەیەکـەوە بـۆ پێوانەیەکی دی زیاد دەکات، ژمارەی ئەستێرەکانی پێوانەی یەکەم (١٤) ئەستێرە دەبـن،

ئیدی زیاد دەكات تا لە پلەی بیستەمدا دەگاتە (٧٦) ملیۆن ئەستێرە، لە پێوانەی بیست و یەكیشدا دەبێتە (٢) ملیار ئەستێرە، بەڵام لـە هـێزی رووناكییـاندا ئـەوە بیـنراوە كـە ئـەو پێوانانە بە شێوەیەكی راستەوانە زیاد دەكەن لە پێوانەی یەكەمـەوە تـا پێوانـەی دەیـەم، جا هەر چەندێك ژمارەی ئەستێرەكان زیاتر بێت لە پێوانەیەكدا ئەوا هێزی رووناكییەكـەش زیاتر ئەبێت. بەڵام لە پێوانەی دەیەمدا پێچەوانە ئەبێتەوەو رووناكییەكە دەست ئەكات بە كز بوون.

و– لـەرووەكانی ئـەم یەكێتییـە لـە گـەردووندا پـەیوەندی كـردن (إتصـــال)ی ئاسۆ(أفق–ئاست)ی (رووەك)ە بە ئاسۆی ئاژەڵەوە،و پەیوەندی كردنی ئاسۆی ئاژەڵانە بە هی مرۆڤەوە، لە رووەكدا پلەیەك دەبینیتەوە لە نزمەوە بۆ بەرز لەگـەڵ وێكچوونێكـدا، تـا دەبینیت كە بەرزترین ئاسۆی رووەك پەیوەستە بە نزمترین ئاسۆی ئاژەڵانـەوە، بـەرزترین ئاسۆی ئـاژەڵیش پـەیوەنددارە –جۆری پـەیوەندی– بـە ئاسـۆی مرۆڤـەوە، تـا كەسـانی هەژماركـەر گەیشـتنە ئـەوەی كـە لـە تـۆوی یەكەمـەوە گەشـەو پێشـكەوتن روویـداوەو تـا زیندەوەران گەیشتوون بـەم بـارەی ئێسـتایان. ئێمـەش ئـەم بیردۆزەمـان تـاووتوێ كـردو پووچیمان دەرخست لە دیاردەی ژیاندا، بەڵام باس كردنی لێرەدا بەڵگەی ئەوە دەگەیـەنێ كە روونمان كردەوە بەوەی زیندەوەرانی ئەم گەردوونەو بەرز بوونـەوەیان یـەك پارچەیـەو بەڵگەیە لەسەر بوونی یـەك دروسـت كـار، كـە بـە جۆرەهـا رەگـەزو شـێوە خولقـاندوونی، هەندێكیشیانی لە هەندێكیان بەرزتر كردۆتەوە.

﴿وما من دابة في الأرض ولا طائر يطير بجناحيه إلا أمم أمثالكم﴾ الأنعام/٣٨.

واتە: و هیچ جوڵەندەو جقۆكێك لە زەویدا نیەو هیچ باڵندەیەك نیە كـە بـە دوو بـاڵ بفرێ و، مەگەر جگە لەوەی ئەوانیش ئومەتگەلێكن وەك ئێوە.

ز– و لە رووەكـانی یـەكێتیی لـە گەردووندا ئەوەیـە كـە مـاددە هـەمووی لـە نـورو رووناكین، چونكە رەگەزەكانی ماددە هەموو دەبرێتەوە سـەر گـەردو كارەبـا، ئـەم گـەردو كارەبایانەش لەت دەبن و دەگێردرێنەوە بۆ تیشك.

ح-و لە رووەکانی یەکێتیی ئەوەیە کە کۆرپەی ئاژەڵو مرۆڤ لە مانگەکانی هەڵگرتنی یەکەمیاندا زۆر بە یەك دەچن، هەر لەم بەیەکچوونەش گیانەوەرە جۆراو جۆرەکان دەردەچن.

❁❁❁

ئەم دیاردانە هەموو بەڵگەن لەسەر بوونی هاوکاریو رێك خستن، جا گەر دیاردەی تەواوکارێتی بۆ زیاد بکەین ئەوا بێگومان زاتێك دەبینین، بە یەك زانستو یەك ئیرادەو یەك هێزو تواناوە، کە بەدیهێنەری هەموو ئەمانەیە.

بەڵام سەبارەت ئەوەی کە بۆچی ئەم گەردوونەو یەکێتییەکەی ناویمان بۆ بەدیهێنەر گێڕایەوە؟و بۆچی گێڕامانەوە بۆ پەروەردگارێکی تاکو تەنیا؟ ئەوا وەڵامەکەت لەم سێ بەشەی داهاتوودا بۆ دەردەکەوێ:

(هۆکارێتیی، سروشت، یەکتاپەرستیی)

ئەم سێ بەشەش لە کتێبی "الوجود الحق"ی دکتۆر حەسەن هوەیدی وەرگیراوە.

هۆكارێتیی

لەوكاتەوەی كە مرۆڤ جیا كراوەتــەوەو رێـزدار كـراوە بـە بەخشـینی درك كـردن‌و داگیرسانی تیشكی ژیریی بەسەر بووندا، لەو كاتــەوە تـا ئێسـتا لەسـەرەتاو كۆتـایی خـۆی ئەپرسێت، دەپرسیٚ لـەكوێوە هـاتووەو بـۆ كـویٚ دەچیٚ، یەكسـەر واش بیردەكاتـەوە كـە هاتنی راستەوخۆی بۆ ئـەم دنیایـە لـە رەحمـی دایكیـەوە بـووە، یان لـە نوتفـەی بـاوكی، یەكسەر بەم چاو پیاخشاندنە رووكەشیە نزیكە باوەڕ ناكات، بیٚ ئـەوەی تەماشـای یەكـەم سەرەتا نەكات‌و لەو هۆیە سەرەكیە نەكۆڵێتەوە كە هەموو هۆیەكانی بۆ دەگەڕێتەوە.

جا لەبەر بوونی ئەم پاڵنەرە قوڵە لە ناو دەروونی مرۆڤایەتیدا، كە لەگەڵیدا لـەدایك بووەو هێشتاش لەگەڵیەتی، ئـەوا وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە كەسـانی پـەیوەندی داری بەخۆیـەوە خـەریك كـردووە. ئێـدی حوكمـی جۆراوجـۆر سـەریان هـەڵداو بـیردۆزی روون كردنەوە دەركەوتن، كە تیایاندا هەیە هەڵەیەو تیاشیاندا هەیە راستە. بـەڵام ئێمـە كـاتێك تەماشای ئەوە بكەین كە لە ئاسمان‌و زەمیندا لەبەردەسـتماندایە، ئـەوا بـۆ نموونـە بومـان دەردەكەویٚ : باران لە ئاسمانەوە دەبارێت،بـەروبوومیش لـە درەختـەوە شـین دەبێت، درەختیـش بـە ئـاوو خـاك دەڕویٚ، ئـاویش لـە دوو رەگـەزی ئۆكسـجین‌و هیدرۆجـین پێكدیٚ،مرۆڤیش لەو كاتەوەی كە چاوی كردووەتەوە بە بووندا، هیچ رووداوێكی بیٚ خاوەن نەبینیوەتەوە، یـاخود شـتێك دۆزرابێتـەوە بـیٚ بوونـی دۆزەرەوە، بـە جۆرێـك ئـەم واتایـە پەرچڤە بووە ـ بە حوكمی واقیعێكی زاڵ ـ كە ژیریی پێچەوانەی ئەمـە وەرنـاگریٚ‌و بێجگـە

لەمە بەشتی تر دڵنیا نابێت، تـەنیا عـەقڵێكی نـەخۆش لـەم راسـتیە هـەڵدێ وەك كەسـانی یاخیگەر، یان عەقڵێكی كـەمو كـورت وەك هـی منـداڵ نـەبێت كـە شوشـەیەك دەشـكێنێ‌و پاشان دەڵێت بۆ خۆی شكا،بەسەرهاتی ئەو بیابان نشینە عەرەبەمان بیستووە كە بەهۆی فیترەی پاكژیەوە ئەم یاسـای هۆكاریتیـەی بـۆ دەركـەوتووە كـە دەڵێـت:(پشـقل بەڵگەیـە لەسەر بوونی حوشتر،شـوێن پێـش بەڵگەیـە لەسـەر ڕۆیشـتن، شـەوی تـارو ڕۆژی روونـاك‌و ئاسمان‌و بورجەكانی، ئایا بەڵگە نین لەسەر بەدیهێنەرێكی شارەزاو كارامە ؟).

لەبەر بوونـی ئـەم واقیعـە راشـكاوانەو درك كردنـە زاڵـەدا، وەهەمیشـە تێپـەر بوونـی رووداو وكارەساتەكان بەپێی ئەم یاسایە، ئەوا ئەم پرێنسیپە ئاشكراو روونە لــە كتێبـە فەلسەفیەكاندا بە(پرێنسیپی هۆكاریتی)ناو زەد كـراوە، ئەمـەش یەكـەم بنـەمای عەقڵێكـە بیگەیەنێتە مەعریفەی تەواو، چونكە بنەڕەتی حوكمە ژیریەكان‌و دادگا لۆجیكیەكانە، گـەر سەرنجی وشەكانت بدەیت كـە بـەیانیان‌و ئێـواران لەگـەڵ خـەڵكیدا پـێی دەدوێیـت‌و ئـەو حوكمانەی كە كاروباری ژیانتی پێ رێك دەخەیت، ئەوا دەبینیت كە لـە هیـچ قۆنـاغێك لـە قۆناغەكانیدا لە پشت بەستن بـە بنـەمای هۆكـاریتی خـاڵی نیـە. كەواتـە ئـەو وتەیـەی كـە دەڵێت: (دەبێت هەموو رووداوێك رووداو سـازێكی هـەبێت) شـتێكی بـێ گومـان‌و یـەقینی‌و تەواوە-وژیریی بەتەنیا بڕوای پێ دەكات، ئیدی مەحاڵە هیچ رووداوێك لـە خـۆڕا روو بـدات، یان شتێك بێ بەدیهێنەر بێتە بوون، قورئانیش ئەم ئاماژەیەی تێدایە:

﴿أم خلقوا من غير شئ أم هم الخالقون﴾ الطور /٣٥.

واتە: ئایا ئەمانە بێ هۆ بەدی هاتوون؟ یا خۆیان خولقێنەری خۆیانن.

بەپێی ئەم رێسایە دەڵێین:ئـەم جیهانـەمان لـە زەوی وشـاخ‌و درەخـت‌و ئـاژەڵ‌و ئەسـتێرەو خـۆرەوە ... پێـك دێـت، دەبێـت كارسـازو بەدیهێنـەرێكی هـەبێت، ئـەم رووداوە پشكیی ولاوەكییە زۆرانەش بە هۆی هۆكارەوە هاتوونەتە گۆڕێ، ئـەم هۆیانـەش بـە هـۆی هۆكاری ترەوە هاتوونەتە ئاراوە كـە كـەمترن لـە هۆكارەكـانی پێـش خۆیـان، دەبێـت لـە ئەنجامدا بگەینە ئەوەی كە هۆی هــەموو ئـەم هۆكارانـەو بـەرپا كـاریی هـەموو ئـەم رووداو وبووانە چییـە؟ چونكـە هەرچـەندێك ئێمـە بگەڕێینـەوە بـۆ ئـەو سـەرچاوانەی هۆكارەكـانی لێوەهاتوون، ئەوا فاكتەری پاڵنەرەكان كەمتر ئەبنەوە، تا لـە كۆتـاییدا دەگەینـە یـەك هـۆ

سان، وەك ئەوەی تەماشای لقە زۆرو بەیەکا چووەکـانی درەخـت دەکـەین، هەرچـەندێك لـە هۆکارەکەی بکۆڵینەوە ئەوا لەزۆرەوە دەگەینە سەر کەم، تا دەگەینە سەر قەدەکەی، لەم بارەیشەوە نموونەی تر زۆر هەن، کـە زۆر ئاشـکران‌و پێویسـت بەلەسـەر وەسـتانی درێـژو نموونە هێنانەوە ناکات.

کەواتە نکوڵی کردنی کارلێکراوەکان بۆ کارلێکەر، ولەبەدیهێنراوەوە بۆ بەدیهێنـەر، لەگەڵ ژیریدا پێچەوانە دەبێتەوە، وبە هەڵەدا چوون دادەنرێت، بۆ ئەم ئیلزامە مەنتیقیـەی کە ناتوانین لێی هەڵبێین (ئیبن سینا) ناوی ناوە بە(واجب الوجود) وەك رێزێـك بـۆ ئـەوەی کە ژیری بپارێزێ لە تێهـەڵکێش بـوون‌و نـاکۆکی‌و دژایـەتی، یـان نـەفامی‌و گێژیـی،چونکـە مەحاڵە لە نەبوون‌و عەدەمەوە بوون بێتە دی.

هەرچەندیشە ئەمە بکرێتـە بـاوەڕو زۆر بـاس بکرێـت‌و لـە بـەرگی بەڵگـە نەویسـتاندا بخرێتە.روو، کە پوچەڵ نەکرێتەوە، ئەوا ئەم حەقە هـەر پوچـەڵ نابێتـەوە، چونکـە عـەقڵ دەیخوێنێتەوەو واقیعیش پشتیوانیەتی، ئەمە تەنیا لای کەسـانێکەوە دروست دەبێـت کـە نکوڵی بکەن، و خۆبەگەورە بزانن‌و شتە کۆنەکان رەفز بکەنـەوە، یـان مافـە بـێ خـەوش‌و رەواکانی ژیریی پێشێل بکەن، یان شوێن ئارەزووی چەوت‌و چەوێڵ بکەون، وەك نموونـەی کەللە رەق‌و نەخۆش‌و لەخۆبایی بووان.

رەنگـە یـەکێك بڵێـت: سـازێنەری ئـەم رووداوو بووانـە سروشـتە! ئـەوا باسـیش لـە سروشت دەکەین، یان یەکێکی تر بڵێت ئەگەر دانمان بە بەبوونی بەدیهێنەردا نا، ئـەوا کـێ ئەو بەدیهێنەرەی هێناوەتە بوون؟ ئەوا لەمەش ئەدوێین[٢].

ئەوەی کە ئێستا ئەمانەوێ بە پوخت‌و ئاشـکرایی لێی بدوێـین ئەوەیـە کـە: هـەموو رووداوێك دەبێت رووداو سازێکی هەبێت،کەواتە دەبێت ئەم گێتـی وجیهانـە بەدیهێنـەرێکی هەبێت.

---

[٢] لەبەر ئەوەی لەدیاردەی یەکەم لێی دواین، بۆیە وتەی مامۆستا لەم بارەوە لا ئەدەین‌و باسی ناکەین.

لێرەوە هەندێك لە رەخنەگران كێشەی كۆن‌و نوێی رووداني گەردوون دەهروژێنین، ئەم رێسایە كاتێك راست دەبێت كە بڕوامان بەوە هەبێت ئەم جیهانە نوێ یـە، یـان بـووەو كۆن نیە؟

ئێمەش دەڵێین: بەڵگە لەسەر ئەوە هەیە كە جیـهان نـوێ یە وكـۆن نیـە، ئیمامی غەزالی بەپێی تێبینی كردنی جوڵان‌و وەسـتان دەڵێـت: سـوڕێك لەگـەردوون، یـان جووتـە یاخود تاك، ئەگەر جووت بێت ئەوا ژمارەیەكی تاك تەواو دەكات، ئەگەر تاكیش بێـت ئـەوا ژمارەیەكی جووتی تەواو كردووە،كەواتـە ژمـارەی پێشـوو لـە هـەروو حاڵەتەكـەدا دیـاری كراون، مادامیش دیاری كراون كەواتە بە شێوەیەكی بـڕاوەو كۆتـایی هـاتوو بەدیـهێنراوە.. جا گەر رەخنە گر هەر بەردەوام بوو گوتی: سەرچاوەی جیهان (هیۆلاە)و كۆنـە، جوڵـەش لە ناكاو بووە، ئێمەش لە وەڵامدا پێی دەڵێین: لە كوێوە ئـەم جوڵەیـەی هێنـا؟ ئەمەش دا ئەنرێت بە دان پیانانێكی راشكاوانە لەسەر ئەوەی كە (بەسەرادراو ـ مرجع) یێكی تر كـاری لە جیهان كردووە بە دۆزینەوەی جوڵە بۆی، بەڵكو ئەمە پەلەكردنێكی روون‌و راشكاوە بـۆ دان نان بە بوونی بەدیهێنەری ئەم جیهانەدا كەواتە رەخنە گرەكە لە نێوان دوو شت دایـە: یان دەبێت بگەڕێتەوە بۆ قسەكەمان؛ بەوەی كە بەدیهاتووە بە هـۆی بەدیهێنـەرەوە، یـان دەبێت دان بە بوونی (بەسەرادەر– مرجع)یێكدا بنێت‌و ئەمـەش دان نانـە بـە بەدیهێنـەردا، كەواتە رەخنەی رەخنەگران هیچەو نەگەیشتوەتە پلەی چەسپان‌و تەواوی‌و گونجـان، ئـەو وتەیەش كـە دەڵێـت جیـهان كۆنـە، شـتێكی پووچـەو پشـت بـە راسـتی نابەستێت[٣]، بـەم جۆرەش (ماددیی جەدەلیی) هـەرەس دێنێـت كـە دان بـە كۆنـی جیـهاندا بنێـت، ئەمـەش لەبەر هەڵهاتنـە لـەوەی كـە دان بـە بوونـی بەدیهێنـەری جیـهاندا نـەنێت، بـێ بوونـی هیـچ بەڵگەیەكی پەیوەستدارو یەكلاكەرەوە!.

---

[٣] بەڵكو هەموو بەڵگە گشتی‌یەكان پشتیوانی گوتەی رووداني جیهان دەكەن، وەك لە یەكەم دیاردەدا لێی دواین.

رەنگە لات سەیر بێ کە چـۆن وا بـە زوویـی ئـەم رایـە هەرەسـی هێنـا، لـە وەڵامـدا دەڵێم: بەستنو گرێیەك لە یاسا ئەگەر لە سەد دەنك پێکهاتبێ، ئەوا کەمرەوی لە هیچیاندا ناکەین بە سڕینەوەی یەکەم گرێ، ئەگەر ئەمەش نەگوترابێت، ئـەوا لـە مـاددیی جـەدەلیی هەموو ئەوانە لابە کەلەسەر بنەمای (کۆنی جیهان) بنیاتنراون لە حوکمەکانیدا، ئەوا یەکەم حوکم لەحوکمە سەرەکیەکانی کە تێیدا پوچ دەبێتەوە بێباوەڕییانە بە بوونـی بەدیهێنـەر. لە کاتی گوتنی گوتەی بەدیهێنەری بوونیشدا؛ حوکمی تر سەر هەڵئەدەن کە حوکمە لقـیو پشکییەکانی تر پوچەڵ دەکەنەوە وەك لەمەودوا دەیبینین، بۆ ئەوەی باسـەکەش لـە لقـە تایبەتییەکان بدوێ، بەڵکو دەرخستنی راستی لە سەرچاوەکەدا بە شـێوەیەکی هەڵەشـەیی هەموو پوچگەرییە لقییەکان وەلا دەنێت.

سروشت

دوای ئەوەی بێگومان بوویت لە بوونی بەدیهێنەری یەکەم، کە زاتێکی تەواوی ڕەهایە، پرسیار کردنیش لە بارەی بەدیهێنەرێکی کاملی ڕەها ڕاست نیە،و ئەو گومانانەت لە بەردەمدا ڕەوینەوە.ئەوا گومانێك دەمێنێتەوە کە؛ بەگومانی سەردەم ناوی دەبەن و بە گومڕاییەك لە گومڕاییەکان دائەنرێت ئەویش ـ وەك دەرئەکەوێت– دروستکراوێکە وەك دروستکراوەکان، باڵی کێشاوە بەسەر خەونەکاندا وەکو خەیاڵ، بەڵام بە داخەوە کە ئەمە هێنراوەتە ئاراوەو پشت بە هیچ بنەمایەك نابەستێت دەبینین زاڵ بووە بەسەر بیری زۆر لەوانەی خۆیان بە ڕۆشنبیرو خاوەن مەعریفە دەزانن، لە کاتێکیشدا ئەمە دەڵێن بواریان بە خۆیان نەداوە کە نارەحەتی لێکۆڵینەوەو بە دواداچوون ببینن، ئەم گومانەش سروشتە. کەوای دائەنێت خوای دانراوی ئەم سەردەمەیە.

کاتێك بە یەکێك لەم سروشتییانە بڵێین: کێ ئاسمانەکان و زەمینی بەدیهێناوە؟ پێت دەڵێت: سروشت.

گەر پێی بڵێی کێ ڕووەك و ئاژەڵی بەدیهێناوە؟ دەڵێت: سروشت.

گەر پێشی بڵێی کێ مرۆڤی بەدیهێناوە؟ هەردەڵێت: سروشت.

کێ ئەم هەموو کاروباری گەردون و زیندەگی و غەریزییانە رادەپەڕێنێت بەو پەڕی حسابێکی وردو ڕێسایەکی بێ سنورەوە؟ ئەوا هەر دەڵێت سروشت.

کاتێك پەنا بۆ ئەم وتانە دەبەن کە ناتوانن پێت بڵێن بۆ خۆی بەدیهاتووە، یا لە خۆیەوە بەدیهاتووە، نکۆڵی یاسای هۆکارێتیش دەکەن، ئەمە ڕاست دەکات کاتێك دان بە

هۆدادەنێ و، هەڵــەش دەکـات کـاتێك هۆسـاز لـە یـاد دەکـات، کـاری ئێمـەش لـەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا بە نەفام دانان و درێو کردن نیە، بەڵکو ئێمـە لـە هـەموو رووەکانـەوە گفتوگۆ لەسەر باسەکان دەکەین، ئەوەی حەق بێـت دانـی پیـا دەنێـین، ئـەوەش پوچـەڵی بێـت پشـت گـوێی دەخـەین، مرۆڤـی ژیریـش ئەوەیـە گـوێ لـە هـاواری ژیریـی دەگرێـت، نەفامیش ئەوەیە شوێن ئارەزووەکانی دەکەوێت، هەر لەسـەر گـەندەڵی بـەردەوام دەبێـت ئەگەر حەقیشی بۆ روون بێتەوە.

کەواتە سروشت چییە؟ مەفهومەکانی چین؟ حەقیقەتی کاریگەرییەکانی چین؟.

لە زماندا سروشت مانـای: رەوشـت و ئاکـارو سـیفەت و خولقـەت دەگەیـەنێ. بـەڵام ئێستا لە بیری خەڵکدا بە پێی جیاوازیان دوو بۆچوون و تێگەیشتن دەگەیەنێ:-

مەفهومی یەکەم: بریتییە لـە خـودی شـتەکان بـەو واتایـەی بـێ گیـان و رووەك و ئـاژەڵ؛ هـەر یـەك لـەم بوونەوەرانـە سروشـتن. ئەمـەش مەفـهومێکی ورد نیـە، حوکمێکـی راستیش نیە وەك لەمەولا بۆمان دەرئەکەوێت.

مەفهومی دووەم: بریتییە لە سیفەت و تایبەتمەندێتی شتەکان؛ ئەم سیفەتانە: هەر لە گەرمی و ساردی و شێ و وشکایی و لووسی و نەرمی و زبری، ئـەم تواناییانـەش: لـە جوڵـەو وەستان، و گەشەو خواردن، جووت بوون و لە دایك بوون، هەموو ئەم سیفات و ئامادەگیانـە بریتین لە: سروشت.

جـا گـەر یەکـەم وتـنــــە یـاخود دووەم تـەعبیر لـە سروشـت بکـات بـە شـێوە راستەکەی، ئەوا لەمەدا چیمان لە حەق بۆ دەردەکەوێ؟.

سەبارەت وتەی یەکەم: -سـەبارەت دروسـت بوونـی بوونـەوەران- سروشـت لـەوە درەناچێ کە راڤەی ئاو بە ئاو بکات، زەویش زەوی بەدیهێنابێت، ئاسمان ئاسمانی دروست کردبێـت، هـەموو پۆلـەکان یـەکتریان پۆلێـن کردبێـت، شـتەکان خۆیـان دۆزیبێتـەوە، هـەر خۆیان رووداو رووداوو سازین، لـە یـەك کـاتدا بەدیـهاتوو بەدیهێنـەر بن، جـا لـە راسـتیدا پوچەڵ کردنەوەی ئەم وتەیە ئاشکرایە، ئەمەش یان ئەوەیە کە شتەکان بۆ خۆیان دروست

بوون بێ هیچ هۆیەك ـ ئەمەش بە پێی یاسای هۆكاریێتی پووچ كرایەوە– یان بەدیهێنەرو بەدیهاتوو لە یەك بووندا بكرێتەوە، جا هۆ بووبێتە هۆی دەست نیشان كردنی هۆكارەكە: ئەمەش شتێكی مەحاڵە، بەڵكو ئەمە دائەنرێت بەو سەرگەردانیو ناتەباییەی پێویست بە كات ناكات بۆ شیتەڵ كردنیان.

بەڵام سەبارەت وتەی دووەم: ئەمەش بریتییە لە پشت بەستن بە توانا (القابلية)ی شتەكانو تایبەتمەندییەكانیان لە پێكهاتندا، سەبارەت ئەمەش دەڵێین: لە راستیدا ئەمانەی كە بەدیهاتووو بوونەوەران دەگێڕنەوە بۆ تواناو تایبەتمەندییەكانیان، بە هیچ دانانرێن جگە لەوەی تەنیا وەسفی ئەو دیاردانە دەكەن، كە سەرچاوەو بنەڕەتیان نازانن، خۆشیان ماندوو نەكردووە بۆ لێكۆڵینەوە لە سەرچاوەكانیان، جا گەر وا بكەن ئەوا ئەو توانا (القابلية)یە كە پشتی پێ دەبەستن لە بەدیهێنانی شتەكاندا تراویلكەیەكی خەڵەتێنەرەو تینوو بە ئاوی تێدەگات، كاتێك دەشیگاتێ هیچ نابینێتەوە، بۆ روون كردنەوەی ئەمە بە رێگەیەكی زانستیانە ئەم نموونە دێنینەوە:

ئەگەر تۆوێك بچێنینو بیخەینە زەوییەوە،و ئاوی بدەین هەڵدەتۆقێ، پاشان دەردەچێو چەكەرەو چزووی لێوە دەردێ، رەگەكان بەرەو زەوی دەچنو لقەكەش بۆ سەرەوە، ئەنجا گەڵاو گوڵو بەرووبوم دەدات، ئیدی تۆوەكە(بۆ نموونە) سێو بەرهەم دێنێت.

جا گەر ئەم توانایەی لە تۆوەكەدا هەبووەك هەڵتۆقینو دەرچوونو چەكەرە كردنو... ئەوا گەر ئەم توانا یەك لە دوا یەكانە نەبوونایە ئەوا ئەو دیاردە زیندووانە بەرپا نەدەبوون، ئەوساش بەرووبوم بەدی نەدەهات. جا ئێستا با بێین لەسەر ئەو تواناو قابیلیاتانە بكۆڵینەوەو راستییەكانیانمان بۆ ئاشكرا ببێت:

ئەگەر تۆوێك هەڵنەتۆقێو نەتەقێتەوە هیچ شتێك پێك نایێت، ئەی دەبێ كێ بەم كارە هەستابێ؟ ئەگەر تۆوەكان عەقڵو ژیرییان هەبوایە ئەوسا دەمانگوت: عەقڵیان ئەوەیان نیشان دانو بۆیان ئامادە كردن، جا ئەگەر بڵێین ئاو هەڵدەستێ بەم كارە، ئەوا

ئەگەر وا بوایە دەیتوانی بە هەمان جۆریش کار لە ئاسن بکات، کەواتە دەبێت کارتێکەرێك هەبێتو قبوڵی کاریگەری ئەو کارلێکەرەش بکەین، ئەگەر ـ وەك جەدەلێك ـ تۆوەکە خۆی هەڵبستێت بەم کارانە، ئەدی بۆچی نەیبەستو نەپووکایەوە لە بری ئەوەی هەڵبتۆقێو گەشە بکات؟ جا بۆ ئەوەی زیاد بوونو مانەوە رووبدات لە رووەکەکەدا، ئەم کارە پێویست بە عەقڵو دەرك کردن دەکات، هەروەها بەرنامەیەکی نەخشە کێشراو لە لایەن ئەو تۆوەوە، لە راستیشدا تۆوەکان خاوەندارێتی هیچ کام لەمانە ناکەن! کەواتە چۆن لە خۆیەوە بەرووبوم دێنێتە دی؟ بەڵکو چۆن ئەو هەموو بەرووبومە جۆراوجۆرانە بەرهەم دێن،و چۆن مەبەستێکی دیاری کراوی تیا چەپاوو پەنهان دراوەو سیفەتی مەبەست دار لە ناوەڕۆکی هەموو تۆوێکدا هەیە؟.

لەراستیدا ئەوەی سەرنجی وتەی سروشتییەکان بدات کە پشتیان بە قابلیەتو تواناکان بەستووە: بەوەی رووەك لەسەر ئەوەی مۆرك دار بووە، یان تەقینو روانی تۆو و، لە دایك بوونی خانە، خانەی زیندوو حەز بە دابەش بوون دەکات؛ ئەو کاتە دەزانێت هەموو ئەمانە کرداری نەزانراون (أفعال مبنية للمجهول) چونکە بکەرە راستەقینەکە نەناسراوە، وەك ئەوە وایە کەسی سروشت دۆست چاوی لە هۆکارە راستەقینەکان نوقاندبێت، کردارەکەشی داوەتە پاڵ نەزاندراو بۆ رزگار بوونی خۆی. ئەی کێ بوو تۆوی رواندو چەکەرەی پێ کرد؟ کێ بووە هۆی لە دایك بوونو زۆربوون؟ کێ بوو خانەکانی راهێنا لەسەر دابەش بوون؟ هەموو ئەم راستییانە چاوی کورتی کەسانی سروشتیی پێناگات، بەڵکو کورتیان هەڵهێناوە لە وەسف کردنی رووکەشەکاندا، بێ گەڕانەوە بۆ هۆکانی، بەڵکو زۆر بە هەڵە داچوون کە سیفەتە کارلێك کراوەکە دەکەنە هۆی کاریگەر،و قابیلیەتی کارتێکەر،و دیاردەی نەزانراو هۆکارێکی بەدیهێنان بن، چونکە چەکەرە کردن سیفەتێکە لە ئاکامی هۆکارێکی دەرەکی ئەو شتەوە هاتووە لە وەرگرتنو قبووڵ کردنی کاریگەرییەکەی ئەو شتەدا. هەروەها گەشەو روانو بەرز بوونەوە هەموو سیفەتن ....

کەسی سروشتی هیچ شتێکی زیاد نەکردووە تەنیا ئەوە نەبێت لەم کۆمەڵە سیفاتانە تێگەیشتنێکی تێکەڵی پێك هێناوە کە ناوی ناوەی بە (قابلیاتی لە دایك بوونو گەشە کردن). جا قابلیەتی کردووە بە هۆی بەدیهێنان کەچی خۆی لە راستیدا نیشانەیەك لە نیشانەکانی شتەکانە،و سیفەتی هەڵچوون (الإنفعال) کە هیچ هەستو هۆشێکی نیە کردویەتییە هۆیەکی کاریگەری وشیار لە دروست کردنی شتەکاندا! کەواتە کێ بوو سروشتی لەو رەگەزانە پێك هێنا؟و کێ بوو جۆراوجۆرێتی بەو مۆرکانە بەخشی؟. گەر تۆوی هەڵوژەو تۆوی قەیسی بخەینە ناو خاکەوە، هەریەکەو جۆرە بەروبوومێکی جیا لەوی تر بەرهەم دێنێت، چ لە رەنگدا، یا لە تامدا، یا لە بۆندا، لە کاتێکدا هەر بە یەك ئاویش ئاو دەدرێت، لەگەڵ ئەوەدا کە هەموومان کۆین لەسەر ئەوەی : تۆوەکان عەقڵیان نیەو درەختەکان سوسە (إدراك)یان نیە، ئەی چۆن رەگەکان ئاو دەمژن؟ و تەنانەت گەردیش دەپاڵێون؟ پاڵ بە شلەمەنیەکانی ناوییەوە دەنێنو دەینێرن بۆ بەرووبومەکان، ئیدی گیراوەیەك دەردەچێو تامی خۆش دەبەخشێ؟! هەموو ئەمانە وامان لێ دەکەن لە هۆکە بپرسین و، نەك لەسەر شتی نەزانراو بوەستین، نەك تەنیا لەسەر شتی نەزانراو دابمێنین،و تەنیا بە وەسف کردنی رووکەشەوە نەوەستین، تەنانەت نەك دیاردەکان بە هەڵە وەسف بکەین کە گوایە ئەوان هۆی راستەقینەی وەدیهێنانن.و ئێمەش دەزانین کە قابلیەت تەنیا سیفەتێکە لە سیفەتی شتەکان، ئیتر چۆن بەدیدێنێت؟ تۆویش سەبارەت بە رووەك بێ گیانەو هۆشو فام ناکاتەوە؛ ئەی جۆراو جۆریەتیەکەی چۆنە؟ جا گەر تێبینی بکەیت ئێمە ناچارین بە پێی ئەم تێروانینە بۆ سروشتی شتەکان (طبائع الأشياء) کە دەبێت لە راستی ئەو سروشتە بکۆڵینەوە لەوەش بپرسین کە ئەو شتانەی نەخشاندووە لەسەری؟ و چۆن کاریگەری ئەنوێنێ؟ و ئایا داهێنەرە یان پۆلێن دەکرێو رێك دەخرێ؛ و ئایا بۆ خۆی کارلێکەرە یان کار لە شتانی تر دەکات؟ ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە کەسانی سروشتیی ئێمەیان لە یەك نەزانراوەوە گواستۆتەوە بۆ زۆر نەزانراو، و لەیەك بنەڕەتی گرنگو یەکلاکەرەوەوە بۆ چەندان لقی دیاردەیەك کە یەکلا ناکرێنەوە، لە کاتێکدا ئێمە لە

بەدیهێنەری تۆوو چەکەرەی ناوکەکەی دەپرسین. ئەوا بەو تێڕوانینە کورتەوە(بەبێ ئاگایی) چوینە سەر سیفەتە کارلێکراوەکان کە هیچ تواناو بەشیان لە بەدیهێناندا نیە،و ئەگەر ئـەو کورت بینیە نەبوایە لە لایەن کەسانی سروشتییەوە بۆ ئەم هۆ نامۆ دۆشدامانکەرانە بە بـێ بوونی هیچ بیانویەك، ئەو کاتە وەلامێکی تێرو تەسـەلو لۆجیکیمـان دەسـت دەکـەوت کـە هاوتا دەبوو لەگەڵ ئەو راستییە زانستیانەدا وەك لەم ئایەتەدا باسیان هاتووە:

﴿إن الله فالق الحب والنوى يخرج الحي من الميت ومخرج الميت من الحي ذلكم الله فأنى تؤفكون﴾ /٩٥.

واتە: بــە هەقیقـەت خـوا لەتکـەری دەنـكو ناوکەیـە، زینـدوو لـە مـردوو دەردێنـێو دەرهێنەری مردووە لەزیندوو، ئەمەیە خوا، جا چلۆنو لە کوێوە بە درۆ خۆتان (لە خوا) لا ئەدەن.

و بەمـەش بۆمـان روون ئەبێتـەوە کـە هـەموو هۆکارەکـان دەگەڕێنـەوە بـۆ یەکــەم بەدیهێنەرو ئیدی نەزانراوەکان دەزانرێنو باسەکە یەکلا دەبێتەوە.

جا بۆ ئەوەی ئەمە زیاتر روون بکەینەوە، نموونەیەك دێنینەوە. ئەویش جوڵێنـەری ئامێری ئۆتۆمبێلە. چونکە جوڵاندنی بەشەکانی ئامێرو سووتاندنی بەنزین، و هێزی پاڵنــەر لە بـەرەنجامی تەقینـەوەی نـاوەکیدا، ئـەوا هـەموو ئـەم تایبەتمەندییانـە قابلیـاتو تواناو مۆرکـن، ئایـا وای دەبیـنی کـە شـیاوێتی سـووتانو تایبەتمـەندێتی تەقینـەوەو یاسـاکانی میکانیك بەدیهێنەری ئامێر بوونو ئۆتۆمبیلیان داهێنا؟ بێگومان[شیاوێتی]مەبەست خـودی شتەکان نیە، هەرچەندە هۆیەکە بۆ پاڵنانی دیاردەکە،و دەرکەوتنی رووەکانی، بەڵام تەنیا لە سنووری رێکخستنو ریزکردندا دەمێنێتەوە، نەك لە سنووری بەدیهێنانو داهێنـاندا، لـە کاتێکدا ئـەو شـتە لەقۆناغـەکانی کۆتاییدایـە نـەك لـە قۆناغـەکانی سـەرەتایی بەدیـهێنانی بووندا، جا ئەگەر کەسێك بیروباوەڕی سروشتی هەبێت بۆ بەدیهێنانو بیەوێت لەو هەڵدێرە خۆی قورتار بکات،و لەگەڵ ئێمەدا دانی نا بەوەی کە ئەم مۆرکانە هۆی لاوەکین لە بـواری

زۆربوون و جۆراوجۆر بووندا، بەڵام لە راستیدا جۆرێك نیە كە پشتیوانی هۆكان بكـات وەك لە پرەنسیپی هۆكارێتیدا لێی دواین.

ئـەوا پـێی دەڵێـین: گەڕایتـەوە سـەر ئـەو بنەڕەتـەی كـە لەمـەوپێش لێی دوایـن‌و چەسپاندمان، و نەشیتوانیوە لە سروشتی هیچ بوونەوەرێكدا هۆی راستەقینەی بوونـی ئـەو شتە لە نەبوونەوە بچەسپێنێ‌و بیسەلمێنێ.

جا گەر ئەتەوێ ئەم بارە دەروونیە لە پێكهێنانی ئەم خوا درۆیینەدا (سروشت) لای هەندێك بزانین، ئەوا لەم زنجیرەیەدا دەیدۆزیتەوە.

مرۆڤێك سیفەتی شتێكی دیاری كـرد، پاشـان سیفەتەكانی هـەمووی خسـتنە سـەر یەك، ئەنجا لەم كۆمەڵە سیفاتانە مەفهومێكی پێك هێنـا، پاشـان ئـەم مەفهومـەی دانـا بـە قابلیـەت یـان سروشـت، دەروونیـش حـەز بـە پشـووكورتكردنـەوەی دەكـات، ئیـدی ئــەو سروشتەی لـە خـەیاڵیدایـە كـردی بـە زاتێكـی سـەربەخۆی كارتێكـەر. بـەم جـۆرە خـەیاڵی مرۆڤایەتی لەسەر ئەمە دەمەبێت، خاوەنەكەشی وای دێت بە خەیاڵدا كە خوای بوونـەوەری دۆزیوەتەوە، ئیدی گوێڕایەڵی دەكات، و گەردن كەچ‌و تەسلیمی ئەبێت، دوای ئەوەی كە بە دەستی خۆی دروستی كردووە، هەروەك چۆن بت پەرستان وا دەكەن، بۆ خۆیان دروسـتی دەكەن پاشان وا دەزانێت سوودو زیانی هەیەو پاشتریش دەیپەرستێ!

زۆر لێكچوون هەیە لە نێوان ئەوانەی بتیـان دەپەرسـت لـە پێشـانداو دەمـەقاڵێیان لەسـەر دەكـرد، لەگـەڵ ئەوانـەی كـە ئـەمڕۆ سروشـت دەپەرسـتن‌و دەمەقاڵێشـی لەسـەر دەكەن، هۆی دەروونی ئەمانە هەر یەكە، جۆری هەڵەكەشیان هەر یەكـە، ئەمـەش بریتییـە لە دروست كردن لە سەرەتاداو پاشان خەیاڵ كردن لەوەی كە كارتێكەری هەیـە، قورئـانی پیرۆزیش ئاماژەی بۆ ئەم فێڵە كردووە لە ئایەتەكانیدا، لەوانە:

﴿ما تعبدون من دونه إلا أسماء سميتموها أنتم وآباؤكم ما أنزل الله بها من سلطان إن الحكم إلا لله أمر ألا تعبدوا إلا إياه ذلك الدين القيم ولكن أكثر الناس لا يعلمون﴾ یوسف/٤٠.

واته: ئەم مەعبودانەی کە بێجگە لە خوا ئەیپەرستن، شتێ بێجگە لـە ناوگـەلێ (بـێ ناوەڕۆك)نین کە ئێوەو باووباپیرانتان ناوتـان نـاون، خـوا هیـچ بەڵگەیـەکی بۆ ئێـوە نـازڵ نـەکردووە، حوکم و دەسـتور نیـە مەگـەر بۆ خـوا، فـەرمانی داوە بێجگـە لـەو کەسـی تـر نەپەرستین، ئەمەیە ئایینی پایەدار، بەڵام زۆربەی خەڵك (بەمە) نازانن.

﴿قالوا أجئتنا لنعبد الله وحده ونذر ما كان يعبد آباؤنا فأتنا بما تعدنا إن كنـت مـن الصادقين، قال قد وقع عليكم من ربكم رجس وغضب أتجادلونني في أسماء سميتموهـا أنتـم وآباؤكم ما نزل الله بها من سلطان فانتظروا إني معكم من المنتظرين﴾ الأعراف/٧٠-٧١.

واتـە: وتیـان: ئایا هاتویـە لای ئێمـە کـە خـوای تاقانـە بپەرسـتین و ئـەوەی کـە باووباپیرانمان دەیانپەرست، تەرکی بکەین؟ جا کەوایە ئەوەی بەڵێنت پێداوین (لـە هـاتنی بەڵا) بیهێنە، ئەگەر لە راست بێژانی، (هود) وتی: پیسی و غەزەبی پەروەردگارتان ئێـوەی داگرتووە، ئایا لەگەڵ مندا لە بابەت نێوگەلێکەوە شەڕە قسەم لەگەڵ دەکەن کە ئێـوەو باووباپیرانتـان (لەسـەر بتـەکان) داتاننـاوە، لـە حـاڵێکدا خـوا هیـچ فـەرمانێکی لـە بابـەت ئەوانەوە نەناردووە، جا لەبەر ئەمە ئێـوە چـاوەڕوان بـن و منیـش لەگـەڵ ئێـوە چـاوەڕوان ئەبم.

بڕوانە مرۆڤی پێشین لە چ بوارێکەوە گومڕا بوون، ئەمڕۆش چۆن گومڕا دەبن، ئـەم کێشـانەش لـە سـەرەتادا تـەنیا چـەند ناوێکـەو دایـان دەنێـن، پاشـان لـە کۆتـاییدا وەك حەقیقەتێکی دروستو رووداو لێی دەدوێن.

کورتەی قسان لە سەر سروشت ئەوەیە کە: یان شتەکان بۆخۆیان دروست بوون؛ ئەم وتەیەش بە پێی هەموو پێوانەیەك وەلا نراوە.

یان ئەو وتەیەی کـە(سـیفەت) زات دروسـت دەکـات، ئەمـەش زیاتر پوچـترەو وەلا دەنرێ لە وتەی یەکەم؛ چونکە گەر زاتی شتێ دەستەوسان بێت لە دروست کردنیدا، چۆن سیفەتەکانی ئەو شتە دروستی دەکەن!

بەڵام سەبارەت ئەوەی کە شـیاوێتیو قابلیـەت هۆیـەکی پاشـەکییە وەك سـەرجەم هۆیەکانی تر، ئەوا ئاتاجی هۆی یەکەم دەبێو ئەمەش ئەوەیە کە دەیڵێینو مەبەستمانە.

کەواتە لـە هەرسـێ حاڵەتەکەدا دەبـێ بگەڕێینـەوە بـۆ یەکـەم بەدیهێنـەر، پاشـان سروشتیش زۆر لە دواوە دێت کە بەو، کارلێکراو بووەو پێویستی پێ بووە.

بەم جۆرە دەبینیت کە سروشت–خوای دانراوی ئەم سەردەمە– لەبەردەم رەخنەی لۆجیكو راڤەی زانستیدا خۆی نەگرتووەو تواوەتەوە، سـەبارەت بـە بوونـەوەرانیش تـەنیا سیفاتو شیاوێتیو یاساکان کە لەسەری دەڕۆن شك دەبەن، چونکـە سروشـتیش شـتەکان بەدییان ناهێنێ، کەسێکیش گەر لە زاتێکـی سـەربەخۆیان دەگـەڕێت، داهێنـەرو کارتێکـەر بێت، بەدەر بێت لە سنووری شتەکان، ئەوا بێگومان بە دوای عەنقائی مەغریبیدا گەڕاوە.

یەکتاپەرستیی

گەر تراویلکەی سروشت لەبەرچاوانتا ڕەویەوەو وای لێهات ئاسۆی زانینی یەکەم بەدیهێنەرت لا ڕوون بۆوە، ئەوا دەتوانیت مەعریفەو زانیاریت تەواو بکەیت سەبارەت ناسینی ئەو سیفاتانەی ـ وات لێدەکات – لێی بکۆڵیتەوە بە پشت بەستن بەو ڕاستیانەی لەمەو پێش باسمان کردن،و ئەو سیفەتانەی کە لەمەوە بۆ مان دەردەکەوێت، ئەوا دەڵێین:

ئەو زاتە یەکەمینە (الأول) هیچ شتێك لە پێشیەوە نەبووە، چونکە گەر شتێ لە پێشیەوە بووبێ ئەوا سنوری بۆ دادەنرێت، سنوریش لە سیفەتی ڕووداوو بەدیهاتووەکانە، لە پێشیشەوە وەلا خستنی ئەمەمان بۆ ڕوون بووەوە.

ئەو کۆتایە (الآخر) لە دوایەوە هیچ شتێك نیە،ترسێنەرو ئاگادار کەرەوە هەر خۆیەتی، کەواتە ئەو (ئەزەلیو ئەبەدییە).

و ئەو زیندووە (الحي): ژیانێکی ڕەها، چونکە ئەو بەخشەری ژیانە بە زیندەوەران، بۆیە ڕێی تێناچێت گەر ڕەها نەبێت، چونکە ڕێژەییەتی: لە سیفەتی بەدیهێنراوو بەرپابوەکانە.

و ئەو بیسەری زانایە (السمیع العلیم)، بینای بەتوانایــە (البصـیر القدیـر)ە، چونکـە ئەم سیفەتانە پەیوەستو داخوازیی سیفەتی ژیانن، جا کاتێك ڕەهایی سیفەتی ژیانی بوو، ئەوا ڕەهایی پەیوەستی سەرجەم سیفاتەکانی تریـەتی، بـە جۆرێك کـە بیسـتنو بینـینو زانستو توانای، دەسەوسانی ڕووبانتێ ناکات بە هیچ جۆرێك.

ئەو تاكو تەنیایە (الواحد): کە هیچ هاوەڵێکی نیە لە موڵکدارێتیدا، ئەم سیفاتانەش لەبەر ئەو گرنگییە مەزنانەی هەیانەو ئەو مەترسییە گەورانەی لێی بەرپا دەبن پێویستە بە شێوەیەکی درێژتر لێیان بدوێین:

ڕەنگە لەم بەدوایەگـداهاتنی باسەداو باس کردنی ئەم سیفاتانەی پێشو،و لە دڵنیا بوونو سوور بوون لەســەر تــەواوێتی ڕەهــای پــەروەردگار، ئــەوە دەرکــەوێت کــە یەکتاپەرستیی دێتــە دیو پێویسـتی بـە بەڵگـە هێنانـەوە نیـە، بـەڵکو چـەندێتی (التعـدد) پێویستی بە بەڵگە هێنانەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشـدا باسـی یەکتاپەرسـتیی زیـاتر درێـژە پێ ئەدەین بە هۆی پەیوەندییەکی بنەڕەتییەوە بە واقیعی ژیانەوە.

گوتنی گوتەی چەندێتی ئەتوانین کورتی بکەینەوە لە (دوانەییەتیی – تثنیـة)دا، جـا گەر (تثنیة) چەسپاو هاتە دی، چەندێتی دروست دەبێت بێ دەستنیشان کـردنو ژمـاردن، جـا گـەر چـەندێتی پـووچ بۆوە لــە بنــەڕەتدا ئــەوا ئــەویش پــووچ دەبێتــەوە، ئەوسـا یەکتاپەرستی پێویست دەبێت.

جا گوتەی دوانەیی (تثنیة) وا پێویست دەکات سیفەتێکی جیاکـەرەوە هـەبێت لـە نێوان دوو شتدا، چونکە یەکسـانیی تـەواو لـە هـەموو ڕووەکـاندا شـتێکی پووچـە، بـۆ چوونەکانمان لەهیچ کاتێکدا نایەتەدی، گەر بە تەواوی یەکەم بەسەر دووەمـدا نەچەسـپێ، ئیدی لە کۆتاییدا یەك (بوو - کائن) دەمێنێتـەوە، جـا گـەر سـیفەتی جیـا کـەرەوە نـەبێت ئەوسا جیا کردنەوەش نامێنێت. جا گەر لە حاڵەتێکدا خۆ بـە زل زانێك گوتـی دەتوانرێـت جیاکردنەوە لەنێوان دوو حاڵەتی یەکسانی تەواودا بکەین، ئەوا پێی دەڵێـین: تـۆ بەڵگـەت لەسەر خۆت هێنایەدی کـاتێك لەیـەکت جـودا کردنـەوە، ئـەم جیاکردنەوەیەشـت بـە دەرك

کردنی سیفەتی جیاکارییەوە بوو. جا بوونی سیفەتی جیاکاریش یەکسانی تەواو پووچەڵ دەکاتەوە، ئەوساش (تفاضل) لە نێوان دوو شتدا دێتە دیو بەمجۆرەش یەکێك لە مەفضولەکان دەکەوێتو تەنیا دانەیەکیان دەمێنێتەوە.

گوتەی (تثنیة)ش لە روانگەی بیرکارییەوە دوو شتی رەها دەگەیەنێت، ئەمەش شتێکی مەحاڵە، چونکە بوونی یەکێکیان رەهایی ئەوی تریان وەلا دەنێ، لەم حاڵەتەشدا یا رەهایی یەکەم دێتە دی، ئەوسا بە تەنیا یەکەم دەمێنێتەوە، یاخود لە سنووری یەکەم دەرئەچێو ئەوساش رەهایی یەکەمی گریماناوی دەکەوێتو دووەم دێتە دی، بە واتایەکی تر رەهایی دەورە دراوە،و دەورەی نادرێو پەی پێ نابرێ، لە ئاکامیشدا تەنیا یەك رەها دەمێنێتەوە.

ئەمە ویڕای ئەوەی بەڵگەیە لەسەر یەکتاپەرستیی، هەروەها بەڵگەشە لەسەر بەرپا بوونی گێتیو نەرێ کردنی کۆنیەتی، چونکە وتەی کۆنیەتی دوو ڕەهایی دەگرێتەوە. ئەمەش وەك زانیت شتێکی مەحاڵە. لێرەوە واتای قوڵی ئەو ئایەتەت بۆ دەردەکەوێ کە دەفەرموێت ﴿ألا له الخلق والأمر﴾ الأعراف/٥٤.

واتە: ئاگادار بن کە بەدیهێنانو تەگبیری (جیهان) بۆ ئەو (خواو بە ئەمری ئەو)ە.

نەك تەنیا گۆڕانی گەردوون رووداوو بەرپابویەکە، بەڵکو گەردوون هەمووی بەدیهاتووەو گۆڕانکاریش (تصریف)تیایدا لە ژێر دەسەڵاتی بەدیهێنەرەکەیدایە، کەواتە گەردوون بەرپا بووە بە ماددەوماناکەشییەوە.

جا گەر بمانەوێ ئەم مانایە سەبارەت یەکتاپەرستییو چەندێتی (التعدد) روونتر کەینەوە ئەوا دەڵێین لە کاتی بوونی دوو هەبوودا ئەوا دەبێت یەکێکیان تواناو زانستی بەسەر ئەویتریاندا بشکێت. جا گەر ئەمەی نەتوانی ئەوا شایستەی خوایەتی نیەو تەنیا یەکێکیان دەمێنێتەوە، بەڵام گەر توانای لەسەر ئەمە هەبوو ئەوا خوایەتی دووەم نامێنێتو تەنیا یەکەم دەمێنێتەوەو، هەندێك لە فەیلەسوفان ئەمە بە (برهان التمانع) ناو دەبەن، بۆیە دەڵێین: گەر دوو خودا هەبێت، یەکێکیان بیەوێت (زەید) هەستێو لە هەمان

کاتیشدا ئەوی تریان بیەوێ دانیشێ، ئەوسا کاریگەری ئەم دوو ویستە دەبێتە شتێکی مەحاڵ، چونکە مەبەستەکە نایەتەدیو دوو شتی دژ، لە یەك کاتدا پێکەوە کۆناکرێنەوە، جا گەر توانای یەکێکیان زاڵ بوو بەسەر ئەوی تریاندا ئەوا ئەوی دووەم دەستەوەسانو ژێر کەوتوو دەبێت، کەواتە نابێتە خوداو لەم حاڵەتەشدا تەنیا یەکێکیان دەمێنێتەوە.

ئیبن جریر الطبري ئاماژەی بەم مانایە داوە کە دەڵێت: (هیچ یەکێك لەم دوانە نابنە بەهێز یان دەستەوەسان، ئەگەر دەستەوەسان بن ئەوا دەستەوەسان ژێر کەوتووە، شایستەی خوایەتی نیە،و ئەگەر بەهێز بن ئەوا هەر یەکێك لەوان سەبارەت ئەویتر کەم تواناتر دەبێت، کەم تواناش نابێتە خودا. گەر هەر یەکەشیان بەهێزتر بێت لەوی ترەئەوا لەژێر دەسەڵاتی ئەویتردا دەسەوسان ئەبێت).

کەواتە هەر ئەو تاكو تەنیایە دەمێنێتەوە کە هیچ شتێك لە زەمینو ئاسمانەکاندا دەستەوەسانی ناکات، هیچ کەسێکیش گوتەی چەندێتی (التعدد) ناڵێت مەگەر خاوەنی عەقڵییەتێکی سەرەتایی‌و بیرۆکەی رەچەڵەکایەتی بێت (فکرة وثنیة)و خودانی ئەندێشەیەکی دروست کراوە، کە هاتنە دی زۆر دوورەو لەگەڵ ژیرییدا بەرەنگار دەبێتەوە.

بۆیە هیچ کەسێك نیە لە دنیادا پابەندی ژیریی‌و لۆجیك بێتو وتەی چەندێتی بدرکێنێ. بەڵکو لێکۆڵینەوە هەر دەمانگەیەنێتەوە یەکتاپەرستیی، کە دوورە لە سیفەتی بەرپابوونەوە، وەك پێکەوە لکاندنو لقێتیی‌و لە دایك بوون (الإلصاق والتفریع والولادة). هەروەك چۆن چەندێتی‌و هەژماردن پووچە، ئەوا لەمەولا ناکاوێتی‌و یەکسەرێتی (طرووّة) زیاتر جێی پووچەڵ کردنەوەیە، بەم جۆرەش هەژمارەیی‌و چەندێتی هەرەس دێنێ، وەك دوانەیی‌و سیانەیی‌و ....هتد.

مەخابن لەگەڵ ئەمەشدا خەڵکانێکی زۆر ئەمرۆ لەسەر ئەم باوەڕەن، بەڵام گەر کەمێك بۆ ژیری‌و لۆجیك بگەڕێینەوە ئەوا لەبەردەمیانا هەموو بتەکانی رەچەڵەك بازی‌و چەندێتی پووچەڵ دەبێتەوە بە هۆی بەهێزی بەڵگەکانو راشکاوییانەوە،و لەبەردەم شۆڕشی ژیریی‌و ئەقڵ ئەم ناتەباییە بەدە خۆی ناگرێ، جا نازانم کەی ئەو کاتە دێت

بیرمەندە ئازادەکانی گێتیی و ئەو هۆشمەندانەی کە داماڵراون لەم رەچەڵەکبازییــە پــەردەو تەونی جاڵجاڵۆکەکان دەدڕن و جیهان بەرەو یەکتاپەرستیی دەبەن؟!.

قورئانی پیرۆز بوو مەشخەڵی یەکتاپەرستیی بۆ مرۆڤایەتی هەڵگرت، لە دوو توێیـدا ئامـاژە بـە مـەحاڵی چـەندێتی دەکـات و پووچێتـی دەخاتــە روو و جـەخت لەسـەر یەکتاپەرستیی و چەسپاندنی دەکات، لە ئایەتانێکی زۆردا چاکترین و بەهێزترین بەڵگـەی بۆ خستوینەتە روو:

﴿ما اتخذ الله من ولد وما كان معه من إله إذا لذهب كل إله بما خلق ولعلا بعضـــهم على بعض سبحان الله عما يصفون، عالم الغيـــب والشـــهادة فتعـــالى عمـــا يشـــركون﴾ المؤمنون/٩١-٩٢.

واتە: خودا منداڵی بۆ خۆی هەڵنەبژاردووەو مـەعبودێ تـر لەگـەڵ ئـەودا نیـە (کـە ئەگەر وا بوایەو خوای تر لە گەڵی هەبوایە، لەو کاتە هەر یەکە لە خواکـان خـەریکی کـاری مەخلوقی خۆی دەبوون و هەندێ بەسەر هەندێکدا بەرز دەبوونەوە، خوا لەو پەسنانەی کـە دەیکەن پاک و بێخەوشە، کە بە دیارو نادیار ئاگادارە، جا ئەو لەوە بەرزترە کـە هاوبەشـی بۆ دابنێن.

﴿هو الأول والآخر والظاهر والباطن وهو بكل شيء عليم﴾ الحديد/٣.

واتە: هەر خوایە ئەوەل و ئاخرو زاهیرو باتین، و هەر ئەوە بە هەموو شتێك ئاگایە.

﴿ألا إنهم في مرية من لقاء ربهم ألا إنه بكل شيء محيط﴾ فصلت/٥٤.

واتە: ئاگادار بە! کـە بەڕاسـتی ئەوانـە لـە دیـداری پـەروەردگاریان لـە دوودڵیـدان، ئاگادار بە! کە بەڕاستی خوا بەسەر هەموو شتێـکدا زاڵ و بەدەسەڵاتە.

﴿قل هو الله أحد، الله الصمد، لم يلد ولم يولد، ولم يكن لـــه كفـــوا أحـــد﴾ سورة الإخلاص.

واتە: بڵێ: خوا تاکو تەنیایە، خوایەکی بێ نیاز (کە نیازمەندان روو دەکەنە ئەو کە نیازیان جێبەجێ بێت)، (هیچ شتێك) لێی نەبووەو (لە هیچ شتێکیش) نەبووە،و هیچ هاولفو هاوتایەکیش بۆ ئەو نیە.

بەم جۆرە راستی یەکتاپەرستیی بەدیهێنەری دێرین دەچەسپێت، بە جۆرێکی وا هیچ بواری گومانو دوو دڵی نەهێڵێتەوە.

بۆیە زانای لێکۆڵەرەوە زۆر لە پێشترە بەوەی مەردومان بۆ ئەم راستییەبانگێش بکات. گومانو دەردی چەندێتی لایان بڕەوێنێتەوە،و پووچیو گەندەڵیان ئاشکرا بکات، تاکو لە تاریکییەوە بچنە ناو رووناکیی، هەروەها تا لە دژ یەکییە(بەنەهکانەوە بگەنە تەبایی‌و هاوتایی ژیریێژیی روونو ئاشکرا. بەم جۆرە دەروونی مرۆڤایەتی لە دڵەڕاوکێو گومانو سەرکوتکردنو دوودڵی رزگاری دەبێتو لە ئاکامی مانەوە لە رێچکە لادراوەکانو بەرنامە سوك وبێ نرخو پێکەنیناویو گریاناوییەکان رزگار دەبن، کە شیکاری دەروونیی سەلماندویەتی ئەمانە تەنیا وێنەیەکی بەرهەستین کە دەربڕین لە ئیفلاسی مرۆڤایەتی دەکات لە کاتێکدا رێگەی راست نەگرێتە بەر.

جا بۆ زیاتر تەواوکاری هەموو لایەنە بڕوا پێکەرەکانی ئەم باسە - باسی سروشتو هۆکارێتیو یەکتاپەرستیی- ئەوا ئەم نامە رێكو پێکەی بەدیع الزمان سەعید نورسی - رەحمەتی خوای لێ بێ- دەخەینە روو کە لەم بارەوە روونی دەکاتەوەونووسیویەتی:

﴿قالت رسلهم أفي الله شك فاطر السماوات والأرض﴾ إبراهيم/١٠.

واتە: رەسولانی ئەوان وتیان: ئایا لەسەر خوایەك کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە گومانتان هەیە.

بیر لەم ئایەتە بکەرەوە بزانە چۆن نیشانەی سەرسوڕمانو نکوڵیکاری تێدایە، کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دان نان بە تاكو تەنیایێتی (الله)ی پەروەردگاردا لە روونترین راستییەکانە لای کەسانێك گەر جارێك بە چاوانیان ئەم ئاسمانو زەمینە ببینن‌و چاوی پێدا بخشێنن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی ئەمڕۆ هەندێ لە موسڵمانان بە چەند وشەیەك

دەیڵێن، بە لایەنی کەمەوە کەمترینی سەردەکێشێت بۆ بێباوەڕ بوون بەم راستییە گەورەیە.

جا لێرەدا لە سێ وشە دەکۆڵمەوە کە تەنیا کەسانی بێ مێشکو بێ ئاگا لە راستی شتەکان دەیدرکێنن، هەروەها بێباوەڕێکیش شانازی بە بێباوەڕییەکەیەوە بکاتو دەهۆڵی بۆ بژەنێت، ئەوانیش یەکەمیان ئەوەیە کە **(هۆکان بەدییان هێناوە)** دووەم **(لەخۆڕا بەدیهاتووە)** سێیەم **(سروشت دروستی کردووە)**.

لە راستیدا زۆر مەحاڵە ئەم گوتنە بێ ماناو پوچانەوە دروست دەبن، کە ئەگەر بە درێژەپێدانێکی زانستیی بەرفراوان بیژمێرین؛ ئەوا زیاد لە نەوەد مەحاڵ دەبێت کە زانستی هیچ زاناو ژیریی هیچ هۆشمەندێك دانیان پێدا نانێت بەڵام من تەنیا لە(دە)یەکی ئەدوێمو بەم رستە کورتانە باسیان دەکەم.

یەکەم مەحاڵ ئەوەیە: لە بەرەنجامی وشەی (هۆکان بەدیهێناون) سەری هەڵداوە، پوچەڵی ئەم گوتەیەش لەم نمونەیەوە دەردەکەوێت: گەر پێویستمان بە گیراوەیەك بێت کە لە چەند دەرمانو گیایەکی جۆراوجۆر دروست بکرێت بە تێکەڵ کردنی رێژەیەکی دیاری کراو، کەسی دەرمانسازیش هەستا بە ئامادە کردنی ئەم گیراوەیە بە پێی پێوانەی پڕ وردەکاری، بە جۆرێك کە بەشێك لەم گیراوەیە کەمتر یان زیاتر بێت ئەوا بە پێچەوانەی سودەکەیەوە دەشکێتەوە، جا بۆ نمونە گەر بومەلەرزەیەك روویداو ئەو ماددانەی گیراوەکەی لێ دروست دەبێت هەمووی خستنو شوشەکانی شکاندو دەرمانەکانی ناوی رژاندو تێکەڵ بە یەك بوون، ئایا دەبێ لە ئاکامی ئەم تێکەڵ بوونەدا بڵێین ئەو گیراوەیەی دروست بووە وەك ئەو گیراوەیە وایە کە دەرمانسازەکە بە پێوانەیەکی وردو شارەزایی زانستیو حیسابێکی رێكو پێك پێی هەستاوەو دروستی کردووە؟و ئایا کەس بەمە باوەڕ دەکات جگە لە کەسێك نەبێت بەخششی بیرکردنەوەو ژیریی لە دەست دابێت؟.

هەموو خاوەن ژیانێك لەسەر ئەم زەوییەدا گیراوەیەکی قەشەنگە، لە مەلایین بەشی سەرسوڕهێنەری جیاواز پێك دێت، کە بە پێوانەیەکی رێژەییو حیکمەتو یاسا

بەدیهاتوون، بێگومان گێڕانەوەی ئەمە بۆ کاری هۆکاری ماددی وشك و ڕەگەزی بێ گیانی بێ دەنگ، دانەنرێت بە خراپتر و بۆگەنتر لەوەی کە بڵێین دەرمانەکان لە ئاکامی بەریەك کەوتن و ڕژاندیان گیراوەیان لێ پێك هات.

دووەم مەحاڵ: گێڕانەوەی بەدیهێنانی شتەکان بۆ هۆکارە ماددییەکانی، وا پێویست دەکات کە زۆر ڕەگەز و هۆکاری ورد و دژ یەك کاریگەری ڕاستەوخۆی لە بەدیهێنانی شتەکاندا هەبێت. وەلێ پێك گەیشتنی هۆکارە جیاوازە ئاشکراکان:هەندێکیان بە هەندێکی تریان، بە ڕێکەوتن لە لایەکیانەوە بێت و بەوپەڕی وردەکاری هاوکێش لە لایەکی ترەوە، بۆ نموونە لە بەدیهێنانی مێشدا ئەگەر لەوپەڕی مەحاڵەکان نەبێت ئەوا لە دژوارترین ڕێ تێنەچووەکانە، چونکە لەشی ئەو مێشە لەگەڵ بچووکیدا پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی ڕەگەز و هۆکارە ماددییەکاندا هەیە کە لە گەردووندا بڵاو بۆتەوە، بەڵکو بەڕاستی پاڵفتەو کرۆکییەتی، جا گەر بڕوا بەوە بکەین ئەم بوونەوەرە بچووکە بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێنەوە ئەوا پێویست دەبوو کە هەموو ڕەگەز و هۆکارەکان لە زاتێکدا کۆببنەوە لە کاتی بەدیهێنانیدا، بەڵکو دەبێت هەمووی لە لەشیدا هەبێت، بەڵکو لە گۆشەیەك لە گۆشەکانی لەشیدا، چونکە هۆکاری ماددی دەبێت بوونی هەبێت لەگەڵ هۆسازێنەرەکە لە ناویدا، بە واتایەکی تر دەبێت ئەم ڕەگەزە ماددییە دژانە بەردەوام تێیدا کۆببێت. کاری خۆی بکات لە هەموو سوچ و پەنایەکی لەشی مێشەکەدا، بێ ئەوەی هیچ شتێ پاڵی پێوە نێ بۆ ئەو پێگەیشتن و کاریگەرییە.

ئایا ئەمە تەنیا خەیاڵێکی پووچ نیە کە تەنانەت نەفامانی سۆفستائییەکانیش باسی ناکەن؟

سێیەم مەحاڵ: ڕێسایەکی بەڵگە نەویست دەڵێت (یەك تەنیا لە یەکەوە دەردەچێت)، واتا هەر شتێك بە یەکێتیی یاساو ڕێکخستن و پێکەوە گونجان وەسف کرابوو لە شێوەو ڕووکەشیدا، بێگومان دەبێت کارلێکەرەکەی یەك بێت، پێویستی هاوکۆکی نێوان پێچەوانەکان و کۆکردنەوەی نێوان شتە جیاکان لە یەك جۆر و ڕەگەزدا تەنیا بەوە دەبێت

کە زیاد لەتواناو دەستێك تێیدا هاوبەش بێت، بێگومــان ئــەم جیهانــە بەرفراوانــەش یەکێتییەکی تەبایی‌و رێکخستن کۆی دەکاتەوە، جا پاش ئەوە گێڕاندنەوەی بوونی بـۆ هـۆ بێ گیانە تێکەڵاوەکان کە هیچ هەستو ژیرییەکیان نیە بە گەورەترین ئەفسانەی پێکەنیناوی دادەنرێ. چونکە هۆ مادییەکان تەنیا بە هۆی بەیەك گەیشتن‌و راستەوخۆییەتی کاری تێدەکرێت، بێگومان هاورەگەزەکانیشیان لە رووکەشی بوونەوەرو شێوەکانیاندا دەبێت، لە کاتێکدا لە ناوەڕۆکیانداو لە پشت سنووری هەستەوە ئەو پەڕی یاساو رێکوپێکی‌و سەرسامی‌و تەبایی تیایاندا هەیە کە لە رووکەشیاندا نیە، ئەدی کوا هۆکارە مادییەکان کە دۆزیونیەتیەوە؟ بەڵکو ئەو کەسە لە کوێیە کە دەتوانێ پەی بە پەنهانی ئەو ناوەڕۆکە ببات؟ لەنێوان هۆ کارلێکەرو هۆ کارلێکراوەکەداو لێکیان جیا بکاتەوە، و بتوانێ لە کاتو ناوەڕۆكو سنووردا لێکیان جیا بکاتەوە.

بەڵام سەبارەت وتەی دووەم (کە لەخۆڕا دروست بووە): ئەمیش چەندان مەحاڵ لەخۆ دەگرێ کە چاوان لە ئاستیا کوێر دەبێ. تەنانەت بیرمەندی مووچیڕ رەنگە(خۆ بە زل زانین)بەرگی کەڵە رەقی‌و نەفامی بەبەر ببڕێ بەڵام مرۆڤی ئاسایی رەنگە گەردن کەچییەك مەحاڵ نەبێت کە بە بیریا بێت، کەچی نموونەی ئەو کەسە مووچیڕە؛ لای گرنگ نیە بەرگری لە چەندان مەحاڵ بکات، کە لە پوچگەرێتییەوە هەڵقولاوەو سوێندی خواردووە نابێ دەست بەرداری ببێت. ئەی مرۆڤ تۆ ماددەیەکی ساکار نیت‌و بە شێوەیەکی بێ گیان‌و نەجووڵاو لەسەر بووندا فڕێ نەدراوی، بەڵکو تۆ ئامێری کاریگەرییەکی زۆر وردەکاری گەورەی، لە وردەکاریدا ئەوپەڕی سەرسامی وتەبایت لە خۆ گرتووە، لە لەشتدا گەردی کارگەر هەیە کە بەردەوام لە کاردان.. لەشی تۆ کارلێکەری هەیە -لەوپەڕی رێك‌و پێکیدا- لەگەڵ هەموو دیاردەکانی بوونەوەردا لە دەوروبەرتدا، کە لە کاریگەری کڕین‌و فرۆشتن‌و وەرگرتن‌و بەخشین دەچێت.. مەلایین گەردی کارگەر لە لەشتدا بەردەوام لە پاراستنی رەوتی ئەم کارلێکەرییەو وردەکاری یاساکەیدان، لێرەوە بۆت دەردەکەوێت تەنیا هاوتایی وتەبایی لە نێوان گەردەکانی لەشی تۆدا نین، بەڵکو لە نێوان کۆی ئەم گەردانەو بوونی دەرەکی

دەورووبەردان، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە یەکێتییەکی ڕێکو پێکی بەردەوام هەیە لەوپـەڕی وردەکارییدا لـەنێوان بوونـی ئـەندامیی- عضـوي: فسـیولۆجی- تـۆو بوونـی سـەرجەم بوونەوەرانی دەوروبەری تۆدا!

جا گەر ویستت ڕەفزی ئەو باوەڕە بکەی کە ئەو گەردانەی لە لەشتدا کار دەکەن بە پێی یاسای بەدیهێنەری ئەزەلیو مەزن دەجولێن، ئەوا پێویست دەبێت لەسەرت بڵێیت ئەو گەردانەی(بۆ نموونە لە شانەیەکی چاوتدا کار دەکەن) ئەقڵێکی فەیلەسوفی مەزنیان تیـا جێگیر بووە، کە یاسای ڕێکەوتنو هاوتـایی لـە نێـوان هـەموو گـەردی لاشـەت لـە لایـەکو گەردێك لە گەردەکانی ئەم بوونەی دەورووبەرت لە لایەکی ترەوە سازاندووە، ئیتر ئایـا ئـەو بوونەوەرە هەوا بێت یان ڕووناکی یان خواردنو خواردنەوە بێت، یان هەر شتێکی تر. وەك چۆن دەبێت هەر یەك لەو گەردانە خـاوەنی بـیرو هـزری خـۆی بێـت، کـە لەسـەرچاوەکانی زەمانەکـەت (سـەردەم) تێبگـات،و ڕەگـەزەکانی باووباپـیرانت حـاڵی ببێـت،و ڕابـوردووو داهـاتووی تـۆ پێشبینی بکـات... بەڕاسـتی ئـەم پوچگەرێتییـە کەللـەڕەقی خـۆ بـە زل زانینە!!.

بەڵام ئەگەر وەڵامدانەوەت بۆ جیهانی گەردەکانو یاساکەی هەمان وەڵامـت بـێ بـۆ جیهانی هەست پێکراوت، بەو واتایـەی کـە هـەمان هۆکـاری مـاددیو کارلێکـە زاتییـەکانی لەسەرە، ئەوا پرسیار لە جیهانی سێیەمەوە ڕووبەڕووت دەبێتـەوە کـە لـە پشـتیانەوەیە،و کە لە هەردووکیان وردترە، بەم جۆرە فاکتەرو هۆکارەکان بە شێوەیەکی دوایـی نـەهاتوو بە دوای یەکدا دێن، بە جۆرێك درێـژ دەبێتـەوە تـا ئـەو شـوێنەی لـە پشـتییەوە موچـڕیی کەلله ڕەقانو نکۆڵی خۆ بە زل زاناندا خۆی دەبینێتەوە.

وتەی سێیەم کـە دەڵێـن (سروشـت بەدیهێنـەرە): ئـەمیش زنجیرەیـەك هەڵەشـەیی پێکەنیناوی بەدوادا دێت، کە بەم جۆرە کورتیان دەکەینەوە:

١- خـاوەنی ئـەم وتەیـە دەبێـت وای دابنێـت کـە هـەموو گـەردێك لـە گـەردەکانی بوونـەوەر کۆمـەڵێك فاکتـەرو کاریگـەریی لـە خـۆ گرتـووە کـە ئـەم کۆمەڵـە گەردوونیـەیان

پێکهێناوە، بە جۆرێك هێنـدە توانـاو وزەی تیـا بێـت ئـەو جیهانـە تـەواوەی دەوروبـەرمان دەبینیت بەدیبێنێت، ئەو توانایە دەبێت بەو کارە هەستێ‌و جێبەجێی بکات.

گەر وابێت مادام لە هەر گەردیکی ئەم بوونـەوەرەدا سروشـتێکی بەدیهێنـەر هەیـە، کە کارسازی حەکیمە، جیـا لـە شـتانی تـر، پـەیوەندیی بـە پێشـەوایێتیی گشـتیی خـۆی‌و هاونموونەکانیەوە نیە، ئەوا هیچ دەرفەتێك نیە بۆ پەیوەستی بەم بیردۆزەوە... وەك ئـەو کەسـەی تیشـکی خـۆر دەبینێتـەوە کـە لـە تنۆکـی ئـاودا دەردەکـەوێت یـان لـە پارچـە شووشەیەك‌و تەنە ناسکەکاندا، کەچی نکوڵی دەکات‌و دەڵێت لە هەر یەکێ لەو تەنانەدا (لە سروشتەکەیاندا) تیشکی سەربەخۆی خۆیان هەیە. بێگومان دەبێت پەیوەست بێت بەوەی کە دان بنێـت بـە بوونـی خۆرێکـی راسـتەقینەدا‌و سەربەخۆ بێـت لـە هـەر یـەکێ لـەو تەنـە گەشانە.

جا کەسێك بیەوێت بەو ئاکامە گەندەڵە پێبکەنێت، ئەوا با لە پێشدا بەو ئەفسانەیە پێبکەنێت کە لە سەرەتادا بانگەوازی دەکردو بنیاتی ئەنا.

٢- خاوەنی ئەم گوتەیە دەبێت پەیوەست بێت بـەوەی بسـتێ لـە هـەر پارچەیـەك زەوی شـتانێك لـە خـۆ دەگـرن کـە هیـچ دەوڵـەتێکی جیـهان نایگرێتـە خـۆ، لـە کارگـەو چاپەمەنی‌و ماددەی سەرەتایی جیاواز؛ بە جۆرێك کە پەرداخێك خاك کـە رووبەرەکـەی لـە بستێك تێپەڕ ناکات رێی تێدەچێـت سـەرجەم جـۆرە جیاوازەکـانی رووەك‌و گوڵزارەکـانی جیهانی تیا بڕوێت، بە شێوەی بە دوای یەکدا هاتن.. جا گەر توانستی پەروەردگاری لەزن نەبێت کە لـەو زەوییـەدا توانـای کـارلێکردنی بـەرپا کـردووە، لەگـەڵ پێشـوازی کـردن لـە جۆرەهـا رووەك‌و تـۆو، کـە بـۆ هـەر یەکـەیان زات‌و شـێوەو تایبەتمـەندیی جیـاوازی پـێ دەبەخشێ، کەواتە دەبوو لەو خاکەدا توانستی جیاوازو دژ یەك هەبوایـە، بـەڵکو وەکـو وتم دەبوو وزەی پیشەسازییەکانی ئەوروپا هـەمووی لـەو بسـتە زەوییـەدا بوایـە، چونکـە وەك ئاشکرایە ماددەکانی تۆو (نطفـو بذور) هەر یەکن‌و جیا نین، ئەویش بریتییە لە تێکەڵەیەك لـە: پێکهاتـەی ئـاوی، پێکهاتـەی ترشـەڵۆکی، کـاربۆن، ئـازۆت، ماددەکـانی ئـاو،و هـەواو

گەرمایی و تیشك، ئەمەش شتێکی ساکارەو لە هاتوو چۆیدا جیاوازی نیە لە رووەکێك و رووەکێکی تردا.

لەگەڵ ئەمەشدا؛ ئەو هەموو رووەکانە لەسەر یەك زەوی دەڕوێن، هەر یەکەیان سیفەت و تایبەتمەندی و رەنگ و بۆنی خۆی هەیە، کەواتە دەبێت لەو خاکەدا شتێکی تر هەبێت جگە لە ماددە ناسراوەکانی خاك و تۆوو هەوا، وا لەم تۆوانە بکات خاسیەتی دروست بوون و جیاکاریان پێببەخشێ، جا بیر کەرەوەو تەماشای دووریی ئەم قسەیە بکە لە ژیریی و هزرەوە !!.

٣- لێرەدا نموونەیەك دەهێنمەوە وەك لە هەندێ نامەکانی ترمدا باسم کردووە، حاڵی ئەو کەسانە دیار دەخات خۆیان سەر بە سروشت لە قەڵەم دەدەن.. با وای دانێین لە ناو جەرگەی بیابانێکدا کۆشکێکی قەشەنگی تیایە، بە باشترین شێوەو لەسەر وردترین ئەندازە بنیات نراوە.. وای دابنێ بیابان نشینێکی گێل و نەزان دەچێتە ناو ئەو کۆشکەوە، کە لە ماوەی ژیانیدا لە خێوەت زیاتر خانووی نەبینیوە، جا بیری لە رازاوەیی و نەخش و رووکەشی وردەکارییەکانی کردەوە، پاشان بە دەروونی خۆی گوت لەم بیابانەدا کەسێکی وای تیا نیە بتوانێت شتێکی وا ساز بکات، ئیدی وا دێت بە بیریدا بیناکەرەکە لە خودی بیناکەدا بەرجەستە دەبێت.. پاشان ئەم دیوو ئەو دیو ئەکات و بە دوایدا دەگەڕێت، کەچی هیچ کەسێك نابینێتەوە، بەڵام چەند کاغەزێك دەبینێت کە تێیدا نەخشەی بیناسازی و کەرەسەکان و باسی ئەندازەیی تێدایە، پاشان بیر دەکاتەوە ئەم کاغەزانە دەست و چاویان نیە، بۆیە ناتوانن کاری بیناسازی ئەنجام بدەن... بەڵام پاش کەمێك بەردەوام ئەبێ و ئەڵێ؛ بەڵام ئەوەتا؛ کاغەزەکان لە دوای یاسای دامەزراندن و چۆنیەتی پێك هێنانی دەکۆڵێتەوە، کەواتە جگە لەوە هیچ بیناسازو دروستکەرێکی نیە.

هەروەها بیابان نشینێکی نەفامی تر کە هزری تەنیا جێی ناوی سروشتی تیا ئەبێتەوە دەچێتە ناو ئەو گەردوونە مەزنەوە، زۆر سەرسام دەبێت بەو داهێنانەی کە داهێنەرەکەی لە دەورووپشتیا هەست پێ ناکات- بەهۆی کورتی ژیرییەوە- بیر ئەکاتەوە

لە دوو توێو لاکانیدا، ئیدی ئەو پارچەیە ئەدۆزێتەوە کە یاساکانی فیترەی خواییو ڕێسای دەستکردی داهێنەرانەی لەسەر نووسراوە، کە بە هەڵە بـە سروشـت نـاوزەد کـراوە، پـێی سەرسـام دەبـێو لەگـەڵ خۆیـدا دەدوێـت – لـە کـاتێکدا لـە بـێ ئاگاییـەکی تـەواو دایـە– بێگومان دەبێـت ئـەم پارچەیـە بـە یاساکانیەوە کـە لەسـەری نووسـراوە داهێنـەرەو ئـەم داهێنانانەی بەخشیوە،و ئەم دروستکراوانەی دروست کردووە.

و ئێمەش دەڵێین: ئەی بێ هۆشی کەللە ڕەق، سەرت لەسەر بیری سروشت هەڵبڕەو لە پشت خۆتەوە تەماشای بەدیهێنەری گەردوون بکە، ئەوەی کە ئەم بینایەی بەدیهێناوە، لە توێکـانیدا لـە بـەرچاوتا یاسـاکانی دانـاوەو ڕاگیری کـردووە،و دەسـتووری بەدیـهێنانی ئاشـکرا کـردووە کـە ئـەو پـەروەردگارە بەدیهێنـەرە ئەزەلییەیـە کـە خـواوەندیی هـەردوو جیهانە ﷻ ، نەك ئەو سروشتەی تۆ لەو ئینکارترو نەفامتری.

سروشت دروستکراوە نەك دروستکەر، نەخشێنراوە نـەك نەخشـێنەر، حوکمـە نـەك حـاکم، شـەریعەتە نـەك شـەریعەت ساز، بەدیـهێنراوە نـەك بەدیهێنـەر، کـارتێکراوە نـەك کارتێکەر، سەرچاوەی گرتووەو بەخشراوە نەك سەرچاوە بەخش.

أهـ. وتەی شێخ سەعید نورسی ڕەحمەتی خوای لێ بێت تەواو بوو.

بەڵگەی دیاردەکان

لەسەر خوداو ناوە پیرۆزەکانی

ڕێسایەك هەیە دەڵێت: شوێنەوار بەڵگەیە لەسەر ناوەکان، ناوەکانیش بەڵگەن لەسەر سیفاتەکان، سیفەتەکانیش بەڵگەن لەسەر زات، با نموونەیەك لەم بارەوە بۆ ڕوونکردنەوە بهێنینەوە: ئەگەر کتێبێك بخوێنیتەوە ئەوا بە هۆیەوە دەتوانیت زۆر لە سیفەتەکانی خاوەنەکەی شارەزا ببیت، ئیدی بە تەواوی ئەتوانین بیناسین، گەر کتێبەکە لەمەڕ ئەدەب بوو ئەوا دەتوانین حوکم بەسەر نووسەرەکەیدا بدەین کە ئەدیبە، گەر داهێنەر بوو ئەوا ئەتوانین بڵێین خاوەنەکەی داهێنەرە، یان گەر لە سنووری یاساکانی (نەحو)دا ئەدوا، ئەوا دەتوانین بڵێین کەسێکی نەحوییە، یان گەر ڕەوانبێژ بوو ئەوا دەتوانین بڵێین خاوەنەکەی ڕەوانبێژە، یان گەر پەی بە باسەکانی بردبوو ئەوا دەتوانین بڵێین کەسێکی پەی پێ بەرە، یاخود گەر وردەکاری تێدابوو لە خستنە ڕووو جوانیو قەشەنگیدا، دەشێ بڵێین نووسەرەکەی خاوەن سەلیقەو وردەکاریە، یان ئەگەر هاتوو کتێبەکە ڕێکخراوو ڕێك‌وپێك بوو بە شێوەیەکی تەباو گونجاوو زنجیرەداری لە بیرۆکەدا، ئەوا دەتوانین حوکم بەسەر نووسەرەکەیدا بدەین بەوەی کەسێکی پێگەیشتووە، یان گەر لە کتێبەکەدا زانستێکی زۆری تیا بوو دەشێ بە نووسەرەکەی بڵێین خاوەنی زانینە، ئا بەم جۆرە هەر دیاردەیەك لە کتێبەکەدا سیفەتێك لە سیفەتەکانی خاوەنەکەیمان بۆ دەست

نیشـان دەكـات، هـەر بـەو بۆنەیـەوە نـاوێكی پێكهاتوو بۆ خاوەنەكـەی ئەدۆزینـەوە، كـە پەیوەندیی پێوە هەبێت، بۆیە دەتوانین جۆری مەعریفەی خاوەن كتێبەكە بزانین.

جا با ئەم رێسایەی رابوردوو بەسەر باسەكەماندا بچەسپێنین.

لە لاپەڕەكانی رابوردوودا نۆ دیاردەی گەردوونیمان باس كرد، هەر دیاردەیـەك لـەو دیاردانـە بەڵگەیـە لەسـەر نـاوێك یـان چـەند نـاوێكی پـەروەردگار، گـەردوون شـوێنەواری پەروەردگارە ﴿فانظر الى آثار رحمة الله﴾ الروم/٥٠.

واتە: جا بنواڕە شوێنەوارانی رەحمەتی خوا.

شوێنەوارەكانی پەروەردگاریش بەڵگەن لەسەر ناوەكانی، ناوەكانیش دەمانگەیەننە سیفەتەكانو سیفەتەكانیش دەمانگەیەننە زاتی پەروەردگار.

بۆ نموونە دیاردەی كۆنو بەرپابوونی گێتی بەڵگەیە لەسـەر نـاوی (الأول والآخر)ی پەروەردگار، دیاردەی ژیان بەڵگەیـە لەسـەر نـاوی (المحـي والبـاری‌و، الممیـت)، دیـاردەی رێپیشاندان بەڵگەی دوو ناوی (هادي ومضلّ)، دیاردەی داهێنانیش بەڵگەیـە لەسـەر نـاوی (البدیع)ی پەروەردگار، دیاردەی وەڵام دانەوە گەواهی دەری نـاوی (المجیـب)ە، دیـاردەی بەخشین گەواهی ناوی (المنعم المعطي)یە،و دیـاردەی یـەكێتیی:گـەواهی نـاوی (الواحـد)ی (ﷲ)یە،و دیاردەی حیكمەتیش بەڵگەیە لەسەر ناوی (الحكیم)ی خوداوەند.

بەم پێیە هەموو دیاردەیەك لەم گەردوونەدا گەر باسمـان كردبێـت یـاخود باسمـان نەكردبێت بەڵگەن لەســەر نـاوێك لـە ناوەكـانی پـەروەردگار. دیاردەی رۆزی دانـی هـەموو بوونەوەران بەڵگەیە لەسەر نـاوی (الـرزاق)ی (ﷲ)، دیـاردەی سـەرفرازو زەلیـل كردنیش بەڵگـەن لەسـەر دوو نـاوی (المعـز والمـذل)،و دیــاردەی چەســپاوی یاســاكانی گـەردوون گـەواهیدەری نـاوی (المـهیمن)ی (ﷲ)و دیـاردەی بوونــی بوونــەوەران بەڵگـەیـە لەســەر ناوەكـانی (القـادر والمقتـدر)ی پـەروەردگار، و دیـاردەی رێـكو پێكـی‌و تـەرتیبی شـتـەكان هەندێكیان لە دوای هەندێكیان بەڵگەیە لەسەر دوو ناوی (المقدّم والمؤخّر)ی پەروەردگار،و دیـاردەی پەشـیمانی بەڵگەیــە لەســەر ناوەكـانی (التـوّاب والغفّـار والعفــو)ی (ﷲ)ی

بەدیهێنەرمان، و دیاردەی تۆڵە سەندنەوە بەڵگەیە لەسەر ناوی (المنتقم)و دیاردەی سوودو زیان گەیاندن بەڵگەیە لەسەر ناوی (النافع والضار)، و دیاردەی بواردان بە سەرپێچیکەرانی فەرمانەکانی خوداوەند بەڵگەیە لەسەر ناوی (الصبور)ی کردگار، ئا بەم جۆرە هەر دیاردەیەك بەڵگەی سیفەتو ناوێکی (ﷲ)ی پەروەردگارە.

بەڵام دەلالەتی دیاردەکان لەسەر ناوو سیفاتەکان بە پێی جیاوازی پەیوەستتدارەکەو جیاوازی پەیوەندییەکەوە دەگۆڕدرێت:

هەیانە بەڵگەو گەواهیدەرە لەسەر سیفەتی فرمان (فعل).

و هەیانە بەڵگەیە لەسەر سیفەتی زاتی وجودیو بوون.

هەشیانە بەڵگەیە لەسەر سیفەتی زاتی سلبی، و هەمووشیان بەڵگەن لەسەر (بوو-موجود) جا بۆ روونکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان ئەم سیفەتانە، دەڵێین: ئەگەر بڵێین سەبارەت مرۆڤێك کە بکوژ بێت، ئەوا ئەوە سیفەتێکی کارلێکە لە کارەکان،و گەر بڵێین: بیسەرە، ئەوا سیفەتێکی بوونە بۆی،و ئەگەر بڵێین: کەسێك کە مەی ناخواتەوە ئەوە سیفەتێکی سلبییە بۆی،و هەر یەکێ لەم سێ بەشە بەڵگەیە لەسەر بوونێکی مرۆیی دیاری کراو.

لەراستیدا ئێمە سیفاتی بوون (وجودی) بە هۆی سیفەتە فرمانیو کردارییەکەوە دەدۆزینەوە (صفات الفعل). و سیفاتە سلبییەکانیش بە سیفاتەکانی فرمان دەدۆزینەوەو زاتیش بە هەموو سیفاتەکان دەناسینەوە.

جا پێش ئەوەی ئەمەی کە رابوورد بەسەر ناسینی خوداوەندا بچەسپێنین، پێمان خۆشە باسی ئەوە بکەین مەبەستمان لە : - (سیفەتە وجودییەکان، یان سیفاتی فیعل، یان سیفاتی سلبی) چییە؟

مەبەست لە سیفەتە سلبییەکان سەبارەت زاتی خوداوەند ئەو سیفەتانەیە بەڵگەیە لەسەر دوور خستنەوەی هەموو ئەوانەی کە شایستەی پەروەردگار نینو پێی ناگونجێن، وەك بوونی سیفەتی تاكو تەنیایی خودا. مەبەست لە سیفەتە وجودییەکان سەبارەت زاتی

خوداوەند ئەو سیفەتانەیە کە بەڵگەن لەسەر مانایەکی زیاتر لەسەر زات وەك زانستو بیستن.و مەبەست لە سیفەتی فیعل پابەند بوونی توانایە (قدرة) بە ڕێ تێچووەکانەوە (الممكنات)، جا هەر پەیوەستییەکی توانای زاتی خوداوەند بە ڕێ تێچووەکانەوە بەڵگەیە لەسەر ناوو سیفەتو کردار.

هەموو ئەمانەش بەڵگەن لە سەر بوونی زات، سیفەتی بوونی زاتی خوداییش ناو دەبرێ بە سیفەتە دەروونیەکان یان خودییەکان (الصفات النفسية)، چونکە بەڵگەو ئاماژەی خودی زاتە بێ هیچ مانایەکی زیادە. کەواتە ئەوەی بەڵگە بێت لەسەر زات بێ هیچ مانایەکی تر ناوی دەبەین بە سیفەتە نەفسییەکان، ئەوەش بەڵگە بوو لەسەر سیفەتێ مەدلولەکەی وجودییبێ، بێ هیچ مانایەکی تر، بە سیفەتی وجودی ناوی دەبەین، ئەوەش کە بووە بەڵگە لەسەر سیفەتێك کە مەدلولەکەی عەدەمی بوو، ناوی دەبەین بە سیفەتی سلبی، ئەو وتەیەشمان نەفی کردنی سیفاتەکانی بیستن ناگەیەنێ چونکە قسە کردنمان لە سیفەتە نەفسییەکان شوێنی خۆیان هەیە بۆ لێدوان، بەڵام مەبەستمان لێرەدا سیفەتە بەرزەکانە کە تەنیا بە ژیرییەکی ساغ دەیگەینێ، بە لێکۆڵینەوەیەکی دروستی گەردوون، دەقی قورئانو سوننەتیش بۆ ئەم مەبەستە ڕێپیشاندەرمانە، یەکانگیر بوونی ژیرییش لەگەڵیدا بەڵگەیە لەسەر ساغیو دروستی ژیریی.

جا هەموودیاردەکان لەم گەردوونەدا دەیانبینین بەڵگەن لەسەر چوار سیفاتی وجودی: (زانست، علم/ ویست، الأرادة/ توانا، القدرة/ ژیان، الحياة) چونکە گەر توانا نەبوایە ئەم گەردوونەش بوونی نەدەبوو،و گەر تایبەتمەندکردنی ویست لەسەر شتەکان نەبوایە کە بەم جۆرەی ئێستایە ئەوا ئەم گەردوونە نەدەبوو، گەر زاتیش نەبوایە هیچ شتێك نەدەبوو، هەر بەشێك لە بەشەکانی جیهان بەڵگەیە لەسەر زانستێکی پێشین، ئیرادەش تایبەتی شتەکان دەکاتو هێزو تواناش دەریان دەخات، لە پێداویستییەکانی ئەوەش کە زاتێك بە زانستو ویستو توانا وەسف بکەین ئەوەیە دەبێت ژیانی هەبێت.

هەموو بەڵگەکان ئاماژەی ئـەوە دەکـەن کـە ئـەو زاتـە وەسـف کـراوە بـە زانسـتو ویستو توانـاو ژیـان، و گـەردوونی بەدیـهێناوەو سیفەتی کۆنـی (القدم)و بـێ سـەرەتایی هەیەو دەمێنێتەوە بێ کۆتایی، تاکو تەنیاو بێ هاوەڵە، وەکو بەدیهاتووەکانی نیـە، هیـچ شتێکی بـە دروسـتکراوەکانی نـاچێت، بـۆ خـۆی بـووە بۆیـە پێویسـتی بـە بەدیهێنـەرو تایبەتمەند نیە.

هەروەها هەموو دیاردەکانیش ئاماژەی ئـەوە دەکـەن ئـەم زاتـە تـەواوەو پاکـە لـە هـەموو کەموکوڕییـەك، بـۆ نموونـە لـە کەموکوڕییـەکان: کوێرییـە، ئـەو زاتـە بیینایـە، لـە کەموکوڕییەکان: کەڕییە، ئەو زاتە بیسەرە، لـە کەموکوڕییـەکان: لاڵییـە، ئـەو قسـەکەرەو ئاخاوتن دەکات.

هەموو دیاردەکان ئاماژەو بەڵگـەی ئـەوەن کـە ئـەم زاتـە هـەموو ئـەم سیفەتانەی تێدایە.

هۆبووەو سەرەتای نیە کەواتە یەکەمینە،و کۆتایی نیە کەواتە دواهەمینـە (الآخـر)، هیـچ هـاوەڵو هاوشێوەیەکیشـی نیـە کەواتـە تـاکو تەنیایـە، هیـچ هاونموونەیەکیشـی نیـە کەواتە (قدوس) پیرۆزە، هیچ پێداویستیەکیشی بە کەس نیـە کەواتـە (قیـوم)–وەسـتاوە. بوویەکە سـیفەتی توانـای هەیـە کەواتـە (قـادر)ە، سـیفەتی ژیـانی هەیـە کەواتـە زینـدووە (حي)، سیفەتی بیستنی هەیە کەواتە (سمیع)ە، سیفەتی بینینی هەیـە کەواتـە (بصـیر)ە، قسە دەکات کەواتە قسەکەرە (متكلم)، سـیفەتی زانینـی هەیـە کەواتـە (علیـم)ە، ئـیرادەو ویستی هەیە کەواتە (مريد)ە.

پێداویستی زۆری کاروفرمانەکانی پەروەردگاریش کە لە شـوێنەواری (العلم والإرادة والقدرة) بـەرپا بـووە، وا دەخوازێت کـە (اللّٰه)ی پـەروەردگار نـاوی زۆری هـەبێت، بـەڵام ئەدەب لەگەڵ پەروەردگاردا بەوە دەبێت کە هـەر بـەو ناوانـە نـاوی ببـەین خـۆی پـێ نـاو بردووە، بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەسەر رۆشنایی سروشـی چەسـپاوو جێگـیرەوە؛ چونکـە پـەروەردگار ﷻ تـەنیا خـۆی شـکۆی خـۆی دەزانێـت، تەنانـەت ئەوانـەش ناخەینـە پـاڵ

پەروەردگار کە پێی دەشێتو شایستەیەتی "چاکە هەمووی لە دەست خۆت دایەو شەڕیش ناگێڕدرێتەوە بۆ تۆ – الخیر کلە بیدیك والشر لا ینسب إلیك" کەواتە هەر بەوە ناوی دەبەین کە خۆی پێ ناوناوە، سەرجەم ئەو ناوانەش لە زاتی خۆی ناوە بە (الأسماء الحسنی) ناوزەد دەکرێن.

﴿الله لا إله إلا هو له الإسماء الحسنی﴾ طه/٨.

واتە: (خوا)یەك کە بێجگە لەو مەعبودێ تر نیە، هەر بۆ ئەوە ناوگەلێ جوان و چاکە.

﴿قل ادعوا الله أو ادعوا الرحمن أیا ما تدعوا فله الأسماء الحسنی﴾ الإسراء/١١٠.

واتە: بڵێ: خوا یا رەحمان بانگ بکەن، هەر کامیان بانگ بکەن بۆ ئەو ناوگەلێ چاك هەیە.

﴿ولله الأسماء الحسنی فادعوه بها وذروا الذین یلحدون في أسمائه﴾ الأعراف/١٨٠.

واتە: و هەر بۆ خوایە جوانترینی ناوەکان، جا بەوانە بانگی بکەن، و ئەوانەی کە دەست ئەدەن لە ناوی خوا خۆ لائەدەن (هاوبەشی بۆ دائەنێن) وازیان لێ بێنن.

هەموو ناوێکیش لەو ناوە پیرۆزانەی کە لە قورئانو سوننەتدا هەن لە گەردووندا دیاردە هەن ئاماژەیان بۆ دەکات.

ئەم ناوانەش وەك لە قورئانو سوننەتدا هاتووە، هەندێ جار ئاماژەی سیفەتە سلبییەکانمان بۆ دەکەن، هەندێ جاری تریش سیفەتە وجودییەکان، هەندێ جاری تریش ئاماژەی سیفاتە کەمالیو تەواوەکانمان بۆ دەکات، چەند جارێکیش سیفەتە کرداریو فرمانیەکانمان بۆ دەست نیشان دەکەن، سەرجەم کۆی رەسەنایەتی ئەم سیفاتانەیان لە خۆ گرتووە.

ئەو ناوانەی (ﷲ)ی پەروەردگاریش کە لە قورئانو سوننەتدا هاتوون زۆرن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەموو سیفەتەکان نین. چونکە لە فەرموودەدا هاتووە ((اللهم إني أسألك بکل إسم هو لك، سمیت به نفسك، أو انزلته في کتابك، أو استأثرت به في علم الغیب

عندك)) مانای: پەروەردگارا پەنا ئەگرم پێت‌و داواکارم لێت بە هەموو ناوەکانت کە خۆتت پێ ناوناوە، یان لە پەڕاوەکەتدا دات بەزاندووە، یان لە زانستی پەنهان –علم الغیب– لای خۆت هێشتووتەوە.

لێرەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەوەی کە باسکراوە هەموو ناوەکان نین، چونکە شکۆو مەزنی‌و پیرۆزی پەروەردگار تەواو نابێت‌و بە پایان ناگات، بەڵام ئەوەی باسکراوە دیاردەکانی گەردوون بە شێوەی ئاشکرا یا ناواخنەوە ئاماژەیان پێداوە، جا هەچ کاتێك بەڵگەی ژیریی لەگەڵ بەڵگەی دەقدا یەکانگیر بوون، ئەوا بەڵگەی ساغ‌و دروستیی ژیریی‌و دەقە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت لە دوو توێی باسی ناو وسیفەتەکاندا تێبینی دوو خاڵی گرنگ بکەین کە مامۆستا (بەننا) ئاماژەی پێداوە:

مامۆستا بەننا لە ژێر ناونیشانی (لە نێوان سیفەتی خوداوەندو سیفەتی بەدیهاتووەکاندا) دەڵێ:

ئەوەی کە بڕوادار دەبێت پەی پێ بەرێت، ئەوەیە بزانێ مەبەست لە مانای زاراوەی سیفاتەکانی خوای گەورە چییە؟ بە شێوەیەکی هەمەکی:جیاوازە لەو مانایەی کە مەبەستە لە هەمان زاراوەدا سەبارەت سیفەتی بەدیهاتووەکان، بۆ نموونە تۆ دەڵێیت: (ﷲ)زانایەو زانینیش سیفەتێکیتی،و دەڵێیت فلان کەس زانایەو زانستیش یەکێکە لە سیفەتەکانی خەڵك، ئایا ئەوەی مەبەستە لە هەردوو زاراوەکەدا یەکە؟ حاشا وا نیە، چونکە زانستی پەروەردگار زانستێکە تەواوێتییەکەی بە پایان ناگات، زانستی هیچ بەدیهاتوویەکیش ناتوانرێت لە تەنیشتییەوە دابنرێت‌و تەماشا بکرێت. هەروەها ژیان، و بیستن‌و بینین‌و قسەو دووان‌و هەروەها توانا‌و ویستەکانیشی، ئەمانە هەمووی مانای زاراوەیەکن کە جیاوازن لە مانایان سەبارەت ماف بەدیهاتووەکان، لە رووی تەواوێتی –الکمال–و چۆنێتییەوە:جیاوازییەکی بنەڕەتیان هەیە، چونکە خوداوەندی مەزن‌و پڕ شکۆ لە هیچ دروستکراوێکی ناچێت، جا پەی بەم مانایە بەرە چونکە زۆر وردە تۆش داواکراو نیت بەوەی کە حەقیقەت‌و کونهەکەی بزانیت، بەڵام هێندە بەسە شوێنەوارەکانی لەم

گەردوونەدا ببینیتو تێبگەیت، داخوازیو پێداویستییەکانی لە تۆ چییە، خوازیارین لە پەروەردگار لە هەڵەبوون بمانپارێزێو باشترین تەوفیقمان بدات.

هەروەها مامۆستا (بەننا) لە ژێر سەردێڕی (بیر کردنەوە لە زاتی خودا) دەفەرموێت:

لە ئیبن عەبباسەوە گێڕدراوەتەوە کۆمەڵێك هەبوون بیریان لە خودا دەکردەوە(ﷻ).پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموون:((**تفكروا في خلق الله ولا تتفكروا في الله، فإنكم لن تقدروا قدره**)) قال العراقي: رواه أبو نعيم في الحلية بإسناد ضعيف، ورواه الأصبهاني في الترغيب والترهيب بإسناد أصح منه، ورواه أبو الشيخ. هەر چۆنێك بێت ماناکەی دروستە.

مانای ئەوە دەدات: بیر لە دروستکراوەکانی خودا بکەنەوە نەك لە زاتی خودا، چونکە ئێوە پەی پێ نابەن.

ئەمەش نابێتە ئاستەنگ لە رووی سەربەستی بیر کردنەوەدا، وەستانو مەینیش نیە لە لێکۆڵینەوەدا، تەنگەبەر کردنی ژیرییش نیە، بەڵام پاراستنە لە لارێ بوونو کەوتنە ناو گومڕاییەوە،و دوور کەوتنەوەیە لە باسێك کە هۆکاری لێکۆڵینەوەیمان لە بەر دەستدا نیە، تەحەممولو توانای هێزەکەی ناکەین هەرچەندە چارەسەرەکەی گەورە بێت، ئەمەش رێی پیاوچاکان بووە(لە بەندە خواناسەکان)کە گەورەیی زاتو شکۆیی وتوانای پەروەردگاریان هەست پێکردووە، جا تۆش هیممەتت جەم کە لە درك کردنی گەورەیی پەروەردگارتا، بەوەی بیر لە دروستکراوەکانی بکەیتەوە، پابەندی پێداویستیو خواستی سیفاتەکانی بیت.

۞۞۞

پێمان خۆشە لەم برگەیەدا تێڕوانینی قورئانو سوننەت لەم بارەیەوە بخەینە روو بەو پێیەی دوو تاکە سەرچاوەی مەعریفەن بۆمان، لە رێی سروشێکی راستەقینەوە کە بەڵگەی تەواوی لەسەر دادەمەزرێت، بە پشتیوانی خودا وەك دەیبینیت ...

سیفاتەکانی خودای گەورە باس دەکەین کە لە قورئاندا هاتووە، هەندێك لە ناوە پیرۆزەکانیشی دەخەینە روو کە لە قورئان‌و سوونەتدا باسیان کراوە، تا بۆمان دەرکەوێت لەوەی کە بە عەقڵ دیاردەکان بەڵگەی خۆیان سەلماند لەم روانەوە، ئەوا قورئان‌و سوونەتیش بە سروشی راستەقینە لە رێی گواستنەوە (النقل) دەیگەیەنێت.

مامۆستا البنّا لە ژێر ناونیشانی (مجمل صفات الله في القرآن) دەڵێت:-

قورئانی پیرۆز ئامارەی بە هەندێك لە سیفەتە واجبەکانی خوای گەورە داوە، کە تەواوێتی خوداوەند پێویستیان ئەکات، ئەمەش هەندێکن لەو ئایەتانە:

١- بوونی خوای گەورە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الله الذي رفع السماوات بغير عمد ترونها ثم استوى على العرش وسخر الشمس والقمر كل يجري لأجل مسمى يدبر الأمر يفصل الآيات لعلكم بلقاء ربكم توقنون، وهو الذي مد الأرض وجعل فيها رواسي وأنهارا ومن كل الثمرات جعل فيها زوجين اثنين يغشي الليل النهار إن في ذلك لآيات لقوم يتفكرون، وفي الأرض قطع متجاورات وجنات من أعناب وزرع ونخيل صنوان وغير صنوان يسقى بماء واحد ونفضل بعضها على بعض في الأكل إن في ذلك لآيات لقوم يعقلون﴾ الرعد/٢-٤.

واتە: خوایە! ئەوەی کە ئاسمانەکانی بێ کۆڵەکەیێ کە ببینین بەرز کردۆتەوە، لەپاشان بەسەر عەرشدا دەسەڵاتی پەیاکرد (کاروباری گرت بە دەستەوە) و مانگ و رۆژی فەرمانبەر کرد، هەر کامیان تا رۆژگاری دیاری کراو دەگەڕێن، ئەو تەگبیری کارەکان دەکا، ئایەتەکان (بۆ ئێوە) شی دەکاتەوە تا بەڵکو بە دیداری خوا یەقین پەیا بکەن، و هەر ئەوە کە زەوی راکێشاوەو پانی کردۆتەوەو لەوێدا چیاو زەریای داناوەو لە هەموو بەرومیوەیەك جوتێ (نێرو مێی) خوڵقاندووە، (پەردەی رەش) شەو دەکاتە بەر رۆژ، بەراستی لەمانەدا نیشانەگەلێك هەیە بۆ ئەوانەی بیری لێدەکەنەوە، ولەزەویدا کەرت (پاژ)گەلێ لە کەناری یەکتر هەن کە لێك جیان، و باخگەلێك لە ترێی جۆراوجۆر و کشتوکاڵ و بێستان و

باخەکانی خورما کە لکەکانی لەسەر یەکن، واتا (بن‌و ریشە)ی پێ دەڕوێن، هـەموو ئەوانـە لە یەك ئاو، ئاو ئەدرێن، لەگەڵ ئەوەشـدا هـەندێ لەوانـە لـە بابـەت میـوەو تـام و مـەزەوە بەسەر هەندێ تریاندا سەر دەخەین، بەڕاستی لەمەدا نیشانە گەلێك هەیە بۆ ئەوانـە ئـەقڵی خۆیان دەخەنە کار.

﴿وهو الذي أنشأ لكم السمع والأبصار والأفئدة قليلا ما تشكرون، وهـــو الـــذي ذرأكم في الأرض وإليه تحشرون، وهو الذي يحيي ويميت وله اختلاف الليل والنـــهار أفـــلا تعقلون﴾ المؤمنون/٧٨-٨٠.

واتە: ئەو زاتێکە، گوێ و چاو و دڵ (ئـەقڵ)ی بـۆ ئێـوە ساز داوە، بـەڵام زۆر کـەم سپاسی ئەو بەجێ دێنن، و ئەو زاتێکە ئێوەی لە زەوی بەدیهێناو لای ئەو حەشر دەکرێـن، و ئـەو زاتێکـەو زینـدوو دەکاتـەوەو دەمرێنـێ‌و هـاتووچۆی شـەوو ڕۆژ بـەوە، ئایـا بـیر ناکەنەوە؟!.

جا هەموو ئەم ئایەتانە سەبارەت بوونی خوای گـەورە وریـات دەکاتـەوە، مامەڵـەو هەڵس‌و کەوتی خوداوەندیش لە کاروبـاری ئـەم گەردوونـە سەراسیمەیەدا بەڵگەیـە لەسـەر وتەکەمان.

٢-٣- دێرینی و مانەوەی پەروەردگار:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿هو الأول والآخر والظاهر والباطن وهو بكـــل شـــيء عليم﴾ الحديد/٣.

واتە: هەر خوایە ئەوەل‌و ئاخرو زاهیرو باتین،و هەر ئەوە بە هەموو شتێك ئاگایە.

و دەفەرموێت: ﴿ولا تدع مع الله إلها آخر لا إله إلا هو كل شيء هالك إلا وجهه له الحكم وإليه ترجعون﴾ القصص/٨٨.

واتە: و لەگەڵ خوا کەسێ تر بانگ مەکە، هیچ مەعبودێ بێجگە لە خوا نیە، هـەموو شتێك تیا دەچێت، مەگەر زاتی پاکی ئەو نەبێت، فەرمان‌و حکومەت تایبـەت بـەوەو تـەنیا بۆ لای ئەو دەگێڕدرێنەوە.

و دەفەرموێت: ﴿كل من عليها فان، ويبقى وجه ربـــك ذو الجـلال والإكـــرام﴾ الرحمن/٢٦-٢٧.

واتە: هـەرچی لەسـەر رووی زەوی دایـە تیـا ئـەچێت،و تـەنیا زاتـی خـاوەن شـکۆو بەرێزی پەروەردگارت دەمێنێتەوە.

لەم ئایەتە پیرۆزانەوە ئامـاژەی هـەردوو سـیفەتی دێرینـیو مانـەوەی پـەروەردگار هەیە.

٤- جیاوازی و موخالەفەی خوای گەورە بۆ رووداو وبەرپابووەکان:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قل هو الله أحد، الله الصمد، لم يلد ولم يولد، ولم يكـن له كفوا أحد﴾ سورە الإخلاص.

واتە: بڵێ: خوا تاکو تەنیایە، خوایەکی بێ نیاز (کە نیازمەندان روو دەکەنە ئەو کە نیازیان جێبەجێ بێت)، (هیـچ شـتێك) لێـی نـەبووەو (لـە هیـچ شـتێکیش) نـەبووە،و هیـچ هاولفـو هاوتایەکیش بۆ ئەو نیە.

و دەفەرموێت: ﴿السماوات والأرض جعل لكم من أنفسكم أزواجا ومـــن الأنعـــام أزواجا يذرؤكم فيه ليس كمثله شيء وهو السميع البصير﴾ الشورى/١١.

واتە: (خوا) بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەوییە، بۆ ئێوە هەر لە خۆتـان هاولفـانێکی داناوەو هەروا بۆ ئاژەڵیش لفی بەدیهێناوە لە رێگەی هاولفانتانـەوە ژمارەتـان زیاد دەکا، شتێك بە وێنەی خوا نیە،و هەر ئەویشە ژنەواو بینا.

ئەمانەش ئامـاژەی نـاوێکچوونی خـوای گـەورە دەردەخـەن بـۆ پێکـهاتووەکانی لـە رووی خەلقو نەبوونی منداڵو باوكو هاو وێنەو هاو شێوەوە.

٥- قیام و وەستانی خودا بۆ خۆی:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يا أيها الناس أنتم الفقراء إلى الله والله هو الغني الحميد﴾ فاگر/١٥.

واتە: ئەی خەڵکینە هەمووتان نیازتان بـە خوایـە،و هـەر خوایـە بـێ نیـازو شـیاوی حەمدو پەند.

و دەفەرموێت: ﴿ما أشهدهم خلق السماوات والأرض ولا خلق أنفسهم وما كنت متخذ المضلين عضدا﴾ الكهف/٥١.

واتە: لە کاتی بەدیهاتنی ئاسمانەکانو زەویدا حازرم نەکردنو هەروەها لە کاتی بەدیهاتنی خۆیان(حازرم نەکرد)، من لارێیان ناکەمە دەست یاری خۆم.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿إن الله يمسك السماوات والأرض أن تزولا﴾ فاطر/٤١.

واتە: بەڕاستی خوا ئاسمانەکانو زەوی رادەگرێ تا تێك نەچن (لە ڕێڕەوی خۆیان لا نەدەن).

﴿الله لا إله إلا هو الحي القيوم﴾ البقرة/٢٥٥.

واتە: ﷲ (زاتێکە داگری هەموو جۆرە سیفاتی کەماڵە) کە هیچ مەعبودێ نیە بێجگە لە ئەو کە زیندووو راوەستاو بە زاتی خۆیەتی.

لەمەشدا ئاماژەی وەستانی پەروەردگار دەگەیەنێت بۆ خۆیو پێداویستی نەبوونی بە دروستکراوەکانی، بەڵکو بەدیهێنراوان هەموو ئاتاجی خوداوەندن.

٦- تاك و تەنیایی (ﷲ):

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وقال الله لا تتخذوا إلهين اثنين إنما هو إله واحد فإياي فارهبون، وله ما في السماوات والأرض وله الدين واصبا أفغير الله تتقون، وما بكم من نعمة فمن الله ثم إذا مسكم الضر فإليه تجأرون﴾ النحل/٥١-٥٣.

واتە: و خوا فەرمانی داوە دوو مەعبوود نەگرن، مەعبودی (ئێوە) تەنها یەکێکە، جا تەنیا لە من بترسن،و ئەوەی لە ئاسمانەکانو زەویدایە هی ئەوە،و دین (تاعەت) هەمیشە بۆ ئەوە، جا ئایا لە غەیری خوا دەترسن؟! و ئەوەی لە نازو نیعمەت هەتانە لە خواوەیە لە پاشان هەر کاتێ تووشی دەردو رەنجێك بوون، هاوار بۆ ئەو دەبەن.

و دەفەرموێت: ﴿لقد كفر الذين قالوا إن الله ثالث ثلاثة وما من إله إلا إله واحد وإن لم ينتهوا عما يقولون ليمسن الذين كفروا منهم عذاب أليم، أفلا يتوبون إلى الله ويستغفرونه والله غفور رحيم﴾ المائدة/٧٣-٧٤.

واتە: بە هەقیقەت کافر بوون کەسانێ کە وتیان: بەڕاستی خوا یەکێکە لە سێ خوا، (لە حالێکدا) مەعبودێ بێجگە لە خوای تاقانە (مەوجود) نیە،و ئەگەر دەست لەو قسانە هەڵنەگرن، عەزابی دەرداوی بە کەسانی لەوان کە کافر بوون دەگا، جا ئایا لای خوا تۆبە ناکەن (و لە گوناح کردن ناگەڕێنەوە)و داوای لێخۆشبوون لە خوا ناکەن؟و خوا غەفورو رەحیمە.

و دەفەرموێت: ﴿أم اتخذوا آلهة من الأرض هم ينشرون، لو كان فيهما آلهـة إلا الله لفسدتا فسبحان الله رب العرش عما يصفون، لا يسأل عما يفعل وهم يسألون، أم اتخذوا من دونه آلهة قل هاتوا برهانكم هذا ذكر من معي وذكر من قبلي بل أكثرهم لا يعلمون الحـق فهم معرضون، وما أرسلنا من قبلك من رسول إلا نوحي إليه أنه لا إله إلا أنا فـاعبدون﴾ الأنبياء/٢١-٢٥.

واتە: ئایا ئەوانەخوایانێکیان لە زەوی (بۆ خۆیان) هەڵبژاردووە کە ئەوانە (مردوو) دەژیێننەوە؟ ئەگەر لەئاسمانو زەوی خوایانێ غەیری(ﷲ) هەبوانە، فاسید دەبوون، سروشتی جیهان تێك دەچوو، جا پاکو بێ خەوشە خودا پەروەردگاری عەرش لە پەسنێ کە ئەوانە دەیکەن، لە کارێ کە دەیکا ناپرسرێ (و رەخنەی لێ ناگیردرێ)،و لە کاری ئەوان دەپرسرێو (رەخنە) دەگیردرێ، ئایا ئەوانە بێجگە لە خودا مەعبودگەلیان هەڵبژاردووە؟ بلێ: بەڵگەتان بێننەوە، ئەمە قسەی ئەوانەیە کە لەگەڵ منن (و لە من فێر بوون)و قسەی کەسانێکە (پێغەمبەرانێکە) کەبەر لە من هەبوون، بەلاّم زۆربەی ئەوانە حەق نازانن، جا لەبەر ئەمە (لەحەق رووسوڕێنەرن)،و ئێمە بەر لە تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە، مەگەر ئەوە کە وەحیمان پێ کردن کە بێجگە لە من مەعبودێکی دیکە نیە، جا کەوایە تەنیا من بپەرستن.

و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قل لمن الأرض ومن فيها إن كنتم تعلمون، سـيقولون لله قل أفلا تذكرون، قل من رب السماوات السبع ورب العرش العظيم، سيقولون لله قل أفلا تتقون، قل من بيده ملكوت كل شيء وهو يجير ولا يجار عليه إن كنتم تعلمون، سـيقولون لله

قل فأنى تسحرون، بل أتيناهم بالحق وإنهم لكاذبون، ما اتخذ الله من ولد وما كان معه من إله إذا لذهب كل إله بما خلق ولعلا بعضهم على بعض سبحان الله عما يصفون، عالم الغيب والشهادة فتعالى عما يشركون﴾ المؤمنون/٨٤-٩٢.

واتە: بڵێ: زەوی‌و کەسانێ کە لەزەوی دان هی کێیە، ئەگەر دەزانن، (لە وەڵامدا) دەڵێن: هەمووی هی خوایە، بڵێ: ئایا ناهێننەوە بیر، بڵێ چ کەسێ فەرمانڕەوایی‌و حکومەتی هەموو شتێکی بە دەستە؟و بە بێ پەنایان پەنا ئەداو نیازیشی بە پەنادان نیە، ئەگەر بزانن، ئەڵێن: (هەموو ئەوانە) هی خوان، بڵێ: جا چلۆن ئێوە سیحرو جادو لێکراون بەڵام ئێمە هەقمان بۆ ئەوان هێناو بەڕاستی ئەوان درۆزنن، خودا منداڵی بۆ خۆی هەڵنەبژاردووەو مەعبودێ تر لەگەڵ ئەودا نیە (کە ئەگەر وا بوایەو خوای تر لە گەڵی هەبوایە، لەو کاتە هەر یەکە لە خواکان خەریکی کاری مەخلوقی خۆی دەبوون‌و هەندێ بەسەر هەندێکدا بەرز دەبوونەوە، خوا لەو پەسنانەی کە دەیکەن پاک‌و بێخەوشە، کە بە دیارو نادیار ئاگادارە، جا ئەو لەوە بەرزترە کە هاوبەشی بۆ دابنێن.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿قل الحمد لله وسلام على عباده الذين اصطفى آلله خير أما يشركون، أمن خلق السماوات والأرض وأنزل لكم من السماء ماء فأنبتنا به حدائق ذات بهجة ما كان لكم أن تنبتوا شجرها أإله مع الله بل هم قوم يعدلون، أمن جعل الأرض قرارا وجعل خلالها أنهارا وجعل لها رواسي وجعل بين البحرين حاجزا أإله مع الله بل أكثرهم لا يعلمون، أمن يجيب المضطر إذا دعاه ويكشف السوء ويجعلكم خلفاء الأرض أإله مع الله قليلا ما تذكرون، أمن يهديكم في ظلمات البر والبحر ومن يرسل الرياح بشرا بين يدي رحمته أإله مع الله تعالى الله عما يشركون، أمن يبدأ الخلق ثم يعيده ومن يرزقكم من السماء والأرض أإله مع الله قل هاتوا برهانكم إن كنتم صادقين﴾ النمل/٥٩-٦٤.

واتە: بڵێ سوپاس تایبەتی خودایەو سەلام (درود) لەسەر بەندەکانی کە خۆی هەڵیبژاردووە، ئایا خودا باشترە یا بتگەلێ کە ئەیکەنە هاوبەشی، یا ئەو زاتەی کە

ئاسمانەکانو زەوی بەدیهێناو لە ئاسمانەوە باران بۆ بـاراندن، جا بـە هـۆی ئـەو بارانـەوە باغو بێستانی بە دیمەنو جوانمان بۆ شین کردن، لە حاڵێکدا کە ئێوە توانای شـین کردنـی دارەکەشتان نیە، ئایا مەعبودی دیکە لەگەڵ خودا هەیە؟ نا نیە، بەڵام ئەوانە هۆزێکن لە حەق لایان داوەو لا ئەدەن، یا کەسێ کە زەوی کردۆتە جێی قـەرار گرتـنو لـە نێـو ئـەودا چۆمی داناوەو کێوی پتەوی بۆ سازداوەو لە نێـوان دوو دەریـای (سـوێرو شـیرین) مـانیعی خۆڕسکیو تەبیعی (وزنی تایبەتی) داناوە (تا تێکەڵاو نەبم بەم حاڵە) ئایا مەعبودێ لەگەڵ خودا هەیە (هاوبەشی بێ)؟ نا نیە بەڵکو زۆربەی ئەوانە نەزانو (جاهیلن)، یـا کەسـێ کـە وەڵامی هەژاران ئەداتەوە، کاتێ هاواری بۆ بەری کەندو کۆسپی بۆ لادەبا،و ئێـوە دەکاتـە جێنشینی پێشینان لە ئەرزدا، ئایا مەعبودێ لەگـەڵ خـودا هەیـە، (نـا نیـە) خـودا بـەرزتر لەوەیە کە هاوبەشـی بـۆ دابنێـن، یـا کەسـێ کـە ئافـەرینیش دەس پـێ دەکـاو لـە پاشـان دەیانگێڕێتەوە،و کەسێ کە لە ئاسمانو زەوی رسقو رۆزیتان ئەدا، ئایا مـەعبودێ لەگـەڵ خودا هەیە؟ (نا نیە) بڵێ: بەڵگەتان بێنن ئەگەر راست بێژن؟.

و چەندان ئایەتی تر جگە لەمانە ئەوە دەردەخەن کە پەروەردگار تاکو تەنیایـە لـە زاتیدا، تاکە لە سیفاتیدا، تاکە لە کردارو رەفتارو هەڵسو کەوتیدا، هیچ پەروەردگارێکی تر نیە جگە لە ئەو،و هیچ خوایەکی تریش نیە جگە لە ئەو.

٧- توانای (الله)ی مەزن:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يا أيها الناس إن كنتم في ريب من البعث فإنا خلقنـاكم من تراب ثم من نطفة ثم من علقة ثم من مضغة مخلقة وغير مخلقة لنبين لكم ونقر في الأرحام ما نشاء إلى أجل مسمى ثم نخرجكم طفلا ثم لتبلغوا أشدكم ومنكم من يتوفى ومنكم من يرد إلى أرذل العمر لكيلا يعلم من بعد علم شيئا وترى الأرض هامدة فإذا أنزلنا عليها الماء اهـتزت وربت وأنبتت من كل زوج بهيج، ذلك بأن الله هو الحق وأنه يحيي الموتى وأنه على كل شيء قدير، وأن الساعة آتية لا ريب فيها وأن الله يبعث من في القبور﴾ الحج/٥-٧.

واتە: ئەی خەڵکینە! ئەگەر لە زیندوو بوونەوە دڕدۆنگن، جا (سەرنجی ئەمە بدەن) بەڕاستی ئێمە ئێوەمان لە خاك بەدیهێنا، لە پاشان لە نوتفەو دوای ئەوە لە خوێنی مەییو، لە پاشان لە گۆشتی جەویو کە هەندێ تەواوەو بڕێکیش ناتــەواوە، (مەبەست ئەمەیە) تـا بۆتان روون بکەینەوە (کە بەسەر هەر شتێکدا توانایین)،و هەر پزێك کە بمانەوێ لە پزداندا تا ماوەیەکی دیاری کراو رایدەگرین (و ئەگەر بشمانەوێ بەری پێدەخەین)، لــە دواییدا بـە وێنەی زارۆك (کچ یا کوڕ) دەتان هێنینە دەرێ، جا ئامانج ئەمەیە کە پــێ بگـەن و بلوغتـان ببێ،و (لەم نێوەدا) هەندێکتان دەمرن و هەندێکیشتان ئەوەندە عومــر دەکـەن تـا دەگەنـە ئەو پەڕی پیری، بە جۆرێکی وا کە لە زانست و زانینی خۆتان شتێکتان وەبیر نایەتەوە، (لە لایەکی دیکەوە لە زستانانداا) زەوی ویشك و بێ گیــان دەبینـی، جـا کاتـێ بـارانی بەسـەردا دەبارێنین، دەبزوێ و بە جوڵە دەکەوێ و هەڵ دەدا،و لە هەموو هاولفەکان گیایـەکی جـوان دەڕوێنـێ ئەمـە لەبـەر ئەوەیـە کـە بزانـن خـوا هەقــەو مردووەکــان زینــدوو دەکاتــەوە،و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە،و بـە هەقیقـەت رۆژی بـەرێ دێ و شـکی تێدا نیـەو بەڕاستی خوا هەموو ئەو کەسانەی کە لە قەبردان زیندوویان دەکاتەوە. و دەفەرموێت ﴿ما أشهدهم خلق السماوات والأرض ولا خلق أنفسهم وما كنت متخــذ المضلــين عضــدا﴾ الكهف/٥١. واتە: لە کاتی بەدیـهاتنی ئاسمانـەکان و زەویـدا حـازرم نـەکردن و هـەروەها لـە کاتی بەدیهاتنی خۆیان(حازرم نەکرد)، من لاڕێیان ناکەمە دەست یاری خۆم.

و دەفەرموێت: ﴿ولقد خلقنا السماوات والأرض وما بينهما في ستة أيام وما مسنا من لغوب﴾ ق/٣٨.

واتە: و بە هەقیقەت ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لەنێوان ئەواندایە لە شـەش رۆژ (دەوران)دا خوڵقاندمان و رەنج و ماندوو بوونیشمان پێ نەگەیی.

و دەفەرموێت: ﴿وهو الذي مرج البحرين هذا عذب فرات وهذا ملح أجاج وجعـل بينهما برزخا وحجرا محجورا، وهو الذي خلق من الماء بشرا فجعله نسبا وصهرا وكان ربـك قديرا﴾ الفرقان/٥٣-٥٤.

واتە: ئەوە کە دوو دەریای لە کەناری یەک(وەک نیوە تێکەڵاو) داناوە، یەکێکیان زۆر خۆشەو ئەوی تریان سوێرو تاڵو داغو تفتەو لە نێوان ئەواندا پەردەیەکی داناوە(تا تێکەڵ یەک نەبن، دەڵێی بە یەک دەڵێن:) بەدوور بەو خۆم لێ لادە، ئەوە کە لە ئاوی (مرۆڤ) ئینسانی بەدیهێناوەو ئەوی کردۆتە دوو بەرە(پیاوو ژن)،و پەروەردگارت هەمیشە توانایە.

و دەفەرموێت: ﴿ألم تر أن الله يزجي سحابا ثم يؤلف بينه ثم يجعله ركاما فترى الـودق يخرج من خلاله وينزل من السماء من جبال فيها من برد فيصيب به من يشاء ويصرفه عن من يشاء يكاد سنا برقه يذهب بالأبصار، يقلب الله الليل والنهار إن في ذلك لعبرة لأولي الأبصار، والله خلق كل دابة من ماء فمنهم من يمشي على بطنه ومنهم من يمشي على رجلين ومنهم من يمشي على أربع يخلق الله ما يشاء إن الله على كل شيء قدير﴾ النور/٤٣-٤٥.

واتە: ئایا نەتدی کە خوا بە ئارامی پەڵە هەورەکان لێ ئەخوڕێ، لە پاشان لە نێو ئەواندا پێوەند ساز ئەداو لە پاشان لەسەر یەک کەڵەکەیان دەکا، لەم حاڵەدا دڵۆپە بارانەکان دەبینی کە لە لابەلای ئەوە دێتە دەرێو بیەوێ بەمە زیانی پێ دەگەیەنێ هەر کەسیش کە بیەوێ ئەم زیانەی لەسەر لا دەبا، نێزیکە گرشە گرشی بەرقی ئەوە (پەڵە هەورەکان) چاویان ببا (و لە کاریان بخا)، خوا شەوو رۆژ دەگۆڕێ (یەکیان کورتو ئەوی تریان درێژ دەکاتەوە یا گەرماو سەرماو شتی تر لە شەوو رۆژدا بەدی دێنێ)، بەڕاستی لەمەدا پەندێك بۆ خاوەن ئاقڵان هەیە،و خوا هەر خزۆکو جوڵندەیەکی لە ئاو بەدیهێناوە، جا هەندێ بە زگ دەخشێن، هەندێ لەسەر دوو پێ دەڕۆنو هەندێ لەسەر چوار پێ دەڕۆن، خوا هەچی بیەوێ خەڵقی دەکا، بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

و چەندان ئایەتی تر بەڵگەن لەسەر گەورەیی توانای پەروەردگاری بەرزو پیرۆز،و سەراسیمەیی گەورەیی و مەزنی.

٨- ویستی خودا:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إنما أمره إذا أراد شيئا أن يقول لـــه كـــن فيكـــون﴾ يس/٨٢.

واتە: بەڕاستی فەرمانی ئەم ئەوەیە كە هەر كاتێ بیەوێ شتێ بەدی بهێنێ پێی دەڵێ: ببە، جا بێ درەنگ دێتە دی.

و دەفەرموێت: ﴿وإذا أردنا أن نهلك قرية أمرنا مترفيها ففسقوا فيها فحـــق عليـــها القول فدمرناها تدميرا﴾ الإسراء/١٦.

واتە: و هەر كاتێ بمانەوێ شارو دێیەك لە ناو بەرین لە سەرەتاوە فەرمانی خۆمـان بۆ موترەفین (ماڵدارانی لە خوا بێ خەبەر) بەیان كرد، جا نا فەرمانی(فەسادیان) كـرد، جـا شیاوی سزادانیان پەیا كرد، جا بە توندی ئەوانە دەكوتین.

و خوای گەورە لـە بەسـەرهاتی خضر لەگەڵ موسـا پێغەمبـەردا (عليهما السلام) دەفەرموێت: ﴿فأراد ربك أن يبلغا أشدهما ويستخرجا كنزهما رحمة من ربك وما فعلته عـــن أمري ذلك تأويل ما لم تستطع عليه صبرا﴾ الكهف/٨٢.

واتە: جا پـەروەردگارت ویسـتی بگەنـە تەمـەنی بلـوغو گەنجەكـەیان بێننـە دەرێ، ئەوە رەحمەتێ بوو لە پەروەردگارتەوە (بۆ ئەوان) من لەخۆمەوە ئەو كارەم نەكردو ئەمـە رازی ئەو كارانە بوو كە تۆ تا بشتت لەسەر ئەوان نەهێنا.

و دەفەرموێت: ﴿يريد الله ليبين لكم ويهديكم سنن الذين من قبلكم ويتوب عليكـــم والله عليم حكيم، والله يريد أن يتوب عليكم ويريد الذين يتبعون الشهوات أن تميلوا ميـــلا عظيما، يريد الله أن يخفف عنكم وخلق الإنسان ضعيفا﴾ النساء/٢٦-٢٨.

واتـە: خـوا ئەیـەوێ (رێگـای بەختـەوەری) بـۆ ئێـوە روون بكاتـــەوەو بـەرەو رێو رەوشـتی (دروسـتی) پێشـینان رێنوێنیتـان بكـاو تۆبـەتان قـــەبووڵ بكـا،و خـوا عـەلیمو حەكیمە،و خوا ئەیەوێ تۆبەتان لێ قەبووڵ بكا (تـا لـە لاڕێ لاتـان بـدا)،و كەسـانی كـە بـە دوای دامركاندنی ئارەزووەكانی نەفسانیدا ئەڕۆن، ئەیانەوێ بە تـەواوی ئێـوە لاڕێو خـوار

بن، خوا ئەیەوێ کارتان بۆ ئاسان بکا، (چونکە) ئینسان لە راستـدا، زەعیـفو بـێ هێز خولقێندراوە.

جگە لەمانەش چەندان ئایەتی پیرۆزی تر ئاماژەی چەسپانی ویستی خـوای گـەورە دەکەن،و ویستی ئەو لەسەر هەموو ویستو تواناو خواستێکەوەیە: ﴿وما تشـاءون إلا أن يشاء الله رب العالمين﴾ التكوير/٢٩.

واتە: و ئێوە ناتانەوێ مەگەر (ئەوەی کە) خوا بیەوێ کە پەروەردگاری جیهانیانە.

٩- زانستی خوای گەورە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الحمد لله الذي له ما في السماوات وما في الأرض ولـه الحمد في الآخرة وهو الحكيم الخبير، يعلم ما يلج في الأرض وما يخرج منها وما ينـزل مـن السماء وما يعرج فيها وهو الرحيم الغفور﴾ سبأ/١-٢.

واتە: هەموو سـتایش بـۆ خوایە کـە هـەرچی لـە ئاسمانـەکانو هـەرچی لـە زەویدایە تایبەتی ئەوە،و لەو دونیاش ستایش بەوەو هەر ئەویشـە حەکیمو ئاگا، هەرچی بـە زەویدا رۆچێو هەرچی لە زەویدا بێتە دەرێ هەرچی کە لە ئاسمان بێتە خوارێو هەرچی بە ئاسماندا هەڵگەڕێ دەیزانێ،و ئەو دڵاواو لێبووردە.

و دەفەرموێت: ﴿يعلم ما في السماوات والأرض ويعلم ما تسرون وما تعلنـون والله عليم بذات الصدور﴾ التغابن/٤.

واتە: هەرچی لە ئاسمانـەکانو زەویدایـە دەزانـێ،و بـەوەی ئەیشـارنەوەو ئاشـکرای دەکەن ئاگایەو خوا ئەوەی لە نێو دڵو دەروونداية دەزانێ.

و خوای گەورە لە بەسەرهاتی لوقماندا لە ئامۆژگاری کوڕەکەیدا دەفەرموێت: ﴿يـا بني إنها إن تكن مثقال حبة من خردل فتكن في صخرة أو في السماوات أو في الأرض يأتِ بها الله إن الله لطيف خبير﴾ لقمان/١٦.

واتە: ئەی كوڕە چكۆلەكەم! ئەگەر بە ئەندازەی دەنكە ئالەتێك (كردەوەی چاك یا خراپ) لە نێو دڵی بەردا یا لـە گۆشـەیەك لـە ئاسمانـەكانو زەویـدا هـەبێ، خـوا لـە (ڕۆژی بەرێدا) دەی هێنێتە حیساب، بەڕاستی خوا وردبینو ئاگادارە.

وخوای گەورە لە بەسەرهاتی نێوان شوعەیبو خێڵەكەیدا دەفەرموێت: ﴿قال المـــلأ الذين استكبروا من قومه لنخرجنك يا شعيب والذين آمنوا معك من قريتنا أو لتعودن في ملتنا قال أولو كنا كارهين، قد افترينا على الله كذبا إن عدنا في ملتكم بعد إذ نجانا الله منها ومـــا يكون لنا أن نعود فيها إلا أن يشاء الله ربنا وسع ربنا كل شيء علما على الله توكلنـــا ربنـــا افتح بيننا وبين قومنا بالحق وأنت خير الفاتحين﴾ الأعراف/٨٨-٨٩.

واتە: ئەشراف هۆزی، ئەوانەی كە خۆیان بە زل ئەزانی، وتیان: ئەی شوعەیب! بـێ شك كە تۆو ئەوانەی بڕوایان بە تۆ هێنـاوە لـە ئـاوایی خۆمـان دەریـان ئەكـەین یـان ئـەبێ بگەڕێنەوە سەر ئایینی ئێمە، وتی: ئای هەر چەند پێشـمان خـۆش نـەبێ؟!، ئەگـەر ئێمـە بگەڕێینەوە سەر ئایینی ئێوە، دوای ئەوەی خوا لـەوەی ڕزگـاری كردووین، بـە حەقیقـەت درۆمان بە دەم خواوە كردووە،و شیاو نیە كە ئێمە بگەڕێینەوە سەر ئەوە، مەگـەر خوایـێ كـە پەروەردگارمانـە بیـەوێ، ئاگـاداری پـەروەردگارمان هـەموو شـتێكی داگرتـووە، تـەنیا پاڵپشتمان بە خودایە، ئەی پەروەردگاری ئێمە، گرێ بوچكەی نێوان ئێمەو ئـەوان بەحـەق بكەوە (و داوەریمان بكە)،و هەر تۆ چاكترین (داوەرو) گرێ كوێرە كەرەوەی.

و دەفەرموێت: ﴿ألم تر أن الله يعلم ما في السماوات وما في الأرض ما يكون من نجوى ثلاثة إلا هو رابعهم ولا خمسة إلا هو سادسهم ولا أدنى من ذلك ولا أكثر إلا هو معهم أين ما كانوا ثم ينبئهم بما عملوا يوم القيامة إن الله بكل شيء عليم﴾ المجادلة/٧.

واتە: ئایا نەتزانیوە كە بەڕاستی خوا ئەوەی لە ئاسمانەكانو زەویدایە ئـەی زانـێ، هیچ كاتێ سێ كەس پێكەوە سرتە ناكەن مەگەر ئەوەی كە خوا چوارەمینیانەو هیچ دەمێ پێنج كەس پێكەوە بـە سـرتە قسـە ناكـەن مەگـەر ئـەوەی كـە خـودا شەشـەمینیانە،و نـە كەمترو نەزیاتر لەوە، مەگەر ئەوەی كە خوا لەگەڵیانە، لە هەركوێ بن، لـە پاشـان ئـەوان

لەو کارەی کە کردوویانە لە ڕۆژی قیامەت ئاگاداریان دەکا، بەڕاستی خوا بـە هـەموو شتێ زانایە.

و دەفەرموێت: ﴿وما تكون في شأن وما تتلو منه من قرآن ولا تعملون من عمـــل إلا كنا عليكم شهودا إذ تفيضون فيه وما يعزب عن ربك مـــــن مثقـــال ذرة في الأرض ولا في السماء ولا أصغر من ذلك ولا أكبر إلا في كتاب مبين﴾ يونس/٦١.

واتە: لە هیچ حاڵو (ئەندێشەیەکدا) نینو هیچ بەشێ لە قورئـان ناخوێننـەوەو هیـچ کردەوەیەك ناکەن، مەگەر ئـەوە کـە ئێمـە بەسـەرتاندا چاودێرین، لـەو دەمـەیکە دەچنـە نێوی (نێو ئەو کارە)و هیچ شـتێ لـە زەوییو لـە ئاسمـاندا لـە پـەروەردگارت ون نابـێ، بـە ئەندازەی تۆزقاڵێك نە بچکۆلەتر لەوە نە گەورەتر لەوە، مەگەر ئەوەی (هەموو ئەوانـە) لـە کتێبی ئاشکراکەرەوەدا هەیەو نووسراوە.

و چەندان ئایەتی تر بەڵگەن لەسەر بەرفراوانی زانستی خوای گـەورەو پـەی بردنـی بە هەموو شتێك، هەرچەندە کەم بێت یان زۆر، ورد بێت یان گەورە.

١٠- ژیانی خوای گەورە:

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿الله لا إله إلا هو الحي القيوم لا تأخذه سنة ولا نوم له مـا في السماوات وما في الأرض﴾ البقرة/٢٥٥.

واتە: ﷲ (زاتێکە داگری هـەموو جۆرە سـیفاتی کەماڵـە) کـە هیـچ مـەعبودێ نیـە بێجگە لە ئەو کە زیندووو ڕاوەستاو بە زاتی خۆیەتی، هیچ کاتێ وەنـەوزو (چـۆرت)و خـەو دایناگرێ (و چاولێکنانێك لە تەگبیری جیهان غافڵ نیە)، هەر بۆ ئەوە، ئەوەی لە ئاسمانو زەوی دایە.و دەفەرموێت ﴿الم، الله لا إله إلا هو الحي القيوم، نزل عليك الكتـــاب بـــالحق مصدقا لما بين يديه وأنزل التوراة والإنجيل، من قبل هـــدى للنـــاس وأنـــزل الفرقـــان﴾ آل عمران/١-٤. واتە: ئەلف، لام، میم، (ﷲ) زاتێکی وایە کە بێجگـە لـەو مـەعبودێ تـر نیـە، هەر ئەویشە زیندووی پایەدار، ئەم کتێبەیی (قورئانی) بە هەق بۆ تـۆ نـاردووە، لەبـەرا بۆ

ڕێنوێنی خەڵك (تەورات و ئینجیلی ناردووە) وفورقـانی (کە جیاکـەرەوەی هـەق لە باطـل) ناردووە.

و دەفەرموێت: ﴿الله الذي جعل لكم الأرض قرارا والسماء بناء وصوركم فأحسن صوركم ورزقكم من الطيبات ذلكم الله ربكم فتبارك الله رب العالمين، هو الحي لا إله إلا هو فادعوه مخلصين له الدين الحمد لله رب العالمين﴾ غافر/٦٤-٦٥.

واتە: خودا زاتێکە زەوی بۆتان کردۆتە جێی ئارام گرتن و ئاسمانیشی (وەکو میچـێ لە بان سەرتانەوە) ڕاگرتووە،و وێنەی کێشاون، جـا جوانیشـی کێشـاوە،و لـە شـتی پـاك و خاوێن ڕزق و ڕۆزیشـی پێداون، ئەمەیـە خـوای پـەروەردگارتان.جـا پـاك و بـێ خەوشـە پەروەردگاری جیهانیان، هەر ئەوە زیندوو، مەعبودێ بێجگە لەو نیە، جا ئـەو بـانگ بکـەن لـە حـاڵێکدا کـە خاڵیسـانە عیبـادەتی دەکـەن، حـەمد هـەموو تایبـەتی خودایـە کـە پەروەردگاری جیهانیانە.

و چەندان ئایەتی تر هەن بەڵگەن لەسـەر ئـەوەی خـوای گـەورە خـاوەنی سـیفەتی ژیانێکی تەواوە، کە هیچ تەواویەکی تر لەسەرییەوە نیە.

١١-١٢- بیستن و بینینی کردگار:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قد سمع الله قول التي تجادلك في زوجها وتشتكي إلى الله والله يسمع تحاوركما إن الله سميع بصير﴾ المجادلة/١.

واتـە: بـە هەقیقـەت خـوا قسـەی ئـەو ژنـەی بیسـت کـە لـە بـارەی مێردەکەیـەوە دەمەقاڵـەی لەگـەڵ تـۆدا دەکـردو لای خـوا شـکایەتی ئـەکرد (و خـوا دادخـوازی ئـەوی وەرگرت)، خوا وتووێژتان دەبیستێ، بەڕاستی خوا بیسەرو بیینایـە (لـە بابـەت (خُولـة) لـە هۆزی خەزرەج خێزانی ئەوسی کوڕی صامت نازل بوو) ئیمام فەخری ڕازی روح المعـاني في ظلال.

و دەفەرموێت: ﴿أرأيت الذي ينهى، عبدا إذا صلى، أرأيت إن كان على الهـدى، أو أمر بالتقوى، أرأيت إن كذب وتولى، ألم يعلم بأن الله يرى﴾ العلق/٩-١٤.

واتە: ئای دیتت ئەو کەسەی کە بەرگری دەکرد، لەبەندەیێ، کاتێ نوێژی دەکرد، چ دەبینی کە ئەو پیاوە لەسەر هیدایەت بێو ڕێنوێن کراو بێ، یا بە خۆپاراستن فەرمان بدا، ئایا ڕەئیت چییە ئەگەر بە درۆی دابنێو روو بسورێنێ، ئایا نەیزانیوە کە بەڕاستی خوا دەیبینێ.

و خوای گەورە بە موساو هارون دەفەرموێت کاتێك ناردنی بۆ لای فیرعەون: ﴿اذهبا إلى فرعون إنه طغى، فقولا له قولا لينا لعله يتذكر أو يخشى، قالا ربنا إننا نخاف أن يفرط علينا أو أن يطغى، قال لا تخافا إنني معكما أسمع وأرى﴾ طه/٤٣-٤٦.

واتە: بچنە لای فیرعەون، بەڕاستی (توغیانی کردووەو) خۆی قەف کردووە، جا بە نەرم نیانی قسەی لەگەڵدا بکەن، بەڵکو بیر بکاتەوە (و پەند بگرێ) یا (لە خوا) بترسێ، (موساو هارون) وتیان: ئەی پەروەردگاری ئێمە! لەمە دەترسێین کە لێمان پێش بکەوێو مۆڵەتی ڕاگەیاندنمان پێ نەدا یا سەرپێچی بکا، فەرمووی: مەترسن، من لەگەڵتانم، (هەموو شتێك) دەبیسمو دەی بینم.

و دەفەرموێت: ﴿يعلم خائنة الأعين وما تخفي الصدور، والله يقضي بالحق والذين يدعون من دونه لا يقضون بشيء إن الله هو السميع البصير﴾ غافر/١٩-٢٠.

واتە: خیانەتی چاوەکان (چاوپیسەکان)و ئەوەی کە لە دڵو دەروونیاندا شاردراوەتەوە(خوا) پێی ئەزانێ،و خوا بە هەق داوەری ئەکا،و کەسانێ (بتگەلێ) بێجگە لەو بانگی دەکەن ناتوانن هیچ داوەری بکەن، بەڕاستی هەر خوا بیسەرو بینایە.

وچەندان ئایەتی تر هەن بەڵگەن لەسەر وەسف کردنی خوای گەورە بە سیفەتەکانی بیستنو بینین.

١٢- وتەو قسەی کردگار:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وكلّم الله موسى تكليماً﴾ النساء/١٦٤.

واتە: و خوا بە هەقیقەت لەگەڵ موسادا قسەی کرد.

و دەفەرموێت: ﴿أفتطمعون أن يؤمنوا لكم وقد كان فريق منهم يسمعون كلام الله ثم يحرفونه من بعد ما عقلوه وهم يعلمون﴾ البقرة/٧٥.

واتە: (ئەی موسڵمانان) ئایا چاوەڕوانی ئەکەن (ئاواگەلی) بە ئێوە بڕوا بهێنن، یا وەکو هەندێ لەوانەی قسەی خوا ئەبیستن‌و دوای تێگەیشتن، لە واتاکانی ئەویان ئەگۆڕێ کەچی ئەشیان زانێ.

و دەفەرموێت: ﴿وإن أحد من المشركين استجارك فأجره حتى يسمع كلام الله ثم أبلغه مأمنه﴾ التوبة/٦.

واتە: و ئەگەر یەکێ لە موشریکان پەنای بە تۆ هێنا، پەنای بدە تا قسەی خوا ببیسێ(و بیری لێ بکاتەوە)، لە پاشان ئەو بە جێگای هێمن بگەیێنە، چونکە ئەوان هۆزێکی نەزانن.

و چەندان ئایەتی تریش کە بەڵگەی وەسفدارێتی پەروەردگاری تاک‌و تەنیان بە سیفەتی قسەکردن‌و ئاخافتن.

❁❁❁

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا، خۆی بە زۆر ناوی تر ناو بردووە، جگە لەوانەی باسمان کردن، لەو ئایەتانەی باسی ناوەکانی خوای گەورە دەکات:

﴿هو الله الذي لا إله إلا هو عالم الغيب والشهادة هو الرحمن الرحيم، هو الله الذي لا إله إلا هو الملك القدوس السلام المؤمن المهيمن العزيز الجبار المتكبر سبحان الله عما يشركون، هو الله الخالق البارئ المصور له الأسماء الحسنى يسبح له ما في السماوات والأرض وهو العزيز الحكيم﴾ الحشر/٢٢-٢٤.

واتە: ئەو خوایە کە مەعبودی تر بێجگە لەو نیە، هەر ئەوە دانای نهێن‌و ئاشکرا، هەر ئەویشە بەخشەرو دڵاوا، هەر ئەو خوایە کە مەعبودی تر بێجگە لەو نیە، فەرمانڕەوایە، پاکە (لە عەیب)و ئەمنیەت دەرە، پارێزەرە، زاڵە، خاوەن شکۆیە، ئەو شیاوی گەورەییە، لە هەر شتێ کە ئەیکەنە هاوبەشی پاک‌و بەرییە، هەر ئەو خوایە خوڵقێنەری بێ وێنە،

دیمەن دەرە، هەر بۆ ئەوە ناوی چاكو شیاو، هەرچی لە ئاسمانـەکانو زەویـدان بێخەوشـی ئەو دەڵێن،و هەر ئەویشە عەزیزو حەکیم.

و دەفەرموێت: ﴿سبح اسم ربك الأعلى﴾الأعلى/١.

واتە: ناوی پەروەردگاری بەرزو گەورەی خۆت بە پاکی ببە.

و دەفەرموێت: ﴿فسبح باسم ربك العظيم﴾ الواقعة/٧٤.

واتە: جا کە وایە نێوی پەروەردگاری گەورەت بە بێ خەوشی بڵـێ (و خـوا بـە پـاك بزانە).

لەم بارەیەوە ئایەت زۆر هەن، وەك چۆن لەسەر زاری پێغەمبـەرەوە ﷺ زۆر نـاوی تر هاتوون، وەکو فەرمووده راستەکان ئامازەی پـێ دەکـەن، –چونکـە پێغەمبـەر ﷺ لـە هەموو کەسێك زیاتر زاتـی پـەروەردگاری ناسـیوە– لەوانـە ((لله تسعةوتسعون اسماً، مائة إلا واحداً، لا يحفظها أحدٌ إلا دخل الجنة، وهو وتر يحب الوتر)) بوخـاریو موسلیم ریوایەتیان کردووە، و لە ریوایەتێکی تردا: ((مـن أحصاها)) هـاتووە، تورمذیش بـەم جۆرە ریوایـەت دەکـاو ئەمەشـی بۆ زیاد دەکـات: ((هو الله الذي لا إلـه إلا هـو، الرحمن، الرحيم، الملك، القدوس، السلام، المؤمن، المهيمن، العزيز، الجبار، المتكبر، الخالق، الباريء، المصور، الغفار، القهار، الوهاب، الرزاق، الفتاح، العليم، القابض، الباسط، الخافض، الرافع، المعز، المذل، السميع، البصير، الحَكَم، العدل، اللطيف، الخبير، الحليم، العظيم، الغفور، الشكور، العلي، الكبير، الحفيظ، المقيت، الحسيب، الجليل، الكريم، الرقيب، المجيب، الواسع، الحكيم، الودود، المجيد، الباعث، الشهيد، الحق، الوكيل، القوي، المتين، الولي، الحميد، المحصي، المبديء، المعيد، المحيي، المميت، الحي، القيوم، الواجد، الماجد، الواحد، الصمد، القادر، المقتدر، المقدم، المؤخر، الأول، الآخر، الظاهر، الباطن، الوالي، المتعالي، البرّ، التواب، المنتقم، العفو، الرؤوف، مالك الملك، ذو الجلال والإكرام،

المقسط، الجامع، الغني، المغني، المانع، الضار، النافع، النور، الهادي، البديع، الباقي، الوارث، الرشيد، الصبور))

ئەم نۆهەدو نۆ سیفەتەش هەموو ئەوانە نین كە لەمەڕ ناوەكانی خوداوە هاتوون، بەڵكو فەرموودەی تر هەیە كە سیفەتی زیاتری تێدایە، بۆ نموونە لە گێڕانەوەیەكی تری فەرموودەكەی رابوردوودا هاتووە: ((الحنان، المنان، البديع)) هەروەها ئەم ناوانەش لە ناوەكانی خودادا باس كراون: (المغيث، الكفيل، ذو الطول، ذو المعارج، ذو الفضل، الخلاق).

ئەبو بەكر بن ئەلعەرەبی لە راڤەی تورمذیدا لە هەندێ لە زاناكانەوە دەگێڕێتەوە: لە قورئانو سوننەتەوە هەزار ناوی خوای گەورەی كۆكردۆتەوە، هەروەها خاوەنی (القصد المجرد) هەمان مەبەستی گوتووە، (شەوكانی)ش لە (تحفة الذاكرين)دا ئاماژەی بەمە داوە، پاشان دەڵێت (تێرو تەسەلترین فەرموودە كە ناوەكانی ژماردبێ، ئەمەی رابوردوو بوو، هێندەی پێویستی تێدایە) جا بەو پێوەرەی هەموو ناوێك لە ناوەكان پیرۆزن، و سیفەتێ لە سیفەتەكانی خوداوەند دەردەخەنو تەعبیریان دەكەن، ئەوا هەر ناوێ لەم ناوانە ! یان بەڵگەیە لەسەر سیفەتی كەمالو تەواویتی، یان لەسەر سیفەتی هەبوونی –وجودی، یاخود سیفەتی سَلــــــــــب ، یان لەسەر سیفەتی كاروفرمان (فعل)، سەرچاوەی هەموو ئەو سیفەتو ناوانەش بۆ سیازدە سیفەت دەگێڕدرێنەوە كە لە برگەكانی پێشوودا باسمان لێوە كردن، ئەوانەش سەری هەموو سیفەتی كردارەكانو سلبو كەمال وجودو ماناكانن (المعاني). أهـ

۞۞۞

جارێكی تریش پێمان خۆشە كە دوپاتی بكەینەوە كە بەدیهێنەر بەدیهاتوو نیە، خوای گەورە لەهیچ شتێكدا بە دروستكراوەكانی ناچێت:

﴿ليس كمثله شيء وهو السميع البصير﴾ الشورى/١١.

واتە: شتێك بە وێنەی خوا نیە،و هەر ئەویشە ژنەواو بینا.

و لە بنەماکانی گومڕایی ئادەمیزاد لە سۆنگەی ئیعتقادو بڕوابوونەوە ئەوەیە کە بڕوایان بە لێك چوونی خودا بێت لەگەڵ بەدیهاتووەکان، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا وەڵامی ئەم بیروبۆچوونانەی داوەتەوە، بۆ نموونە یەهودییەکان وایان دادەنا خوای گەورە بوونەوەرانی بەدیهێناوە،و لە ڕۆژی حەوتەمدا دوای شەش ڕۆژبەدیهێنان پشوویداوە –ئەمەش جۆرێکە لە لێك چواندن– خوای گەورەش وەڵامیان دەداتەوەو دەفەرموێ:

﴿ولقد خلقنا السماوات والأرض وما بينهما في ستة أيام وما مسنا مـــن لغـــوب﴾ ق/٣٨.

واتە: و بە هەقیقەت ئێمە ئاسمانەکانو زەویو ئەوەی لەنێوان ئەواندایە لە شەش ڕۆژ (دەوران)دا خوڵقاندمانو ڕەنجو ماندوو بوونیشمان پێ نەگەیی.

مانای ئاسمانەکانو زەمینو ئەوەی نێوانیشیانمان دروست کردن لە شەش ڕۆژدا بێ ماندوو بوون، خوای گەورە وەڵامی گاورەکانیش دەداتەوە کە دەڵێن پەروەردگار لە چەند بەشێك پێکهاتووەو هەندێ لە بەندەکانی بەشێکن لەو، لە وەڵامیاندا دەفەرموێ:

﴿وجعلوا له من عباده جزءاً إن الإنسان لكفور مبين﴾ الزخرف/١٥.

واتە: و بۆ خوا لە نێو بەندەکانیدا منداڵیان دانا، بەڕاستی مرۆڤ ناسپاسێکی ئاشکرایە.

جامرۆڤی موسڵمان تەنیا ئەوەی خوای گەورە بڕیار ئەدات کە بۆ خۆی بڕیاری داوە سەبارەت ناوو سیفاتەکانی، خوای گەورەش بە جۆرێك پاك رادەگرێ وەك چۆن خۆی ناساندووە لەسەر زوبانی پێغەمبەرەکەیەوە: ﴿سبحان الله عمـــا يصفـــون، إلا عبـــاد الله المخلصين﴾ الصافات/١٥٩-١٦٠.

واتە: خوا لەو تەوسیفەی ئەوان دەیکەن پاكو بێخەوشە، مەگەر بەندەکانی پاکی خوا.

خوای گەورە هەبووو ئامادەیەو هیچ شتێکیش بە بوونی ئەو ناکات، بینایـەو هیـچ بینایـیـەکیش پـێی نـاچێت، بیسـەرەو هیـچ بیسـتنێك پـێی ناکـات، هـەموو سـیفاتەکانی تریشی هـەر بـەم جۆرەن، ئێمـەش هـەر ئـەوەندە سـەبارەت خوداوە دەزانـین کـە لـە قورئانەکەیدا یان لەسەر زاری پێغەمبـەرەوە، خـوای گـەورە خـۆی پـێ ناسـاندووین. و لـە نێوان ئایەتـەکانی قورئانیشـدا هیـچ ناتـەبایی‌و دژ یەکییـەك نیـە. هـەروەها سـوننەتە راستەکانی پێغەمبەریش ﷺ هەر بە هەمان جۆرن، بەڵکو هـەر یەکـەیان راڤـەی ئـەوی تـر دەکات، هەر یەکەشیان هەندێکی وەسف دەکات، بە جۆرێکیش پەروەردگار دەناسـین کـە سـەرجەم زانیارییـەکانی هـەردووکیان کۆبکەینـەوە، بـەبێ ئـەوەی وا تێبگـەین قورئـان‌و سوننەت لەگەڵ یەکدا ناتەباو ناکۆك بن.

هەر وەك چۆن حەز ناکەین زیاد لە خۆو تەکەلوف بکەین لە تێگەیشتنی دەقەکان‌و توندڕەوی‌و ستەم نەکەین، بەڵکو تەنانەت حەز ناکەین لە باسێکدا رۆبچین کە پـەیوەندی بە زاتی خوداوەندەوە هەبێت، تەنیا ئەوەندە نـەبێت کـە سـوود بـە بڕواکـەمان بگەیـەنێ‌و گەردن کەچی‌و پاك بوونەوەیمان پێ ببەخشـێ، لـەم بارەشـەوە بیروباوەڕەکـەمان سـادەو سانایە، کۆین لەسەری‌و کەس نکوڵی ناکات، خوای گەورە بوونی هەیەو هیچ شـتێکیش بـە بوونی ئەو ناکات، بیسەرەو هیچ شتێکیش بـە بیسـتنی ناکـات، دەبینـێ وهیـچ شـتێك بـە بینینـی ئـەو نـاچێت،و راگـیربووە (مُسْـتَوٍ) بـەو واتایـەی کـە راگـیربوون (الإِسْـتِواء) دەیگەیـەنێت، هیـچ شـتێکیش وەك راگـیر بوونـی نیـە، و نزیکـەو هیـچ شـتێکیش وەك نزیکیەکەی نیە، هەر بەم جۆرەش هەموو ناوو وەسفێکی پەروەردگار کە زاتـی خـۆی پـێ وەسف کردووە....

﴿ولا يحيطون به علماً﴾ طه/١١٠.

واتە: بەڵام ئەوان توانا(احاطه)یان بەسەر (زانستی) ئەودا نیە.

ئەدەبی هـاوەڵان لـەم رووەدا بـەم جـۆرە بـووە،و ئێمـە سنوورشـکێنی ناکـەین بـۆ شتێکی تر.

(الدارمي) لە سلێمانی کوڕی یەسارەوە دەریهێناوە کە: پیاوێك هات بۆ مەدینە، لـە (متشابە)ی قورئان دەیپرسی، عومەر بانگی کردو پەلکێکی خواری دارخورمای بـۆ ئامـادە کردو پێی گـوت: تـۆ کێیـت؟ ئـەویش گوتـی: مـن (عوبـەیدوڵلا سـەبیغ)م، عومـەر پـەلکی دارخورماکەی گرت بە دەستەوەو پێی گوت منیـش (عـەبدوڵلای عومـەر)م، ئیـدی پـەلکی دارخورماکەی گرتە دەستەوەو هێندەی لێدا تا سەری خوێناوی کرد، تـا ئـەو کاتـەی پێـی گوت: بەسە. ئەی ئەمیری بڕواداران، ئەوەی لەسەرمدا هەبوو ڕەوییەوە.

عومەر دەیزانی لە پرسیاری ئەو کابرایە چی دەکەوێتەوە بۆیە بـەو جـۆرە هـەڵس‌و کـەوتی لەگـەڵدا کـرد، گـەواهی واقیعـی نەتـەوەی ئێمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەم قسـەیە، لەوکاتانەوەی ئەم باسانە تاووتوێ دەکرێن پەرت‌و بڵاوی‌و دوژمنایەتی تەشەنەی کردووە، بۆیە ئیمامی مالیك لە وەڵامی کەسێکدا کە مانـای (الإسـتواء)ی لێ پرسـیی، بەمـە وەڵامـی دایەوە: (والسؤال عنه بدعـة) مانـای پرسـیار کـردن لـەم بارەیـەوە بیدعـەو هەڵبەسـتراوە، خوازیارین لە خوای گەورە دڵمان لە بیدعە پاکژو خاوێن بکاتەوە.

پێمان خۆشە کۆتایی ئەم بەشە بە دوو تێبینی بێنـین، یەکـەمیان ئەوەیـە: هـەندێ کەس سەبارەت بە هەندێ لە تایبەتمەندییـەکانی ناوەکـانی خـوای گـەورە قسـە دەکـەن،و دووەمیش سەبارەت ناوە گەورەکەی (ﷲ)یە.

١- باسی تایبەتمەندییەکانی ناوە پیرۆزەکانی (ﷲ):

مامۆستا بەننا دەفەرموێ: هەندێك دەڵێـن هـەر نـاوێك لـە ناوەکـانی خـوای گـەورە نهێنی وتایبەتی خۆی هەیە، کە پێوەی پەیوەستە بە شێوەیەکی زیاد کردن یـاخود کـورت کردن بێت، بەڵام هەندێك کەس تیایاندا زیـاتر لـە سنووری خۆیـان ڕۆ دەچـن، تـا دەگاتـە ئـەوەی دەڵێـن هـەر نـاوێك خزمـەتکارێکی ڕۆحـانی هەیـە، خزمـەتی ئەوانـە دەکـات کـە بەردەوامن لەسەر یاد کردنی ئەم ناوە، تا بـەم جـۆرە... ئـەوەی لـەم بـارەوە دەیـزانم – وفوق كل ذي علم عليم: لەسەر هەموو زانایەکەوە زانایەکی تر هەیە– ئەوەیە کە هەر ناوێك لە ناوەکانی خوای گەروە زاراوەی ڕێزدارن، فەزڵیان بەسەر هەموو وتەیەکەوە هەیە، فـەرو

بەرەکەتیان تێدایە، لە یاد کردنەوەیاندا پاداشتێکی گەورە هەیە، و گـەر مـرۆڤ بـەردەوام بێت لەسەر یاد کردنی خوای گەورە دەروونی پاکژ دەبێتەوەو گیانیشی خاوێن دەبێت، بـە تایبەتی کاتێك یاد کردنەکەی بە ئامادەگی دڵو تێگەیشتنی ماناکـەی بێـت، بـەڵام ئـەوەی لەمە بترازێت، ئەوە لە قورئانو سوننەتدا نەهاتووە، فرمانیشمان پێکراوە زیاد لە پێویست لە ئابینی خوادا رۆنەچین، و هیچ شتێکی نەخەینە سەر، ئەو کورتەیەی باسمان کرد : لـەم بارەیەوە بەسە.

٢- باسی ناوە گەورەکەی (ﷲ):

مامۆستا بەننا دەڵێت: لە زۆر فەرموودەدا ناوە گەورەکەی پەروەردگار باس کراوە، لەوانە:

أ- لە (بُرَیدة)ەوە ﷺ گێڕاویانەتەوە: کە پێغەمبەر ﷺ گوێی لە پیاوێك بووە لـە پاڕانەوەکەیدا گوتوویەتی: ((اللهم إني أسألك بأني أشهد أنك أنت الله لا إله إلا أنت، الأحد الصمد، الذي لم يلد ولم يولد، ولم يكن له كفواً أحد.)) پێغەمبـەر ﷺ فەرمووی سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە بە ناوەگەورەکەی خودا پاڕایەوە، کە ئەگەر پێی بپاڕ درێتەوە وەڵام دەداتەوە،و گەر پێی داوا بکرێت دەبەخشێ. ئـەم فەرموودەیە ئەبوداودو تورمذیو نەسائیو ئیبن ماجە ریوایەتیان کردووە (وقال المنذري: قال شيخنا أبو الحسن المقدسي: هو إسناد لا مطعن فيه ولا أعلم أنه روي في هذا الباب حديث أجود إسناد منه، قال الحافظ إبن حجر: هذا الحديث أرجح ما ورد في هذا الباب من حيث السند).

ب- لە ئەنەسی کـوڕی مالیکـەوە ﷺ گێڕاویانەتـەوە کـە فەرموویـەتی: پێغەمبـەر ﷺ هاتە مزگەوتو پیاوێك نوێژی دەکردو دەپاڕایەوەو تێیدا دەیگوت: (اللهم لا إله إلا أنت، المنان، بديع السماوات والأرض، ذالاجلال والإكرام) پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی ((أتدرون بم دعا الله؟ دعا الله بإسمه الأعظم، الذي إذا دعي به أجاب وإذا سئل به أعطى)) رواه أبوداود والترمذي والنسائي وإبن ماجة. مانای ئایا دەزانن بە چی دوعای کرد؟ لە خوا پاڕایەوە بە ناوە گەورەکەی، کە ئەگەر پێی بپاڕدرێتەوە وەڵام دەداتـەوە،و ئەگەر پێی داوا بکەیت دەبەخشێت.

ج- لـە ئـەسمای کچـی یـەزیدەوە (خـوا لێی رازی بێـت)، پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتی: "إسم الله الأعظم في هاتين الآيتين" ناوەگەورەکەی خودا لـەم دوو ئایەتەدایـە: ﴿وإلهكم إله واحد لا إله إلا هو الرحمن الرحيم﴾ البقرة/١٦٣.

واتـە: و خـواو مـەعبودی ئێـوە تاکـە، هیـچ مـەعبودێك نیـە، مەگـەر ئـەو کـە زۆر بەخشەرو میهرەبانە.

و سەرەتای ئال عیمران ﴿الم، الله لا إله إلا هو الحي القيوم﴾.

واتە: ئەلیف، لام، میم، (اللَّهُ) زاتێکی وایە کە بێجگە لـەو مـەعبودێ تـر نیـە، هـەر ئەویشە زیندووی پایەدار.

رواه أحمد وأبو داود والترمذي وابن ماجة. وقال الترمذي: حديث حسن صحيح.

د- لە سەعدی کوڕی مالیکەوە ﷺ گێڕاویانەتەوە کە گـوێی لـە پێغەمبـەر ﷺ بووە فەرموویەتی: ((**هل أدلكم على اسم الله الأعظم، الذي إذا دعي به أجاب، وإذا سئل به أعطى؟ الدعوة التي دعا بها يونس، حيث نادى في الظلمات الثلاث: لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين**)) پیاوێك گوتی: ئایا ئەو دوعایە بە تایبەتی بۆ یونس بوو یا بۆ سەرجەم بڕواداران؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((**الا تسمع قول الله ﷻ: فنجيناه من الغم وكذلك ننجي المؤمنين**))؟ الأنبياء/٨٨. رواه الحاكم.

واتـە: ئایـا گوێت لـەو وتەیـەی خـوای گـەورە نـەبووە کـە دەفـەرموێت: لـە خـەم و ناڕەحەتی رزگارمان کرد، بەم جۆرەش بڕواداران رزگار دەکەین.

جـا خوێنـەری بـەڕێز لـەم فەرموودانـەو ئـی تریشـەوە ئـەوە دەبینیـت کـە نـاوە گەورەکەی خوای گەورە بە شێوەیەکی دیاری کراو دەست نیشان نەکراوە، بـەڵکو زانایـان لـە دەستنیشـانکردنیدا جیـاوازن:لـە بـەرەندە کردنـی فـەرموودەکان بەسـەر یـەکتریدا، بەرادەیەك کە جیاوازییان دەگاتە چل وتـە. ئەگـەر ئـەوەی ئێمـە لـەم فەرموودانـەو وتـەی کەسانی باوەڕ پێکراوی پیاوانی ئەم نەتەوەیەوە وەری گرین ئەوەیە کـە نـاوە گەورەکـەی پەروەردگار پاڕانەوەیەکی تێکەڵە لە چەند ناوێکی پیرۆزی کردگاری مەزن، ئەگـەر مـرۆڤ پێیان بپاڕێتەوەو مەرجەکانی داخوازی پاڕانەوەی تیا هاتبێتە دی لەرووی شەرعەوە، ئەوا

خوای گەورە وەڵامی پاڕانەوەكەی دەداتـەوە وەك چۆن لـە زۆر فـەرموودەدا باسـی لێـوە كراوە.

جا گەر وابێت ئەوا ئەو كەسانەی وای دادەنێن ئەوە نهێنیەكە لە نهێنیەكان، كە بـە هەندێ كەس دەبەخشرێو بە هۆیەوە دەتوانن شتە داخراوەكانی پێ بكەنەوەو بە هۆیەوە لە عادەتو بارە ئاساییەكان تێبپەڕن،و بە هۆیەوە چەند تایبەتمەندییەكیان پێ بـدرێ كـە بە كەسانی تر نابەخشرێ، ئـــەمانە شتێكی زیادەن كە خوای گـەورەو پێغەمبەرەكـەی باسیان لێوە نەكردووە. جـا گـەر ئـەو جۆرە كەسانە بەڵگـەی ئـەم ئایەتـە بهێننـەوە كـە دەفەرموێت:

﴿قال الذي عنده علم من الكتاب أنا آتيك به قبل أن يرتد إليك طرفك فلمـــا رآه مستقرا عنده قال هذا من فضل ربي ليبلوني أأشكر أم أكفر ومن شكر فإنما يشكر لنفسه ومن كفر فإن ربي غني كريم﴾ النمل/٤٠.

واتە: ئـەو كەسـەی كـە زانسـتی كتێبی (ئاسمـانی) لابـوو، وتـی: بـەر لـەوەی چاو بترووكێنی دەیهێنمە لات! جا كاتێ كە (سولەیمان) دیتی تەختەكەی لا حازرە، وتـی: ئەمـە لە فەزڵی پەروەردگارمە تـا تـاقیم بكاتـەوە ئایـا (بـۆ نیعمـەتی خـوا) شـوكر یـا ناسپاسـی دەكەم؟و هەر كەسێ شوكری بكا شوكری بۆ خۆی كردووەو هەر كەسیش ناسپاسـی بكـا، جا بەڕاستی پەروەردگارم بێ نیازو كەریمە.

بەو واتایەی كە وتەی ﴿عنده علم من الكتاب﴾ ناوەگەورەكەی خـودا دەگرێتـەوە، ئەوا بەو جۆرە كەسانە دەڵێین: زانایانی تەفسـیر باسـیان لـەوە كـردووە كـە ئـەو ناوانـەی بانگی خودای پێ كردبـوو (یـا حـي یـا قیـوم) یـان: (الله لا إلـه إلا هـو الحـي القیـوم) بـوو، هەندێكی تریشیان گوتویانە زاراوەكە بە سریانیە (آهیا شراهیا)یـە، ئەمـەش گوتنێكـی بـێ بەڵگەیە،و باسەكە لەوە دەرنەچوو كە لە فەرموودە ڕاستەكاندا هاتووە.

كورتــەی باســەكەمان ئەوەیــە: هــەندێ كــەس هــەن گرنگــی ئــەدەن بــە شــتە شاردراوەكانو ئـەو شـتانەی جـێی چـەندو چوونـنو پاڕانـەوەو داوا تایبەتمەندێتییـەكان دەكەنو زیادە لـە (المأثورات)دا دەكـەنو دەڵێـن ئـەوەی كــە لــە قورئـانو ســوننەتدا

نەهاتووە! ئەوا زۆر بە توندی نەهی لێکراوە، کەواتە با لە سـنووری (المأثور) دەرنـەچین.
أه.وتەی مامۆستا تەواو بوو.

۞۞۞

ئێستا دوای ئـەوەی نـۆ دیاردەی گـەردوونیمان بـاس کـرد، هــەر دیاردەیـەك لــە رووبەکەوە بەڵگەمان لەسەر خوای گەورە بۆ دێنێتەوە پاشان بەڵگەکانی دیاردەکانیشـمان باس کرد، جا هەر دیاردەیەك باسمان کردبێت یـاخود باسمـان نـەکردبێت بەڵگەیـە لەسـەر ناوێك لە ناوەکانی کردگار، هەندێکێشمان لەوە باس کـرد کـە پـەیوەندی بـە ناووسـیفەت‌و زاتی کردگارەوە هەبوو، وەك لە قورئان‌و سوننەتدا هاتبوون، ئەوە مــاوە بـەراوردی نێوان ئەم تێگەیشتنە دروستە بکەین لە لایەن موسڵمانەوە بۆ زاتی خوداوەنـد، هـەروەها لەگـەڵ تێگەیشتنە هەڵەکانی تردا لە لایەن ناموسڵمانەکانەوە، تا بـۆ مـان روون بێتـەوە بـە تـەنیا موسڵمان توانیویەتی خـودا بـە تــەواوی بناسـێت، ناسـینێك لەسـەر زانسـت‌و ژیریــی‌و بەڵگەنەویستەکان بنیات نرابێت، ئەوا هیچ روویەك لە رووەکانی نابینیتەوە ئاڵۆزو گرێیاوی بێت، ئەمــەش ئـەوە دەگەیـەنێت ئـاینی ئیسـلام لـە لایـەن (ﷲ)ی پـەروەردگار ەوەیـە،و موحەممـەدیش رەوانـە کـراوی خودایە، خـوای گـەورە بـۆ ئـەوە ناردویــەتی خــەڵکی لــە گومڕایی‌و پوچی‌و گەندەڵییەوە رزگار بکات بۆ حەق‌و راستی،لە هەموو شتەکاندا.

❁❁❁

پێش ئەوەی بەم بەراوردکارییە هەستین پێمان خۆشە کورتەی ئەمــەی رابـوورد لـە باسەکەماندا,بیخەینە روو:

١- دیاردەکانی ئەم گەردوونە، بەڵگەن لەسەر ناوە پیرۆزەکانی خودا، ناوەکانیشی بەڵگەن لەسەر سیفاتەکان، سیفەتەکانیش دەلیل‌و بەڵگەن لەسەر زاتی خودا.

٢- ئەوەی لە دیاردەکانی گەردوون ئاماژەمان بۆ دەکات ئەوەیە کە پـەروەردگار خاوەنی سیفەتەکانی: (زانست‌و ویست‌و هـێزو توانـاو ژیـان‌و بیسـتن‌و بینـین‌و قسـەکردن‌و

تاك‌و تەنیایی‌و مانەوەو سەرەتایی‌و راوەستاوی‌و بێ باکی‌و بێ ئاتاجییە)و لە ناوەکانیشی: المذل، المعز، الرزاق، المعطي، المنعم...ـــە.

٣- تێڕوانینیشمان بۆ ئەوەی خوای گەورە وەسفی زاتــی خــۆی پــێ کـردووە، یـان پێغەمبەرەکەی ﷺ ناوی هێناوە، ئەوەمان نیشان ئەدات کە هاوتاییەکی تەواویان هەیـە لەگەڵ ئەو بەڵگانەدا کە لە دیاردەکانەوە بە بەڵگەی ژیریی گەیشتوینیەتێ، ئەوەی کـە لـە دەقەکاندا هـاتووە لەگـەڵ زیـاتکردنێکدا لـە دەقـەکاندا، وتەکـەمان دەگەیەنێتـە ئەوپـەڕی تەواوێتی (الکمال)و ئەدەب، ئایینێکیش دەسـتی ژیریـی بگرێـت‌و لـەم باسـەدا بیگەیەنێتـە لوتکـە ئـەوا بێگومـان هیـچ گومـانێك لای مـرۆڤ نامێنێتـەوە کـە ئـەو ئایینـــە سروشـــێکی راستەقینەیە!

٤- لە هەموو ئەمانــەی رابـوردن، نیشـانەو بەڵگـە هـەن بـۆ موسـڵمان لـەم بابەتـەو شـتەکانی تریشـدا (چونکـە لقێکـە لێی) کـە موسـڵمان دروسـتی ژیریـــی لا گەلاڵـــە بـــوو،و گەیشـــتبتە پـاکی‌و سـەفای تێگەیشـتن،و دروسـتی سـروش(وحـی)،کـە دەسـتی ژیریـــی‌و تێگەیشتن دەگرێت بۆ راستە رێگا.

بەراوردکاریـیەکان

لە ژێر ناونیشانی (العقیـدة الإلهیـة)دا عباس محمود العقـاد لـە پـەرتووکی (حقـائق الإسـلام وأبـاطیل خصومـه) لێکۆڵینەوەیەك دەخاتــە روو، کـە تیـایدا بـەراوردی نێـوان بیروبـاوەڕی ئیسـلامی سـەبارەت خوداوەنـد (اَللّٰهُ)ﷻ لەگـەڵ بیروبـاوەڕی ناموسـڵمانانـدا لەسەر خوداوەند دەکات، تێبینـی ئـەوەش دەکرێت کـە بەراوردکارییەکـە لەسـەر هـەندێك باوەڕی فەلسـەفی دارێـژراوە، بـە جۆرێکیش لەمـەڕ بیروبـاوەڕی ئـایینی دەکۆڵێتـەوە کـە خەڵکانی زەمانی خۆی لە کاتی هاتنە خوارەوەی سروش‌و ئیسـلام‌و نـاردنی پێغەمبـەر دا لێی تێگەیشـتبوون، نـەك بـەو جۆرەی کـە هەیـە لای پێغەمبـەرەکانی خـودا (صلـوات الله وسلامه علیهم) کە خـاوەنی پەیامـەکان بـوون –گـەر لـە بنـەڕەتدا سـەبارەت پێغەمبـەران بێت– چونکە ئێمە باوەڕمـان وایـە کـە موسـاو عیسـاو هـەموو ئـەو پێغەمبەرانـەی لـە لای خـواوە نێردراون بیروباوەڕیـان سـەبارەت زاتـی خوداوەنـد هـەمان بیروبـاوەڕی سـەروەرو بەرێزمان موحەممەدەﷺ، چونکە هەموویان پێغەمبەرو نێردراوی یەك خودان، بـەڵام ئـەم بیروباوەڕە پـاش ئـەوان دەسـتی تێـوەردراو هەڵگێڕدرایـەوە، بۆیـە پێویسـتیان بـە راسـت کردنەوە هەیە، جا پەیامی پێغەمبەرمان ﷺ ئـەو راسـت کردنـەوە تـەواوە بـوو، چونکـە لادانی تەواو لە بیروبۆچوونی زاتی خوداوەند لە جیهاندا لە لایـەك‌و راسـت کردنـەوەی ئـەم لادانە لە لایەکی ترەوە بەڵگەی ئەوەیە نامەی پێغەمبـەر ﷺ لـە لایـەن خـوداوە رەوانـە کراوە. جا ئێمە لێرەدا هەموو باسـەکەی عـەققاد نانووسـینەوە، بـەڵکو لێی هـەڵدەبژێرین، لەگەڵ تێبینی کردنـی ئـەوەدا ئـەوەی دەینووسـین وتـەی خۆیـەتی، هـەر لێدوانێکیش لـە دامێنی لاپەڕەکەدا هاتبێت ئەوە وتەی ئێمەیە.

العقاد دەڵێت:-

بیروباوەڕی خودایی

بیروباوەڕ بە خودا بریتییە لە ترۆپکی بیروباوەڕی ئایینی بە شێوەیەکی گشتگیری تێروتەسەل (مجمل و مفصل -تێکڕایی و درێژە پێدان). کەسێك بیروباوەڕی هەر کۆمەڵێك لە بابەت خوداوە بزانێت ئەوا ڕێژەو بەشیانی لە ئایین بۆ روون دەبێتەوە، کە تا چ رادەیەك خاوەنی تێگەیشتن و ویژدانی بەرزن؟ راستی ئەو پێوانانەش دەردەکەون کە خێرو شەڕی پێ دەپێون، بەم پێیەش چاکەو خراپەکان دەست نیشان دەکرێن. ئەو کەسەی بیروباوەڕی بە خودا بەرز بێت، دینی لە لا نزم نابێت، و دینی بەرز نابێتەوەو بیروباوەڕیش بە خوداوەند نەوی و نزم بێت، ئەمە لەگەڵ سیفەتەکانی یەکەم هەبوودا ناگونجێت کە هەموو بووەکانی تر شوێنی دەکەون.

جا تێڕوانین بۆ سیفەتەکانی خودا گەورەترین بواری پێشبڕکێ لە نێوان گەورەترین عەقڵمەندەکانی خاوەن فەلسەفە هزریەکان و حیکمەتە دینیەکان دەخوڵقێنێ، لێرەدا ئەرك و رۆڵی فەیلەسوف یان پیتۆڵ زۆر سانایی ترە لە ئەرکی حەکیم و خودان ئایینەکان، چونکە فەیلەسوفی تیۆری مەلی بیر کردنەوەی بۆ پێوانە کردن بە هیچ کۆتێکی بەندایەتی کردن و سنوری هەڵس وکەوت نابەستێتەوە کە حەکیمی ئایینی پێوەی پەیوەستە، هەروەها ئەو کەسانەش پێوەی پابەندن کە شوێنیان دەکەون لە ژیانی گشتی و گوزەرانی تایبەتدا، بۆیە لە فەیلەسوفە تیۆرییەکاندا هەیە کە خاوێنی و پاکی خودای بە جۆرێك بەرەو لووتکە بەرز کردۆتەوە کە ئەندێشەو خەیاڵ نایگاتێ، جا چ جای بیر کردنەوەو هەست کردن؟.

ئیسلامیش لە ناوجەرگەی بیابانی عەرەبییەوە هات و بەرزترین و سەروەرترین بیروباوەڕی سەبارەت خوای تاك و تەنیا لەگەڵ خۆی هێنا، کە بیروبۆچوونی فەلسەفەی تیۆری و لە هەمان کاتدا بیرو بۆچوونی باوەڕی ئایینی لادراویشی راست کردەوە، راست

کردنەوەی چەمکی هەر یەك لەم دوانەش –لەرووی کەمو کورییەکانیانەوە بوو– ئەمەش بە گەورەترین موعجیزەو سەراسیمە دائەنرێت کە پێوانـەی خـاوەنی ژیریـی راسـتو بەدیـهیو بێگومانە راستەکان ئەوە دەر دەخەن کە سروشە لە لایەن خوداوە.

کۆڕاییـەك هەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە گوتـراوە: سـیفەتەکانی خـودا گەیشـتونەتە لووتکەی بەرزی لە رووی خاوێنیو داماڵین[٤](التجرید) بە پێی رێبازەکەی ئەرسـتۆیگـەورە فەیلەسوفی یۆنانی.

ئەوانەی خاوەنی ئەم رایەن رێچکەکەی (ئەفلۆتین)یش لە یاد ناکـەن کـە پێشـەوای رێبازی ئەفلاتۆنی نوێو گەورەو شێخی فەلسەفەی سۆفیگەرێتییە لە رۆژئاواییەکان تا ئەم سەدانەی دواییش، بەڵام ئەوان لە بارەی وتەکانیان بـۆ پـاکی وەسـفی خـوای گـەورە هیـچ بـاس ناکـەن؛ چونکـە رێبازەکـەی نزیکـترە لـە بـێ ئاگـایی سـۆفیەتییەوە وەك لـە بیرکردنەوەیەکی ئاشکراو لۆژیکی گونجاو رێتێچوو، رێبازەکەشی لە خاوێنو پـاك راگرتنـدا (التنزیە) ئەوەیە کە زیادە بخاتە سـەر هـەر سیفەتێ لـەو سیفەتانەی خـوای پـێ وەسـف دەکرێ، ئیدی زیادەی دەخاتە سەرەچەندێك لە توانـای زاراوەکـانیدا بێـت، بەڕادەیـەك کـە پەیوەندی دەپچڕێت لەگەڵ هەموو مانـا دیـارو شـارراوەکان، زۆربەشـیان وای دەبینـن کـە (ئەفلۆتین) خۆشی ئەم تێڕوانینـەی نەبووە لەو سیفەتانەی دەینەخشێنن، بەڵکو مەبەسـتی سەرەکی ئەوە بـووە بۆچوونو تەسـەورەکان بگەیەنێتـە ئەوپـەڕی دەستەوەسـانیو بـێ توانایی.

لەوانە ئەو نکۆڵی سیفەتی تاکو تەنیایی (الوحدانیة)ی دەکرد، تا سـیفەتی الأحدیـة بدرکێنێت،و دەڵێ: یەك (واحد) تاك (أحد)[٥] نیـە، چونکـە یـەك دەچێتـە ریـزی ژمارەکـانی دووو سێو دەوە...، بەڵام تاك (الأحد) وا نیە هەرتاکەو دوو بارە نابێتەوە.

---

[٤] ئەمە وەك ئەوەی کە باسی لێوە دەکرێت نەك بەو جۆرەی کە لە راستیدا وابێت، وەك العقائد لەمـەودوا روونتری دەکاتەوە.

[٥] موسڵمانان بە[الأحدية والواحدية]دەڵێن؛ چونکە خودا واحدو ئەحەدە ﴿وإلهكم إله واحد﴾. ﴿قل هو الله أحد﴾.

هەر لەو روانگەیەوەش نکۆڵی لەسیفەتی هەبوون (الوجود)دەکات، تابڵێت: خوداوەند بە هەبوون وەسف ناکرێت، تا خوا لەوە پاکتر راگرین کە سیفەتی نەبوون (العدم) لە بەرانبەریا دەوەستێتو ئەم سیفەتەش بوونەوەرانو بەدیهاتووان تێیدا بەشدارن.

بۆیە نموونەی ئەرستۆ دێننەوە لە پاك راگرتنی خوادا، بەڵام نموونەی ئەفلۆتین ناهێننەوە؛ چونکە رێچکەکەی لە پەرستگای بێ ئاگایی شێواویدا دەپچڕێو دەوەستێ، تێکەڵی ژیانی هزریو پراکتیکی نابێت.

رێبازی ئەرستۆش لەمەڕ خودا ئەوەیە: هەبوویەکی ئەزەلیو ئەبەدیە، تەواوێتی رەهایەو یەکەمو دواهەمینی بۆ نیە،و کارو ویستیشی نیە. لەو کاتەوەی کە کار کردن بریتییە لە داواکردنی شت، خواش بێ ئاتاجە لە هەموو داوایەك،و ئیرادەش: هەڵبژاردنە لە نێوان دوو شت دا، خوای گەورە هەموو گونجاوترین (الأصلح)و باشترینێك (الأفضل)ی لە هەموو تەواوییەك (الكمال) لا کۆبۆتەوە، ئیدی پێویستی بە هەڵبژاردنی نێوان باشو خراپ نیە،و لە نێوان رێزدارو ناڕێز پێدراودا. بەلای ئەرستۆ وایە ناگونجێ بۆ خودا لە کاتدا (زمان) بەکار هەستێ؛ چونکە ئەبەدیو هەمیشەییەو هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایێت کە داخوازی کاری لێبکات، هیچ نوێیەکیشی بەسەردا نایەت سەبارەت هەبوونی رەهای، کە یەکەمینو دواهەمینی بۆ نیە، هەروەها کۆنو نوێیی، هەموو ئەوەی کە لەگەڵ تەواوێتیدا دەگونجێ ئەوەیە کە خۆشنودی بە بەخششی مانەوەی هەیە بەوەی کە هیچ داوایەك (بغية) لە پشتییەوە نیەو هیچ نیعمەتێکیش لە سەرو خوارییەوە نیەو هیچ گرنگییەك (عناية تعنيه) لە سنوورەکەی دەرناچێت.

جا خودای تەواوی رەهای تەواوێتی لای گرنگ نیە (لا يعنيه) کە جیهانو گێتی بخولقێنێ، یان یەکەم ماددەی دروست بکات کە (الهيولى)یە... بەڵکو ئەو (الهيولى)یە توانای هەبوونی تێدایە، کە لە هێزەوە دەری دەکات بۆ کار،کە تاسەی دەرچوونە بۆ بوون لە لایەن خوداوە بەسەریا دەڕژێ، ئیدی ئەو تاسەیە دەیهێنێتە بوون، پاشان لە ناتەواوی کەموکورییەوە دەیگوێزێتەوە بۆ تەواوێتی کە لە توانای سنووریدا هەیە، ئیدی دەجوڵێو

بە پێی ئەو تاسەو توانایەی هەیەتی دەکەوێتە کار،و پــێی نـاگوترێت: ئـەوە لـە دروسـت کردنی خوداوەندە تەنیا ئەوە نەبێ کە بەم پێوەرە بەدیهاتووە.

تەواوێتیەکی ڕەها کار ناکاتو ناشیەوێت کار بکات.

دەشێ گومانی ئەوە ببەین کە لەوانەیە تەواوێتیەکی ئـەوو نـەبوونی ڕەهـا – العدم المطلق– رەهاو نەبوونی رەها وەك یەك وابن...

دەبا باسی ئەرستۆ بکەین کە پێش هەموو شتێ ئەو خاوەنی ئەو بۆچوونە بوو[٦].

با وای دابنێین کە ئەو عەقڵە مەزنەی هەیەتی بـەو کەسـەی ئەبەخشـێ هەسـت بـە تواناکەی بکات، کەس ناوێرێ رەخنەو سوکایەتی پێ بکات پێش ئەوەی هـەوڵی خـۆی لـە داوای لێبوردنکردنـدا بچوێنێـــت بــە هــۆی نــەفامی ئــەو زەمەنــەی ئــەو تیــایدا ئــەژیاو کەمتەرخەمی بیرو هزری دەورووبەرەکەی تەنیبوو؛ نەك بە لایەنی نـەفامیو کەمتەرخـەمی بیر کردنەوەی ئەوەوە؛ ئەویش هەرگیز لە بیر کردنەوەکانیدا ئەگەرێکی پێش نـەهێناوین ئەگـەر نەیگەیاندبێتـە ئـەو پـەڕی مــەوداکانی،و پێداویســتیو بەربەســتەکانی بــە ئاکـام نەگەیاندووە هێندەی لە توانای مرۆڤدا هەبێت لە ئەنجام گەیاندنی.

با بڵێین ئەوە ئەرستۆیە؛ بۆ ئەوەی باسـی ئـەو عەقڵە دەگمەنـە بکـەین کـە کـەمو کوڕی لە تێڕوانینی سیفەتە بەرزو بڵندەکـاندا نـەبووە؛ بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لـە زەمـانێکدا ژیاوە کە مەعریفە نەیتوانیوە کەوا تایبەتمەنیەکانی بوونەوەری زەوی "نـەوی – السـفلی" ئاشکرا بکات کە هەستی پێ دەکەینو لە دوو توێیدا دەژین، جـا گـەر ئـەو بیزانیایـە ئـەو سیفەتو نیشانانە چین کە ئەو هەیەتی ئەوا ئـەو کاتـە لـەو پـەڕی کـەماڵی بەرزایـەتیدا رای

---

[٦] ئەرستۆو ئەوانی تریش سەبارەت حەقیقەتەکانی بوون وەك منداڵ وان، گەر لەگەڵ پێغەمبـەراندا علیـهم السلام بەراورد بکرێن.

خۆی دەگوت، نەك ئەو ڕایانەی کە لەسەرچاوەی گومانەوە هەڵقوڵاون‌و پێوانەکەیان لەسەر هیچ پێوانە کراوێك دانەمەزراوە [٧].

وا لە کەماڵی بوونەوەرە بڵندەکانەوە[ئاسمانیەکانەوە] تێدەگەیشت کە بوونەوەری هەمیشەیین‌و دەمێننەوەو لە ناو ناچن؛ چونکە لە ڕووناکی دروست بوون‌و ڕووناکیش سانایەو تووشی لەناوچوون نایەت، وەك چۆن بەسەر ماددە پێکهاتەییەکانا دێت.

جا گەر ئەرستۆ تا ئەو کاتە بژیایەو بیزانیایە ماددەی زەوی – نەوی– هەمووی لە ڕووناکییە،و ڕەگەزەکانی ماددەش هەموو دەگێڕدرێنەوە بۆ گەردەکان‌و کارەبا، ئەم گەردو کارەبایانەش پەرت دەبن‌و دەبنە تیشك؛ ئەو کاتەش زەن و گومانی پێوانەکانی تووشی ئەو هەڵەیەی نەدەکرد، جیاوازی نێوان پێداویستی مانەوەو پێداویستی لەناوچوون، یان لە نێوان تایبەتمەندییەکانی ساکاری‌و تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەیی (خصائص الترکیب) دایە.

دەبوو دەرك کردن بە هەڵەکانی لە تێگەیشتن لە پێداویستییەکانی سادەیی‌و کەمالیی، و پێداویستییەکانی مانەوەو لە ناوچوون، وای لێ بکردایە بۆچوونە هەڵەکانی سەبارەت تێڕوانینەکانی لەمەڕ پێداویستییەکانی کەماڵی خودایی ڕاست بکردبایەوە، ئەوجا لە عەقڵیدا هیچ ڕێگرێك پەیدا نەدەبوو لە بارەی کۆکردنەوەی یەك کەمال لە چەند سیفەتێکدا وەك سیفەتی پیرۆز لە تێڕوانینی ئیسلامدا خوای پێ وەسف دەکرێت، وەك میهرەبانی‌و بەخشین‌و هێزو تواناو کارو ویست، و هیچ ڕێگرێکیش نیە لە هۆشیدا بەرانبەر ئەم سیفەت‌و پێداویستی‌و داخوازیانە، چونکە هیچ هێزێك نیە بێ بوونی هێزسەپێنێك بەسەریدا، دڵ فراوانییش (کَرَم) نایەتە دی بێ بەخشین، ویستیش بەبێ هەڵبژاردنی نێوان دوو شت نایەتەدی، جا گەر خوای گەورە شتێك هەڵبژێرێت ئەوا لەبەر زاتی خۆی نایەوێت،

---

[٧] ئەگەر ئەرستۆ لەگەڵ ئەم نەفامییەیدا یەکەم مامۆستا بێت وەك دەڵێن؛ ئیدی چۆن دێت بە بیری مرۆڤدا کە شوێن کەوتەی پێغەمبەران گوێ بۆ وڕێنەو هەڵەکانی خەڵکانی تر بگرن.

بەڵکو بۆ بەندەو بەدیهاتووەکانیەتی، کە زۆر حاڵەتی بۆ دەگونجێت لە بارەی ماف خوداوە ناگونجێت، جا گەر خودا شتێکی دروست کرد لە زەمانێکدا ئەوا نابێت لـە تـێڕوانینی هـەتا هەتایی خوداوە تەماشای ئەو شتە بکەین، بەڵکو دەبێت تەماشـای ئـەو شـتە بەدیـهاتووە بکـەین لـە زەمانەکـەی خۆیدا، پاشـان هـیچ ڕێگرێـك نیـە لـە بـەردەم ژیرییدا کـە ویسـتی ئەبەدییەتی خوای پێوە پەیوەستە بەو جۆرەی لە هەر زەمانێکدا بێت.

تێگەیشتنی ساکاری هەتا هەتایی و مانەوەیی لای ئەرستۆ ئـەوە نیـە کـە ئـەمڕۆ لـە بوونەوەرە زەمینیە نەوییەکان هەستی پێ دەکەین جا چ جای بۆ چوونی کەمالی ڕەهـا لای ئێمە، وەك ئەو بۆچوونەی ئەرستۆ بێت کە بە نەبوونێکی ڕەهای چواندووە، نەکارکەرو نـە ویستخوازو نەزانا بێت بە نیعمەت و بەخششەکانی خۆشبەختی... ڕازی بێت بەوەی کە ئەو نیعمەتبەخشی گوشادە.

بـەم پێیـە بۆمـان هەیـە بپرسـین: ئایـا ئەرسـتۆ بـە داماڵاندنـە فەلسـەفییەکەی توانیویەتی پلەی کەمالی بەرزو بڵندی بگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی کـە موسـڵمان لـە عـەقیدەی ئایینەکەی پەی پێ بردووە؟.

بە یەقین و دڵنیاییەوە دەڵێین: نەخێر خودا لە ئیسلامدا بێ نیازە بە خـەڵك و جـێی نیازی هەمووانە و یەکەمینە و کۆتایی بۆ نیە، نموونەی بەرزێتیش هەر شایستەی ئەوە، هیچ شتێك وەك ئەو نیە و پەی بە هەموو شتێك دەبات.

پـاش ئەمـە ئـەوە مـاوە بپرسـین: ئایا عـەقیدەی ئـایینی کـەمتر پـەی بـردووە بـە بۆچوونی پاکێتی (التنزیە) وەك لە بیرۆکە فەلسەفییەکاندا؟

لە وەڵامدا دەگوترێت: نەخێر! بەڵکو ئـایین لـێرەدا فەلسـەفەیەکە ڕاست تـرە لـەو فەلسەفەیەی بەو جۆرە دەڵێـت، گـەر بـە پێوانـەی فەلسـەفەی ڕاسـت و دروسـت بیپێوین، چونکە سیفەتەکانی خودا کە لە عەقیدەی ئیسلامیدا هاتووە لەوە دەرنـاچێت کـە نـەرێی ئـەو کـەم و کوڕیانـە بکـات کـە لـە حـەقی خـوادا نـاگونجێن، هـەروەها هـەژمار کردنـی کەموکوڕییەکانیش نابێتە هۆی پێداویستی هەژمار کردنی کەمالی ڕەها کە تاکڕەویی تیایەو

نایەتە هەژمار کردن. چونکە کەماڵی ڕەها یەکە، بەڵام کەمو کوڕییەکان زۆرن، بە تەنیا ئەو یەك کەماڵو تەواوییە هەمووی نەریّ دەکات، باوەڕی موسڵمانیش بە اللهی زاناو بە توانـاو کارلەجێ(بەوەی دەیـەوێ) بەخشەرو میهرەبان، ئـەوە دەگەیـەنێت کـە پـەروەردگار لـە هەموو نەزانینو دەستەوەسانیو نکۆڵیو بیّ ئاگاییەك دوورە، چونکە ئەو تەواوو پاکـە لـە هەموو کەموکوڕییەك، داخوازییەکانیشی ئەوە دەخوازێـت کـە کارکـەرو بەدیهێنـەر بێـت،و ئەوەی دەیەوێت بۆ بەدیهاتووەکانی مەبەست بێت، داخوازی کـارو بەدیهێنانیشـی ئەوەیـە کە دوور بێ لەو (گۆشەگیرییە شادە –العزلة السعيدة) کە ئەرستۆ لە بابەتی دامـاڵینو پـاك ڕاگرتنەوە بە هەڵە لێکی داوەتەوە. ئەو شادە[8] بە نیعمەتی کەماڵ، شـادمانە بـە نیعمـەتی بەخشینەکانی، بەسییەتی (کیفایتە)بۆ زاتی بڵنـدی خـۆی ڕێ لـەوە نـاگرێت کـە هـەبوونی پێویستو بەسییەتی بەندەکانی بدات لە کاتێکی دیاری کـراودا، یـاخود لـەو بوونـە دیـاری کراوەی کە بەرەنگاری بوونی خودا ناکات لە بابەت ئەبەدیو بیّ سەرەتاییو کۆتـاییو بـیّ هاوەڵو هاوشێوەیی.

و لە سیفەتەکانی خودا لە ئیسلامدا، لەوەی کە دەبێتە وەڵام بۆ فیکـرەو بۆچوونـی الله لە فەلسەفەی ئەرستۆدا هەروەك چۆن دائەنرێت بە وەڵامی خاوەن لێکدانەوەی ئایینە کتێبدارو بیّ کتێبەکان ئەوەیە: خودا لای ئەرستۆ خۆی ئاقڵ دەکات بـەڵام نـاتوانێت جگـە لـە خـۆی ئـاقڵ بکـات، پـاك دەبێتـەوە لـە ویسـتو داخـوازی چونکـە ویست بـە ڕای ئـەو داواکارییە، خوداش تەواوەو هیچ شتێك جگە لە خۆی داوا ناکات، مەزنترەو پەی بە هەموو زانستە هەمەکیو هەندەکییەکان بردووە، چونکـە وای دادەنێت ئەمـە لـە زانسـتی عـەقڵی ئادەمیزادە، ماناش لە بەدیـهێنان بـەزەییو دڵ ڕەقـی نیـە... چونکـە بەدیـهاتووەکان لـە

---

[8] گوتەی (بەختەوەری) بۆ خودا وشەیەکی فەلسەفی‌یە، لە زاراوەی ئیسـلامی‌دا بـەکار نـەهێنراوەو بـەکار ناهێنرێت.

پێشترن بەوەی داوای کەمال بکەن بە هەوڵدان بۆی، بەڵام لە ئیسلامدا خودا زانای پەنهان و ئاشکراکانە.

﴿وما يعزب عن ربك من مثقال ذرة﴾ يونس/ ٦١.

واتە: و هیچ شتێك لە زەوی و ئاسمانەکاندا لە پەروەردگارت ون نابێ، بە ئەندازەی تۆزقاڵێك نە چکۆلەتر لەوەو نە گەورەتر لەوە.

﴿وهو بكل خلق عليم﴾ يس/ ٧٩.

واتە: ئەو بە هەموو بەدیهاتوویەك زاناو ئاگایە.

﴿وما كنا عن الخلق غافلين﴾ المؤمنون/ ١٧.

واتە: و لە مەخلوقی خۆمان غافڵ نین.

﴿وسع ربنا كل شيء علما﴾ الأعراف/ ٨٩.

واتە: ئاگاداری پەروەردگارمان هەموو شتێکی داگرتووە.

﴿ألا له الخلق والأمر﴾ الأعراف/ ٥٤.

واتە: ئاگادار بن کە بەدیهێنان و تەگبیری (جیهان) بۆ ئەو (خواو بە ئەمری ئەو)ە.

﴿عليم بذات الصدور﴾ فاطر/ ٣٨.

واتە: بەڕاستی خوا زانا بە دڵ و نێو سینەیە.

هەروەها ئەو خاوەن ویست و کارلەجێیە بەوەی دەیەوێت.

﴿وقالت اليهود يد الله مغلولة غلت أيديهم ولعنوا بما قالوا بل يـــداه مبســـوطتان﴾ المائدة/ ٦٤.

واتە: و یەهودیان وتیان: دەستی خوا گرێ دراوە، دەستی ئەوان گرێ درێ، و لەبەر ئەم قسە وا دەیکەن لە رەحمەتی خوا دوور بن، (وا نیە) هەردوو دەستی (وزەی) خوا ئاواڵەیە.

جا لەم ئایەتەدا وەڵامی ئەو جولەکە عەرەبانە دراوەتەوە کە تایبەتە بە بۆنەیەکی دیاری کراو، ئەویش زەکات و صەدەقەیە، وەك چۆن لە وتەی هەندێك لە راڤەکاراندا هاتووە

بەڵام وەڵامیشە بۆ هەموو ئەوانەی ویستی خوا دەبەستنەوە لە هەر بارێك لەبارەكانەوە بێت، دووریش نیە لە نێو جولەكەكانی دوورگەی عەرەبی كەسانێ هەبووبن ئامـاژە بـە یەكێ لە گێڕانەوە فەلسەفییەكانی ئەرستۆیان كردبێ لەو بارەوە.

قورئان ئاماژەی بە جیاوازی نێوان ئایینە جۆراوجۆرەكان كردووە، لەوانە ئەوەی لە سورەتی (الحج/١٧)دا هاتووە:

﴿إن الذين آمنوا والذين هادوا والصابئين والنصارى والمجوس والذين أشـركوا إن الله يفصل بينهم يوم القيامة إن الله على كل شيء شهيد﴾.

واتە: بەڕاستی كەسانێ كە بڕوایان هێناوەو كەسانێ كە بوونەتە جولەكەو سائبینو مەسیحیو زەردەشتی (مەجوس ١١ سەدە بەر لـە زایینی سـەری هـەڵداوە)و ئەوانـەی كـە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، خوا لە ڕۆژی بەرێ لە نێوان ئەواندا داوەری دەكاو هەق لە باتڵ جیا دەكاتەوە، بەڕاستی خوا لەسەر هەموو شتێك حازرو ئاگایە.

لە سورەتی (الأنعام/٢٩)یشدا ئاماژە بە دەهرییەكان كراوە: ﴿وقـالوا إن هـي إلا حياتنا الدنيا وما نحن بمبعوثين﴾.

واتە: و وتیان: بێجگە لە ژیانی دونیا، ژیانی تر نیە،و ئێمە زیندوو نابینەوە.

ولە سورەتی (الجاثية/٢٤)دا هاتووە: ﴿وقالوا ما هي إلا حياتنا الدنيا نموت ونحيا وما يهلكنا إلا الدهر وما لهم بذلك من علم إن هم إلا يظنون﴾.

واتە: و ئەوانە وتیان: بێجگـە لـە ژیـانی ئـەو دونیایـەمان، شـتی تـر لـە كـاردا نیـە، دەستەیەك لە ئێمە دەمرنو دەستەیێتر جێگای ئەوان دەگرنەوە، بێجگە لە ڕۆژگـار شـتی تر ئێمە لە ناونابا،و ئەوان بەو قسە كە دەیڵێن بڕواو یەقینیان نیە، بەڵكو تەنیا گومانی بێ بنەڕەتیان هەیە.

كەواتە بیری ئیسلام سەبارەت ﷲ بیری تەواوكاری هەموو ئـەو بیرۆكـەو بـۆ چونـە زۆر و پـەرتو بڵاوانەیـە كـە لـەو بیروبـاوەڕە ئاینیانـەدا هەیـەو هـەروەها لـەو ڕێچكـە فەلسفەیانەدا لەدەوری دەخولێتـەوە؛ لەبـەر ئەمـە نمونـەی بـەرزێ لـە سـیفەتەكانی زاتـی

خوادا گەیشتۆتە رادەیەك، لـەناواخندا راسـتکردنەوەی ویژدانـەکان و ئەقڵـەکانی لـە خۆگرتووە، بە جۆرێك کە شایستەی کەماڵی خوداوەند بێت، بە سۆنگەو پێوانـەی ئیمـانی و تێڕوانین و پێوانە کردنی.

ئیدی بیری مرۆڤدانەندرێت بە یەکێك لە هۆکارەکانی گەیشـتن بە ناسینی ﷲ لـە ئیسلامدا، هەرچەندە رێ پیشاندان هەمووی لەلایەن خوداوەیە.

و سەرجەم ئەوەی دەگوترێت سەبارەت بیروباوەڕی زاتی خودایی کە ئیسلام باسی کردووە ئەوەیە: زاتی خودایی لەو پەڕی تەواوێتی و رێزدارترین سیفەتەکاندایە لـەوەی کـە نایەت بەعەقڵی مرۆڤدا. ئیسلامیش وتەی یەکلاکەرەوەی هەیە سەبارەت کێشـەی مانـەوەو لە ناوچوون لەم بارەوە. عەقڵ سەبارەت هەبوونی هەمیشەیی و هـەبوونی لـە نـاوچوون لـە بۆچوونـی بیروبـاوەڕی ئیسـلام زیـاتر نـاڵێت، چونکـە عـەقڵ ناتوانـێ تصـوری دوو بوونـی هەتاهەتایی بەدینەهاتوو بکات، بـەجۆرێك یـەکێکیان رووتکـراو و دامـاڵراو (مجـرد)، ئـەوی تریان مادده بێت، و ئەو دووانەش هیچیان سەرەتاو کۆتاییان نەبێت.

بەڵام عەقڵ تەصەوری بوونێکی ئەبەدی ئەکات کە هەبوونێکی زەمەنی بـەدیبێنێت، یان تـصوری هـەبونێك دەکـات هـەر بـەردەوام بێـت، تـەصوری هـەبوونێك دەکـات کـە لەماوەیەك دەست پێ بکات و لە ماوەیەکی تری زەمەنی تەواو بێت.

لە کۆنەوە ئەفلاتۆن گوتویەتی – لەمـەدا راسـتی گوتـووە–: زەمـان لاسـایی کـارو گێڕانەوەی هەتا هەتایی نیە.. چونکە ئەو بەدیهاتووەو بەڵام هەتاهەتایێتی: بەدێهاتوو نیە.

کەواتـە مانـەوەی بەدیـهاتووەکان مانەوەیـە لـە زەمـەندا، بـەڵام مانـەوەی بەدیهێنەرمان، مانەوەی هەمیشەیی و هەتاهەتاییە کە نەڕابوردوو ئێستاو داهاتوو نـاتوانێت سنووری بۆ بکێشێت و لەبەردەمیا ببێتە ئاستەنگ.

چونکـە هـەموو ئەمانـە لـە سـنووری جوڵـەو گواسـتنەوەی بۆچوونـی ئـەوەی لەناوچوونـەکانن، کـە جوڵـەو گواسـتنەوە سـەبارەت بەدیهێنـەری هـەتا هـەتایی رێی تێناچێت.

اللّٰه بەجۆرێکە: ﴿الحي الذي لا يموت﴾ الفرقان/٥٨.

واتە: هەمیشە زیندووەو قەت نامرێ.

﴿وهو الذي يحي ويميت﴾ المؤمنون/٨٠.

واتە: و ئەو زاتێکە زیندوو دەکاتەوەو دەمرێنێ.

و ﴿كل شيء هالك إلا وجهه﴾ القصص/٨٨.

واتە: هەموو شتێك تیا دەچێ مەگەر تەنیا زاتی پاکی ئەو نەبێ.

جا هەر چەندێك پلەی خاوێنێتی هزرو بیری خودایی لە ڕێبازەکەی ئەرستۆدا بەرز بێتەوە، وەك چۆن هەندێك لێی دواین، یاخود ڕێچکەی مامۆستاکەی ئەفلاتۆن کە هەندێك ئاماژەمان پێدا، ئەوا ئەم پاك کردنەوە فەلسەفییە[٩] نزیکترە لەوەی کە لە خەیاڵو ئەندێشەیەکی هەڵچووەوە هەڵقوڵابێت، سەبارەت بیروباوەڕی خودایی کە لەنێوان کاهنو پەرستشە یۆنانیەکاندا تەشەنەی کردبوو.

بێگومان وێنەی "جۆبیتێر" کە لای ئەوان خوای خواکانە، نزیکتر بوو لە وێنەی شەیتانەوە،وەك لە خوایەکی پاكو بێ لەکە، هەرچەندە وەسفی پاکڕاگرتن لای ئەوان نەگەیشتۆتە رادەی کەماڵی پێویست.

"جۆبیتێر" رقاویو بوغزنو توندو تیژ بوو، سەرقاڵی ئارەزووەکانی خواردنو دڵداری بوو، هیچ گوێی بە کاروباری خواکانو بەدیهاتووەکانی تر نەئەدا،تەنیا پاراستنی دەسەڵاتو رۆچوونی لە زوڵمو ستەمدا نەبێت، تورە دەبوو لە"أسقولاب" کە خوای پزیشکێتی (الطب) بوو، چونکە نەخۆشانی تیمار ئەکردو بێ بەشی ئەکردن لە وەرگرتنی ئەو باجانەی لەسەر گیانی مردووەکان لەسەر زەمینەوە دەگوێزرانەوە بۆ ناخی کەوتنە خوارەوەی ناو ئاگر،و لە "برۆمثیوس" تورە دەبوو کە خوای مەعریفەو پیشەسازی بوو، چونکە خەڵکی فێری بەکارهێنانی ئاگر دەکرد،و مەعریفەی بە جۆرێك بەکار ئەبرد کە هێزێکی لێ

[٩] لەگەڵ ئەمەشدا شتێك بوو لە لایێو هەتڵە بوون.

پێك بێنێو بەرەنگاری هێزی خواکانی پێ بکات، بۆیە بە سزایەکی هەمیشەیی حوکمیدا، تەنانەت بە مردنو دوور خستنەوەشی لە ریزی خواکاندا رازی نەبوو، بەڵکو هونەری بەکار دەهێنا لە دۆزینەوەی جۆرەها سزا بۆی، بە کێوێکی سەختەوە بەستییەوەو باڵندە گۆشت خۆرەکانی بۆ ئەنارد تا جەرگی هەڵدڕنو بیخۆن بە درێژایی رۆژگار،کە شەویش دادەهات چاك ئەبووەوە، ئیدی لە دوای رۆژهەلاتن بە هەمان دەرد ئەچووەوە.. بەم جۆرە بە بەردەوامی لە سزادا بوو، بێ هیچ تکاکارێكو داواشی لێ وەرنەدەگیرا. لەو گێڕانەوەشدا کە شاعیرو فەیلەسوف (هزیۆد) لە بارەی هۆی توڕەبوونی خوداکە لە (برۆمیثوس) روونی دەکاتەوە: ئەوەیە کە ئەو بەشە گۆشتەی لە خۆراکی شایی خواکاندا بە جۆرێك بۆی دانابوو ئێسکی زۆر تێکردبو وکەمتر گۆشتو چەوری بۆ دانابوو، (جۆبیتێر)یش وای زانی کە بە هۆی مەعریفە زانینو زیرەکییەکەیەوە خۆی بەسەردا دەسەپێنێ، چونکە لە نێوان خواکاندا بە مەعریفەی فراوانو زیرەکییەکی باش ناوبانگی دەرنەکردبوو کە خوا گەورەکەش بەم جۆرە ناوبانگی دەرکردبوو. نابێت ئەوەش لە یاد کەین ئێمە کاتێك باس لە خوا گەورەکە دەکەین ئەوا لە (هزیۆد)ی شاعیرو فەیلەسوفەوە وەرمان گرتووە، زۆریش هەوڵی داوە "جۆبیتێر" بە پاكو بێ لەکەیی رابگرێو لە بەرگێکی پیرۆزو گەورەییدا بە خەڵکی نیشان بدات، کە لەگەڵ خوایەکی پەرستراو بگونجێت دوای بەرز بوونەوە لە پەرستندا لە ئایینی یۆنانیە کۆنەکاندا.

لەمەدا گێڕانەوە جیاوازەکان لە (جۆبیتێر)ەوە گێڕاویانەتەوە کە فێڵی لە (هیرة)ی خێزانی دەکردو خوای هەوری رەوانە دەکرد بۆ سەرپەشتی کردنی خۆر لە کاتی هەڵهاتنیدا، لە ترسی هەڵنەکردنی (غیرة) لای خێزانەکەی لە کاتی هاتنی رۆژدا،و موفاجەئە کردنی لە نێوان دڵدارەکانیدا لەسەر عەرشی (ئۆلمپ).. جارێکیان خێزانەکەی لە ناکاوێکدا دەیبینێت پێی (جانیمید)، کە شوانێکی قەشەنگی مەڕو ماڵات بوو، لە چۆڵەوانیدا ماچ دەکات ئیدی دەیباتو بەرزی دەکاتەوە بۆ ئاسمان... ئیدی (جۆبیتێر) نەیتوانی خۆی لە

تـاوانی سـەرقاڵ بوونـی بـە قاچییـەوە بشـارێتەوە، بۆیـە بـۆ خێزانەکـەی نـەفامی خـۆی دەرخست سەبارەت کۆکردنەوەی لەززەتی نێوان تامی جامێکو تامی لێودا.

نموونەیێ نەتەوە پێشینەکانیش وەکو یۆنانیەکانە؛ کە دوورییەك هەیە لە نێوانیاندا، لەنێوان وێنەی خودا لە حیکمەتی فەیلەسوفەکانو ڕێو ڕەسمی کاهینو پەرستشکارەکان.

هندییـە کۆنـەکانیش پـەرستگاو جێگاکانیـان جۆرەهـا خوداوەنـدی لێبـوو: لەوانـــە ئەوانەی پەیوەندی هەبوو بە ئاژەڵو ڕەگەزەکانی سروشت، ئەوانەی پاشـکۆی ڕەچەڵـەكو بتەکان بوون، و زۆرجار لە مجێور داوا دەکرا کە لێیان نزیك بێتەوە بە بێ ڕەوشـتی پـیرۆز (البغاء المقدس)و رشتنی خوێن (سفك الدماء).

ئەم خوداوەندە جۆراوجۆرانەبە سێینە (الثالوث)یەکی هەمیشەیی کۆتایی هات کـە سـێ وێنـەی خوایـی دەگرێتـەوە: ئـەوانیش "براهمـا"ی خـودا لـە وێنـەی بەدیهێنەردایـە، "فشنو"ی خودا لە وێنەی پارێزەردایە، "سیفا"ی خودا لە وێنـەی روخێنەردایـە... ئیـدی کاری روخانو خراپەکارییان تایبەت کردبوو بە خوای هەرە مـەزن کـە ئـەم کـارە دەگرێتـە ئەستۆ کاتێك لەو بەرگەدا خۆی بۆ بەندەکانی دەنوێنێت.. لەگەڵ ئەمەشدا شـتێکی تریـان زیاد کردبوو ئەویش ئەوە بوو کە بۆ هەر خوایەك پەیوەستێك "قرینة"یان دانـابووو ناویـان نابوو "الشاكتي" یان خێزانو هاوڕێ، هێندە شەڕو خراپەیان ئەدایە پـاڵ کـە ئـەوەندەیان بە پەیوەستو هەڤاڵەکە نەدەگووت.

جا ئەم خوداوەندانە ئەوەندە ماوەیان دوور نیە لەگەڵ وێنەی شەیتانو دێوەکـانو ڕۆحە پیسەکاندا کە لە کۆنترین ئایینەکاندا هـاتووە، جـا گـەر بـە پلـەکانی پـاك بوونـەوەو داماڵین (التنزيه والتجريد)[10]دا سەربکەوین ئەوا لە لوتکەکەیدا دەگەینە دوو وێنەی جیـاواز: یـەکێکیان وێنـەی "الكارمـا"یـەو ئـەوی تریـان "النرفانـا"یـە، هـەردووکیان لەمـەڕ مانـا

[10] کاتێك عەقائد لەمەڕ پاکڕاگرتنو داماڵین لە لای نەتەوەکان دەدوێت، مەبەستی لەوە ئەو پاك ڕاگرتـنو داماڵینە ڕێژەییەیە کە عەقلی ئەو ئوممەتانە لـە حاڵـەتێك لـە حاڵـەتـەکاندا گەیشـتویەتیێ، نـەك ئـەو پـاك ڕاگرتنو داماڵینەی کە پێویستە بێ، چونکە ئەوە تەنیا لای موسڵمانانە،وەك لە وتەکەیدا دەردەکەوێت.

هزرییەکانەوە حیسابیان بۆ دەکرێت، کەمو دەگمەن بۆ وەسـف کردنـی زاتـی خـودا بـەکار دێـت. کارما ئـەو قـەدەرە زاڵـەیـە لەسـەر هـەموو شـتـە هـەبووەکان، لەوانـە خوداوەنـدو تەنەکانی ئاسمان. ئەم قەدەرەش لە راستیدا حاڵەتێکە لە حاڵەتە گشتییەکان، دەتوانین مانای لێبکەین بەوەی کە ئەوەیە (پێویستە) یـاخود ئـەو دۆخـە بەرپابووەیە بـە باشترین نموونەو شێوەوە، ئەو قەدەرەی کە بەکارما ناو دەبرێت ئەو خودایە نیە لای ئەوان کـە بـە سیفەتە زانراوەکان وەسف کراوە، بەڵام هاو واتای وشەی "پێویستێتی –الإنبغاء–"ە یـان وشەی (ئەرك– واجب)ە، وەك چۆن لە رووداوو هەبووەکاندا واجب کراوە.

(نرفانا)ش حاڵەتێکی گشتییە وەك کارما بەڵام ئەمیان لە نەبوونـەوە نزیکترە وەك لە هەبوون، چونکە بەو حاڵەتە دەگوترێت کە هـەموو گیـانێك کۆتـایی پـێ دێـت کـاتێك لـە نارەحەتی بوون تەواو دەبێت، ئەوسا راماڵ دەبێت لە خەریك بوونـە لاشـەیی‌و گیانیـەکان، ئەوا لەم حاڵەتی (نرفانا)یەدا گیانی خوداوەنـدو ئـادەمیزاد وەك یـەك دەبێـت، هەرچـەندێك شادمان بێت بە نیعمەتی نەمری هەست پێ نەکراوو نەبینراو.

ئێمە لەم چەندلاپەڕە کەمـەدا نامانـەوێت وێنـەی خوداوەندو پـەروەردگار لـە لای سـەرجەم نەتـەوەکانی شارسـتانیە یەکەمـەکان بخەینـە روو، بـەڵکو تـەنیا بـە چـەند نموونەیەکی بەڵگەدارەوە دەوەستین کە پلەی بەرزی پاك راگرتن لای ئەوان دەردەخـات،و ئـەو نـزم بوونەوەیـەی تووشـیان هـاتووە سـەبارەت تێڕوانینیـان بـۆ زاتـی خوداوەنـد لـە بەلاشەکردن‌و لێکچواندن‌و تێکدان، بۆ ئەوەی زیاتریش عادات‌و خوو باوی پێشینەکان لەم رووەدا روونتر بکەینەوە ئەوا پێویستە ئەم نموونەیەش باس بکەین لە پاڵ ئەوەی یۆنـانی‌و هندییـەکاندا، ئـەویش نموونـەی ئـاییـنی میسـرییە کۆنەکانـە، لـە کۆنـترین سـەردەمی فیرعەونەکانەوە تا سەردەمی ئایینە پەڕاوییەکان، ئـەویش –واتـە ئـاییـنی میسـری کـۆن– پێشکەوتوو ترین ئایینە کـە لـە یەکتاپەرستیی‌و پـاکڕاگرتندا گەیشتبێتێ، هەرچـەندە لـە

پەرستشە بەناوبانگو بڵاوەکانیدا هەندێك جار دەگاتە رادەی ئایینە پێشینەکان لە پەرستنی (سنجاق)[11] و بت،و پەرستنی گیانە پیسەکانو شەیتانەکان.

ئایینی میسرییە کۆنەکان گەیشتە رادەیەکی بڵند لە یەکتاپەرستییو پاکڕاگرتندا بە تایبەتی لە ئایینی (آتون)دا کە موژدەی پێدرا بۆ فیرعەون کە دەگێڕدرایەوە بۆ (ئەخناتون).

لە نوێژە پارێزراوەکانی (ئەخناتون)ی بەردەستمان، کە نوێژی بۆ یەك بەدیهێنەر دەکرد، نزیکە لە سیفەتدا بگاتە رادەیەك ئەو خوا بەدیهێنەرەی کە خواناسەکانی شوێنکەوتەی ئایینە پەراوەکان نوێژییان بۆ دەکرد، گەر ئەو نامۆ بوونو لادانەی تیا نەبوایە لە پەرستنی بێباوەڕیی کە پابەند کرابوو بە پەرستنی خۆرەوە، کە ئەم جۆرە خۆرە دنیاییەش رەمزو هاومانای ناوی بوو لە زۆربەی نوێژەکاندا.

۞۞۞

ئەم گەواهیدانە لە مێژووی کۆنەوە، گەواهی دانی نموونە هێنانەوەیە نەك گەواهی ژماردنو بەش کردن، لە دەلالەتو ئاماژەکردنیشدا بەسە بۆ ئەوەی نموونە بۆ پاکڕاگرتنی بیری خوداوەند لە نێو نەتەوەکانی مێژووی کۆندا بهێندرێتەوە، چونکە بەڵگەیە لەسەر پلەی گەیشتنی بیری خودایی پاك لە پێشکەوتووترین شارستانیە یەکەمەکاندا، کە ئەوانیش شارستانێتی میسریو هندیو یۆنانیە.

کۆی تێبینی سەبارەت بە پاکڕاگرتنی بیری خوداوەند لای پێشینەکان ئەوەیە کە؛ پاکڕاگرتنێکی تایبەت بوو، کورتی هەڵهێنابوو لەسەر کۆمەڵێکی کەمی بیر مەندو هۆشمەندەکان کە لە نهێنی ئایینەکانیان دەزانی.

---

[11] ئەو گیانانەن دەچنە شێوەی شتی ترەوە. وەرگێڕ

پاش ئەمەش تێبینی ئەوە دەکرێ، ئەو بە پـاك ڕاگرتنـە هـەموو کـاتێك لـە لاوازیو کەمو کورتی بەدەر نەبووە کە ژیریی وای ببینێ، ئەمەش وای لێدەکات لەبارو شیاو نەبێت بەتایبەتی کۆمەڵێك بیکەن بە ئایینی خۆیان.

بۆ نموونە لە ئایینی میسرییەکاندا بـیری یەکتاپەرستیی لە ژەنگو ژاری بێباوەڕیی بەدەر نەبوو، پەرستنی خۆر دیاردەیەکی کاریگەر بوو لە پەرستنی (آتون)دا.

ئـاییني هندییـەکانیش خـەڵکی فـێری بڕواهێنــان بــە زاتــی خــودا نــەدەکرد کــە سیفەتەکانی ئاشکران، هیچ پەرستراوێکیشیان لە کارماو نرفانا لا ڕێـزدار تـر نـەبوو، ئـەو دووانەش بە واتا هزریو ناوەکییەکان نزیکترن لە بوونەوەرە زیندووەکـان، (نرفانـا)ش کـە یەکێکیانە، لە فەناو لە ناوچوونەوە نزیکترە وەك لە مانەوە.

و پاك کردنەوەی فەلسەفیی کە حیکمەتی یۆنانیی لــە ڕێبازەکـەی ئەرستۆدا پــێی گەیشت، تەنانەت نزیکە لــەوەی بگاتــە ئــەو رادەیــەی تــەواوێتیو کـەماڵی ڕەهـا بداتـە پـاڵ نەبوونو عەدەمی ڕەهاوە، ئیدی وێنەی خوایەکمان پێ نیشان ئــەدات کـە شایستـەی بـڕوا پێ هێنان نیەو بە پێی ڕۆشنایی بۆچوونی دروستیش جێی قەناعەتو متمانە نیە لەســەر ڕۆشنایی تێگەیشتنێکی دروستەوە.

هیچ کام لەمانە لە بـە پـاك ڕاگرتـنی خـودادا نەگەیشـتوونەتە ئـەو ئاسـتەی ئـاییني ئیسلام هێناوێتیی، کە گونجاو بێت لە بڕواپێهێناندا لە عەقیدەیەکی ئایینیو گونجاوبێ لـە وەرگرتنی ڕێبازەکانی هزریدا.

هەر وەك زانراوە ئاییني ئیسلام سێیەم ئاییني بەناوبانگە لـە نێـوان ئایینـە خـاوەن کتێبەکان، پلەو شوێنی لە نێوان زانستی بـەراوردکاری ئایینـەکاندا پەیوەسـتە بـە شـوێنی دوو ئایینەکەی دیکەوە کە ئەوانیش موساییو مەسیحییە،و بەراووەردکاری نێوان ئیسلامو دووئایینەکەی تر بە شێوەیەکی پراکتیزەیی، ڕۆژئاواییـەکان لـە نووسـینەکانیان ئامـاژەیـان پێداوە کە زۆربەیان نەگەیشتوونەتە تێگەیشتنێکی پێویست بە ئیسلام، بۆیە بــە تـیرازێکی تێکدراوو هەڵگەڕاوەی ئاییني مەسیحیو موسایی تێدەگەن.

لەراستیدا ئـەم کێشـەیە کێشـەی دەقـی پـارێزراوو پەرستشـی تێبینـی کـراو کـە دەمەقاڵەی دوورو درێژ لـە کێشـانی رەخنـەو بـەراوردکاری ناگرێتـە خـۆی؛ هەرچـەندە لـە بواری بانگەوازو رکابەری دەمارگیریدا بواری هەبووە، تەنیا ئەوەندە بەسـە لـە نێوان ئـەم ئایینانەدا کە باسی بیروباوەڕی خودایی بکەین لە هەر یەکێکیاندا، تا پلەو پایەی راستی بە پاك راگرتن لە حوکمی ئاینو مەعریفەی تیۆرییەوە دەربخەین.

ئەو سەرچاوانەی کـە بیروبـاوەڕە عیبرییـەکانمان لێ وەرگرتـووە بـە شـێوەیەك کـە ئەمڕۆ شوێنکەوتوانی ئایینی موسایی پەیڕەوی دەکەن، کە لەبەردەستی هـەموو کەسـێکدا هەیەوهەموو کەسێ دەتوانێ لـە زمانـە راسـتەقینەکەیەوە یـان زمانـە پەرچفەکراوەکانـەوە بخوێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی ئـەم راسـتیانەی بـۆ دەربکـەوێ، بەناوبانگترینیشـیان تـەورات[12] و تەلمودن. جا وێنەی خودا لەم سەرچاوانەدا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی وێنەی (یەهوا)یـە کە بە خوای گەلی ئیسرائیل دانراوە.

لە پەڕاوە پیرۆزەکانیشیاندا یەهوایان وا وەسف کردووە کە حەزی لە بـای گەرمـە، هەندێك جاریش دەربارەی گوتوویانە: بەژێر سێبەری باخچـەکاندا دەڕوات، تـا بەهەواکـەی فێنك بێتەوە، جگە لەمەش بە زۆر شتی تریش وەسفیان کردووە. بەوەی زۆرانبازی لەگـەڵ بەندەکانیا دەکاتو ئەوانیش زۆرانی لەگەڵدا دەکەنو لـە سـوارەکانی چیـا دەترسـێ وەك چـۆن سـەربازەکانی لێی دەترسـن. سـەردەمێکی زۆریـش لەگـەڵ عـیزرائیلی شـەیتانی ئافەریدەکان هیچ جیاوازییەکیان نەدەکرد، ئیـدی بـە قوربـانیی لێی نزیـك دەبوونـەوە، لـە شەیتانیش بە قوربانیی وەك ئەو نزیك دەبوونەوە...

[12] دەقەکانی تەورات|یەهودو نەصارییەکانی پێوە پابەند دەکات وەك یەك، کەچی ئەوانـە شـەرم ناکـەن بیروباوەڕەکەمان بەوەی خۆیان بەراورد بکەن. لەگەڵ ئەو هـەموو خـوارو خێچیـەی تیایاندایـە، لەمـەش زیاتر بـەڵکو وای دەبینـن کـە بیروباوەڕەکـەی ئێمـە لـەوەی وان نزمـترو دابـەزیوترە، پاشـان بـەو جـۆرە کەسانەش دەگوترێت ئەوانە ژیرییان هەیە!.

عیبرانیـەکان لەسـەر ئـەم بیروباوەڕەیـان مـەیی بـوون. بۆیـە (یـەهوا) وەك خـوای عیبرییەکان مایەوە، نەوەکانی ئیسحاقی کوڕی یەعقوب لە ژێر کاریگەری ئەودا بوون، هیـچ کەسێکیش تکای رزگار بوونیان لێ ناکات تەنیا ئەوانە نەبێت کە پشـتیوانی عەرشـی داودو نەوەکەی بن دوای خـۆی، ئـەم بـۆ چوونـە هیـچ گۆڕانکارییـەکی بەسـەردا نـەهاتووە پێـش سەردەمی لە دایك بوونی مەسیح، هەروەها لە لایەن نـەوە پارێزگارەکـانی ئیسرائیلیشـەوە هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر باوەڕە یەکەمینەکەیاندا نەهات، بەڵکو ئەم گۆڕانکارییە لە لایـەن کەسـانی نـوێی بـەرژەوەندیخوازی نـاو ئـایینی جولەکـەوە هـات، بـەڵکو کەسـێکیش لـە نێوانیاندا بەم کارە هەستا کە لە شەریعەتەکەی ئەواندا بـە پێغەمبـەرێکی لێ تـوڕە نـاوزەد کرابوو، کە لە دەستەکەی ئەوان لایانداوەو یـاخی بـوون، ئـەویش عیسـای کـوڕی مەریەمـە (صلوات اللهو سلامه علیه).

عیسای کوڕی مەریەم، یەکەم بانگەوازی تایبەت کـرد بـە بـەنی ئیسـرائیلەوە، نـەك هیچ کەسو کۆمەڵێکی تر، لە ئینجیلەکانیشدا درێژەی گفتوگۆی نێـوان سـەییدی مەسـیحو ژنە کەنعانیەکەمان بۆ دەگێڕنەوە کاتێك پەنای پێ برد شەیتان لە کچەکەی دوور بخاتەوە، لە ئینجیلی مرقس الإصحاح حەوتدا هاتووە:-

(ژنێك کچەکەی تووشی شەیتان هاتبوو، ناوبانگی ئەویشی بیستبوو، چـوو بـۆ لایو خۆیدا بەسـەر قاچـەکانیا، ژنەکـە- ئومـەمی- بـوو واتـە لـە نەتـەوەکانی جگـە لـە ئیسرائیلییەکان بوو، دەڵێن رەگەزی فینیقی سوری بوو، داوای لێکرد شەیتان لە کچەکـەی دوور بخاتەوە، بەڵام یەسوع پێی گوت: تۆ سەرەتا بهێڵـە بـا کوڕەکـان تـێر بـبن؛ چونکـە باش نیە نانی کوڕان بسێندرێو بدرێ بە سەگەکان، لە وەڵامدا پێی گوت: بەڵێ گـەورەم، هەروەها سەگەکانیش لە ژێر سفرەکانەوە لە پاشماوەی کوڕەکانیان دەخوارد، ئیدی پێی گوت: لەبەر ئەم قسەیە، برۆ ئەوا شەیتان لە لاشەی کچەکەت دەرچوو..).

گێڕانەوەی مەتی بۆ ئەم بەسەرهاتە وەك گێڕانەوەکەی مرقس وایە، لـە ئیصـحاحی پازدەی ئەو ئینجیلەدا هاتووە:-

(سەییدی مەسیح لەوێوە دەرچوو بەرەو دەوروبەری سوورو سەیداء کەوتە ڕێ، لە ڕێ تووشی ژنێکی کەنعانی بوو کە لەو ناوەوە دەهات، پێی گوت: بەزەییت پێمدا بێتەوە ئەی گەورەم کوڕی داود. کچەکەم زۆر شێت بووە. ئەویش هیچ وەڵامی نەدایەوە. پاشان قوتابییەکانی داوایان لێکرد بەوەی کە: وەڵامی بداتەوە چونکە بە دواماندا هاوار دەکات، لە وەڵامدا گوتی: من تەنیا بۆ لارو چەوێڵییەکانی نەتەوەی ئیسرائیلی نێردراوم کە گومڕابوون، ئیدی ژنەکە هات و کڕنووشی بۆ بردو گوتی: ئەی گەورەم یارمەتیم بدە. لەوەڵامدا گوتی: باش نیە نانی کوڕان ببردرێت و بۆ سەگەکان فڕێ بدرێت، ژنەکە گوتی: بەڵێ گەورەم. هەروەها سەگەکان لەو پاشماوەیە دەخۆن کە لە سفرەی خاوەنەکانیانەوە دەکەوێتە خوار، لەم کاتەدا یەسوع وەڵامی دایەوەو پێی گوت: ئەی ژن! ئیمان و بڕوات بەرزە، کەواتە ئەوەی دەتەوێ با بێتە دی. ئیدی لەو کاتەدا کچەکەی چاك بۆوە).

لەم بەسەرهاتەو لەسەراپای هەواڵی قوتابییەکانی ناو ئینجیلدا هاتووە کە مەسیحی بەڕێز هەوڵی داوە بانگەوازەکەی تایبەت بکات بە نەوەی ئیسرائیلییەکان، ڕووشی لەوان وەرنەچەرخاندووە بۆ کەسانی تر تەنیا کاتێك نەبێت کە سوور بوون لەسەر نکوڵی کردن و مووچڕ بوون لە وەرگرتنی پەیامەکەیدا، ئیدی دوای بێ هیوابوون لێیان، بڕیاریدا بانگەوازەکەی لە نێو نەتەوە پەرش و بڵاوەکانی نێوانیاندا پەخش بکاتەوە، نموونەی ئەمە وەکو ئەو ماڵە وایە کە خواردنی شایی ئامادە کردبێت و بانگی کەس و کارو دراوسێکانی کردبێت بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام ئەوان بیانووی سەرقاڵی و بوار نەبوونیان هێناوەتەوە، ئیدی ئەو ماڵە: خزمەتکارەکەی دەنێرێت بە دوای ئەو کەسانەی لەسەر ڕێ تووشیان دەبێت، وەك کەسانی نامۆو ڕێبوار، کە هیچ ناسیاوییەك لە نێوانیاندا نیە، تا ئەو ڕادەیەی ماڵەکەیان پڕ دەبێ و جێی کەس نامێنێتەوە لەسەر سفرەکەیان، لەجیاتی ئەو کەسانەی کە بانگ کرابوون و نەهاتبوون.

لەبەسەرهاتی ژنە کەنعانیەکەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کە سەییدی مەسیح بە (سەییدی نەوەی داود) بانگ کراوە، لە کاتێکدا باوەڕی یەهودییەکانیش وابوو بە هیوای

ڕزگار بوون بوون لەسەر دەستی ئەو پێغەمبەرەی لە نەوەی داودو لە پشتی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم بێ.

سەردەمی مەسیح تێپەڕیو دوای ئەو، سەردەمی پۆلصی پەیامبەر هاتە پێشەوە، باوەڕی ڕزگاری کە لەسەر نەوەو ڕەچەی پشتی ئیبراهیمی خەلیل وەستاوە هەر لە نێو عیبرییەکاندا شتێکی دان پیانراوویەلگە نەویست بوو، کە ئەو عیبریانەی لەسەر بەندو باوەکانی خۆیان مابوونەوەو لە نێوان ئەو مەسیحییانەی لەو بەندو باوانە ڕزگاریان بوو بوو، بەڵام من لێرەدا ڕاڤەیەکی نوێ بۆ ئەم بنەچەو بینایە زیاد دەکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئەو بینا ڕۆحییە تەنیا لەسەر بینایی لاشە نەوەستاوە، هیچ جیاوازییەکیش نیە لە نێوان ئەوانەی کە سوننەتی ئیبراهیم خەلیل زیندوو دەکەنەوە لە عیبرییەکان،و لای ئەو ئومەمیانەش کە عیبرییەکان بە (بالجوییم) ناوزەدیان ئەکەن.. واتە نەتەوە نامۆکان.

کەواتە عەقیدەی خودایی وەك عیبرانیەکان بڕوایان وایەو تا چەرخی لە دایك بوون دەقیان لەسەر گرتبوو، ئەوە عەقیدەی گەلێکە لە نێو گەلەکاندا هەڵبژێردراوە سەبارەت خوایەك کە لەنێو هەموو خوایەکاندا هەڵبژێردراوە[١٣]، لەم عەقیدەیەشدا بڕوای یەکتاپەرستیی نابینرێتەوە،و ئەوەش نیە شایستەی ئایینێکی ئادەمیزادی بێت، یان بە جۆرێکی دروستی وا بێت لێکۆڵەرەوەیەکی بە ویژدان بە سەرەتایەکی بڕواهێنانێکی خودایی دابنێت کە ئیسلام بانگەوازی بۆ کردووە.

پاش سەرهەڵدانی مەسیحییەت بیروباوەڕی خودایی گەشەی کرد، ئیدی بڕوا هێنان لەوەوە گواسترایەوە کە بڕوا بە خوا بهێنرێت بۆ کوڕەکانی ئیبراهیم لە لاشەدا، بۆ بڕوا هێنان بە خوا لە نەتەوەکانی ئیبراهیم لە گیانیشدا، بەم جۆرە سەردەمی سەییدی مەسیحو سەردەمی بۆلصی ڕەسول تێپەڕی،و مەسیحییەت پەیوەندی کرد بە نەتەوە

---

[١٣] لێرەدا (عەققاد) زۆر دەقی تەوراتی هێناوەتەوە کە ئاماژەی ئەوە دەکەن ﷲ خوای جیهانیان نیە، بەڵکو تەنیا پەروەردگاری ئەوانە، ئەوانی تریش خوای تریان هەیە، لە ڕاستیدا ئەمە ئەو بیروباوەڕە پاڵفتەو ڕوونە نیە کە موسا ﷺ بانگەوازی بۆ کردو تەورات پێش هەڵگێڕانەوەی باسی کردبوو.

بیانیەکانەوە،لەسەرو هەمووشیانەوە نەتەوەی میسری، ئیدی لەم ئاکامـەوە بیروبـاوەڕێکی خوایی نوێ سەری هەڵدا لە بۆ چوونی عیبرانیەکاندا، ئەویش عەقیدەی (الثـالوث) بـوو کـە کۆی (باوكو کوڕو گیانی پیرۆز- الروح القـدس) لـە خـۆ دەگـرێ، ناوەڕۆکەکەشـی ئەوەیـە مەسیحی رزگار کەر کوڕی خودایە، خواش وەك فیـداو قوربانیـەك بـۆ نەتـەوەکانی ئـادەمو حەوای رەوانە کردووە، بۆ کەفارەتو سڕینەوەی ئەو هەڵەو تاوانەی تێی کەوتن کـاتێك لـە بەری ئەو درەختەیان خوارد لـە بەهەشـتدا، دوای ئـەوەی فرمانیـان پـێ کرابـوو لێی نزیـك نەبنەوە.

ئیدی ئیسلام هاتە گۆڕێو ئەو عەقیدە خواییە لە گـۆڕێ بـوو کـە ئـاییني مەسـیحی پـەرەی پێدابـوو، بـەوەی کـە ﷲ خـوای تـاكو تـەنیا لـە (سـێ) سـتوون[١٤] پێکـهاتووە، ئەوانیش: باوكو کوڕو روح القدسە، مەسیحیش ئەو کوڕەیە لەم سێ ئەقانیمەدا هەیـە، کـە خاوەنی یەك سروشتو تەبیعەتێکی خواییە بە پێی بـڕواو رێچکـەی کۆمـەڵێك مەسـیحی،و خاوەنی تەبیعەتێکی خواییو مرۆییە لە رێبازی هەندێ مەسیحی تردا.

شتێکی روونیشە کاتێك ئەو لێکۆڵەرەوەیـەی دەیـەوێت زانسـتی بـەراوردکاریی لـە نێوان ئایینـەکاندا بەسـەر مەسـیحیو ئیسلامدا بچەسـپێنێت، ئـەوا لەسـەری پێویسـتە

---

[١٤] ١+١+١=١ ئەم وتەیە دروست نیەو ناماقوڵە، ئەوا ئەو کەسانەی شەرم لە هیـچ مامۆسـتایەك ناکـەن لە نموونەی ئەم دەقانە دەیانگرێتەوە:

﴿وقالوا اتخذ الرحمن ولدا، لقد جئتم شيئا إدا، تكاد السماوات يتفطرن منه وتنشق الأرض وتخر الجبال هدا، أن دعوا للرحمن ولدا، وما ينبغي للرحمن أن يتخذ ولدا، إن كل من في السماوات والأرض إلا آتي الرحمـــن عبدا، لقد أحصاهم وعدهم عدا، وكلهم آتيه يوم القيامة فردا﴾ مريم/٨٨-٩٥.

واتە: و ئەوانە وتیان: رەحمان (خوا) منداڵی بۆ خۆی داناوە!، بە هەقیقەت قسەیەکی درێو (و قـۆڕ) تـان بە زارا هێناوە، لەوانەیە ئاسمانەکان لەبەر ئەم قسەیە پارچە پارچە بنو زەوی لـەت بـێو کێوەکـان (بـە هاڕەهاڕ) برووخێنە خوارێ، کە بۆ خوای رەحمان منداڵیان دانا،و بۆ خوا شیاو نیە منداڵ بۆ خۆی دابنێ، (بێجگە لەمە) نیە کە هەرچی لە ئاسمانەکانو لە زەویدا هەیە وەکـو عـەبد دێنـە لای خـوای دلۆڤـان، بـە هەقیقەت ئەوانەی بە وردی ژماردووە،و لە رۆژی قیامەتدا هەموو تاكو تەنیا لای خوا حازر دەکرێن.

لێکۆڵینەوەکەی بۆ ئایینی مەسیحی لەو ماوەیەدا بێت کە بانگەوازی ئیسلامی لە دوورگـەی عەرەبیدا سەری هـەڵدا، چونکە ڕێ پێدراو نیـە بـەوەی هیـچ لێکۆڵەرەوەیـەك وای دابنـێ ئیسلام تیرازێکی هەڵگێڕدراوی ئـایینی مەسـیحییە، تـەنیا لـەو حاڵەتـەدا نـەبێت وا بزانێـت پێغەمبەری ئیسلام لـە مەسـیحییەوە وەریگرتـووە وەك چۆن لـە ژینگـە عەرەبییەکـەیدا ناسیویەتی، و بە جۆرێکی وا کە پەیوەندی پێوە کردبێ لە ژینگە جیاوازەکانی دەوروبەری دوورگەی عەرەبیی. جا هەر چـەندێك ئـایینی مەسـیحی لەسـەرجەم ژینگـەکانو سـەردەمە جۆراوجۆرەکانیان پەرەی سەندبێ، ئەوا بە تـەنیا ئـەو بیروبـاوەڕە مەسـیحییەی ڕێ دراوە بەو کەسەی بەکاری بەراوردکاری نێوان ئایینەکان هەسـتێو بیکاتـە سەرمەشقی ئیسلام، ئـــەو عەقیدە مەسیحییەیە کـە لـە دوورگـەی عـەرەبیو دەوروبـەریدا هـەبوون، (جۆرج سیل) پەرچڤەکاری قورئان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەسفی حاڵی مەسیحییەکانی کـردووە لە حیجازو سەرجەم شوێنە نزیکەکانیەوە، لەم بارەوەو لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ:

(شتێکی جەخت کراوە کەنیسەی ڕۆژهـەڵات بـە هـۆی ئـەو نارەحـەتیو ئازاردانـەی لەسەرەتای ساڵانی ۲۰۰ی زایینیـدا وای لـە زۆربـەی شـوێنکەوتوانی کـرد پـەنا بـۆ وڵاتـانی عەرەب بەرن بۆ بەدەست هێنـانی ئـازادی، زۆربەشـیان بـە (یەعاقوبـە) نـاودەبرێن، بۆیـە زۆربەی گەورە فەلەکان لەم کۆمەڵەن.و بەناوبانگترین ئەو خێڵانەی بوونە گاور: (حمیر، و غسان، و ربیعە، و تغلب، و بهراء، و تنوخ، هەندێك لە طيء، و قضاعة، و خەڵکی نەجران، و حيرة...)و لەبەر ئەوەی ئاییني گاوری بەم جۆرە تەشەنەی کرد لـە وڵاتـەکانی عـەرەبدا ئەوا بەم ڕووەوە پەیوەست بوو کە دەشبوو وابێ، کـە گاورەکـان لـە زۆر جێدا قەشـەیان هەبوو، تا سیاسەتی دێرەکانیان پێ ڕێك بخەن، لەمەو پێش باسی قەشـەکانی (ظفـار)مـان کرد،دەشڵێن (نەجران) شوێنی قەشەکان\(یعاقبە)کان دوو قەشەیان هەبوو؛ بـە یـەکێکیان دەگوت قەشەی عەرەب بە گوتنی زاراوەکەو، شوێنی جێگیر بوونیشـی (بـاکولا- بـوو) کـە لای ئیبنولعیبری بە کوفە دەستنیشان کراوە، یان جێیـەکی تـری نزیـك بـەغدادە بـە پـێی بۆچوونی (ئەبی فیداء)، دووەمیشیان بە قەشەی عەرەبی التغلبيين ناو دەبرا کە جێکـەیان

لە حیرە بوو. بەڵام نەستوریەکان لەم دوو کورسییەدا هیچ قەشەیان نـەبوو، جگـە لـە یـەك قەشە نەبێت کە لە ژێر سەرپەرشتی بەطریکەکەیاندابوو).

هەتا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێت: (بەڵام کەنیسەی ڕۆژهەڵات دوای هەڵوەشاندنەوەو تێکچوونی کۆمەڵگەی نیقاوی بـە چـەند گفتوگۆیەکـەوە ئاڵۆسکاو دوایـی نەهـات، بـە گێڕانـەوە جیاوازەکانی الأریوسـیینو نەسـتووریەکانو یعقوبییـەکان کـە جیـاوازبوون لـە دەربڕینی بیروباوەڕەکەیان سەری داوەکە بزر بوو، پاش توێژینەوە دەرکەوت هەر یـەك لـە بیدعەی نەستووریەکان و یەعقوبییەکان کە هـەر یەکـە بانگەشـەی دەربڕینـی جیـاوازی لـە عەقیدە دەکرد ئەمە پێشتر بوو لەوەی بانگەشەی عەقیدەکەیان بکەن، و بەوەی کە بەڵگە دەربڕین هـەر یەك لـە گفتوگۆکـاران زاڵ بێـت بەسـەر ئـەوی تـردا، لـە پێشـتر بـەوەی کـە بانگەوازی هۆیەکی پێویست دوبـڕن ببێتـە هـۆی لـە خۆگرتـنی چـەندان کۆمـەڵو پێکـەوە لکانیان، کۆمەڵێك لە قەشەو ئوسقوفەکان دەیانگوتەوەو دەیانگێڕایەوەو چـەندو چوونیـان دەکرد، بۆ ئەوەی هەر یەکەیان قسەی خۆی سەرخات، کێشەکان بەرەو ئـارەزووی خۆیـان لار بکەنـەوە، پاشـان وتـە جێبـەجێ کـەرانو خـاوەن پایـەکان لـە کۆشـکی پاشـایەتیدا هەریەکەیان کەسێکی لە پێشەوای سوپا یان خاوەن دوانگەو وتاردەرەکان تایبـەت دەکـرد بە خۆیەوە، تا پاڵپشتیان بێو بەهێزیان بکات، ئیدی بۆیە پلەو پایـە بـە هـۆی بەرتیلـەوە چنـگ دەکەوت، پلەو پایەش بە ئاشکرا دەکڕدراو دەفرۆشرا. هەرچی دێری ڕۆژئاواش بـوو پڕ بوو لە بەهیلاکچوونی دەماسوسو ئەرسکینوسەکان، لە گێرمەوکێشو پێشبڕکێ کردنـدا لەسـەر پایـەی ئوسـقوفییەت – مەبەسـت لـە ئوسـقوفییەتی ڕۆمـا– کـە دەبـووە هـۆی هەڵگیرسانی ئاگری ئاژاوەو خوێنڕژان لە نێوان ئەو دوو گروپەیاندا.. زۆرتر وتووێژەکـانیش لە لایەن قەیسـەرەکان خۆیانـەوە دروسـت دەبـوو، بـە تایبـەتی قسطنطینوسـی قەیسـەر، لەگەڵ ئەوەشدا کە نەیدەتوانی ڕاستییەکانی ئایینی مەسیحی لـە ئەفسانەو چەوتییـەکانی سەراسیمەییەکان جیابکاتەوە، ئایینەکەیان ئاڵۆزکاندبوو بە چەندان باسـی پـڕ جیـاوازی... ئەمە حاڵی گاورێتی بوو لە وڵاتە ناعەرەبییەکاندا. بەڵام سەبارەت ئەو وڵاتانەی کـە جـێی

باسەکەمانە ئەوا لەوان باشتر نەبوون.. بۆ نموونە هەندێك لە گاورەکانی عەرەب بڕوایان وابووو دەیانگوت کە گیان لەگەڵ لاشەکاندا دەمرن‌و پاشان لە ڕۆژی دواییدا هەردووکیان زیندوو دەبنەوە، دەڵێن أوریبجانوس ئەم ڕێبازەی تێدا دروست کردن، چەندان‌و چەندان بیدعە لە دوورگەی عەرەبدا بڵاوبووەوە تا نەڵێین ئەو بیدعانە لە دوورگەدا دروست بووە !!

هەندێك لەو بیدعانە ئەوە بوو کە خاوەنەکانیان دەیانگوت مەریەمی عەزرا[١٥] خوا بووە، بە جۆرێك دەیانپەرست وەك خوا بپەرستن، کە پارچە زیوی خڕیان بۆ دەکردە قوربانی کە پێی دەگوترا کلیرس، بۆیە بە خاوەنانی ئەم بیدعەیە دەگوترا کلیرییەکان... لەگەڵ ئەمەشدا لە دوورگەی عەرەبیدا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵی جیاواز بە ناوی جیاجیاوە دوورگەی عەرەبدا کۆبوونەوە، لە ترسی تۆقاندنی قەیسەرەکان پەنایان بۆ بردبوو..).

بیروباوەڕی کۆمەڵە مەسیحییەکان لە دوورگەی عەرەبی‌و جیهانی دەوروبەریدا، بە جۆرێك بوو - ئەو کەسە وەسفی دەکات کە بەرانبەر ئیسلام دەمارگیر بووو خۆشی نەدەویست، واشی گومان پێ نەدەبرا کە خراپەو زیان بە مەسیحییەت ئەگەیەنێت‌و لە کاتێکدا لە تواناشیدا هەبوو بەرێوەیان ببات: لە ڕاستیدا بیروباوەڕی کۆمەڵە مەسیحییەکان بەم جۆرە بوو، کە جێی سەرسوڕمان نیەو شایستەی شوێن پێ هەڵگرتنیش نین: شتێکی ڕوون‌و ئاشکراشە هەڵوێستی ئیسلام هەڵوێستی ڕاستکەرەوەی تەواوکەر بوو، نەك هەڵوێستی گواستنەوەی وەرگر، بێ هیچ تێگەیشتن‌و گرنگی پێدانێك.

---

[١٥] قورئانی پیرۆز ئاماژەی ئەوانەی داوە بەو ئایەتەی دەفەرموێت ﴿وإذ قال الله يا عيسى ابن مريم أأنت قلت للناس اتخذوني وأمي إلهين من دون الله قال سبحانك ما يكون لي أن أقول ما ليس لي بحق﴾ المائدة/١١٦.

واتە: و(بێنەوە بیر) ئەو زەمانەی کە خوا فەرمووی: ئەی عیسای کوڕی مەریەم! ئایا تۆ بە خەڵکت گوتووە کە لە باتی خوا، من دایکم بە ناوی دوو مەعبودی تر (بپەرستن و) وەربگرن؟ (عیسا) ئەڵێ: (خوایە!) تۆ (لەهاوبەش بوون) پاك‌و بێ خەوش، بۆ من ناشێ، شتێك کە هەقی من نیە قسەی لێبکەم.

ئیسلام هاتو بانگەوازی یەکخوای پاکی کرد، دوور لە بۆگەنیـــی هاوەڵدانان، دوور بێ لە نەفامی دەمارگیری‌و پشتاوپشتێتی (نەسەب)، پاك بێ لە هەموو وێکچوونێك کە لە پاشماوەی رەچەڵەکبازییەکانەوە دزەی دەکرد بۆ ناو ئایینی خاوەن پەڕاوەکان.

ئەو خودایەی کە موسڵمانان بڕوایان پێیەتی، یەك خوایەو هیچ هاوەڵێکی نیە ﴿سبحانە عما یشرکون﴾.

ئیدی خوای یەك هۆزو یەك پشت نیە کە بیاندات بەسەر ئەوانی تردا بێ هیچ کاریگەربوونێك، بەڵکو خوداوەندی هەموو جیهانیانە، سەرجەم مرۆڤایەتی دروست کردووە تا یەکتر بناسن‌و بەهۆی تەقواوە رێزدارێتی بنوێنن، ئیدی پلەو پایەی هیچ عەرەبێك نادرێت بەسەر عەجەمداو هیچ قرشییەك نادرێت بەسەر حەبەشییەکدا تەنیا بە تەقوا نەبێت.

: ﴿یا أیها الناس إنا خلقناکم من ذکر وأنثی وجعلناکم شعوبا وقبـائل لتعـارفوا إن أکرمکم عند الله أتقاکم﴾ الحجرات/١٣.

واتە: ئەی خەڵکینە! بەڕاستی ئێمە ئێوەمان لە پیـاوو ژنێك خولقـاندووە،و ئێـوەمان کردە نەتەوە، نەتەوەو هۆز هۆز تا یەکتر بناسن، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای پەروەردگارتان خۆپارێزترینتانە.

و ئەو پەروەردگارە تاك‌و تەنیایە: ﴿لم یلد ولم یولد، ولم یکن لــــه کفــوا أحـــد﴾ الإخلاص/٣-٤.

واتە: (هیچ شتێك) لێی نەبووەو (لە هیچ شتێکیش) نەبووە،و هیچ هـاولفـو هاوتایەکیش بۆ ئەو نیە.

هیچ مرۆڤێك بە تاوانی هیچ مرۆڤێکی تر ناگیرێت، هیچ نەتەوەیەکیش بە رێڕەوی نەتەوەیەکی پێشتر ناپرسرێتەوە، گێتی‌و مرۆڤایەتیش تاوانبار ناکرێت بە بێ ناردنی پێغەمبەران.

﴿ولا تزر وازرة وزر أخرى﴾[16] /١٨.

واتە: و هیچ کەس باری تاوانی کەسی تر هەڵناگرێ.

﴿تلك أمة قد خلت لها ما كسبت ولكم ما كسبتم ولا تسألون عما كانوا يعملـون﴾ البقرة/١٣٤.

واتە: ئەوانە ئۆمەتێك بوون كە رۆیشتن، ئـەوەی وا كردیـان بـۆ خۆیانـەو ئـەوەی وا كردتان بۆ خۆتانە،و ئێوە بەرپرسی كردەوەی ئەوان نین.

﴿وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا﴾ الإسراء/١٥.

واتە: و ئێمە هیچ (تاكو تاقمێك) سزاو عەزاب نادەین تا (لەبەرا) پێغەمبەرێكیان بۆ نەنێرین.

ئایینەكەش ئایینی بەزەیی‌و دادپەروەرییە، هەموو سورەتێك لە قورئـاندا بـە (بسم الله الرحمن الرحيم)[17] دەست پێ دەكات.

﴿وما ربك بظلام للعبيد﴾ فصلت/٤٦.

واتە: و پەروەردگارت سەبارەت بە بەندەكان هیچ ستەمكار نیە.

﴿هو الأول والآخر والظاهر والباطن﴾ الحديد/٣.

واتە: هەر خوایە ئەوەڵ‌و ئاخرو زاهیرو باتین.

﴿وسع ربي كل شيء علما﴾ الأنعام/٨٠.

واتە: ئاگاداری پەروەردگارم ئەوەندە پەرە دارە كە هەموو شتێك دەگرێتەوە.

﴿وهو بكل خلق عليم﴾ يس/٧٩.

واتە: ئەو بە هەموو بەدیهاتوویەك زاناو ئاگایە.

---

[16] ئەم تێگەیشتنە لە كوێ؟ لەگەڵ بیروباوەڕی ئەوانەی دەڵێن مرۆڤایەتی هەمووی تاوانبارە بەو هەڵەیەی حەزرەتی ئادەم ﷺ كردی، تەنانەت بە پێ‌ دڕۆكانیان خوا ناچار دەبێت كوڕەكەی لە سێدارە بدات. خوا پاك‌و بێ لەكەیە لەم وەسفانە تعالى الله عما يصفون!!.

[17] جگە لە سورەتی (التوبة) نەبێت كە ئەویش حیكمەتی خۆی تێدایە. وەرگێر

لێکۆڵـەرەوەی بـەراوردکاری نێـوان ئاینـەکان دەتوانێـت ئـەوەی دەیـەوێت بیڵێـت سـەبارەت ئـەم خودایـە کـە تـاکو تەنیایـەو پـەروەردگار ی جیهانیانـەو پـەروەردگار ی رۆژهـەڵاتو رۆژئاواکانـە، تـەنیا ئـەوە نـەبێ بڵـێ: ئـەم خوایـە تـیراژێکی وەرگـیراوە لـە بیروباوەڕی عەرەبە نەفامەکانەوە، یان لە عەقیدەی خاوەن پەڕاوەکانەوە وەرگیرابێت کە بیروباوەڕی جاهیلیی تـێ کـەوتووە، بـەو جۆرەی کـە (جۆرج سـیل) وەسـفی دەکـات لـە سـەرەتای پەرچڤـەی قورئـاندا کـە کردوویـەتی، چونکـە عەقیدەیـەکی خودایـی گـەر لـە کەلەپووری نەفامەکانەوە وەرگیرابێ، لە مۆرکـی دەمارگـیریێتی زیـاتر هیـچ مۆرکێکـی تـری پێوە دیار نابێت، و پڕ دەبێ لە شانازی کردن بە پلـەو پایـەو دەسـەڵات. ئـەو کاتـەش لـە خڵتـەو خـەوش و بۆگـەنی هاوەڵدانـان بـەدەرنابێتو لـە تەڵەکـەو فێڵـە دانراوەکـانی نـاو پەرستنەکان بەدەر نابێت کە پڕ بووە لە چڵکو چەوێڵ، کە دوعاو نوشتەو پەنا گرتن (رقي وتعاويذ) شوێنی بەندایەتیو نوێژەکانی گرتبێوە.

موعجیزەی موعجیزەکـان ئەوەیـە ئیسـلام بـەو جـۆرە نـەبووە، بـەڵکو بەوپـەڕی راشکاوی یەکلاکەرەوەی دڵنیاوە دژی هەموو ئەمانە بووە، کە رێی بە پسانەوەوورێکەوتنو ملکەچی نەداوە لەم بارەوەو هیچ سیفەتێکیشی لە دەمارگـیری جاهیلیو شـانازی کردنـی جاهیلی پـێ قـێزەون تـر نیـە، و دوژمنایـەتی جـاهیلی لەسـەر جیـاوازی تـیرەو رەچەڵـەکو کۆمەڵ پێ ناشیرینتر نیە.

لەناو جەرگەی وڵاتی دەمارگیرییەوە ئەو ئاینە بـەرپابوو کـە نکوڵـی دەمارگـیریێتی دەکرد.

لە قوڵایی وڵاتی هۆزو تیرەکانەوە ئەو دینە بڵاو بووەوە کە بانگەوازی بـۆ لای یـەك خـوای تـاکو تـەنیاو پـەروەردگار ی هـەموو جیـهانیانو رۆژهـەڵاتو رۆژئاواکـان دەکـرد، پەروەردگار ی هەموو نەتەوەو مرۆڤایەتییەکان بێ هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا، جگـە لـە جیاوازی چاکەخوازیو بڕوا هێنان نەبێت.

لە کاتێکدا ئەو لێکۆڵەرەوانەی سیفەتی زانست ئەبەخشنە زاناکانی بەراوردکاری نێوان ئاینەکان لە ڕۆژئاوادا، ئەوا بە پێی وەسف کردنیان بۆ ئیسلام (وەك ئاشکرایەو دەبیستریٚ) لە پێڕەوو پابەندەکانیاندا یان لە دووبارە کردنەوەی لاساییەکانیاندا، کەوا دیارە ئەوان ژیریی خۆیان زۆر ماندوو نەکردووە لەم ڕووەوە بە شێوەیەکی تەواو، کە بەتەواوی گرنگی بدەن بەم ئایینە بە جۆرێکی گشتیو دوورودرێژ.

جا لە پەرتووکێکدا کە یەکێکە لە پەرتووکە تازەکان باس لە ئایینەکانی گرۆی ئادەمیزاد دەکات کە مامۆستایەکی فەلسەفە لە زانکۆیەکی گەورە نووسیویەتی، نووسەری تایبەتمەند بەم لێکۆڵینەوانە دوای ئاماژە کردن بە شمشێری توندو تیژیو وەرگرتن لە ئایینی گاورو صائیبیو مەجوسییەکانەوە، دەڵێت:

(موحەممەد پۆشیویەتیو دیاری کردووە بۆ خوای پەروەردگار ی – پۆشاکیٚ لە ئاکاری عەرەبیی،و کەسایەتی عەرەبیی...)[18].

هەروەها دانەر دەڵیٚ: (ئەو ڕاستییەی لێرەدا ئاماژەی پیٚ دەدەمو دەیخەمە ڕوو بۆ هەموو لێکۆڵەرەوەیەکی ئەم ئایینە عەرەبییە دەردەکەویٚ، هەروەها ئەو کەسایەتییە خواییە عەرەبییەش...).

بەم وەسفە کۆنو لاساکارە نووسەر وەسفی خوای ئیسلام دەکات، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەی کردووە دەگاتە ئەوەی ئەمە بڵیٚ؟... ئەی دەبوو چ بڵێت ئەگەر هەر لە دوورەوە بە پڕوپاگەندە ئیسلامی ببیستایە؟!.

---

[18] زۆر سەیر دەبوو ئەوەی کە گوتویەتی ئاماژەو گەواهی پیٚ بدایە بەو ئایەتەی دەفەرمویٚ ﴿قل لو كان البحر مدادا لكلمات ربي لنفد البحر قبل أن تنفد كلمات ربي ولو جئنا بمثله مددا﴾ الكهف/١٠٩.

واتە: بڵیٚ: ئەگەر دەریاکان بۆ (نووسین)ی وشەی پەروەردگارم ببنە مەرەکەب، دەریاکان تەواو دەبن بەر لەوەی واژەکانی پەروەردگارم تەواو بن، هەرچەند وێنەی ئەو (دەریایانەش) بێنینە کۆمەکیان.

حسداً حملنه من أجلها وقديماً كان في الناس الحسد

واتە: حەسوودی هەڵی گرتوون لەم پێناوەدا، لە مێژینە حەسەد لە مرۆڤا هەیە.

رەنگە پێویست نەکات هیچی تر بڵێین دوای گوتـنی (بسـم الله الرحمـن الرحیـم) لـە سورەتی الفاتحەدا، تا بزانـین موسـڵمان ئاتـاجی خوداوەنـدی جیهانیانـە، ئـەویش دووجـار وەسفی کردگارەکەی ئەکات بە بەزەیی، لـەکاتی دەسـت پـێ کردنـی هـەر سـورەتێك لـە سورەتەکانی قورئاندا.

رەنگە بیتوانیایە زۆر باشترو دروست تر بەراوزدییەکانی بکردایە گەر رازی بوایە بەو سیفەتە لە سیفەتەکانی خوای ئیسلام، ئەوسا بە کاری بەراوردکاری هەستایە لە نێوانیـاندا لەگەڵ ئـەو سـیفەتانەی لـە ئاییـنـەکانی تـردا نـا موسـڵمانان هـەڵیانبژاردووە، دەبینـین لـە سـەرەتای داواو پاڕانـەوەکانیاندا نـاوی پـەروەردگار بـە سـیفەتەکانی هــێزو دەسـەڵاتو جەبەرووت دێنن.

ﷲ خودای هەردوو جیهانـە، پـادشای ڕۆژی سـزایە، تـیراژێکی هەڵگـەڕاوە نیـە لـە وێنەی ﷲ لە بیروباوەڕی خاوەن پەڕاوەکاندا، بەڵکو ئەو سەرچاوەو رەسـەنایەتییەیە کە هەر کاتێك لە عەقیدەی خودایی لابدرێت هەر دەگەڕێتەوە بۆ لای، بە تەواوترین شـێوە کە لەسەریەتی،و بە تەواوترین شێوە کە پێویستە ببێ.

بۆیـە ئـەم عـەقیدە خواییــە لـە ئیسـلامدا راسـت کـەرەوەو تـەواوکاری هــەموو عەقیدەیـەکی پێـش خۆیـەتی لـە ڕێبـازی ئاییـنـەکاندا، یـان لــە ڕێچکــە فەلســەفیو لێکۆڵینەوەکانی پەروەردگار یدا.

ئەم عەقیدە عەقیدەیەکی تەواوە، عەقیدەی هیندییەکانی لە کارمـاو نرفانـا راسـت کردۆتەوەو تەواویشی کردووە، چونکە عەقیدەیەکی پووچو بەتاڵە، یان فەنایـەکی لێ زەوت کراوی زاتە کە لە نێوان ئەوو نەوەی زیندوواندا ناسازێ! .

ئـەم عەقیدەیـە عەقیدەیـەکی تـەواوە، راسـت کـەرەوەو تــەواو کـاری عـەقیدەی مامۆستای یەکەمی مامۆستایانی فەیلەسـوفە غەربییـە کۆنـەکان بـوو، چونکـە لـە داماڵین (التجرید)و پاك راگرتن (التنزیە) تێگەیشتنێکی هەڵەی هەبوو، کـە ئـەم هەڵەیـە وای لێکرد

گوتـەی تـەواوێتی ڕەهـا (الكمـال المطلـق) بدركێنـێ؛ وەك عـەدەمی ڕەهـا لـە دامـاڵین لــە كاروكرداردا،و ویستو داماڵین لە گیانیش.

و ئایینێكە عەقائیدی خوایی ڕاست ئەكاتەوەو بـەكاری تەواوكاریشیان هەڵدەستێ كە لە ئایینی نەتەوەكانی پێش خۆیو شارستانیەتییەكانیانو ڕێچكەی فەیلەسوفەكانیاندا دەریان بڕیبوو؛ نیشانیان نەدا لە كوێوە هاتووە،و چ پێغەمبەرێك سـەرچاوەو بانگخوازیـان بووە؟ ئەویش لە دوورگەی عەرەبییە.

لە پێغەمبەرێكی نەخوێندەوار لـە نێـوان هـەموو پێغەمبـەرە ڕەوانـە كراوەكـان كـە خاوەنی پەڕاوو پەرستش بوون.

جا گەر ئەمە سـروش نـەبێت لـە لایـەن خـوداوە، دەبـێ چـی بـە سـروش (الوحـی) دابنرێت؟.

هـەرچۆنێك بـووە لــــە بەنـەمر دانـانی ئیمـانداران بـە سروشـی خودایـی كــە بـۆی نێردراوەبا ببێ، ئەگەر وا نەبێ چۆن كەسێكی نەخوێندەوار لە ناو جەرگەی بیاباندا بڕوا بـە ﷲ دێنێ؟ بە بڕوایەكی تەواو لە هەموو ئەوانەی پێش خۆی، ئەگەر ئەمە وەحی نەبێت لـە لایـەن خـوداوە؟ ئـەوە بەردێكـە چۆتـە بـەرچاوو دڵـەكانیان، كـە نكۆڵـی وەحـی دەكــەن، لەسـەروو ئـەم موعجیـزە گەورەیەشـەوە! ئەمە ئایینە جێی بڕوا لــە هیـچ وێنەیـەكی بەرهەستو ئەندێشەشـــدا؟. وتەی عەققاد لێرەدا تەواو بوو.

❁❁❁

پاشان: ئیدی زۆر سەیرەو جێی پێكەنینو گریانە، بەراوردكاری عـەقیدەی ئیسـلام لە بەشی پەروەردگارێتیدا لەگەڵ وڕێنەو پووچایەتی مرۆڤەكان لەم ڕووەوە بكەین.

ئایا سەیر نیە ئایینێك كە ئەم دەقەی تیا بێت:

﴿ولو أنما في الأرض من شجرة أقلام والبحر يمده من بعده سبعة أبحــر مــا نفــدت كلمات الله﴾ لقمان/٢٧.

واتە: و ئەگەر هەموو دارو چیوی ڕوی زەوی ببنە قەڵـەم(نووسینگ)و دەریاش بۆ ببێتە مەرەکەبو حەوت دەریای دیکەیش بێ بە کۆمەکیەوە، قسەی خوا (یان پێنانوسـرێ و) دوایی نایێ.

بـەراوردی بکـەین بـە ئایینێك کـە سـەبارەت خـودا دەڵێت: جیماع دەکات، یـان زۆرانبازی لەگەڵ دروستکراوەکانیدا دەگرێت، تا وای لێ دێت زاڵ بن بەسەریدا، یان کوڕی هەبێت، واتا ژنی هەیە، نموونەی ئەم گوتە پووچو سوکانە شایستەی ئەوە نین لەگەڵ ئـەو وتە مەزنانە بەراورد بکرێن؟!.

هـەر دەقێك سـەبارەت زاتـی خـودا لـە ئیسـلامدا لێی بکۆڵینـەوە، هـەمووی ئـەوە دەسەلمێنێ کە ئەم دەقە جگە لە خوای گەورە –چ بە وتە یان بە سروش– ئەوا لـە لایـەن هیچ شتێکی ترەوە نەنێردراوە.

بەڵام چی بکەین لە کەسانێك بە کوێـری ڕاهـاتوون، بـە شـێوەیەك حـەز بـە بینـایی ناکەن!!

❀❀❀

بـەڵێ لـە دیاردەکـانی گـەردوونمان کۆڵیـەوە، ئـەوانیش ڕێنموونیـان کردیـن بـۆ سـیفەتەکانی خـودا، کـاتێکیش گەڕاینـەوە بـۆ پـەڕاوی خـودا (قورئـان) ئـەوا زیـاتر تێگەیشتنەکەمان یەقینی لە خۆ گرت، زیاتر لـە پانتاییـەکانی باسـەکەوە شـتمان بـۆ ڕوون بۆوە، بێگومان ئەگەر ئێمە موسڵمان نەبووینایەو بەهۆی وەحیو سروشـەوە ئـاییـنی خـودا لە مێشکماندا نەچەسپایە، ئەوا نەماندەتوانی بەم جۆرە خۆمان لەم باسە بدەین. چونکـە ئەم ئایینە ئایینێکـە دەسـتی ژیریـی دەگرێـت لەسـەر ڕێی زانسـت، تـا بـۆی بسـەلمێنێت لقەکان بە بنەماکانەوە ببەستێتەوە، بنەماکانیش دەگێڕێتەوە بۆ سەرچاوە ئایینیەکەی کە جگە لە حەق هیچی تر نیە.

❀❀❀

کەسانێك هەن نابیستن و ئاقڵ نابن و بـیر ناکەنەوە، بیروباوەڕیان زۆر هیچ و پووچە، کاتێکیش بانگ بکرێن بۆ ئەم پاکێتی و لۆژیکە کاربەجێیە، ڕەفزی دەکـەن چونکـە لەسـەر بیروباوەڕێکی چەوت و چەوێڵ ڕاهاتوون، بە جۆرێکیش وەریان گرتووە بـێ ئـەوەی خۆیـان ماندوو بکەن بۆ لێکۆڵینەوە، ئەو کەسانە وەك خودا سەبارەتیان دەفەرموێ:

﴿بل قالوا إنا وجدنا آباءنا على أمة وإنا على آثارهم﴾ الزخرف/٢٢.

واتە: نا بەڵکو ئەڵێن: بەڕاستی باو باپیرانمان ئاینێکیان بووەو ئێمەش بە شوێنی ئەوانا.

ئەوا هەموو خاوەن بیروباوەڕە پووچـەکان ئـەم قسـەیە دەکـەن. ئایا کـاتی ئـەوە نەهاتووە ئەم جۆرە کەسانە چاوێك بە خۆیـاندا بخشـێننەوە؟! چونکـە کێشـەکە کێشـەی هەڵبژاردن نیە؛ بەڵکو کێشەی چارەنووسی ئادەمیزادە: یان بۆ بەهەشـت، یـاخود بـۆ نـاو ئاگر، کە خۆیان و باوو باپیرانیان ئەسوتێنێ بە شێوەیەکی هەمیشەیی، ئەگەر ڕێی هیدایەت نەگرنە بەر.

ڕەچەڵەکبازەکان، شوبهێنەرەکان، کەمکەرەوەکان (لە سـیفاتەکانی خـودادا)، یـان ئەوانـەی سـیفاتی خـوا دەبەخشــن بــە دروســتکراوەکانی:وەك لێخۆشـبونی تـاوان یـان نارەحەتی لەسەر لا بردن، یان وەڵام دانـەوەی پاڕانـەوە، یـاخود بـە نـەمر کـردن و گـەورە کردن.. ئەوانەی کە بە تەواوی سیفەتە بەرزەکانی خوا ناناسن و ناوە پیرۆزەکـانی نـازانن و بوونـی تـــەواوی درك پێناکــەن و دەســـەڵاتی هەمیشـــەیی هەســت پێناکــەن و کۆمــەکیی بەرفراوانیی ناناسن، کە چۆن کاروباری دروستکراوەکانی بەڕێوە دەبـات لـە سـەرەتاوە تـا کۆتــایی پێــهێنان. ئەوانــەی کــە ئایــەت و نیشــانەکانی خــودا نابیننــەوە لــەو هـــەموو دروستکراوانەیدا ئەوا هیچیان خوا ناناسن.

تەنیا ئێمەی موسڵمان بە تەواوی خودا دەناسین، بەوپــەڕی تەواوییــەوە بــە پـاکی رادەگرین، بە تەواویش دەیپەرستین، کەسێکیش بەشی دووهــەم و سـێهەم لـەم پەرتووکـە بخوێنێتەوە ئەوا ڕاستییەکی سەراسیمەبەخش دەبینێت، چونکە دەیبینێ کە هـەر خـوای گەورەی سروش بـەخش و کارسـازە ویسـتی بـۆ ئـەم پێغەمبـەرو ئایینـە بـووەو ڕەوانـەی کردووە.

تێبینی:

❁ ئـەم وەرگێڕانــە لــە پــەرتووکی (الله ﷻ) بــە پێنووســی (ســعید حــوّی) چــاپی دووهــەم (دار القلــم/ دمشق-بیروت) ئەنجام گەیەنراوە.

❁ تەرجەمەی ئایەتەکان لـە (تەرجومـەی کـوردی قورئانی پیرۆز- بە پێنووسـی محمد صالح ئیـبراهیمی) چاپی ئێران، ڕەمەزانی ١٤١٧کۆچی ـــــ "چاپی یەکەم" وەرگیراوە.

وەرگێڕ

لەسەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

١- الله يتجلى في عصر العلم — (جۆن کليفر) کۆی کردۆتەوە
٢- العلم يدعو للإيمان — کريسی مۆريسۆن
٣- الله والعلم الحديث — عبدالرزاق نوفل
٤- قصة الإيمان — نديم الجسر
٥- الله — عباس محمود العقاد
٦- العقائد — الإمام حسن البنّا
٧- الوجود الحق — د. حسن هويدي
٨- مصير البشرية — ليكونت دينوى
٩- حقائق الإسلام وأباطيل خصومه — عباس محمود العقاد
١٠- مع الله في السماء — د. أحمد زكي
١١- مفتاح السعادة — الشيخ محمد الهاشمي
١٢- كراسة جامعية (كلية الطب) — د. الشطي
١٣- رسالة من الشيخ سعيد النورسي — د. سعيد رمضان البوطي

ناوەرۆك

وتەیەك ٤

الله جل جلاله ٩

تێڕوانینی بێباوەڕان بۆ ڕێگەی خوا ناسین ٩

ڕێگەی بەرەو خوا ناسین ئایەتو نیشانەكانیەتی ١٥

دیاردەی یەكەم: دیاردەی بەرپابوونی گەردوون ٢٦

یاساكانی گەرمیی ٢٧

یاساكانی جوڵەی ئەلكترۆنی ٢٩

وزەی خۆر ٣١

گفتوگۆی پرسیارێك ٣٤

دیاردەی دووەم: دیاردەی توانا ٣٨

دیاردەی سێیەم: دیاردەی ژیان ٥٣

دروست بوونی ژیانو جۆراوجۆریتی ٦٧

مرۆڤو ڕەوشت ٨٠

دیاردەی چوارەم: دیاردەی وەڵام دانەوە ٨٦

دیاردەی پێنجەم: دیاردەی ڕێپێشاندان ٩٣

بێبڕوایانی ئەمڕۆ ١٠٣

دیاردەی شەشەم: دیاردەی داهێنان ١٠٨

دیاردەی حەوتەم: دیاردەی حیكمەتو كارلەجێی ١١٣

دیاردەی هەشتەم: دیاردەی گرنگی پێدان ١٢٧

دیاردەی نۆیەم: دیاردەی یەکێتیی ١٤٥
هۆکارێتیی ١٥٧
سروشت ١٦٢
یەکتاپەرستیی ١٧١
بەڵگەی دیاردەکان لەسەر خواو ناوە پیرۆزەکانی ١٨٤
بوونی خوای گەورە ١٩٢
دێرینیو مانەوەی پەروەردگار ١٩٣
جودایی خودا لە بەرپابووەکانی ١٩٤
قیامو وەستانی خودا بۆ خۆی ١٩٤
تاکو تەنیایی خودا ١٩٥
توانستی خودا ١٩٨
ویستی خودا ٢٠١
زانستی خودا ٢٠٢
ژیانی خودا ٢٠٤
بیستنو بینینی خودا ٢٠٥
وتەی خودا ٢٠٦
تایبەتمەندێتی ناوە پیرۆزەکان ٢١٢
باسی ناوە مەزنەکەی خودا ٢١٣
بەراوردکاریی ٢١٨
بیروباوەڕی خودایی ٢١٩
سەرچاوەکان ٢٥٢
ناوەڕۆک ٢٥٣

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

لە کتێبەکانی:
هزری هاوچەرخی ئیسلامی



: مەشخەڵی ڕێ (معالم فی الطریق):
سەیید قطب
وەرگێڕانی : کرێکار

بیروباوەڕ لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا
(لە ژێر چاپە)
د. عومەر سلێمان ئەشقەر
وەرگێڕانی: ئارامی گەلاڵی